# هەنار


گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٩٤
ساڵی هەشتەم
سەرماوەز ٢٧١٣ی کوردی
نۆڤەمبەر ٢٠١٣ی زایینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

# هەنار

دەستەی نووسەران:

**کارزان عەبدوڵڵا**

**ئەکرەم محەمەد ئەمین**

**نەورۆز جەمال**

**مستەفا زاهیدی**

**محەمەد حەسەن (هاشمی)**

هەڵەچن:

**مونا عەبدوڵڵا**

**ئاشنا جەمال**

مۆتیف:

**دڵشاد بەهادین**

تیراژ

**٥٠٠**

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| ئاوڕدانەوەیەک لە دیوانی نالی... | جەعفەر قەهرەمانی | ٧ |
| کەیفی، شاعیری لەبیرکراوی تاراوگەنشین... | عوسمان نوری | ٢٥ |
| باخچەی ئاژەڵان... | شاکار یوسف حەسەن | ٣٩ |
| بیری کوردی و شتی تر... | لەتیف فاتیح فەرەج | ٤٧ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| دوای هێرشی داڵە کەرخۆرەکان... | سەباح رەنجدەر | ٥١ |
| چاوەڕوانتم... | سەڵاح شوان | ٦٢ |
| پیاسە... | حەیات مەجید پەرخی | ٦٣ |
| ئینجانە... | نیا کامیل | ٦٥ |
| لە هەرەسی دەریا و دونیا... | هاوڕێ یووسفی | ٦٨ |
| ژنێک لە ترێ... | وریا ئیسماعیل | ٧٢ |
| من لەنێو ژنەکاندا... | بڵند باجەلان | ٧٤ |
| ڕێگا... | بەرهەم ئەنوەر | ٧٨ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| وتوویژ لەگەڵ عەبدولخالق یەعقووبی... | سازدانی: سەنگەر زراری | ٩١ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| کۆریدۆن... | شوان ئەحمەد | ١٠٧ |
| وتووێژ لەگەڵ دوریس لیسینگ... | مستەفا زاهیدی | ١٣١ |
| زەبەلاح... | محەمەد عەبدوڵڵا | ١٤٤ |
| دواساتەکانی ئەندریە جید... | هەنار ئەلسەراج | ١٤٧ |
| کەس نییە نامە بۆ کۆلۆنێل بنێرێت... | سەباح ئیسماعیل | ١٥٠ |
| ئێزرا پاوەند بلیمەتێک لێوانلێو لە داهێنان و... | سۆران محەمەد | ١٦٦ |
| چرا... | تەیب جەبار | ١٧٤ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| موزیکی رۆمانی... | فەرمان عەلی نوری | ١٧٧ |
| فێستیڤاڵی فیلمی رۆما... | و. ئازاد بەهین | ١٨٥ |
| نووسراوەیەک لەمەڕ "ئاوێنە"ی ئاندرێ... | و. مەهتاب مەعروفی | ١٨٩ |



## پێشانگەی کتێب


١٩٣ – ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

| | |
|---|---|
| ئاوڕدانەوەیەک لە دیوانی نالی | جەعفەر قەهرەمانی |
| کەیفی، شاعیری لەبیرکراوی تاراوگەنشین | عوسمان نوری |
| باخچەی ئاژەڵان | شاکار یوسف حەسەن |
| بیری کوردی و شتی تر | لەتیف فاتیح فەرەج |

# ئاوڕدانەوەیەک لە دیوانی نالی



# لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عبدولکەریم

جەعفەر قەهرەمانی


**کورتە**

ئەم وتارە تیشک دەخاتە سەر راستکردنەوەی بەشێک لە زاراوەی بەدیعی (وێژەیی) جیناس لە شیعری نالی و لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس بڵاوکردنەوەی کوردستان(سنە). شیعر نالی و بیری نالی کاتێک بە ئەدەبیاتی کوردی ناسێندرا، کە مامۆستای توانای کورد بە قەڵەمی زێڕین و بە شێوازێکی زانستی واتای شیعرەکانی نالی لێکداوەتەوە. هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی بێ کەمو کوڕی نییە. بەهێز بوونی لێکۆڵینەوەی مامۆستا لە سەر شیعرەکانی نالی، هانیدام تا بۆ دەوڵەمەندکردنی شیعر نالی، ئاوڕێک لە بەشێک لە بۆچوونەکانی لە زانستی بەدیع، بەشی جیناس کە بە هەڵە لێکدانەوەی لەسەر کراوە بدەمەوە. مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆلینەوەیە، دروست ناسین لە زاراوەی بەدیعی جیناس (بەدیعی وێژەیی) لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردییە. زانستە ئەدەبییەکانی وەک: بەدیع و بەیان و مەعانی بە تەرازووی هەڵسەنگاندن و ئامرازی ناسینی شیعری لاواز و بەهێز ناسێندراون.

له زانستی بەدیعدا بە دوو وشە کە لە ڕواڵەتدا وەک یەک بن دەڵێن جیناس. ڕەنگدانەوەی جیناس لە شیعری نالی بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی شارەزابوونی شاعیرانی کورد، لە زانستی بەدیع و سەرجەم لە فنوون و بەلاغەتی ئەدەبی. کەڵکوەرگرتن لەو فووت و فەننانەیە کە بایەخی هونەری و شێوەی خەیاڵی بە شیعر دەبەخشن و سۆزێکی خۆش لە ڕۆحی خوێنەر و بیسەر بەدی دێنن. ڕەوتی بەکار هاتوو لەو لێکۆڵینەوەیە، ڕەوشتی ئیسنادی و کتێبخانەییە، کە لە فیش نووسی لە سەر جیناس و بەشەکانی کەڵک وەرگیراوە.

وشە سەرەکییەکان : بەدیع، جیناس، جیناسی ناتەواو، جیناسی موزاریع، جیناسی لاحیق

**سەرەتا**

مەلا خدری ئەحمەد شاوەیسی مکایەڵی ناسراو بە نالی، شاعیرێکی هەڵکەوتوو و بلیمەتێکی ئەدەبیاتی کوردیە. ساڵی ١٢١٥کۆچی لە گوندی "خاک و خۆل " لە دەشتی شارەزوور چاوی بە دونیا هەڵێنا. لە ساڵی ١٢٧٣ کۆچی ماڵئاوایی لە ئەدەبی کوردی و نیشتمانی کرد. مامۆستا هێمن، شاعیری ناسراوی کورد لە تاریفی نالی فەرموویەتی" وەکوو هەر بنەماڵەیەکی ئێرانی، کە لە پاڵ قورئانی پیرۆز، دیوانێکی حافزی شیرازی یان داناوە، هیوادارین لە سەر تاقەی هەر ماڵە کوردێک، لەکن قورئانی پیرۆز، دیوانی نالی دابنێین. (سەرەتای دیوانی نالی، ١٣٦٨).

نالی بە هۆی شارەزابوون لە زمان فارسی و عەرەبی زۆر بە تێگەیشتووی تام و چێژی لەو ئەدەبانە وەرگرتووە. نالی زمانی شیعر بۆ قسەی کردن لەگەڵ سروشت و مرۆڤ هەڵبژاردوو، خۆی بە دنیای ئەدەبیاتی کوردی ناساند. لە وەها کاتێکدا کە ئێستاش ئێمەی کورد نالی و شیعرەکانیمان نەناسی بوو"مامۆستای پایە بەرزی ئەدەبیاتی کوردی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس زۆر بە زانایی و تێگەیشتوویی، لێکدانەوەی بۆ شیعرەکانی نالی کرد کە بووە هۆی دەوڵەمەند بوونی کتێبخانەی کوردی و باشتر ناسینی بیری نالی. لە لێکدانەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس یەکێک لەو بابەتانی کە لە شەرحی زۆرێک لە شیعرەکانی نالی بە هەڵە ئاماژەی پێکراوە، زاراوەی بەدیعی جیناسە. بەهۆی کەمی مەودای وتارەکە تەنیا ڕاستکردنەوەی بەشێکی کەم لەو زاراوەیە(جیناس) دەخەینە بەر باس و ڕخنە. سەرەتا بۆ زانیاری زیاتری خوێنەری خۆشەویست بە کورتی ئاماژە بە زانستی بەدیع و جیناس کە بەشێک لەبەدیعی وێژەییە دەکەین.

**بەدیع**

وشەی بەدیع[1] بە واتای "نوێ و تازە"یە. لە زاراوەی ئەدەبیدا، بە جوانکاری وتەی فەسیح و بەلیغ لە شیعر و پەخشاندا، بە بەدیع دەڵێن. زانستی بەدیع یەکێک لە بەشە هەر بەنرخەکانی فنوون و بەلاغەتی ئەدەبییە. زانستی بەدیع لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت: بەدیعی وێژەیی و بەدیعی واتایی. بەدیع کۆمەڵە فەنن و فووتێکە کە وتەی ئاسایی کەم و زۆر دەکاتە وتەی ئەدەبی یان وتەی ئەدەبی بە رووکارێکی بەرزتر دەگەیەنێت. (شەمیسا، ١٣٧٨: ١١). بۆ نموونە ئەوەی کە بەو دێڕەی حاجی قادر بایەخی ئەدەبی دەبەخشێت، کەڵک وەرگرتن لە وشەی"خەتا" بە دوو واتای جیاواز لە یەکە(جیناسی تەواو).

**ئەگەر خاڵت بڵێم میسکی خەتایە**

**عەزیزی من ئەمەم عەینی خەتایە**

حاجی قادری کۆیی

خەتا(ی یەکەم): ناوچەیەکە لە وڵاتی چین بە جۆرە مامزێک ناودارە کە میسک تۆرەیەکی چکۆلەی بەقەد هێلکەیەکە لە بن سینگ و لە ئاستی ناوکی ئەو مامزانە دایە، کە بۆن خۆشێکی رەنگ رەشە. خەتا(ی دووەم): لێردا بە واتای هەڵە و خەتا کردن دێت. ئەگەر بە جێی خەتای دووهەم "هەڵە" دانێین ئیتر وتەکە، بایخی ئەدەبی نامێنێت.

**بەدیعی وێژەیی:**

بەدیعی وێژەیی یان وێژە ئارا بەو رازانە دەڵێن کە بەدیهێنەری جوانی و رازێنەرەوەی دیمەن و رواڵەتی وتەن. زۆر جار بە کەڵکوەرگرتن لە رازەکانی وێژەیی، وتەیەکی ئاسایی بە پلەی ئەدەبی دەگات و زۆرجار بایەخی وتەی ئەدەبی زۆرتر دەبێت. جوانی وێژەیی رازەکانی بەدیعی وێژەیی راستەوخۆ پەیوەندییان بە وێژەوە هەیە. بەواتایەکی کە، هەر جۆرە وشەیەک کە لایەنی وێژەیی هەبێت و مۆسیقای وتە لە روانگەی فۆنەتیکی بەدی بێنێ یان زۆرتری بکات، بەدیعی وێژەیی پێ دەڵێن. لە بەدیعی وێژەیی مەبەست ئەویە بزانیین برێ جار رێکوپێکی وتەی ئەدەبی بە هۆی پەیوەندی زۆری فۆنەتیکی و مۆسیقایی بەینی وشەکان پێکهاتووە. واتە ئەو تاڵ و زنجیرە نەدیتراوەی کە وشەکان پێکەوە گرێ دەدات و پێکهاتەی ئەدەبی بەدی دێنێت، ماهییەتی فۆنەتیکی و مۆسیقایی هەیە.

رۆڵی بەدیعی وێژەیی سەرجەم، لەکن یەک دانانی ئەو وشانەیە کە دەنگدار

و بێدەنگەکانیان بە تەواوی وەک یەکن، یان پەیوەندی ڕێژەیان هەیە. بەو جۆرە، مۆسیقای بەرهەمی ئەدەبی شیعر و پەخشان بە کەڵکوەرگرتن لە بەدیعی وێژەی زۆرتر دەبێت. (شەمیسا، ١٣٧٨: ١٢)

**جیناس (هاوشێوە)**

بە دوو وشە کە لە ڕواڵەتدا یان لە وێژەدا وەک یەک بن پێی دەڵێن جیناس. بە واتایەکی کە، بە دوو وشە کە لە پیت و خوێندنەوەدا وەک یەکن؛ بەڵام لە واتادا جیاوازییان هەیە، دەڵێن جیناس. جیناس بەشێک لەو ڕەوتانەیە کە لە رووکاری وشە یان ڕستە، یەکگری و هارمۆنی پێک دێنێت و مۆسیقای وتە زۆرتر دەکات. ڕازەی جیناس، لە سەر بنەمای نزیکی و وەک یەک بوونی هەرچی زۆرتری دەنگدار و بێدەنگەکانی دوو وشە پێکهاتووە؛ جۆرێک کە وشەکان وەک یەک و بەرچاو دێن، یان وەک یەک بوونیان بە زەین دەگات. (شەمیسا، ١٣٧٨: ٣٩)

جیناس بە چەند جۆری جیاواز دابەش دەبێت کە بریتین لە: ١.جیناسی تەواو ٢. جیناسی ناتەواو ٣. جیناسی مورەکەب ٤.جیناسی موزاریع ٥. جیناسی زاید: ئەلف: جیناس موتەڕڕەف ب: جیناسی وەسەت ج: جیناسی موزەییەل ٦. جیناسی ئێشتێقاق ٧. جیناسی قەلب . (شەمیسا، ١٣٧٨: ٣٩).

**١- جیناسی تەواو**: بە دوو وشە کە لە کۆی دەنگدار و بێدەنگ وەک یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازییان هەیە، دەڵێن جیناسی تەواو. بە واتایەکی کە، بە دوو وشە کە هاو پیتن و تەنیا لە واتادا جیاوازییان هەیە دەڵێن جیناسی تەواو. (شەمیسا، ١٣٧٨: ٣٩)

**گوتم: ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟**
**بڕۆی هێنایە یەک، وەک شکڵی(لا)یەعنی کە بێ زارم**

(نالی، ١٣٨٧: ٢٨٢)

لەو دێڕە لە بەینی دوو وشەی" زار"جیناسی تەواو هەیە. دوو وشەی"زار" لە پیتدا وەک یەکن بەڵام لە واتادا بە تەواوی جیاوازن. زار(ی یەکەم): دەم . زار(ی دووهەم): نەخۆش، کەوتوو، ناڕاحەت.

٢- **جیناس ناتەواو**: بە دوو وشەی هاو بڕگە و هاو پیت کە تەنیا لە دەنگداری نزمی هەوەڵدا(یەکم) جیاوازییان هەیە، دەڵێن جیناسی ناتەواو. (شەمیسا، ١٣٧٨: ٤٢)

**غەیری تەڕیی عشقی حەرارەت نوما، نەما**
**بەفریش لە سەرد وگەرمی خەجاڵەت توایەوە**
(نالی، ١٣٨٧: ٥٥٩)

لەو دێڕەدا، جیاوازی دەنگداری یەکەمی دوو وشەی "نوما، نەما"واتایەکی جیاواز لەیەکێ بەو دوو وشەیە داوە، کە هۆی جوانی دێڕەکەیە. لە بەینی دوو وشەی"نوما ، نەما"جیناسی ناتەواو هەیە. نوما: دەنگداری هەوەڵی:و. نەما: دەنگداری هەوەڵی: ە. نوما: نوان، نیشاندەر، نەما: فەوتا، لەبەین چوو. لە بەینی دوو وشەی"نوما، نەما"جیناسی ناتەواو هەیە.

٣- **جیناسی مورەکەب**: جیناسی مورەکەب بەشێک لە جیناسی تەواوە و بە دوو جۆری جیاواز جیاواز لەیەک، دابەش دەبێت: ئەلف: دوو وشە، هاو پیت و هاو بڕگە و هاوکێشن، بەڵام لە هێز(تکیە)دا جیاوازییان هەیە. بە واتایەکی کە، ئەگەر شێوەی نووسینی دوو وشە وەک یەک بێت، بەڵام لە هێزدا[٢] جیاوازییان هەبێت، جیناسی مورەکەبی مەقروونی(نزیک)ی پێدەڵێن. (شەمیسا، ١٣٧٨: ٤٠)
**دیدەم هەموو شۆراوە بە شۆراوی سوروشکم**
**لەم لەوحە نیگارینە نە عەین و نە ئەسەر ما**
(نالی، ١٣٨٧: ١١٧)
واتە: چاوم هەمووی بە فرمێسکی وەک ئاو و خوێ سوێراوم شۆراوە، تا رادەیەک ئەو تەختە نیگارینە کە هەزاران وێنەی تێدا نەخش کرابوو، ئێستا هیچی تێدا نەماوە، نە چاوو نە پاشماوەی چاو، یان نە خۆی و نە نیشانەکانی.
شۆراو(ی یەکەم ): شۆردن . شۆر او(ی دووهەم): شۆر ئاو، ئاوی سوێر.
ب. ئەگەر دوو وشەی هاو پیت، یەکێکیان بە دوو وشە(یان بڕگە)ی جیاواز(دابڕاو) دابەش بێت و هەر کام لەو بەشانە واتای تایبەت بە خۆیان هەبێت، جیناسی مورەکەبی مەفرووقی(جیا) پێدەڵێن.
**زولفی سەرشانت عەزیزم کاتێ هاتی شانەکەی**
**من گوتم سەد خۆزگە دەنکی شانەبام و شا نەبام**
هێدی
شانەبام(ی یەکەم)بە واتای: شانە دەبووم. شا نەبام(ی دووهەم ): بۆتە دوو بڕگەی جیاواز لە یەک، کە هەر کام واتای خۆیان هەیە. شا:میر، گەورە، نەبام: نەبوایەم، نەدەبووم. لەو دێڕەدا، لە بەینی دوو وشەی "شانەبام و شا نەبام

"جیناسی مورەکەبی جیا هەیە.

**دەکەم جا سەیری ئەستێران و هەڵدەمژم شنەی شەوبا**

**شەو بێدەنگی چەن خوشە، هەمیشە خۆزگە هەر شەو با**

(هێمن، ۲۷۰۸، ۱٦۱)

لەو دێڕەدا، لە بەینی دوو وشەی "شەوبا، شەو با" جیناس مورەکەبی جیا هەیە.

٤- **جیناسی موزاریع**: کاتێک بێدەنگەکانی هەوەڵی دوو وشەی هاوپیت، هاومەخرەج بن، بەو دوو وشەیەی جیناسی موزاریع دەڵێن.بەواتایەکی کە، بە دوو وشەی هاو پیت کە تەنیا لە بێ دەنگی یەکەمدا جیاوازییان هەیە و ئەو دوو بێ دەنگە نزیک مەخرەجن، دەلێن جیناسی موزاریع. (شەمیسا، ۱۳۷۸: ٤۱)

**هەڵکەوێ تاوێکی چاوێکی لە دیدارت بکەم**

**تابزانی کوانێ بۆ جوانێ دڵ و دینم دەوێ؟**

(هێمن، ۲۷۰۸، ۳٥۸)

لەو دێڕەدا، دوو وشەی "تاوێکی، چاوێکی" تەنیا جیاوازییان لە دوو بێ دەنگی یەکەمدایە، بەڵام ئەو دوو بێ دەنگە تەقریبەن هاو مەخرەجن. دوو وشەی"تاوێکی چاوێکی" جیناسی موزاریعن.

٥- **جیناسی لاحیق**: کاتێک لە سەجعی موتەوازی جیاوازی بەینی بێ دەنگەکانی هەوەڵی دوو وشە، زۆر بێت، یانی بێ دەنگەکان سەرەتای دوو وشە، دوور مەخرەج بن، بەو دوو وشەیە دەڵێن جیناسی لاحیق.

**خەراباتی دڵی "نالی" مەفەرموو:خالییە، نایەم!**

**بە مەرگی تۆ قەسەم، چاوم! بەزیکرت بەیتی مەعموورە...**

(نالی، ۱۳۸۷: ٤۲۱)

لەو دێڕەدا، دوو وشەی"نالی، خالی" تەنیا جیاوازییان لە دوو بێ دەنگی یەکەم دایە، بەڵام ئەو دوو بێ دەنگە تەقریبەن دوورمەخرەجن. بە دوو وشەی" نالی، خالی" دەڵێن جیناسی لاحیق.

٦- **جیناسی زاید**: بە دوو وشەی هاوپیت کە یەکیان دەنگدار یان بێ دەنگێکی لە سەرەتا یان لە ناوەڕاست یان لە کۆتایی وشەدا زۆرتر هەبێت دەڵێن جیناسی زاید. (شەمیسا، ۱۳۷۸: ٤۲)

جیناسی زاید سێ جۆرە: ئەلف:جیناسی موتەڕڕەف: لە دوو وشەی هاوپیت یەکیان یەک یان دوو دەنگدار یان بێدەنگی لە سەرەتادا زۆرتر هەبێت. (شەمیسا، ١٣٧٨: ٤٣) بۆ نەموونە:

**هەی داد هەی بێداد هەی ڕۆ ڕۆڵە ڕۆ**

**هەی ڕۆڵە ڕۆ داخی گرانم بۆ تۆ**

(هێمن، ٢٧٠٨، ٣٩٧)

لەو دێڕەدا، وشەی"بێداد"بێ دەنگی"ب"و دەنگداری نزمی" ێ " زۆرتر لە"داد"هەیە. لە بەینی دوو وشەی"داد ، بێداد "جیناسی موتەڕڕەف هەیە.

ب:جیناسی وەسەت: بە دوو وشەی هاوپیت کە یەکێکیان "دەنگدار" یان "بێ-دەنگێکی+دەنگدارێکی نزمی لە ناوەڕاستدا زۆرتر هەبێت، دەڵێن جیناسی وەسەت. (شەمیسا، ١٣٧٨: ٤٤)

**زەمین و ئاسمان و مانگ و ڕۆژت**

**ڕیاز و ڕاز و ڕەمزی بێ بەها نین**

(حەقیقی، ٢٠٠٩ ، ٤٥)

لەو دێڕە، لە بەینی دوو وشەی" ڕیاز ، ڕاز "جیناسی وەسەت هەیە. وشەی "ڕیاز" نیسبەت بە وشەی" ڕاز "دەنگداری "ی" لە وەسەت زۆرتر هەیە.

ج: جیناسی موزەییەل: بە دوو وشەی هاوپیت، کە یەکیان دەنگدارێک یا چەن دەنـــگداری لە ئاخردا زۆرتر هەبێت، دەڵێن جیناسی موزەییەل. (شەمیسا، ١٣٧٨: ٤٤)

**جیناسی موزەییەل بە سێ جۆری جیاواز دابەش دەبێت:**

١- لە دوو وشەی موتەجانیس، یەکیان دەنگدارێکی نزمی لە کۆتایی وشەدا زۆرتر هەبێت.(شەمیسا، ١٣٧٨: ٤٤)

**ڕوژی تەرزە چەندە مینای دڵ شکێنە و سەر شکێن**

**ڕۆژی یاران چەن ڕەشە و بێ عیسمەتە و ئابڕوو تکاو**

(نالی، ١٣٨٧: ٣٧٢)

لەو دێڕەدا، لە بەینی دوو وشەی "شکێنە ، شکێن" جیناسی موزەییەل هەیە. وشەی"شکێنە "دەنگدارێکی نزمی"ـَ" لە ئاخری وشەدا زیاتر هەیە.

٢- لە دوو وشەی موتەجانیس یەکێکیان، دەنگدارێکی بەرزی زۆرتر هەبێت. (شەمیسا، ١٣٧٨: ٤٥)

**فیدای ئەو عاشقانە رەندەم لە یاسای لێوی ساقی و جام**

**وەها موستەغنی یو مەغروورە یادی جامی جەم ناکا**

کەماڵی

لەو دێڕە، لە بەینی دوو وشەی"جام ، جامی"جیناسی موزەییەل هەیە. وشەی"جامی" دەنگدارێکی بەرزی زۆرتر هەیە.

٣- لە دوو وشەی هاوجینس یەکێان بێدەنگێکی زۆرتر هەبێت. (شەمیسا، ١٣٧٨: ٤٥)

**لە ئاوی کەوسەری لێو و دەمت دەم تەڕ بکەم جارێ**

**وەک ئەسکەندەر لە مەرگیشا هەوای ئاوی بەقا ناکم**

کەماڵی

لەو دێڕە، لە بەینی دوو وشەی"دەمت، دەم" جیناسی موزەییەل هەیە. وشەی "دەمت" لە حاندی"دەم"بێدنگی"ت"زۆرتر هەیە.

٧- **جیناسی ئێشتێقاق**: بە دوو وشەی هاوپیت کە لە دەنگداری بەرزدا لەگەڵ یەک جیاوازییان هەیە؛ دەڵێن جیناسی ئێشتێقاق. جیناسی ئێشتێقاق بە چەن جۆری جیاواز دابەش دەبێ: (شەمیسا، ١٣٧٨: ٤٥)

ئەلف. جیناسی جیاوازی دەنگداری بەرز: دەنگداری بەرز لە کۆتاییدایە:

**شکابێ شک، شکی رۆژو و، هەواڵی چەژنی بۆ هێنام**

**لە ژێر هەوری کراسی چین، هیلالی بێ شکی ئەوشۆ**

(راوچی، ٢٠١٣، ٢٢٢)

لەو دێڕە، لە بەینی دوو وشەی "شکا، شکی" جیناسی ئێشتێقاق هەیە. وشەکانی موتەجانیس لە دەنگداری بەرزی کۆتای وشە جیاوازییان هەیە.

دەنگ داری بەرز لە کۆتاییدا نییە:

**وەک سۆفیی سافی مەبە ئالوودە بە دونیا**

**بێهودە موکەددەر مەکە سەر چاوەیی مەشرەب**

(نالی، ١٣٨٧: ١٣١)

لەو دێڕە، لە بەینی دوو وشەی "سۆفی ، سافی" جیناسی ئێشتێقاق هەیە. وشەکانی موتەجانیس لە دەنگداری بەرزی وەسەتی دوو وشە جیاوازییان هەیە.

**دەی قەڵەم قوربانی، سۆز و سازی تۆم**

**گوڵچنێکی رێرەو رێبازی تۆم**

(راوچی، ۲۰۱۳، ۲۲۷)

لەو دێڕە، لە بەینی دوو وشەی "سۆز ، ساز" جیناسی ئێشتێقاق هەیە. وشەکانی موتەجانیس لە دەنگداری بەرزی ناوەڕاستی دوو وشە جیاوازییان هەیە.

ب. جیناسی جیاوازی دەنگداری بەرز و نزم: وشەکانی موتەجانیس لە دەنگدارێکی بەرز و نزمدا لەگەڵ یەک جیاوازی و نابەرابەرییان هەیە. (شەمیسا، ۱۳۷۸: ٤٦)

۱: دەنگدارەکان لە کۆتای وشەدان:

**چ بی رەحمێکە ئەو شوخە بە برژانگ و بروی یەکسەر**

**لە سینەی عاشقانا زامی شمشیر و سینانی کرد**

کەماڵی

لەو دێڕە، لە بەینی دوو وشەی "سینە، سینا "جیناسی ئێشتێقاق هەیە. وشەکانی موتەجانیس لە دەنگداری بەرز و نزمی ئاخری دوو وشە جیاوازییان هەیە.

تەواوی وشە کورتکراوەکان جیناسی ئێشتێقاقن: جام، جم/ تەراز، تەرز(شەمیسا، ۱۳۷۸: ٤۷)

**هەر چەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو**

**چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو**

(نالی، ۱۳۸۷: ۳۷۸)

لەو دێڕە، لە بەینی دوو وشەی"جام ، جەم "جیناسی ئێشتێقاق هەیە.

۸- **جیناسی قەلب:** بە دوو وشە کە لە دابەشکردنی پیتە دەنگدار و بێ دەنگەکانی وەک یەک، جیاوازییان هەبێت، پێی دەڵێن جیناسی قەلب. جیناسی قەلب بۆ سێ جۆری جیاواز دابەش دەبێت.

ئەلف: **قەلبی تەواو:** بە دوو وشەی یەک بڕگەیی کە دەنگدار و بێ دەنگەکانیان تەواو پێچەوانەی یەک بن، پێی دەڵێن جیناسی قەلبی تەواو. لە واقیعدا قەلبی تەواو جۆرێکی کە لە سەجعی موتەوازییە. بۆ نموونە: مار، رام، خۆش، شۆخ، گەنج، جەنگ(شەمیسا، ۱۳۷۸: ٤۸)

**لە گەل ئەغیار و یارا دائیما روو خوشە ئەو شوخە**

**لە بەد بەختیمە رووی لوتف و کەرەم هەرگیز لە من ناکا**

کەماڵی

لەو دێڕە، لە بەینی دوو وشەی"خۆش ، شۆخ "جیناسی قەلبی تەواو هەیە. پێچەوانە وشەی خۆش"وشەی "شۆخ"ە. ئەو جیاوازی لە نووسینی ئەو دوو وشەیە جوانییەکی تایبەتی بە دێڕەکە بەخشیوە.

ب: **قەلب بەعز:** کاتێک کە جێگەی یەک بێدەنگ لە دوو وشەی هاو بڕگەدا بگۆڕدرێ قەلبی بەعز بەدی دێت.

وەک : شاعر، شارع ، رەحیم ، حەریم. قەلبی بەعز، موسیقاییترین قەلب، لە بەدیع دایە. (شەمیسا، ١٣٧٨: ٤٨)

ج: قەلبی جوزو: کاتێک کە دوو وشە، پیتی وەک یەکیان زۆر بێ. بۆ نموونە: زولف، لەفز.

**قەترێکە لە بەحری کەرەم و رەحمەتی فەتتاح**

**نەک ئارەقی کەرەمی عینەب و شەربەتی توففاح**

(نالی، ١٣٨٧: ١٧٠)

لەو دێڕە، لە بەینی دوو وشەی"فەتتاح ، توففاح" قەلبی جوزو هەیە. تەقریبەن ئەو دوو وشەیە هاو پیتن یا پیتی وەک یەکیان زۆرە.

چەند دێڕێک لە شیعرەکانی نالی لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس کە جۆرەکانی جیناس بە هەڵە ئاماژەیان پێکراوە.

لە پێشەکی دیوانی نالی ئاماژە بە چەن زاراوەیەکی بەدیعی بە تایبەتی جیناسی کراوە کە بە پێی سەرچەم سەرچاوەکانی زانستی بەدیع، جۆرەکانی جیناس بە هەڵە پێناسە کراون. لە لاپەڕەی٢١ی دیوانی نالی، شەرح و لێکدانەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکریمی مودەڕیس جیناسی ناتەواو(ناقیس)بەو جورە پێناسە کراوە: ئەوەیە یەکێ لە دوو وشەکە پیتێکی لەوی تریان زیاتر بێت. ئیتر ئەو زیادەیە لە سەرەتا بێت یا لە ناوەڕاست یان لە دوای وشەدا. وەک وشەی "پووش" و "پووشوو" لەم بەیتەدا: (نالی، ١٣٨٧: ٢١)

**رەقیب و موددەعی وەک پووشو و پووشوون**

**بسووتێنین کە وەک بەرقین، لەبەر قین**

(نالی، ١٣٨٧: ٣٦١)

دەبێت ئاماژە بکەین کە ئەو پێناسەیەی کە لە پێشەکی دیوانی نالی بۆ جیناسی ناتەواو(ناقیس) هاتووە هەڵەیە و لە واقیعدا پێناسەی جیناسی زایدە.

لە سەرچاوەکانی کۆن و نوێی زانستی بەدیع، جیناسی ناتەواو(ناقیس)

و موحەڕڕەف یەک تاریف و یەک واتایان هەیە و جۆرێک لە جۆرەکانی جیناسن(بەڵام لە پێشەکی دیوانی نالی لێکدانەوەی مامۆستا جیناسی ناتەواو(ناقیس)و موحەڕڕەف هەرکام پێناسەیەکی جیاوازیان هەیە) بە پێی سەرچاوەکانی زانستی بەدیع بە هەڵە پێناسە کراون.

لە پێشەکی دیوانی نالی لێکدانەوەی مامۆستا لە لاپەڕەی ٢١ دا جیناسی موزاریع و لاحیق بەو جورە پێناسەکراون: جیناسی موزاریع: ئەوەیە دوو وشە کە وەک یەک بن و تەنها لە یەک پیتدا جیاواز بن و ئەو دوو پیتەش کە تێیدا جیاوازن لە یەکەوە نزیک بن. جیناسی لاحیق: دوو وشە کە وەک یەک بن و تەنها لە یەک پیتدا جیاواز بن و ئەو دوو پیتەش بە تەواوی جیاواز بن. ئەو پێناسانە کە بۆ ناساندنی جیناسی موزاریع و لاحیق ئاماژەیان پێکراوە پێناسەیەکی ناتەواوە. نموونەی شیعرێکی کە بۆ جیناسی لاحیق ئاماژەی پێکراوە، لەگەڵ ئەو پێناسەیە ناخوێنێتەوە و یەک ناگرنەوە.(نالی، ١٣٨٧: ٢١)

**خاکی بەر پێت هەم گڵ و هەم گوڵ بە سوروشکم**
**وەقتی غەم و شادی ئەوە کردوومە بە سەردا**
(نالی، ١٣٨٧: ٧٦)

لە شەرحی ئەو دێڕە لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی "گڵ ، گوڵ" جیناسی ناتەواو(ناقیس) هەیە. بەڵام ئەو دوو وشەیە تەنیا جیاوازییان ئەوەیە کە وشەی "گوڵ" پیتی "واو" یان دەنگداری "و"ی لە ناوەندی وشەدا نیسبەت بە وشەی "گڵ " زۆرتر هەیە. لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی زایدی ناوەند واتای هەیە و دروستە.

**دەم دەم کە دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە**
**بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گۆیا دەمی نادا**
(نالی، ١٣٨٧: ٨١)

لە شەرحی ئەو دێڕە لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی "زار، ئازار" جیناسی ناتەواو(ناقیس) هەیە. ئەو دوو وشەیە تەنیا جیاوازییان ئەوەیە کە وشەی "ئازار" پیتی "ئ" لە هەوەڵی وشەدا نیسبەت بە وشەی"زار" زۆرتر هەیە. لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی زۆرکراو(زاید)ی موتەڕڕەف واتای هەیە و دروستە.

**جوشش و تابە لە نێو دیدەیی گریانمدا**
**چ تەنوورێکە لە تەندوورەیی تۆفانمدا**
(نالی، ١٣٨٧: ٨٥)

له شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە، کە لە بەینی دوو وشەی "تەنوور، تەندوور" جیناسی ناتەواو(ناقیس)هەیە. لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی زایدی ناوەند واتای هەیە و دروستە. ئەو دوو وشەیە تەنیا جیاوازییان ئەوەیە کە وشەی "تەندوور" بێدەنگی "د" لە ناوەڕاستی وشەدا نیسبەت بە وشەی "تەنوور" زۆرتر هەیە.

**لافی دەمی تۆ، غونچە لە دەمیا بوو، بە عەمدەن**

**با خوشی بڕی، خستی، کە مستێکی لە دەم دا**

(نالی، ١٣٨٧: ٩٠)

له شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی سێ وشەی "دەمی، دەمیا، دەم" جیناسی ناتەواو(ناقیس) هەیە. لە بەینی دوو وشەی"دەمی، دەم" جیناسی زایدی ئاخر(موزەییەل) هەیە. ئەو دوو وشەیە تەنیا جیاوازییان ئەوەیە کە وشەی "دەمی" دەنگداری "ی" لە ئاخری وشەدا نیسبەت بە وشەی"دەم"زۆرتر هەیە.

**شاهیدی فیکرم کە بێتە جیلوەگاهی دولبەری**

**شاهی خوسرەو رۆحی شیرینی بە قوربانی دەکا**

(نالی، ١٣٨٧: ١٠٠)

له شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی "شاهید، شاه" جیناسی ناتەواو(ناقیس)هەیە، بەڵام لە بەینی دوو وشەی"شاهید، شاهی" جیناسی زایدی ئاخر(موزەییەل)هەیە. تەنیا جیاوازی ئەو دوو وشەیە ئەوەیە کە وشەی "شاهید" بێ دەنگی "د" لە کۆتاییدا زۆرتر هەیە.

**ئەو چاوە غەزالە فەتەراتی سەروماڵە**

**ئەو نەرگسە کاڵە نە منی هێشت و نە کالاَ**

(نالی، ١٣٨٧: ١١٣)

له شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی "کاڵ، کالاَ" جیناسی ناتەواو(ناقیس)هەیە، بەڵام لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی زایدی ئاخر(موزەییەل)واتای هەیە و دروستە. لە واقیعدا لە بەینی دوو وشەی "کاڵە، کالاَ" جیناسی جیاوازی دەنگداری بەرز و نزم واتای هەیە.

**بێ بابیی تۆ بۆ من و تۆ بابی فووتوحە**

**بێ بابیی تۆ خواستەیی من بوو بە ئاوات**

(نالی، ١٣٨٧: ١٣٩)

له شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی"بابی، بێ بابی" جیناسی تەواو(ناقیس) هەیە. لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی زایدی هەوەڵ(موتەڕڕەف)هەیە. تەنیا جیاوازی ئەو دوو وشەیە ئەوەیە کە وشەی "بێ بابی" بێدەنگی "ب" و "دەنگداری"ێ" لە سەرەتای وشەدا زۆرتر هەیە.

**ئەو بابە کە فەتح و زەفەری قەلعەیە قەلعی**

**با قەلعی بکا زەلزەلەیی هازیمی لەزات**

(نالی، ١٣٨٧: ١٤٠)

له شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی "قەلعە، قەلع" جیناسی ناتەواو(ناقیس)هەیە، بەڵام لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی زایدی کۆتای(موزەییەل)واتای هەیە و دروستە. تەنیا جیاوازی ئەو دوو وشەیە ئەوەیە کە وشەی "قەلعە" بێدەنگی "ە" لە کۆتای وشەدا زۆرتر هەیە.

**ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەینی سەرچنار**

**ئەوێکە پڕ لە نار و چنار و گوڵ و چنوور**

(نالی، ١٣٨٧: ١٨٨)

له شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە، کە لە بەینی دوو وشەی "نار ، چنار" جیناسی ناتەواو(ناقیس)هەیە، لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی زایدی یەکەم(موتەڕڕەف) هەیە. تەنیا جیاوازی ئەو دوو وشەیە ئەوەیە کە وشەی "چنار" بێ دەنگی"چ" زۆرتر نیسبەت بە وشەی"نار" هەیە.

**شامی هەموو نەهار و، فسوولی هەموو بەهار**

**تۆزی هەموو عەبیر و، بوخاری هەموو بوخوور**

(نالی، ١٣٨٧: ١٩٢)

له شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی"بوخار، بوخوور" جیناسی جیناسی لاحیق هەیە، بەڵام بە پێی پێناسەی جیناسی ئێشتێقاق لە بەینی ئەو دوو وشەی "بوخار، بوخوور" جیناسی ئێشتێقاق (جیاوازی دەنگداری بەرزی وەسەتی دوو وشە)واتای هەیە و دروستە.

**ئێستەش کەناری حەوشەکە جێی بازو کەوشەکە**

**یاریی تیایە، یا بووەتە مەعرەزی نوفوور؟**

(نالی، ١٣٨٧: ٣٥)

له شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە

بەینی دوو وشەی "حەوشەکە، کەوشەکە" جیناسی ناتەواو(ناقیس)هەیە، بەڵام بە پێی پێناسەی جیناسی لاحیق لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی لاحیق هەیە. دوو وشەی "حەوشەکە، کەوشەکە"تەنیا لە دوو بێ دەنگی هەوەڵ دایە کە دوور مەخرەجن وجیاوازییان هەیە.

**ئەی شوخی بێ نیاز و گران ناز غەمزە سووک!**

**تیری موژەت نیشانەیی دڵ کون دەکا بە نووک**

(نالی، ١٣٨٧: ٢٦٤)

لە شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی "نیاز، ناز" جیناسی ناتەواو(ناقیس) هەیە، لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی زایدی ناوەڕاست هەیە. تەنیا جیاوازی ئەو دوو وشەیە ئەوەیە کە وشەی "نیاز" پیتی "ی" زۆرترە بە نیسبەت بە وشەی"ناز" هەیە.

**دەمێکە وا لە سەر پێیەک دەسووتێم**

**لە شوقی تۆ بە میسلی مۆم و هەر مام**

(نالی، ١٣٨٧: ٢٦٤)

لە شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی"مۆم، مام" جیناسی لاحیق هەیە، بەڵام بە پێی پێناسەی جیناسی لاحیق ئەو بۆچوونە هەڵەیە. لە بەینی دوو وشەی"مۆم، مام" جیناسی ئێشتێقاق (جیاوازی دەنگداری بەرزی ناوەندی دوو وشە)واتای هەیە و دروستە.

**نەوعە ئینسانی هەیە غەم قووتیە**

**من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم**

(نالی، ١٣٨٧: ٣٠٨)

لە شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی "خۆم، دەخۆم" جیناسی ناتەواو(ناقیس)هەیە، لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی زایدی سەرەتا(موتەڕڕەف)هەیە. تەنیا جیاوازی ئەو دوو وشەیە ئەوەیە کە وشەی "دەخۆم" بێدەنگی"د" و دەنگداری "ە" زۆرترە بە نیسبەت بە وشەی"خۆم" هەیە.

**کە هاتی تیغی بێزاریت لە سەر دام**

**سەری خۆم خود بە خود هەڵگرت و ڕۆییم**

(نالی، ١٣٨٧: ٣٢٢)

لە شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی "سەر، سەری" جیناسی ناتەواو(ناقیس) هەیە. لە بەینی ئەو

دوو وشەیە جیناسی زایدی ئاخر(موزەییەل) دروستە. تەنیا جیاوازی ئەو دوو وشەیە ئەوەیە کە وشەی "سەری" پیتی "ی" لە کۆتایدا زۆرتر هەیە.

**خەندە و دەمی (مەحبووبە) کەوا زۆر نمەکینن**

**بەس خۆشە ئەگەر خۆ نمەکی زەخم و برینن**

(نالی، ١٣٨٧: ٣٤٦)

لە شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی"نمەکین، نمەکی"دا جیناسی ناقیس هەیە. بە پێی تاریفی جیناسی ناقیس ئەو بۆچوونە هەڵەیە. لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی زایدی کۆتای(موزەییەل) واتای هەیە و دروستە. تەنیا جیاوازی ئەو دوو وشەیە ئەوەیە کە وشەی "نمەکین" پیتی"ی" لە کۆتاییدا زۆرتر هەیە.

**لە بن خاکی مەغاکی ئاتەشینی، لەعلی لەب توشنە**

**لەسەر ئابی سەرابی، سەروی سێرابی موغەیلانە**

(نالی، ١٣٨٧: ٤٩٩)

لە شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی "سەرئاب، سەراب"دا جیناسی تەرکیب هەیە. بە پێی پێناسەی جیناسی تەرکیب ئەو بۆچوونە هەڵەیە. لە بەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی زایدی ناوەڕاست واتای هەیە و دروستە. تەنیا جیاوازی ئەو دوو وشەیە ئەوەیە کە وشەی "سەرئاب" پیتی "ئ" لە ناوەڕاستدا زۆرتر هەیە. لە شەرحی ئەو دێڕە لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی "سەراب، سێراب"دا جیناسی ناقیس هەیە، کە ئەو بۆچوونە هەڵەیە لەبەینی ئەو دوو وشەیە جیناسی جیاوازی دەنگداری بەرز و نزم واتای هەیە و دروستە.

**دەروونم خاڵییە وەک نەی دەناڵێ**

**هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ**

(نالی، ١٣٨٧: ٣٩١)

لە شەرحی ئەو دێڕە، لێکدانەوەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم هاتووە کە لە بەینی دوو وشەی "هەوار، هاوار"جیناسی ناقیس هەیە، بەڵام بە پێی پێناسەی جیناسی ناقیس ئەو بۆچوونە هەڵەیە. لە بەینی دوو وشەی "هەوار، هاوار" جیناسی ئێشتێقاق (جیاوازی دەنگداری بەرزی ناوەڕاستی دوو وشەی هاوشێوە) واتای هەیە و دروستە.

بۆ زانیاری زیاتری خوێنەرانی هێژە لە کۆتایی ئەم وتارە ئاماژە بە چەند لاپەڕەیەکی کە دەکەین، کە جۆرەکانی جیناس بە هەڵە لێکدانەوەیان لەسەر کراوە.

ئەو لاپەڕانەی کە جیناسی لاحیق بە هەڵە ناسراون: لاپەڕەی٥١٩د٤٠، ل٥٤٠ د٤، ل٥٤٢ د٨، ل٥٥٦د٥ ل٦٧٢د٨، ل٤٨٤د٩، ل٦٩٣د١٤، ل٧٠٧د٢، ل٧١٧د٤. ئەو لاپەڕانەی کە جیناسی موزاریع بە هەڵە ناسراون: لاپەڕەی٦٥٩د٥، ل٦٨٨د٦.

ئەو لاپەڕانەی کە جیناسی ناقیس بە هەڵە ناسراون: لاپەڕەی٣٦٣د٧، ل٣٧٨د١، ل٤٠٦د٤، ل٤٠٨د٩، ل٤٢٥د٦، ل٤٢٩دێڕی٧، ل٤٩١د٢، ل٥١٩د٤٠، ل٥١٣د٤٦، ل٥٢٦د٧٣، ل٥٦٩د١، ل٥٩٧د١، ل٦٠٥د٣، ل٦٠٧د٧، ل٦١٥د٧، ل٦٦٤د١، ل٦٧٢٧.

## ئەنجام

تاوتوێکردنی شەرحی دیوانی نالی، لێکدانەوەی مامۆستامەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس لە بەشی جیناس، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە بەداخەوە تا ئەوڕۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا، فنوونی ڕەوانبێژی ئەدەبی (فنوون و بەلاغەتی ئەدەبی) کە بریتییە لە سێ زانستی: مەعانی، بەیان و بەدیعە، لێکۆڵینەوەیەک بە شێوازێکی زانستی نەکراوە، یان هەر تەنیا قەناعەت بە چەند زاراوەی بە هەڵە ناسراوەو کراوە و بەس. ئەوە لە حاڵێک دایە کە شیعر و پەخشانی کوردی خاوەنی گەنجینەیەکی گەورەی زانستە ئەدەبییەکانی وەک: بەدیع، مەعانی و بەیانە. فنوونی ڕەوانبێژی ئەدەبی بە تەرازووی هەڵسەنگاندنی بایەخی ئەدەبی شیعر و پەخشان ناسراوە.

فێردینان برۆنتیر(١٨٤٩- ١٩٠٦) مامۆستای ئەدەبیاتی فەرانسا وتەیەکی بە نرخی هەیە" ئێمە هیچ کات خۆمان ناناسین ئەگەر تەنیا هەرخۆمان بناسین". بەپێی ئەو ئەزموونە کاتێک ئەدەبیاتی کوردی دەناسین، کە لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهان و تەنانەت لەگەڵ ئەدەبیاتی دراوسێکان بەراوردی کەین. لە ڕۆژگاری بە جیهانی بوون گەورەترین پێناسە بۆ هەر نەتەوەیەک ئەدەبیاتە. بۆ نەموونە بە بەراوردی ئەدەبیاتی فارسی و ئەدەبیاتی کوردی بەو واقیعە دەگەین کە ئەدەبیاتی کوردیش وەک ئەدەبیاتی فارسی خاوەنی هەزاران بەرهەمی جیهانی و ئەدیب و زانای خاوەن بیرە. بەڵام هۆکاری سەرەکی و کارتێکردنی ئەدەبیاتی فارسی و ناسراوە بوونی بیرمەندان و ئەدیبانی فارس لە چیدایە؟ لە وەڵامدا سەرەڕای هەموو گرفتەکانی ئەدەبیاتی کوردی، ئێمەی کورد بۆ خۆمان تاکوو ئەورۆ زۆری ناوەرۆک و تێمی بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی کوردیمان نەناسیوە و لێکۆڵینەوەمان لەسەر نەکردوون، ئەی چۆن دنیای ئەدەبی، بەرهەم و نووسەرانی خاوەن بیری ئەدەبیاتی کوردی بناسێ؟ ئەوەش هەمووی دەگەڕێتەوە سەر کەمتەرخەمی پسپۆڕان و شارەزایانی ئەدەبیاتی کوردی کە هەوڵیان نەداوە کە ناوەڕۆکی ئەدەبی کوردی بە شێوازی زانستی شرۆڤە بکەن و بە دنیای بناسێنن.

بۆ نەموونە لە ئەدەبیاتی فارسی حافزێکی شیرازی هەیە و سەدان حافزناسی پسپۆر کە حافز و بیری حافزیان بە جیهان ناساندووە، بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر شاعیری هاوشانی حافزمان هەیە و تۆزی فەرامۆشییان لە سەر نیشتووە. تا ئێستاش لە ئەدەبیاتی کوردی زۆری بابەت و زانستە ئەدەبییەکانی وەک: ئەدەبیاتی بەراورد، داستانی، حەماسی، نەمایشی، فنوونی رەوانبێژی ئەدەبی(فنوون وبەلاغەتی ئەدەبی)، ژانرئەدەبی (Theor of literature ) هتد، یان نەناسراون یان لێکۆڵینەوەیەکی تێر وتەسەلیان لەسەر نەکراوە. سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپ و گرفتەکان نە تەنیا ئەو ئەدەبە دوانەکەوتووە و نەفەوتاوە، بەڵکوو بەو پەڕی هێزەوە توانیوێتی هەورازوو نشیوەکانی ببڕێ و شانبەشانی ئەدەبی دراوسێکانی بوونی خۆی بسلمێنێت و لە هەر چەشنێک شاکار بخولقێنێ.

لەکۆتاییدا بۆمان دەرکەوت جیناس گرینگترین رازەی بەدیعی وێژەییە. جیناس هۆی جوانی و رازاوەبوونی شیعر و پەخشانە. بۆمان دەرکەوت شیعر و پەخشانی کوردی لە زانستی بەدیعدا زۆر بەهێزە و شاعیرانی کورد زۆر بە تێگەیشتوویی، بۆ رازاندنەوەی رواڵەت و ناخی وتەی ئەدەبی کەڵکیان لێوەرگرتووە. مەبەستی شاعیرانی کورد جیا لە ئارایشتکردنی وتەی ئەدەبی دەوڵەمەندکردنی شیعر کوردی بووە.

لێرەدا جێی خۆیەتی کە وەک قوتابییەکی بە ئەمەک دەستخۆشی بڵێم و نووکی پێنووسی مامۆستا و زانای گەورەی گۆڕەپانی ئەدەبیاتی کوردی مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس لەسەر چاو دانێم.

## پەراوێزەکان:

١-جارێک لە سوورەی بەقەرە ئایەتی ١١٧ کە دەفەرموێت: "بدیع السموات والارض واذ قضی امراً فانما یقولُ لَهُ کن فیکون" و جارێکی دیکە لە سوورەی ئەنعام ئایەتی(١٠١) دەفەرموێت: "بدیع السموات والارض انی یکون له ولدولم تکن له صاحبه وخلق کل شیءٍ وهوبکل شیءٍ علیم".

٢- accent(= stress)

## سەرچاوە کوردییەکان:


١-ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی، مەلاخدر(١٣٧٨)، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی، مەلا عبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، چاپی پێنجەم.

٢- ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی، مەلاخدر(١٣٦٨)، دیوانی نالی، ورمێ، بڵاوکراوەی سەلاحەدینی ئەیووبی.

٣-باپیرئاغا، عەلی، کەماڵی، دیوان شێعر، بڵاوکراوەی سلێمانی.

٤-حەقیقی، عەبباس(٢٠٠٩)، دیوانی حەقیقی، بڵاوکراوەی کوردستان چاپی دووهەم، چاپەمەنی ژیار.

٥.حیسامی، خالید، هێدی، کاروانی خەیاڵ، چاپی دووهەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

٦-ساردەکۆسانی، مەلاکەریم، بزەی شۆڕش، دیوانی مامۆستا راوچی، کۆکردنەوەی، کاوەی کوڕی مامۆستا راوچی، چاپی ئاراس، سلێمانی.

٧-شێخەلئیسلامی، موکری، سەیدمحەممد(٢٠٠٨)، دیوانی هێمن، سلێمانی، پەخشانگەی ئازادی، چاپی یەکەم.

٨-کۆیی، حاجی قادر(١٣٩٠)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، سەردارحەمید وکەریم موستەفا شارەزا، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە.

٩-محەممەد، قانع (١٣٨٨)، دیوانی قانع، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپخانەی دالاهو، چاپی پێنجەم.

## سەرچاوە فارسییەکان:

١-جرجانی، عبدالقاهر (١٣٧٠)، ترجمه دکتر جلیل تجلیل، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ سوم.

٢- خان محمدی، محمد حسین (١٣٨٤)**آشنایي باآرایههای** سخن، قم، انتشارات امیرالمومنین.

٣-**ذکایي**، نعمت الله (١٣٦٤)، نقد الشعر، نشر عرفان، چاپ اول.

٤-رادویانی، محمد بن عمر(١٣٣٩)، ترجمان البلاغه، تهران، انتشارات بینا.

٥-رازی، شمس قیس، المعجم فی معاییر الاشعار العجم (١٣٧٣)، انتشارات فردوس، چاپ اول.

٦- شمیسا، دکترسیروس (١٣٧٨)، نگاهی تازه به بدیع، انتشارات فردوس.

٧- فشارکی، دکتر محمد (١٣٧٤)، بدیع، نشر نیل، چاپ اول.

٨- فشارکی، دکتر محمد (١٣٧٩)، نقد بدیع، انتشارات سمت، چاپ اول.

٩- قریب گرگانی، شمس العلما (١٣٧٧)، ابدع البدایع، انتشارات احرار، چاپ اول.

١٠- کزازی، جلال الدین (١٣٨٩)، زیباشناسی سخن پارسی ٣(بدیع)، نشر مرکز.

١١- محمدی، محمدحسین (١٣٨٧)، بلاغت معانی، بیان وبدیع، تهران زوار.

١٢- **واعظ** کاشفی، کمال الدین (١٣٦٩)، بدایع الافکار فی صنایع الاشعار، نشر مرکز، چاپ اول.

١٣- **وطواط**، رشید الدین (١٣٦٢)، حدائق السحر فی دقائق الشعر، تصحیح عباس اقبال **آشتیاني**، کتابخانه **طهوري** و کتابخانه سنایی، چاپ اول.

١٤- همایی، جلال الدین (١٣٦٣)، فنون و بلاغت و صناعات ادبی، تهران نشرهما.

# کەیفی

## شاعیری لەبیرکراوی تاراوگەنشین

عوسمان نوری

کاتێک لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی لێکدەدەینەوە، دەبینین بە ناوی کەسانێک رازاوەتەوە کە زۆربەی کات بە دەربەدەریی و هەمیشەیش بە چەرمەسەری ژیاون و لە کۆمەڵگای سوننەتی و نەخوێندەواری کوردەواریدا لاپەڕەکانی کاغەزیان بە شیعر و نووسراوی بەتام و چێژ رەشکردووەتە و جوامێرانە شانیان داوەتە ژێر باری بەرپرسایەتی قورسی پاراستن و پارێزگاری لە زمان و وێژەی کوردی و بەپێی توانا و دەرفەتی ژیان و بارودۆخی کوردەورای ئەم ئەرکەیان بە باشی جێبەجێ کردووە. ئەو زمانەی کە ئێمە پێی دەئاخافین و وشە پاراوەکانی دایمە لەسەر زارمانە، هەر ئەو میراتە گرنگەیە کە ئەوان لە کەند و هەڵدێرەکانی مێژوودا پاراستوویانە.

کورد و کوردستان بە تەواوی مێژوو، ئەدەب، سیاسەت، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و بەتەواوی پێکهاتەکانی موختەساتی بوونییەوە، هەردەم و بەردەوام لە بەرامبەری خەسارێکدا نەخۆش و داماو کەوتووە، ئەویش خەساری

کەمتەرخەمییە، کەمتەرخەمی لە هەمبەر بووندا، لە هەمبەر موختەساتی ژیانی ئەم بوونەدا. لەم وتارەدا چونکە ئیرادەی نووسین ئیرادەیەکی ئەدەبی مێژووییە، دیارە بە پێویستی نازانم باس لە لایەنەکانی تر بێجگە لەو لایەنە باسکراوە بکەم، هەر بۆیەش باس لەسەر ژیانی تەماویی و ناڕوونی ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی ئەدەبی کوردی دەکەم، کە بەسەد داخ و کەسەرەوە ئەو خەسارە گەورەیە مەجاڵی ناسین و خۆ دەرخستنی لێ ئەستاندووە.

کەیفی شاعیر، بیربەرزی کورد، نازناوی شاعیری کەسێکە بەناوی فەتحوڵڵا، کە بە کیفی جوانڕۆیی ناسراوە. بە گشتی ئەوکەسانەی کە باس و خواسی کەیفییان لایە لەسەر ئەوە پێکەوە تەبان کە ئەم شاعیرە لەدایکبووی جوانڕۆیە و بۆ خوێندن رووی کردووەتە ئەو بەشەی کوردستان، کە ئێستا بە باشوور ناسراوە و لە کۆیەدا گیرساوەتەوە و لەوێدا بووە بە هاودەرسی شێخ رەزا و پاشان بەهۆی شەڕە شیعرێکەوە نێوانیان تێک دەچێت و بەو هۆیە و هۆکارەکانی دواوەوەی ئەم رووداوە، کۆیە بەجێدێڵێت و لە هەولێرەوە دەڕواتە ئەستەمبوڵ و حاجی قادری کۆییش دۆستی گیانی بە گیانی کەیفی بووە.

لەم حەکایەتەدا هەندێ بیروڕای جیاواز دەردەکەوێت، کە بەشێوەی خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەم:

١-عەلائەدین سەجادی، لە کتێبی مێژووی ئەدەبیدا دەڵێت، کە کەیفی و حاجی قادر پێکەوە نێوانیان زۆر خۆش بووە و لە کۆیە هاوفەقێ بوونە لەگەڵ مەلاعەبدوڵڵای جەلیزادە و شێخ رەزای تاڵەبانیدا لە مزگەوتی حاجی مەلاعومەر، کە ئەمەش وا دەگەیەنێت کە مامۆستای ئەم سێ کەسە مەلائەسعەدی جەلیزادە، باوکی مەلا عەبدوڵڵا بووە. هەروەها دەڵێت کەیفی پارچەیەک بووە لە زەینتێژی و زیرەکی و خۆشەویستێکی هەبووە بە ناوی هەیبەتی ئایشۆکی، کە کەینوبەینیان لە تەواوی کۆیەدا بڵاو دەبێتەوە، ئەمەش دەنگ و ناوی کەیفی زرنگاندووە.

هەروەها بەهۆی شەڕە شیعرێکەوە کە لەگەڵ شێخ رەزادا دەیکات، نێوانیان تێک دەچێت و کەیفی لە رقی شێخ رەزا زەمی ئاغاکانی کۆیە دەکات، ئەمەش جێ پێی کەیفی لە کۆیەدا لێژ دەکات و دەبێت بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی ناخۆش کۆیە بەجێ بهێڵێت و بچێتە هەولێر. حاجی قادریش بەهۆی دۆستایەتییەکەوە کە لەگەڵ کەیفیدا هەیبووە، دەڕوا بە شوێنیدا و لە هەولێر دەیگێڕێتەوە، لە وێوە ئەچنە دۆڵی خۆشناوەتی و رواندز و دەڕۆن بۆ ئەستەمبووڵ و دەکەونە پەنای بەدرخانەکانەوە، کە کەیفی دەبێت بە حوقوق {کە پێدەچێت مەبەستی دادوەری بێت} و حاجیش دەبێت بە مامۆستای کوڕەکانی بەدرخان و دواتر بەبێ ئەوەی

بەسەرهاتی کەیفی کە پێشتر لە حاجی قادر کۆچی دوایی کردووە، باس بکات دەڵێت: حاجی لە ساڵی ١٨٩٢ی زایین لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانێکی ئەستەمبوول بە ناوی قەرەجە ئەحمەد لە بەری ئۆسکۆدار دەنێژرێت و لەگەڵ نالیدا دەبن بە دوو نەمامی هەڵپڕووکاوی کوردەواری[١].

٢-مامۆستا مەسعوود محەمەد کە خۆی کوڕەزای مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەیە، سەبارەت بە شەڕە شیعری نێوان کەیفی و شێخ ڕەزا دەڵێت: کە لەو بەسەرهاتەدا مامۆستا عەبدوڵڵای جەلیزادە پشتگیری لە شێخ ڕەزا کردووە و هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ دۆستایەتی کۆنی نێوان جەلیزادەکان و تاڵبانییەکان، تەنانەت باسی خۆشەویستییەکی کۆن و لەڕادەبەدەر دەکات لەنێوان حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە باوکی مەلا عەبدوڵڵا لەگەڵ شێخ ئەوڕەحمانی باوکی شێخ ڕەزادا. ئەمانە، واتە مەقام و دەسەڵاتی تاڵەبانییەکان لە لایەکەوە بێکەسی و بێ نەوایی کەیفی لە لایەکی دیکەوە، سەرەڕای رووگرژکردنی مەلاعەبدوڵڵا لە کەیفی و تەنانەت ئەوەی کە جارێ بە لێدان لێشی داوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم شاعیرە کۆیە بەجێبێڵێت. جیا لەمانەش ئەوەی کە مەسعوود محەمەد بە کردارێکی ناشیرین و ناڕەوا و دوور لە هەر کردارێکی جوانمەردانە ناوی دەبات، ئەوە بووە کە هەندێ لە فەقێکانی کۆیە بە لایەنگری شێخ ڕەزا و شکاندنی کەیفی وێنەیەک لە دیواری مزگەوت دەکێشن، کە پێویست نییە لێرەدا چۆنێتییەکەی بنووسین و ئەوپەڕی بێ حۆرمەتی و سووکایەتی تێدا دەبێت بۆ کەیفی و شاعیرێکی وا مەزن رسوا دەکات و بەدوای ئەودا حاجی مەلا عەبدوڵڵا کەیفی لە مزگەوت دەرکردووە و ئیر کەیفی بە روحێکی پڕ هەست و هۆنەرەوە رووی کۆیەی نامێنێت و دەچێتە هەولێر[٢].

هەروەها مامۆستا مەسعوود محەمەد سەبارەت بە پێوەندی کەیفی و حاجی قادرەوە دەڵێت: ڕەنگە حاجی قادر لە ساڵی ١٢٨٠ی کۆچی «١٨٦٤ زایینی» چووبێت بۆ ئەستەمبووڵ، جا ئەوەی کە دەڵێت حاجی قادر بەدوای کەیفیدا رۆییوە، هیچی لە هیچ نەزانیوە، ئەوە روون و ئاشکرایە کە کەیفی بەلای کەمەوە ٦ ساڵ دوای حاجی قادر رۆیشتووە، واتە ئەگەر حاجی لە ساڵی ١٢٨٠ی کۆچی «١٨٦٤ زایینی» رۆیبێت، ئەوا کەیفی لە ساڵی ١٢٨٦ی کۆچی رۆییوە. بەڵگەشم هەیە، چونکە با پیرم واتە «مەلاعەبدوڵڵا جەلیزادە» لەگەڵ بابی خۆی (واتە مەلا ئەسعەدی جەلیزادە) دەچێت بۆ حەج لە رێی حەلەبەوە دەچن، لە ساڵی ١٢٨٨ی کۆچی١٨٧٢ی ز، کە دەبینن لە حەلەب کەیفی مامۆستای کوڕی واڵییە و لەناو خەڵکەوە دیارە. باپیرم دەڵێت: دوو ساڵ بوو کەیفیم نەدیبوو، مانای ئەوەیە کە لە

ساڵی ١٢٨٦ی کۆچییەوە لە کۆیە دەرچووە[٣].

٣-مامۆستا ئەحمەد تاقانە: دەڵێت کە شێخ ڕەزا تاڵەبانی شەش مانگ لە کۆیەدا دەبێت کە تووشی هەرای شەڕە شیعرێ دەبێت لەگەڵ کەیفی جوانڕۆییدا، کە هەرایەکی چاکی لێدەبێتەوە و ئەنجام دەگاتە دەرکردنی کەیفی لە کۆیە. هەراکە لەوێوە پەیدابووە کە شێخ ڕەزا شیعرێکی جوێناویی وەشاندووە و کەیفیش کە شاعیرێکی چاک بووە بەسەر ئەم شیعرانەی شێخ ڕەزادا بازی نەداوە و وەڵامی بە شیعری چاک و پڕ لە جوێن داوەتەوە، تا دەگاتە رادەیەک کە نێوانیان تێکدەچێت و ئەنجام دەگاتە ئەوەی گەلێک کەس پشتگری شێخ ڕەزا بکەن و کارەساتی دڵتەزێنی وڵات جێهێشتن و دەربەدەریی شاعیرێکی گەورەی وەکو کەیفی بقەومێت.

هەروەها ئەحمەد تاقانە لە پشتگری حیکایەتی وێنەکێشانەکەی کەیفی لەلایەن فەقێکانی کۆیەوە بۆ لایەنگیری شێخ ڕەزا کە لە مەسعوود محەمەد نەقڵی دەکات، تاکە بەیتێکی کەیفی لە کەریم شارەزا دەهێنێتەوە، کە دەڵێت:

**چۆن هەیبەتی بردم لە حوزووری حەزەراتی**

**چۆن هەیئەتی کردم بە سەروو سوورەتی دیوار**[٤]

دیسان لەمەڕ دەرچوونی کەیفی لە کۆیە دەڵێت: کەیفی لە ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی (١٨٥٩ز) لە کۆیە بووە و بەچاکیش ناسراوە، تەنانەت دڵدارییەکەی لەگەڵ هەیبەتی ئایشۆکێ و هاتنی بۆ کۆیە بەلای کەمەوە دووساڵ دەکەوێتە پێش ساڵی ١٨٥٩ی زایینی ١٢٧٦ی کۆچییەوە (کەواتە هاتنی کەیفی بو کۆیە دەکاتە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٧ی زایینی ١٢٧٤ کۆچی)، هەروەها دەڵێت: بەپێی ئەم بەڵگانە و لێکدانەوەیان، دەرچوونی کەیفی لە کۆیە دەکەوێتە ساڵ یان کەمێک دوای ساڵی ١٢٧٦ک ١٨٥٩ز دیسان دەڵێت بە بۆچوونی من و وێڕای داوای لێبووردنکردنیش لە مەسعوود محەمەد، ئەو مێژووانەی لە لایەن مەسعوود محەمەدەوە کە لە پێوەندی لەگەڵ کەیفیدا تۆمارکراون، هەریەکە و دە ساڵیان خرابێتە سەر، واتە ئەگەر دە ساڵ بێینە دواوە، ئینجا لەگەڵ ژیانی شێخ ڕەزاشدا ڕێک دەبن، کە بە شەش مانگ لە کۆیە بووە و ئەویش ڕێکەوتەکەی بەشێوەی خوارەوەیە:

شێخ ڕەزا دوای مردنی باوکی، لە ساڵی ١٢٧٦ کۆچیدا ٩ ١٨٥٨ گەڕاوەتەوە کەرکووک، ئەمەش هەر ئەو ساڵەیە کە مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێت: حاجی قادر لە دێی بێتووش بووە. پاشان وا دەڵێت کە دوای ئەم دەرچوونەی شێخ ڕەزا

لە کۆیە بە دووری دەزانێت جارێکی دیکە بەو شێوەیە گەڕابێتەوە کۆیە، مەگەر بۆ سەردانی دوو سێ ڕۆژە نەبێت، بەتایبەتی کاتێ لەگەڵ مامە غەفووریشیدا نێوانیان تێکچووە، هەربۆیەش دوای بەزمەکەی کەیفی و شێخ ڕەزا بە دووری دەزانێت کەیفی دە ساڵی دیکە بەدوای ئەو ڕووداوەدا لە کۆیە مابێتەوە، واتە لە ساڵی ١٢٧٦ کۆچی ١٨٥٩ی زایینی تا ساڵی ١٢٨٦ی کۆچی ١٨٦٩ی زایینی. هەروەها لەمەڕ گێڕانەوەی حەکایەتی حەجکردنەکەی مەلا عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٢٨٨ ی کوچی ١٨٧١ی زایینی و بینینی کەیفی لە حەلەب کە مەسعوود محەمەد دەیگێڕێتەوە، لەو بڕوایەدایە کە مەرج نییە مەبەستی مەلا عەبدوڵڵا حەجی ئەوساڵە بووبێت و لەوەوپێشتریش حەجی کردوە[٥].

هەروەها ئەحمەد تاقانە لە مامۆستا موحەمەدی خاڵ دەهێنێتەوە کە دەڵێت شێخ ڕەزا لەگەڵ حاجی مەلاعەبدوڵڵا و کەیفی جوانڕۆیی شاعیردا لای مەلا ئەسعەد خوێندوویانە و لە یەک ژووریش بوون، کەچی دیسان لێرەدا مامۆستا خاڵیش ناوێک لە حاجی قادر ناهێنێ[٦].

٤-بەڕێز موحەمەد عەلی سوڵتانی لە کتێبی حەدیقەی سوڵتانیدا باسێک لە ژیان و بەسەرهاتی کەیفی دەکاتەوە و زۆر بە کورتیش باسەکە کۆتایی پێدێنێت.

لەو کتێبەدا بەڕێز سوڵتانی ساڵی ١٨١٤ی زایینی لە ساڵی لەدایکبوونی کەیفی لە کورە دێی جوانڕۆدا داناوە و ساڵی مەرگیشی بە ساڵی ١٨٨٣ زایینی لە ئەستەمبوڵ تۆمارکردووە. هەروەها لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت: کەیفی لەگەڵ حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا لە خزمەتی مامۆستا عەبدوڵڵا جەلیزادە لە شاری هەولێر فەقێ بووە و پاشان باسی شەڕەشیعرەکەی کەیفی و شێخ ڕەزا دەکات و دەڵێت: کەیفی شێخ ڕەزای لە مەیدان وەدەرناوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی دەرچوونی لە هەولێر و چوونی بۆ ئەستەمبووڵ[٧].

لە باسەکەی بەڕێز سوڵتانیدا ساڵی لەدایکبوونی کەیفی کە بە ١٨١٤ز هاتووە لەگەڵ ڕاکەی مامۆستا عەلائەدین سەجادیدا یەکدەگرێتەوە، بەڵام باسەکانی تر لەگەڵ زۆربەی ئەو بیروڕایانەی کە پێشتر باسکرا، بەتایبەت ئەوەی کە کەیفی و شێخ ڕەزا لە هەولێر فەقێ بوون و ناوێک لە کۆیە نابات لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەمبینیوە و باسی نەکراو.

٥- سدیق بۆرەکەیی لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردیدا لەو شوێنەی کە باسی حاجی قادری کۆیی دەکات، دەڵێت: حاجی قادر ئەشتیهای ئەستەمبووڵ دەکەوێتە سەریەوە و لەگەڵ کەیفی جوانڕۆییدا دەڕواتە ئەستەمبوڵ و دەبێتە مامۆستای کوڕەکانی بەدرخان و حاجی لە ساڵی ١٣١٤ی کۆچی لە تەمەنی ٧٧

ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات[8].

٦- سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا:

دەڵێن کە حاجی کەیفی لە کۆیە نەبینیوە، چونکە سەردەمیان جودا بووە حاجی زووتر لە کۆیە رۆیشتووە و کەیفیش درەنگتر هاتووەتە کۆیە و لەلای حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە خوێندوویەتی و لەگەڵ شێخ رەزادا گەلێ بیرەوەری خۆش و ناخۆشیان پێکەوە هەبووە.

حاجی لە ئەستەمبووڵ بووەتە دۆستی گیانی بەگیانی کەیفی و ئەو رایە راست نییە کە دەڵێت حاجی قادر و کەیفی پێکەوە لە کۆیەوە چوونەتە ئەستەمبووڵ[9].

هەروەها دەڵێن کەیفی ماوەیەک پێش حاجی قادر لە ساڵی ١٨٨٢ی زایینی لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی دەکات. شایانی باسە کە مامۆستا کەریم شارەزا سەبارەت بە پشتگری مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە لە شێخ رەزا دەڵێت چۆن پشتگیری لێ ناکات کە پێوەندی بەتینی بە خێزان و بنەماڵەی شێخەوە هەبووە و دوایی دێڕە شیعرێک دەهێنێتەوە کە مەلاعەبدوڵڵا بۆ شێخ عومەری بیارەی نوسیووە و ئەوەیش ئەمەیە:

**لەپاش تۆدا خۆدا بۆ خۆی عەلیمە**

**لەکەرکوکیش دوعا گۆیی عەلیمە**

کە لێرەدا مەبەست لە عەلی «شێخ عەلی» براگەورەی شێخ رەزا تاڵەبانییە کە لە کەرکووک دانیشتووە.

٧-بابا مەردووخی رۆحانی: لە کتێبی «مێژووی مەشاهیری کورد» دا دەڵێت فەتحوڵڵا کەیفی شاعیرێکی خەڵکی جوانرۆیە کە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و عێراق و بەتایبەت شاری کۆیەدا خوێندوویەتی و لەگەڵ حاجی قادری کۆییدا دۆستایەتییەکی نزیکی هەبووە و لەگەڵ ئەویشدا بە سەفەرێک لە رواندزەوە دەچن بۆ ئەستەمبووڵ و ساڵی ١٣٠٣ک ١٨٨٢ز لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. شایانی باسە کە سەرچاوەی ئەم باسە دەباتە وە بۆ «مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٥٤٣ بەیازێکی خەتی»[10].

### لێکدانەوەکانی خۆم سەبارەت بە کەیفی:

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا و بەپێی ئەو سەرچاوانەی باسی ئەم شاعیرەیان کردووە و گەیشتونەتە دەستم و بەپێی بەراوردکردن و لەیەکدانی مێژووکان و ئەو باس و خواسانەی کە لەم بارەیەوە هاتوونەتە ئاراوە، گەیشتوومەتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە کە پێشکەشی خوێنەری بەرێزی دەکەم:

١-گومانێک لەوەدا نییە کە کەیفی جوانڕۆییە، بەڵام کام گوند، یا دێهاتی جوانڕۆ، من ئەمە بە ناڕوون دەزانم و پێشم وایە بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەسەر کۆڕێی یان کوێرە دێی بوونی کەیفی بەدەستەوە نییە، ئەمەش تەنیا لەلایەن مامۆستا موحەمەد عەلی سوڵتانییەوە هێنراوەتە ئاراوە، کە وەک خۆیان بە منیان گوتووە سەرچاوەکەی بەیازێکی خەتییە، کەچی بابامەردووخی روحانیش کە سەرچاوەی باسەکەی لەسەر کەیفی بە بەیازی خەتی دادەنێت، ناوێک لە هیچ گوندێک نابات وەکو شوێنی لەدایکبوونی ئەم شاعیرە. ئەگەریش شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی کە لە لاواندنەوەی مەرگی کەیفیدا وتوویەتی و تاکە بەیتێکی تێدایە کە ناوێک لە «کوێرە دێ» دەبا بە بەڵگە دابنێین، کە بەم جۆرەیە دەڵێت:

**لەو کوێرە دێیەی کە کەیفی تیابێ فیردەوسە**

**جەهەننەمە کە نەما کەیفی شاری قوستەنتین**(١١)

دیارە بەهەڵەدا دەچین، چونکە بە تێڕوانینێکی نەختێ قووڵ لەم بەیتە بۆمان دەدەکەوێت کە حاجی دەیەوێت بە ئیغراقێک گەورەیی کەیفی و خۆشەویستییەکەی خۆی بۆ کەیفیمان بۆ باس بکات، هەر بۆیە دەڵێت ئەگەر بوونی کەیفی لە کوێرەدێیەکدابێت، ئەوا ئەو کوێرەدێیە بە تەواوی وێرانییەوە دەبێت بە بەهەشت و ئەگەریش لە قوستەنتەنییەدا نەبێت، ئەوا ئەوشارە بەو هەموو خۆشی و ئاوەدانییەوە دەبێت بە جەهەننەم.

بەمجۆرە کوێرەدێ وەکو سەمبولێک لە وێرانی لە بەرامبەر قوستەنتین بە سەمبولێک لە ئاوەدانیدا هاتووە و فەڕی بەسەر گوندی کوێرەدێ، یان کۆڕێوە نییە.

٢-سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی کەیفی، ئێمە دوو رای جیاوازمان هەیە بە دوو ساڵێک کەم و زۆرەوە. مامۆستا عەلادین سوجادی و محەمەد عەلی سوڵتانی ساڵی ١٨١٤ زایینیان تۆمار کردووە، کەچی مامۆستا مەردووخ ساڵی ١٣٠٣ک ١٨٨٢ز بە ساڵی مەرگی کەیفی دادەنێت کە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. ئەگەر حەفتا ساڵ لە ساڵی ١٨٨٢ زایین کەم بکەینەوە، دەکاتە ساڵی ١٨١٢ زایین. لێرەدا بەڕێز سەجادی سەرچاوەی باس نەکردووە، بەڵام مامۆستا محەمەد عەلی سوڵتانی وەک ئاماژەم کرد، دەڵێت کە لە بەیازێکی خەتیدا هاتووە کە دیسان وەک ئاماژە کرا، سەرچاوەی مامۆستا مەردووخیش هەر نوسخەیەکی خەتییە، بەڵام بۆچی دوو نوسخەی خەتی بە دووساڵی لەدایکبوونی جیاوازەوە بوونیان هەیە، کە من بۆخۆم ناتوانم هیچ بڕیارێکی

لەسەر بدەم و جیاوازییەکەش زۆر نییە (٢) ساڵ بۆ لەدایکبوونی شاعیرێکی شاراوەی وەکو کەیفی بە جیاوازییەکی ئەوتۆ نازانم.

٣-سەبارەت بە ساڵی چوونی بۆ کۆیە، دیسان دوو رای جیاوازمان هەیە. یەکێکیان مامۆستا مەسعود محەمەدە کە دەڵێت کەیفی پێش ساڵی ١٨٦٣ زایین چووەتە کۆیە و ئەویتریش بەڕێز ئەحمەد تاقانەیە کە ساڵی ١٨٥٣ زایینی تۆمار کردووە. من بۆ خۆم پشتیوانی لە راکەی بەڕێز تاقانە دەکەم، چونکە وەک خۆی دەڵێت ئەگەر مێژووەکەی مەسعود محەمەد دە ساڵی لێ کەمکەینەوە، ئەوا لەگەڵ ئەو شەش مانگەی کە شێخ رەزا لە کۆیە ماوەتەوە و شەڕە شیعرەکەی لەگەڵ کەیفیدا بووە، رێک دەبێت. سەبارەت بە ساڵی هاتنی شێخ رەزا بۆ کۆیەش دیسان دوو رای جیاوازمان هەیە. یەکەم خودی ئەحمەد تاقانە کە دەڵێت ١٨٥٩، یان دوو ساڵ دواتر و ئەویتریش مامۆستا عەلادین سوجادییە کە ساڵی ١٨٦٢ و ١٨٦٣ بە ساڵی چوونی شێخ رەزا بە کۆیە دادەنێت، کە مێژووەکەی ئەحمەد تاقانە سەبارەت بە هاتنی شێخ رەزا لەگەڵ مێژووی هاتنی کەیفی بۆ کۆیە لە رای مامۆستا مەسعود محەمەد دا ناتەبایی هەیە و ئەگەر ئەو دە ساڵە بێتە دواوە، ئەوا لەگەڵ هاتنی شێخ رەزاشدا رێک دەبێت، بەڵام وەک دەزانین بەڕێز تاقانە لێکۆڵینەوەی تایبەت و بەربڵاو و قووڵی هەیە لەسەر شێخ رەزا و کتێبە بەناو بانگەکەشی لەسەر شێخ رەزا لەژێر ناوی "شێخ رەزا کەڵەشاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست" بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە، کەچی مامۆستا سەجادی بەشێوەیەکی بەربڵاو لەسەر مێژووی وێژەی کوردی کاریان کردووە، نەک لەسەر شاعیرێکی تایبەتی وەکو شێخ رەزا. هەر بۆیەش من لەسەر راکەی بەڕێز تاقانەم.

٤-سەبارەت بە دەرچوونی کەیفی لە کۆیە، دوو رای جیاواز هەیە کە مەسعود محەمەد بە ١٨٦٩ یا ١٨٧٠ی زایینی دەزانێت و ئەحمەد تاقانەش ١٨٥٩ یا ١٨٦٠ی ز تۆمارکردووە، کە وەک وتمان دە ساڵ مێژووەکەی مەسعود مەحەمەد بێتە دواوە، گرفتەکە چارەسەر دەبێت و هۆکارەکەشمان باسکرد و منیش راکەی بەڕێز تاقانە بە دروست دەزانم کە ساڵی ١٨٥٩ یا ١٨٦٠ی زایینی بێت.

٥-ئەوەی کە کەیفی شاگردی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە بووە، یان شاگردی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی بیروڕاکان دوو دەستەن، دەستەیەک پێیان وایە شاگردی مەلا ئەسعەد بووە، لەوانە سەردار حەمید میران، کەریم شارەزا مامۆستا خاڵ،

مەسعود محەمەد، ئەحمەد تاقانە و عەلای سەجادی.

بەڵام تەنیا مامۆستا محەمەد عەلی سوڵتانی بە شاگردی مەلا عەبدوڵڵای زانیوە و بەڕێز بۆرەکەیی و مامۆستا مەردۆخیش بۆچوونێکیان لەم بوارەدا دەر نەبڕیوە. منیش شاگردی کەیفی لەلای مەلا ئەسعەد بە دروست دەزانم، چونکە ئەوە رای زۆربەی هەرە زۆری خاوەن رایانی ئەم بوارەیە.

٦-سەبارەت بە دڵدارییەکەی کەیفی لەگەڵ هەیبەتی ئایشۆکێ و هەروەها کێشانی وێنەی کەیفی لەسەر دیواری مزگەوت، ئەویش لە لایەن لایەنگرانی شێخ رەزاوە ئەم دووحیکایەتە هەردووکی بە دروست دەزانم و بەڵگەشم هەر ئەو تاکە بەیتەیە کە مامۆستا ئەحمەد تاقانە لە کەیفی دەهێنێتەوە، کە دەڵێت:

**چۆن هەیبەتی بردم لە حوزووری حەزەراتی**

**چۆن هەیئەتی کردم بە سەرو سوورەتی دیوار**

کە مامۆستا تاقانە تەنیا ئەمە بە ئاماژە بە وێنەکێشانەکە دەزانێت، ئەویش لە دێڕی دووەمدا، بەڵام بەڕای منیش جیا لەوە پێ دەچێت مەبەستی لە "هەیبەت" لە دێڕی یەکەمدا هەمان ئایشۆکێی دڵداری بووبێت کە بووبێت بە ژنی کەسێکی تر، چونکە دەڵێت:

**"چۆن هەیبەتی بردم لە حوزوری حەزەراتی"**

٧-دیسان سەبارەت بەوەی کە کەیفی و حاجی قادر پێکەوە چوونەتە ئەستەمبووڵ، یان دواتر و لە ئەستەمبووڵدا ببوونەتە دۆستی یەک، هەندێک کەس پێیان وایە ئەم دوو کەسە پێکەوە نەچوونەتە ئەستەمبووڵ و هەر یەک لە زەمەنێکی جودادا ئەم سەفەرەیان کردووە، لەوانە: مەسعود محەمەد، کەریم شارەزا، سەردار حەمید میران، هەروەها مامۆستا خاڵ. ئەوانەش کە چوونی ئەم دووانە پێکەوە و لە یەک زەمەندا دەزانن، بریتین لە: عەلادین سوجادی، حەمەعەلی سوڵتانی، سدیق بۆرەکەیی و بابامەردووخی رۆحانی.

لەم نێوانەشدا بەڕێز ئەحمەد تاقانە هیچ رایەکی سەبارەت بەم باسە ئاراستە نەکردووە.

لە ئەنجامدا منیش وەک نووسەری وتار پێم وایە کە کەیفی و حاجی قادر بە جودا و هەرکام لە زەمەنێکدا چوونەتە ئەستەمبووڵ و بەڵگەکانیش پێشاندەری ئەوەن کە کەیفی کاتێ کۆیە بەجێدەهێڵێت، بەر لەوەی بڕواتە ئەستەمبووڵ

چووەتە حەلەب، چونکە وەک پێشتر لە سەرنجەکانی مەسعود موحەمەد دا باسم کرد، مامۆستا عەبدوڵڵا جەلیزادە و مەلا ئەسعەدی باوکی و مامۆستای کەیفی دەڵێن دووساڵ لە دوای ئەوەی کەیفی کۆیەی بەجێهێشت لە ڕێگەی حەجدا، لە حەلەب بینویانە کە زۆر ناسراو بووە و مامۆستای منداڵەکانی والی حەلەب بووە، ئینجا چەندە لە حەلەب ماوەتەوە و کەی چووەتە ئەستەمبووڵ، شتێکی لێ نەزانراوە، کەچی لە بەسەرهاتی حاجی قادردا باسێک لە چوونی حاجی قادر بۆ حەلەب نابیندرێت تا بگوترێ لەگەڵ کەیفیدا چووەتە حەلەب و لەوێوە دوای ماوەیەک چووبن بۆ ئەستەمبووڵ.

٨-سەبارەت بە ساڵی مەرگی کەیفی، دوو رای جیاواز ئاراستە کراوە، یەکەم ئەوەی کە کەیفی لە ساڵی ١٨٨٢ی زایینەوە کۆچی دوایی کردووە لە لایەن کەریم شارەزا، سەردار حەمید میران و بابامەردووخ رۆحانی و دووەم ساڵی ١٨٨٣ی بە ساڵی مەرگی ئەم شاعیرە داناوە کە تەنیا مامۆستا محەمەد عەلی سوڵتانی باسی لێ کردووە. منیش راکەی مامۆستا سوڵتانی بە دروست دەزانم، چونکە حاجی قادری لە شیعرەکەیدا کە بە بۆنەی مەرگی کەیفییەوە وتوویەتی لە بەیتێکی تورکیدا دەڵێت:

کبیر در بو مسیبت، عەزیم واقعە در صغیر یازینە تەئریخی خامە مشکین(١٢)

کە لێرەدا بەپێ حروفی ئەبجەد (ص ٩٠، غ= ١٠، ر: ٢٠٠)، کە دەکاتە ساڵی ١٣٠٠ ک -١٨٨٣ زایینی.

٩-سەبارەت بە بەرهەمی شیعری، یان نووسینی کەیفی، شتێک کە بەدەستەوە بێت، تەنیا چەند پارچە شیعرێکە کە یەکێکیان لە لایەن مامۆستا سوڵتانییەوە و لە دوای بەسەرهاتی کەیفی لە حەدیقەی سوڵتانیدا چاپ کراوە. یەکێکی تر پارچەشیعرێکە کە لە کتێبی ((عەلی مەردان و هەڵبژاردەی شیعری کوردی)) کۆکردنەوەی عەبدولقادر عەلی مەرداندا هاتووە. تاقە بەیتێک هەیە ئەحمەد تاقانە لە کتێبەکەیدا کە لەسەر شێخ رەزا نووسیویەتی، هێناوەیەتەوە و تاقە بەیتێکی تریش بە فارسی لەو کتێبەدا هاتووە، کە بە فارسی کەیفی جوابی شێخ رەزای داوەتە. جیا لە مانە بابا مەردووخی رووحانی لە مێژووی مەشاهیری کورددا پارچەشیعرێکی بە ناوی کەیفی هێناوە، کە جگە لە سێ بەیتی ئەوەڵی باقی بەیتەکانی دەقاودەق لە دیوانی نالیشدا بە ناوی نالییەوە هاتووە، کە لەم

نموونەیەشدا من هیچ بەڵگەیەکەم بەدەستەوە نییە کە بڕیاری لەسەر بدەم، بەڵام مەلا عەبدولکەریمی مودەریس جەختی لەسەر ئەوەیە کە شیعری نالییە.

بە هەموو ئەمانەوە ئەو شیعرەی کە حاجی قادری لە لاواندنەوەی کەیفیدا وتوویەتی چەند سەرنجێکمان بۆ روون دەکاتەوە، کە دەقی شیعرەکە چەند زانیارییەکمان سەبارەت بە کەیفی پێدەدات:

١-کەیفی جگە لە کوردی بەسەر سێ زمانی تورکی و فارسی و عەرەبیدا بە تەواوی زاڵ بووە، وەک حاجی قادر دەڵێت:

**زمانی کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی**

**وەهای دەزانی وەکوو بەیتی خوسرەو و شیرین**

٢-کەیفی تا ماوە، وەک حاجی قادر بە رەبەنی نەژیاوە و ژن و منداڵی هەبووە و هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ئاسەواریشی لێ بەجێمابێت، چونکە حاجی قادر دەڵێت:

**لە یەک دوو لاوە هەتیوی لێ بەجێماوە یەکێکی بیکری مەعانی و دوانی تفلی حەزین**
**من کە مامی ئەوانم دەیاندەمە ئۆدەبا کچانی زادەیی تەبعی لەتیفی حەجلە نشین**
**وەلێ کوڕانی رەزا نین بەخاکی رۆم و دەڵێن لە وڵاتەوە چاوەنۆڕی مامی ترین**

وەک دەبینین حاجی دەڵێت لە یەک و دوو لاوە هەتیوی لێ بەجێماوە کە لای یەکەم دەکاتە بەرهەمەکانی کەیفی، چونکە "بیکری مەعانی" دەهێنێت و پاشان دەڵێت دەیاندەمە دەستی ئەدیبەکان، دیارە نووسین دەدەرێتە دەستی ئەدیبەکان. ئەڵبەت پێ دەچێت کە مەبەستی کتێبێکی کەیفیش بێت بە ناوی "بکر المعانی". بۆ ئەم بەرهەمدانە دەستی ئەدیبەکان بە پێویستی دەزانم بگەڕێمەوە بۆ باسێکی مامۆستا عەلای سەجادی لەسەر حاجی قادر، کە دەڵێت:

شیعری حاجی لەگەڵی شوێندا پەرت و بڵاوبووەتەوە لەبەر ئەوە بە تەواوی کۆنەکراوەتەوە، بەتایبەتی شیعرەکانی ئەستەمبووڵ کە شیعرگەلێکی بەرز بوون، زۆر کەمی لێ کەوتوونەتە کوردەواری. تەنانەت دیوانێکی نایابی کەوتبووە لای عەبدولڕەزاق بەگی بەدرخان لە ئەستەمبووڵ بۆ ئەوە لە چاپ بدرێت. کە عەبدولڕەزاق بەگ لە لایەن ئیتحادییەکانەوە گیرا و خنکێندرا، دیوانەکەش لەناو شتومەکەکاندا سووتێندرا، بەڵام وێنەیەکی دەستنووسی ئەو دیوانە لە لای ((حەمیدە خانم)) ناوێکە کە لە بەدرخانەکانە لەوێ ماونەتەوە.

ئەمە دەیسەلمێنێت ئەگەر شتێک لە کەیفی کەوتبێتە دەستی حاجی قادر کە

به مسۆگەرییەوە وەها بووە، رەنگە شتێک لەگەڵ ئەو نوسخانەدا کە مامۆستا سەجادی باسی دەکات هەر لەوێ مابێتەوە.

ئەگەر بێمەوە سەر شیعرەکەی حاجی قادر دوای دێڕی "من کە مامی ئەوانم دیاندەمە ئودەبا"، دێڕی دووەم ئەمەیە، کە دەڵێت: "کچانی زادەیی تەبعی لەتیفی حەجلە نشین".

مەبەستی حاجی قادر بەم شێوەیە لێکدەدەمەوە:

لێرەدا مەبەست لە "کچانی زادەیی تەبع" ئەو شیعر و نووسراوە جوان و ناسکانەیە کە لە تەبع و زەوقی هونەری کەیفییەوە هەڵقوڵاوە و کچ سەمبولێکە لە جوانی. مەبەستی لە "حەجلە نشین" تەناسوبێکە کە دەکەوێتە نێوان کچ و حەجلەوە، واتە ئەو شیعرە جوانانەی کە وەکو کچ لە حەجلەی تەبعی شاعیرەوە دێنە دەرێ، بەڵام ئەولاکەی تری مەبەستەکەی حاجی قادر هەتیوەکانی کەیفییە، واتە منداڵەکانییەتی کە دەڵێت رازی نین بە خاکی رۆم و لە وڵاتەوە چاوەنوارِی کەسوکاری خۆیانن.

***

**پوختەی ئەم وتارە:**

یەکەم: کەیفی لە ساڵی ١٨١٤، یان ١٨١٢ی زایینی لە ناوچەی جوانڕۆدا کە شوێنەکەی هیچ روون نییە، هاتووەتە دوونیا و لە ساڵی ١٨٨٣ی زایین لە ئەستەمبووڵ کوچی دوایی کردووە.

دووەم: کەیفی ساڵی ١٨٥٣ی زایین چووەتە کۆیە.

سێیەم: کەیفی شاگردی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە بووە، نەک مەلا عەبدوڵڵا.

چوارەم: کەیفی و شێخ رەزا پێکەوە شەڕەشیعریان دەبێت، کە رەنگە ئەم شەڕە هەر بۆ جارێک نەبووبێت، بەڵکو دووجار روویدابێت و لەم شەڕەدا مەلا عەبدوڵڵا جەلیزادە (کە هاودەرسی کەیفی بووە) بە قورسی پشتیوانی شێخ رەزا دەکات و حەکایەتی وێنەکێشانەکەی کەیفی لەسەر دیواری مزگەوت شتێکی راستە.

پێنجەم: کەیفی دڵدارێکی هەبووە بە ناوی "هەیبەتی" ئایشۆکێ کە پێیان زانیوە، ئەمەش لەگەڵ شەڕەشیعرەکەی شێخ رەزادا هەردووکیان هۆکاری دەرچوونی

کەیفین لە کۆیە.

شەشەم: کەیفی ساڵی ١٨٥٩، یان ١٨٦٠ی زایین کۆیەی بەجێهێشتووە.

حەوتەم: کەیفی و حاجی قادری پێکەوە نەچوونەتە ئەستەمبووڵ و رەنگە تا ئەوکاتە و لە کۆیەشدا یەکترییان نەناسیبێت.

هەشتەم: کەیفی ئاسەواری لێ بەجێماوە و دوای مەرگی کەوتووەتە دەستی حاجی قادر.

نۆیەم: کەیفی بە رەبەنی نەمردووە و هەر هیچ نەبێت ئەوکاتەی لە ئەستەمبووڵ بووە، ژن و منداڵی هەبووە.

دوو نموونە لە شیعری کەیفی:

**کافرە مەستە چاوەکەی، غارەتی دین و دڵبەرە**
**پەرچەمی بێ کڵاوەکەی، دووکەڵی عوود و عەنبەرە**
**زوڵفی سیاهی وەک زەرە، تاکوو دەگاتە کەمەرە**
**شکەن شکەن، گرە گرە، حەڵقە و چین و چەنبەرە**
**لە چینی زوڵفی تابەتا، خوتەن خوتەن، خەتا خەتا**
**لە پێچی پەرچەمی هەتا، نەزەر دەچێ موعەتەرە**
**زولفی سیاهی وەک شەبی، مەتلەعی چاهی غەبغەبی**
**خەتی غەریبی سەر لەبی، خزری سەر ئاوی کەوسەرە**
**دیدە هەتا لە دیدەنی، مایلی رووتە یەک بە یەک**
**خەتی شوعاعی نەشتەرە، نووکی بژانگی خەنجەرە**
**چاوی لە عەینە غەمزەدا، تیری موژەی لە من دەدا**
**دڵ دەشکێنێ و رۆح دەبا، یەکسەرە تیری دوو سەرە**
**داری بەلا و و ئافەتە، قامەتە یا قیامەتە**
**نازکی و نەزاکەتە، ئافەتی سەرووی کەشمەرە**
**کەیفی لەبەر گرینی تۆ، کون کونە مەنزڵی دڵم**
**سینە لەبەر برینی تۆ، کون کونە میسلی پەنجەرە**(١٣)

## ژیانی من

**ژیـانـی مـن بـە بـێ تـۆ چـاوەکـەم، قـوربـانـی مـردن بێ**
**پیاڵەی عەیشەکەی من، دوور لە باڵاکەت سەر و بن بێ**
**لە دووری تۆ هەمیشە، بۆیە وەک بولبول دەناڵێنم**
**وەکـوو قـومـری، تـەوقـی وەفـاتـم هـەر لـە گـەردن بێ**
**کە چوونکە داخی دووریت نا بە جەرگمدا، ئەگەر مردم**
**ئەبێ ئـەو داخـە هـەر بۆ یـادگـاری تـۆ، لە لای من بێ**
**بـە نـاڵـەی پـڕ لـە ئـەفـغـان و بـە هـاواری حەزینمدا**
**بەقوربان! دڵ لە دووریتدا، وەکوو نەی رەنگە کون کون بێ**
**شـەمـاڵ بێنێ، مەگەر بۆنێ لە خاکی مەقدەمی یارم**
**دڵـی زارم ئەگینا زەحـمـەتـە، بـەم رەنـگـە ساکن بێ**
**مـەلا کەیفی ئەمەندە بـێ وەفـایـە، مەیلی کـەم کردم**
**ئەگەر مەیلت لە دڵ کەم کا، زەلیلی دەستی دوژمن بێ**

ئەم شیعرە لە لایەن مامۆستا عەلی مەردانەوە کراوە بە گۆرانی

**سەرچاوەکان:**


١-مێژووی ئەدەبی- عەلائەدین سوجادی، ل٣١١و٣١٢.

٢-دەفتەری کوردەواری بەرگی دووەم، مەسعوود محەمەد، ل٣٧و٣٨.

٣-گۆڤاری سروە ژمارەی تایبەت ١، وتووێژی مارف ئاغایی لەگەڵ مەسعود محەمەد، ل٥.

٤-شێخ رەزا کەڵەشاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست- ئەحمەد تاقانە، ل٩٨.

٥-شێخ رەزا کەڵەشاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست- ئەحمەد تاقانە، ل٩٧،٩٨،٩٩و١٠٠.

٦-شێخ رەزا کەڵەشاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست- ئەحمەد تاقانە، ل٣٧.

٧-حەدیقەی سوڵتانی- موحەمەد عەلی سوڵتانی، ل٢٠٠.

٨-مێژووی وێژەی کورد-سدیق بۆرەکەیی.

٩-دیوانی حاجی قادر- کەریم شارەزا و سەردار حەمید میران- پێشەکی، ل٢٥و٢٦.

١٠-تاریخ مشاهیر کرد- بابا مردوخ روحانی، ل٢٠.

١١-دیوانی حاجی قادر- کەریم شارەزا و سەردار حەمید میران.

١٢-دیوانی حاجی قادر- کەریم شارەزا و سەردار حەمید میران.

١٣-نوسخەی خەتی مامۆستا سەید تاهیری هاشمی.

١٤-عەلی مەردان و هەڵبژاردەی شیعری کوردی- کۆکردنەوەی عەبدولقادر عەلی مەردان.

# باخچەی ئاژەڵان




**شاکار یوسف حەسەن**

(باخچەی ئاژەڵان)ی جۆرج ئۆروێل یەکێکە لە کتێبە گرنگ و بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم، هەرلەدوای نووسینەوەی ئەم کتێبە دەبێتە بەشێک لەو جەنگە ساردەی لە سەدەی بیستەمدا لەنێوان بەرەی سەرمایەداری و بەرەی سۆسیالیستیدا لەئارادابوو.

ناوی دروستی جۆرج ئۆروێل، ئیرک بلایرە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٠٣ لە هیندستان لەدایک بووە. لەوێ لەگەڵ باوکی فەرمانبەری حکومەت بووە و لە بەشی خزمەتگوزاری مەدەنی کاری کردووە لە ساڵی ١٩٥٠دا و لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

ئۆروێل ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٤٤دا تەواو دەکات کاتێک دەیەوێت چاپی بکات، زیاد لە چاپخانەیەک لە بەریتانیا داوای ڕەفزکردنی دەکەن، نە لەبەرئەوەی

کتێبەکە لە رووی هونەری و ئەدەبییەوە لاوازە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئۆرویڵ لەم کتێبەدا رەخنەیەکی توند لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لە سۆڤییەتی سەردەمی ستالین دەگرێت، لەو کاتەشدا سۆڤیەت هاوسەنگەر بووە لەگەڵ بەریتانیا بۆ بەگژداچوونەوەی ئەڵمانیای نازییەت.

ئەگەرچی ئاژەڵەکان لە سەرەتادا لەسەر فکرەی خۆ رزگارکردن لە جەور و ستەمی ئینسان کۆدەبنەوە و پلانی شۆڕش و یاخیبوون دادەنێن، بەڵام لە درێژەی کارەکانیدا هەمان ئەو دنیا ناشرینە دروست دەکەنەوە کە خۆیان لێی هەڵدێن و بەگژیدا دەچنەوە. تەماحی دەسەڵاتگەرێتی بەسەر پرنسیپە جوانەکانی شۆڕشدا سەردەکەوێت.

ئۆرویڵ لەم کتێبەدا بەرگریەکی زۆر لە هزری ئازادی و مافی هەبوونی ژیانی تایبەت و توانای چێژوەرگرتن لە شتە سادەکانی ژیان دەکات. هەروەها باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە ئینسان هەردەم پێویستی بەوە هەیە باوەڕی بە شتێک هەبێت دەنا ژیان بەهایەکی نامێنێت و بەتەواوی لە مانا بەتاڵ دەبێتەوە.

کێڵگەی ئاژەڵان شێوەیەکی زۆر روونە لە چیرۆکێک سەبارەت بە ئاژەڵان. چیرۆک و بەسەرهاتێکە لە شۆڕشێک کە بەلاڕێدا براوە، بنیاتنراوە لەسەر شۆڕشی روسی و کەڵکوەرگرتنی جۆزێف ستالین لە دەسەڵات، تەواوی پەیامەکە ئەوەیە کە دەسەڵاتخوازی مرۆڤ رێگە نادات کۆمەڵگەیەکی بێ جیاوازی و چینایەتی و یەکسان دروست بێت. هەرکام لە گیانەوەرانی ناو چیرۆکەکە سیمایەکی ناسراوی گشتی وەسف دەکەن.

بەرازەکان ئەوانەن کە دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن و ئاژەڵی دیکە رێک بخەن، رووناکبیرانی بوولشەوین. ناپلیۆن ستالینە. سنۆباڵیش ترۆتسکیە چینی کرێکار بەهۆی ئەسپێکی بەساڵاچووی پیرەوە کە سکاڵا ناکات و ناناڵێنێت ناوی باکسێرە. لە دەستپێکی کتێبەکەدا کۆمەڵێک لە ئاژەڵانی کێڵگە کەوتوونەتە شوێن مرۆڤی دەسەڵاتدار، کە بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و ئەوانیش کۆمەڵگەیەکی تازە و یەکسان بنیات دەنێن. کە گرنگترین خاڵی راسپاردەکەیان ئەوەیە کە دەڵێت (هەموو ئاژەڵەکان یەکسانن). چیرۆکەکە باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەم ویست و ئامانجانە بەرەبەرە ون دەبن و نامێنن.

رێزدار جۆنیز، خاوەنی کێڵگەی مانۆرە، شەوێکیان دەرگای کولانەی مریشکەکانی قوفڵ دا، بەڵام زۆری خواردبووەوە لە بیری چوو پەنجەرە بچووکەکانی دابخات. لەبەر رووناکی فانۆسەکەیدا و لە حەوشەکەدا لاردەبێتەوە و دەکەوێت دواتر هەڵدەسێتەوە و دەڕوات بۆ سەر جێگەی نووستن، ئەمە ئەو

شەوەیە کە ئاژەڵەکان جۆنیر لە کێڵگەکە وەدەردەنێن. دوای ئەوەی کە ئاژەڵەکان دەست دەگرن بەسەر کێڵگەکەدا دەست دەکەن بە شیعر خوێندنەوە و گۆرانیوتن و هوتافلێدان، یەکێک لەبەرازەکان کە بەرازێکی پیرە، بە بەرازێکی تێگەیشتووش ناسراوە، چونکە لەوەوپێش ئەو خەوی بەم شەوەوە بینیبوو کە ئاژەڵەکان سەردەکەون بەسەر مرۆڤدا (سرودێک) بۆ ئاژەڵەکان دەخوێنێتەوە بە ناوی (ئاژەڵانی ئینگلیس)، چونکە ئەو شوێنەش کە کێڵگەکەی لێیە لە ئینگلستانە. کە سرودێکی وروژێنەر و حەماسی بوو، ئەمەش بەشێکی سرودەکەیە:

**ئەی ئاژەڵانی ئینگلیس ئەی ئاژەڵانی ئیرلەند**
**ئەی ئاژەڵانی هەموو سەرزەوی و دیار و دەربەند**
**بۆ موژدەی شادم ئێوە گوێبگرن**
**موژدەی داهات و سەردەمی زێڕین**
**زوو یا درەنگ ئەو رۆژە دادێ**
**زۆرداری مرۆڤ دەبێ بڕوخێ**
**مەزرا پڕپیتەکانی ئینگلیستانیش**
**دەبێ ئاژەڵان پێیان لەسەر بێ**

خوێندنی ئەم سرودە ئاژەڵانی خستە ناو جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە و بەرلەوەی بەرازی پیر بگاتە کۆتایی، ئەوان دەستیان کردبوو بە خوێندنی سرودەکە و تەناتەت گەمژەترینیان چەند دێڕ لە سرودەکە و ئاوازەکەیان لەبەرکرد.

دواتر ئاژەڵەکان بیر لە چاککردن و رێککردنی ژیانی خۆیان لە کێڵگەکەدا دەکەنەوە، یەکێ لەو ماینانە کە رەنگی سپی بوو، ناوی مولیە بوو، دەست دەکات بە پرسیارکردن لە سنۆباڵ و دەڵێت تۆ بڵێی دوای شۆڕش شەکرمان دەست بکەوێت؟

سنۆباڵ لە وەڵامدا دەڵێت، نەخێر. ئێمە مەبەستمان دروستکردنی شەکر نییە. لەسەر ئەم کێڵگەیە تۆ پێویستیت بە شەکر نییە، لەبەرئەوە دوای ئەو شۆڕشە وێنجە و شەوەری پێویستت دەست دەکەوێت. مولی دیسان دەپرسێت: ئەی هێشتا دەتوانم پەت و رووبان بە باڵمەوە ببەستم؟ سنۆباڵ دەڵێت: هاورێ ئەو پەت و شریتەی کە تۆ پێی وەفاداریت، نیشانە و هێمای کۆیلایەتین. تێناگەیت کە ئازادی زۆر لە پەت و شریت بەنرخترە. مولی قبووڵی کرد، بەڵام بەتەواوی قایل نەببوو.

دواتر ئاژەڵەکان هەستان بە دانانی یاسایەکی گشتی بۆئەوەی لای هەموویان پەیڕەوی بکەن، یاساکەیان دانا بە ناوی یاسای ئەنیماڵیزم، حەوت راسپاردە لەخۆ دەگرێت و لەلایەن سنۆباڵەوە خوێنرایەوە، کە حەوت راسپاردەکە ئەمانەن:

-هەر بوونەوەرێک لەسەر دوو لاق بڕوات، دوژمنە.

-هەر بوونەوەرێک بەسەر چوار دەست و پێوە بڕوات، یان باڵی هەبێت دۆستە.

-هیچ ئاژەڵێک نابێت جلوبەرگ لەبەر بکات، واتە ئاژەڵ دەبێت روت و قوت بێت.

-هیچ ئاژەڵێک نابێت لەسەر قەرەوێڵە و تەختەی نووستن بخەوێت.

-هیچ ئاژەڵێک نابێت ئەلکهول بخواتەوە.

-هیچ ئاژەڵێک نابێت ئاژەڵی دیکە بکوژێت.

-هەمووئاژەڵەکان یەکسانن.

نووسراوێکی زۆرجوان و رێکوپێک بوو، جگەلەوەی کە دۆست بە دۆسک نوسرابوو. سنۆباڵ نووسراوەکەی بە دەنگی بەرز بۆ ئاژەڵەکان خوێندەوە ئەوانیش بە نیشانەی رەزامەندی سەریان بۆ لەقاند، ئەوانەشیان کە زیرەکتر بوون، دەستیان کرد بە خوێندنەوەی. سنۆباڵ فلچەی بۆیەکردنەکە دادەنێت و دەڵێت (هاوڕێیان وەرن با بڕۆین بۆ دەشتە و وێنجەکە، وەرن بابە دۆڕاندنی وێنجەکە کە زۆر خێراتر لە جونیز و پیاوەکانی شانازییەکی دیکە بۆ خۆمان تۆمار بکەین). بەم جۆرە ئاژەڵەکان کۆمەڵ کۆمەڵ دەڕۆن بۆ ناو دەشتە وێنجەکە، بۆئەوەی دەست بکەن بە دورین. ئاژەڵەکان زەحمەتی زۆریان رشت بۆ دورینی ئاڵفەکە، بەڵام زەحمەت و ماندووبوونەکەیان بێهودە نەبوو، چونکە بەرهەمی کارەکەیان لە ئاستی چاوەڕوانکراو زیاتر بوو. لەماوەی ئەو هاوینەدا ئیش و کاروباری مەزراکە زۆر بەرێکی ئەنجامدرا، ئاژەڵەکانیش زۆر خۆشحاڵ بوون بە خواردنی هەر پاروویەک خۆراک، خۆشحاڵی و شادمانییەکی قوڵ دایدەگرتن، چونکە خۆراک هی خۆیان بوو بەهۆی خۆیانەوە بەرهەم دەهات بۆ خۆیان بوو. لەلایەن ئاغایەکی دوژمنەوە پێیان نەدەبەخشرا.

لەم کێڵگەیەدا ئاژەڵەکان رێکەوتن لەسەر داڕشتنی کۆمەڵێک رێسا کە بەگشتی ئەمانەن:

رۆژانی یەکشەمە پشوو بوو ناشتاخواردن کاتژمێرێک درەنگتر لەکاتی ئاسایی دەستی پێدەکرد، هەموو حەفتەیەک دوای ناشتا رێوڕەسمێک بەڕێوە دەچوو کە بەهەڵکردنی ئاڵا دەستی پێدەکرد. کە رەنگی ئاڵاکەیان سەوز بوو،

سنۆباڵ روونیکردەوە کە ئەو رەنگە وەسفی کێڵگە سەوزەکانی ئینگلیس دەکات، هەروەها وێنەی سم و شاخێکی لەسەر نەخشێنرابوو، ئاماژەی بە داهاتووی کۆماری ئاژەڵان دەکرد، کە لەدوای لەناوبردنی هەتا هەتای مرۆڤ دەستی پێدەکرد. دوای هەڵکردنی ئاڵاکە ئاژەڵان کۆمەڵ کۆمەڵ دەچوونە ناو کایەنەکە بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی گشتیدا کە بە میتینگ ناسرابوو. دواتر بەرنامە بۆ هەفتەیەکی تر دادەنرا کە ئاژەڵەکان مشتومڕیان لەبارەوە دەکرد، هەمیشە وا باو بوو کە بەرازەکان بڕیاری داهاتوویان دەدا ئاژەڵەکانی دیکە نەیاندەتوانی لە هیچ بڕیارێکی تایبەت بە خۆیان بیر بکەنەوە. سنۆبال و ناپلیۆن لە مشتومڕەکاندا بە رادەیەکی زۆر چالاک بوون، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە کە ئەو دووانە هیچ کات پێکەوە هاودەنگ نەبوون.

ڕێوڕەسمەکە هەمیشە بە سرودی ئاژەڵانی ئینگلیس کۆتایی دەهات و دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژەش بۆ رابواردن و کاتبەسەربردن تەرخان دەکرا، لە ئێوارانادا لە رووی ئەو کتێبانەی کە لە بینا گەورەکەی کێڵگەکەدا دۆزیبوویانەوە، خەریکی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە دەبوون. سنۆباڵ خۆی سەرپەرشتی کۆمیتەکانی ئاژەڵانی دەکرد، لەوانە کۆمیتەی بەرهەمی هێلکە بۆ مریشکەکان و کۆمیتەی کلک خاوێنی بۆ مانگاکان و کومیتەی دەستەمۆکردنی مشکەکان و کەروێشکەکان. هەروەها لەم کێڵگەیەدا خولەکانی خوێندن و نووسین کرابوونەوە، کە تا پاییزی ئەو ساڵە گشت ئاژەڵانی مەزراکە لە ئاستێکی باشدا ببوونە خوێنەوار، بەرازەکان باشتر خوێندن و نووسینیان دەزانی و سەگەکان تاڕادەیەکی باش فێری خوێندن و نووسین ببوون، بەڵام تاقەتی خوێندنەوەی هیچ شتێکیان نەبوو جگە لە حەوت راسپاردەکە، بزنەکە، واتە موریل بڕێ باشتر لە سەگەکان دەیتوانی بخوێنێتەوە، هەندێجار ئێواران ئەو پارچە ڕۆژنامانەی کە لەسەر زبڵ دەیدۆزینەوە بۆئەوانی تری دەخوێندەوە. کلاڤێر کە بەتەواوی ئەلف و بێ فێر ببوو، بەڵام نەیدەتوانی وشەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و رستە دروست بکات.

باکسێر لە پیتی (ت) ئەولاتر نەیدەزانی، هەڵبەت دەیتوانی بە سم و لەسەر لم پیتەکانی (ا.ب.پ.ت) بنووسێت، بەڵام دوای ماوەیەک فێری پیتەکانی (ج.چ.ح.خ) بوو، بەڵام بۆی دەرکەوت هاوکات کە فێری ئەم پیتانە دەبێت، ئەوا پیتەکانی سەرەتای بیردەچێتەوە. مولی نەیدەتوانی فێری هیچ شتێک ببێت، جگە لە شەش پیتی ناوی خۆی نەبێت. هیچ کام لە ئاژەڵانی دیکەی کێڵگەکە نەیانتوانی لە پیتی (ا) بەولاوە فێربن. دواتر کە سنۆباڵ بۆی دەرکەوت ئاژەڵەکان بەگشتی زۆر گەمژەن، بۆیە هەر حەوت فەرمانەکەی لەم دێڕەدا کورت کردەوە (چوار پێ باشە

و جوت پێ خراپە).

بەڵام ناپلیۆن رەخنەی لەم کۆمێتەی سنۆباڵ گرت. ئەو پێی وابوو پەروەردە و فێرکردنی گەنجان لە هەموو شتێک گرنگترە.

بە هاتنی زستان مولی زیاتر و زیاتر بیانووی دەگرت، هەموو بەیانییەک لە کار دوادەکەوت دواتر داوای لێبووردنی دەکرد و دەیگوت گوایە خەبەری نەبۆتەوە. ناپلیۆن لەکاتێکدا سەگەکانیش بەدوایەوە دەبن، سەردەکەوێت بۆسەر ئەو سەکۆیەی کە لەسەر زەوی ژوورەکە دروستکرابوو، پێشتر بەرازی پیر، واتە مەیجێر لەسەری دەوەستا و ئاخاوتنی دەدا. ناپلیۆن بە دەنگی بەرز رایدەگەیەنێت کە لە ئێستاوە کۆبوونەوەکانی رۆژانی یەکشەمە کۆتاییان پێدێت. بە بۆچوونی ناوبراو ئەو کۆبوونەوانە کاتیان بەفیرۆ دەدا و پێویست نەبوون. لە داهاتوودا گشت ئەو کارانەی کە پەیوەندییان بە کێڵگەکەوە هەیە بەهۆی کۆمیتەیەکی تایبەتەوە، کە پێکهاتووە لە بەرازەکان، بڕیاری لەسەر دەدرێت. بۆخۆی سەرۆکایەتیکردنی دەگرتنە ئەستۆ. لە تەواوی ماوەی ئەو ساڵەدا ئاژەڵەکان وەکو کۆیلە کاریان دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا لە کارکردن خۆشحاڵ و شادمان بوون بە چاکی لەوە ئاگاداربوون کە تەواوی ئەو شتانەی ئەنجامیان داوە لە بەرژەوەندی خۆیان و نەوەی دوای خۆیاندایە نەک لە بەرژەوەندی مشتێ مرۆڤی تەمەڵ و بێکار، کە خەریکی دزیکردنن.

سەر لە بەیانی رۆژی یەکشەممەیەک سکوئیلر رایگەیاند، ئەو مریشکانەی لەم دواییانەدا لەسەر هێلکە کڕکەوتوون دەبێت هێلکەکانیان تەسلیم بکەن. ناپلیۆن پەیمانی لەگەڵ ویمپێر بەستبوو بۆ چوارسەد هێلکە لە هەفتەیەکدا، بۆئەوەی بەپارەی ئەم هێلکانە خۆراک و دانەوێڵە بکڕن و کێڵگەکان پێ بەخێو بکەن. کاتێک مریشکەکان ئەمەیان بیست دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوە، بۆ یەکەم جاردوای دەرکردنی جونێر لە کێڵگەکە شتێک وەک سەرهەڵدانی شۆڕش روویدا، کە بەهۆی سێ مریشکی گەنجی رەشەوە رێبەرایەتی دەکرا، ناپلیۆن کە ئەمەی بیست، بڕیاری دا بە دڵڕەقانە سزای ئەو سێ مریشکە بدات و بەشەخۆراکەکەیان رابگیرێت، سەگەکانیش چاودێریی جێبەجێکردنی ئەم فەرمانەیان دەکرد. مریشکەکان بۆماوەی پێنج رۆژ بەردەوام بوون، دواتر خۆیان بەدەستەوە دا و گەڕانەوە بۆ کولانەکەی خۆیان. بۆیە دوکاندارێک هەفتەی یەک جار بە ئۆتۆمبێلێک دەهات بۆ کێڵگەکە و هێلکەکانی دەبرد.

دوای ماوەیەک لەناو کێڵگەکەدا دووبەرەکی و شەڕ سەریهەڵدا، سنۆباڵ لە ناپلیۆن جیابووەوە و کەوتە دژایەتیکردنی و کێڵگەکەی بەجێهێشت. خۆی لە

کێڵگەیەکی تر شاردەوە، کەوتە پلاندانان بۆ تێکدانی کێڵگەکە و تەسلیمکردنەوەی کێڵگەکە بە مرۆڤ. بۆئەمەش سێ مریشکەکە و هەندێ مراوی و دوو مەڕ لە ژێرەوە لەگەڵ سنۆباڵدا ڕێکەوتبوون، دوای ئەوەی کە ئاشکرابوون لە بەردەم ناپلیۆندا دانیان نا بە تاوانەکانیاندا و ناپلیۆنیش سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکردن. بەمەش یەکێک لەو ڕێسایانە شکێنرا کە ئاژەڵەکان دایا نابوون کە نابێت هیچ ئاژەڵێک بەدەستی ئاژەڵێکی دیکە بکوژرێت.

ڕۆژێکیان سکوئیلر بەتوندی دەڵێت هاوڕێیان پێویستمان بە سرودی ئاژەڵانی ئینگلیس نییە، چونکە ئەمە سرودی شۆڕش بوو، بەڵام ئێستا شۆڕش بەئەنجام گەیشتووە و تەواو بووە، ئێمە پێشتر ئارەزووی خۆمان بۆ کێڵگەیەکی باشتر دەردەبڕی و ئێستاش ئەو کێڵگەیە هاتۆتەدی، ڕوونە کە ئیتر ئەم سرودە هیچ ئامانجێکی نییە. ئاژەڵان هەندێکیان بەم بڕیارە ناڕازی بوون، بەڵام تۆقابوون. بۆیە مەڕەکان وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆیان دەستیان کرد بە وتنی دروشمی (چوارپێ باشە و دووپێ خراپە)، بەم جۆرە سرودی ئاژەڵانی ئینگلیس ئیتر نەبیسترا. لەبری ئەمە مینی ماس شیعرێکی هەڤاڵ ناپلیۆنی هۆنیوە، کە ئەمە کورتەیەکی شعرەکەیە.

**دۆستی هەتیوان**
**سەرچاوەی خۆشبەختی**
**خاوەن سەتڵە لێوانلێوەکان**
**ئای ڕۆحم چۆن دەسوتێ**
**وەک هەتاوێ**
**لە ئاسمانی تۆدا**
**کاتێ رادەمێنی چاوە ئارام و تیژەکانت**
**ئای هەڤاڵ ناپلیۆن.**

ئەم شعرە لەلایەن ناپلیۆنەوە پەسەندکرا و بڕیاری دا کە لە کایانەکەدا و بەرامبەر حەوت فەرمانەکە بنووسرێت. لە تەنیشت وێنەیەکی ناپلیۆنەوە کە سکئیلر کێشابووی، ڕەنگی سپی بوو، هەڵواسرا.

بەم جۆرە ئەو حەوت یاسایەی کە ئاژەڵەکان دایاننابوو، شکێنران و بۆیەکەمجار بینامین رایگەیاند کە یاساکان کاریان پێ ناکرێت، تەنیا وەکو فەرمانێک بە دیوارەکەوە دەمێننەوە، هەندێک لە یاساکانیان دەسکاری کرد، بۆ

نموونە ئەو یاسایەی کە دەیگوت (هەموو ئاژەڵەکان یەکسانن) لایانبرد و لە جێگەی ئەمەیان دانا هەموو ئاژەڵەکان یەکسانن، بەڵام هەندێکیان یەکسانترن). هەروەها ئەو دروشم و یاسایەی کە باو بوو (چوار پێکان باشن دوو پێکان خراپن)، گۆڕا بۆ (چوار پێکان باشن دوو پێکان باشتر. چوار پێکان چاکن دوو پێکان چاکتر).


جۆرج ئۆرویل




### سەرچاوەکان:

1GeorgeOrell، Animalfarm، signclassics، 50thAnniversaryedition، April، 1996

٢- جۆرج ئۆرویل، مەزرای ئاژەڵان. و. سەعید سیدی، چاپی یەکەم، چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١.

# بیری کوردی و شتی تر



لەتیف فاتیح فەرەج

زۆرجار بەئاگاییەوە بێت، یان لە خۆتەن، هەندێک وەک فەیلەسوف، لێ فەیلەسوفی سەردەمی فیودالّی دەڕواننە مەسعود محەمەد، ئەگەر ئەوە راست بێت کە بە پێی دابەشکاری چینایەتی وا دابنێین بۆ هەر قۆناغێک فەیلەسوفی خۆی هەیە، رەنگە هەبن ئەم جۆرە لە ناونان بەپێی قۆناغەکان بەڕاست نەزانن.

ئەگەر لەوە گەڕێین ئێمە فەیلەسوفمان هەیە، یان نا و بەتەنێ پرسیاری ئەوە بکەین ئایا مرۆڤی کوردی هێندە زیت و وریامان هەبووە لە مردن بپرسێ، بپرسێت مردن چییە، بۆ هەیە، چی بکەین لە بەرانبەریدا، ئایا مردنی فیزیکی جیاوازە لە مردنێکی دیکەی وەک بوونی تۆ لە دەرەوەی مێژوودا، یان نا، ئەگەر جیاوازە، جیاوازییەکان چین، شانازیکردن بە بوونەوە یانی چی، بۆ هێندە بەتوندی ژیانی نێو دەرەوەی مێژوومان گرتووە، مەسعود محەمەد رەخنەی لە بیری مارکسی دەگرت وەک ئەوەی کۆمەلْ هێشتان ماوێتی بگاتە ئەو شوێنە، ئەگەرچی گرفتی گەورەی ئێمە وەک کورد، وەک ئەوەی لە دەرەوەی مێژووین، ئەوەیە بۆ ئێمە هەموو قۆناغەکان تێکەلْن.

ئەگەر مێژوو وەک بازنەیەک، یان چوارگۆشەیەک تەماشا بکەین، ئێمەی کورد لە دەرەوەی بازنە، یان چوارگۆشەکەداین بەر لە چەند ساڵێک دیسان ئەم بابەتەم باسکرد، ئەودەم کەس پرسیاری ئەوەی نەکرد بۆ ئێمە لە دەرەوەین، من باسی ئەوانەی پەراوێز و ئەوانەی نێو مێژووشم کردبوو، نوسیبووم کێ لە ژوورەوەی مێژوودایە و کێ لە پەراوێز و کێ لە دەرەوە، مرۆڤی کورد لە

تەمبەڵترین مرۆڤەکانی سەر زەوییە، ئەو هەرگیز ناگەڕێت بەدووی خۆیدا، جگە لەوەش هەرگیز پرسیاری ئەوە ناکات بۆ بەو دەردە چووە لە مێژوودا، ئێمە کەسمان نەبووە بۆ پرسیارکردن، ئەگەرچی هەندێ جار وای دەخوێنینەوە کە ئەوەی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆی کردوویانە، جۆرێکە لە پرسیار لە خۆکردن، هیچ سیاسییەکی کورد لە ئەمارەتەکانەوە تا ئەمڕۆ نەیتووە ئەم پرسیارانەی خانی و حاجی بۆ، کێشە ئەوەیە ئەمەشیان بۆ هەندێک رۆشنبیر بەجێهێشتووە، کە پرسیارکردنەکەی بە ویست و خواستی سیاسییەکە بووە، نەک بۆ راچەنینی، لەم رووەوە مێژوو و رابردووی ئێمە پێویستی بە دادگاییکردن و لێپرسینەوەیە، نەک شانازیی پێوەکردن، ئێمە لە دەرەوەی مێژووداین، بوونی نەوت و تەلار و ڤێللا و سەروەت و سامان نامانباتە مێژووەوە، دەبێت لەو راستییە بگەین میرەکانی کەنداو نەوت و تەلار و ڤێللا و سامانی زۆر نەیبردوونەتە مێژووەوە، ئەوە بوونی قورئانە وەک کۆکەرەوەیەک بردوونیەتییە مێژووەوە، ئایا کۆکەرەوەی ئێمە چییە، تا ئێستا هیچ سیاسییەکی ئێمە ئەو پرسیارەی نەکردووە، کۆکەرەوە بەو مانایەی هەم ئەو لە جیاوازییەکان بگەڕێت و هەم ئەوانی تر لەسەری کۆک بن.

ئەگەر تۆ کۆکەرەوەیت، نابێت لەوە بپرسی من چەپم یان راست، من وەک تۆ بیر دەکەمەوە یان جیاواز، پرسیاری کۆکەرەوە پرسیاری ئینسانە وەک ئینسان، نەک ئینسان وەک ئایدیۆلۆژیا و چین و مەزەب و ئایین و شتی تر، کۆکەرەوە لە خێڵ و بنەماڵە ناپرسێت، ئەو پرسیارەی هەمیشە لەسەر زاری سیاسییەکانی کوردە، سیاسی کورد سیاسی کۆکەرەوە نییە، کەواتە سیاسی کورد سیاسییەکی بێ فکرە، فکری کوردی، فکری کوردی بە مانای ئینسانیبوونی کوردی ئێمە هێشتا ئەمەمان نییە، سیاسییەکانی کورد ئەگەر بڵێم هەموویان کار بۆ ئەوە دەکەن مرۆڤی کورد لە دەرەوەی مێژوودا بمێنێتەوە، ئەمە راستییەکەیە، هەر ئەوەشە، واتە هەر نەبوونی فکری کۆکەرەوەی کوردییە هەندێ جار کەسانی هێندە نائاگای بردووەتە نێو مەکتەبی سیاسی حزبەکانی کوردستانەوە، کە دەکرێت بڵێین هەموو شتێکە لێ سیاسی نییە.

گێل و تەمبەڵەکان لە دەرەوەی مێژوودان، هەر ئەوانیش دەیانەوێت هەموو شتێ، هەموو مێژوویەک، هەموو رابردوویەکی جوان بکەن بە هی خۆیان، ژیرەکان ئاوەزدار و بیرکەرەوەکان پێویستیان بەوە نییە زۆر چەنەوێژی لەسەر ئەوە بکەن شتەکان هی ئەوانە، یان کەسی تر، ئەوان بیر لە مرۆڤ دەکەنەوە، بیرکەرەوە لە مرۆڤ.

# دمق

- دوای هێرشی داڵە کەرخۆرەکان — سەباح ڕەنجدەر
- چاوەڕوانتم — سەلاح شوان
- پیاسە — حەیات مەجید پەرخی
- ئینجانە — نیا کامیل
- لە هەرەسی دەریا و دونیا — هاوڕێ یووسفی
- ژنێک لە ترێ — وریا ئیسماعیل
- من لەنێو ژنەکاندا — بڵند باجەلان
- ڕێگا — بەرهەم ئەنوەر
- وتووێژ لەگەڵ عەبدولخالق یەعقووبی — سازدانی: سەنگەر زراری

# دوای هێرشی داڵە کەرخۆرەکان



سەباح رەنجدەر

(١)

ویستمە ڕوومەتم لەسەر هەنارێک دانێم
مردنێکی سپی بمرم
مردنی سپی دوا قۆناغی گەیشتنی مێرووڵەی بارگرانە
خۆ من بەڕێوەم و چوارلام ئاوێنەیە
مانگ بە لێوی بە بارییەوە
دادەبەزێتە ناو ئاوێنە و پۆپیتەی کەڵەباب
بە چوار لادا سەما و پاسەوانی دەکات
هێماکانی هاتوچۆی چوارڕیانی شاریش روون
کە زەنگی ١٦ی ٣ لێدەدا
هەموومان لە

| | |
|---|---|
| ماڵ | و |
| کۆڵان | و |
| شەقام | و |
| ناوەندی شار | دەوەستین |

چاوی ئاسمان لە چاوی کەسمان ناچێت
بزەیەک بۆ چاوی یەک دەکەین و بڵاودەبینەوە
کۆترێک لەسەر میلی ١١ و ٣٥ خولەک ملی درێژکردووەتەوە
چاوی لە چاوی هەموومان دەچێت
ماسییەک لە قووڵاییدا رادەچەنێت و چاوی لەسەر وشکایی و ئاودا
ئەملا و ئەولا دەکات
قاز و قورینگی کێویش لە بەرزاییەکانەوە
بۆ یاری باڵ لە ئاودان دادەبەزن




(٢)

باوکە شیعر
من کوڕە فڕێدراوەکەی ناو بیرم
برا بێ شکۆیەکانم چەشنی گورگی دەشتودەر
لووراندیان و سەری بیریان لەسەر داخستم
تفەنگیان پڕ گوللە
دەمیشیان دارماڵ لە دەمهەڵبەست
ئەستێرە
ئا ئا ئەستێرەی پێرووم لەبنی بیرەوە لێ هەڵهات
بای بە لوورەی ناوچەوان گرژ و ترشاو

| | |
|---|---|
| تەوەزەل | و |
| زەبەلاح | و |
| دەم و لێو | و |
| ژەنگاوی | ە |
| مردۆخ | |

لەوەتەی چاوی رەشکەوپێشکە دەکات و تارمایی دەهێنێتە پاش و پێش
لەسەر زەویی نەرمونیان هەڕەشە دەکات
تەماشای پێی دەکات جێگاپێی نییە
تەماشای دەستی دەکات ستوونی چەترێکی رانەگرتووە
تەماشای دەمی دەکات پەندێکی باش بەکارنەهێناوە
تەماشای ناوچەوانی دەکات

قومرییەک پووشی لەسەر دانەناوە
ئاخێکی دوورودرێژی هەڵکێشا و خۆی پێچایەوە و هەڵات
بەو نیازەی خۆی دابڕێژێتەوە

دیارە با شکۆمەند نییە
لەسەر لێواری شۆستە دانیشتووم
سەیری کەژاوەی تەرمێک دەکەم
تەرمێک
ئا ئا تەرمێک
بەناو ئاپۆرەی شار تێدەپەڕێ
بەڵام هەر بە گۆڕستان ناگات
پاشان قەلەڕەشێکی بەباداری ئیفلیجبوو
بەرەو دەم ئاوێکی وەستاوی گەنیو
بە گریانەوە باڵە شەکێیەتی
نەکا دوابکەوێت
پاش ئەوەی شاعیرە پاشخاپەرەک و دووپشکە خوودارەکان
گۆشتی شیعرەکانیان خواردم
سەمەندەر
ئا ئا سەمەندەر
لە دەمارەکانی هەستمەوە بڵندبووەوە
رووناکی بۆ هەردوو چاوم هێنا و پەنجەرە و ژوورمی لەخەو هەستاند
ئەی شیعر ئەی ناوی خۆم
پەروەردەت کردم چۆن ببمە کوڕە گەورەی بنەماڵەت
بۆ خوانی

| |
|---|
| ئاو |
| ئاگر |
| با |
| خۆڵ |

داوەت کراوم
گۆرانیم گوت و بەناخی خۆم گەیشتم
بە ناخی خۆم بگەم بە



| |
|---|
| تەورات |
| ئینجیل |
| قورئان |

دەگەم

(٣)

مار ددانی لە کلکییەوەیە
گورگ برادەرایەتی لە کلکیدایە
ڕێوی هێزی لە کلکی کۆکردووەتەوە
سیخوڕ کەوانی لە کلکییەوە دەکێشێ
ئای گوڵەستێرەی بەخشندە دژت چەند زۆرن
کە ڕووناکیت دەڕژێتە سەر زەوی
دژەکان قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێ و ون دەبن
ئاسۆ گەرم دادێ و باڵندە تێیدا باڵیان بە هەموو شت دەزانن
باڵندە لە فڕینیدا ناوی خۆشەویستانی
لە دەم دەڕژێ و دەبێتە گوڵەستێرە
ئێمە هەموومان پێکەوە
بێ پەروا بۆنی ئەو ڕووناکییە هەڵدەمژین کە بەخشندەیە
بەخشندە پەروایی دەبەخشێ و بێ پەروا دەچینە ناو ڕێگا
دەنگی باڵندەی تاک و جووت
بەشێوەی مۆسیقایەکی ئاسمانی بەسەر ژاوەژاو زاڵ دەبێ
بە هێمنی دێتە ژوورەوە
درەخت لە ڕەگ پەیدادەبێ
پاشانیش ڕەگ وزەی خۆر لە درەخت وەردەگرێتەوە
جارێکی تر وشەی بە جۆشی ئاوازێکی دێرین بەدی دەکرێت

(٤)

چاکەیەکی زۆری شاعیرە

| | |
|---|---|
| مەنگۆلی | و |
| دڵڕەش | و |
| بەدگۆ | و |
| دەروونکلۆر | ە کانم |
| | لەسەرە |

بەوەی زۆر گێچەڵیان پێکردووم
لە گێچەڵیانەوە فێربووم بە ئەدەب بیر بکەمەوە
دڵ ببینم پێی لێنەنێم
لەوپەڕی سادەییشدا بێباک بژیم
ئەوەی لە دڵمە نەیشارمەوە
ئاڵای سرووش و هەناسەی سپیەکانی سروشت بم
بە بایەخەوە لە سێبەری ژێ دانیشم
تا ئاواز و مەقامەکان بناسم و بیانڵێم
رووناکی گۆرانی لە دڵمەوە دێتە ناو دەمم
رووناکی ناو دڵم دەپارێزم
رۆحم لە دووتوێی خوناو و هەتاودا
بچێتە سەر قوفڵی گۆزەی مەیی ئەشق و بڕسکێ
ئەرێ خوناو بۆ سەرەتا ناوکی دەبێتە هەڵم
هەتاویش بەرزی دەکاتەوە بۆ هەواری سرووش و هەناسەی سروشت
تا گولاوی دەستنووس پێشکێش بە گوڵی فریاکەوتن بکات
لە ئەفسوونی وشەی گلەیی و گەڕی گەردووندا هیچم نەدۆزییەوە
لە کتێبی حەزدەکەم ئەوەندە بژیم چاوم دۆزییەوە
چاوی ئاسمان و فەرمانڕەواکانی و بەهرە و سرووش
لە ناوچەوانی خۆمدا چاندم
چاو چرای سەری مرۆڤە
چاوی سەرەتای نووسین
ئەرێ گوڵی سوور لە چاوەڕوانی چیدا
جلی خۆی دەگۆڕێ و زەمینی رۆشنە
خۆی بە هەمووومان دەناسێنێت



(٥)

**ناقۆڵاترین پیلانگێڕ و وەیشوومە لەچاو**
**مامۆستا چاویلکە ڕەنگاوڕەنگەکەی مێژووە**
**چێژی لە ژیانی دەرباریی بینی**
**تاڕادەی شاگەشکەیی ڕێزلێگیراو**
**دەست گەرم و سێبەر چەور**
**تا دوا ڕادەی سەرکزی کاسەی سواڵ**
**بیر لێ وەرگیراوە و خوێن لە دەمار بەتاڵکراو**
**تیرۆگ بەسەر قوڕ و لیتەدا دەهێنێت**
**نا دەخاتە جێگای ئا**
**قەلەڕەشێک و قومرییەک نووستوون**
**مانگ لە یەکشەوەییدا تەماشای باڵ و دەنووکی هەردووکیان دەکات**
**لە هێلانەی کامەیاندا نەوە و نەوەزا**
**چاو و باڵیان کز دەبێ**
**یان دادەگیرسێن و دەدرەوشێنەوە**
**خۆشی لە گرشەگرشی یەکشەوەییدا دەمێنێتەوە**
**دەست لە سینگی ڕووت و نەرمی ئاودەدات**
**تۆش هەر لە پیشەکەی خۆت بمێنەرەوە**
**شووشەی چاویلکەت دەبێتە دێوجامە**
**دیکتاتۆر دەتوانن هێڵکاری بکێشن و باش بەکاری بهێنن**
**پاش ئەو هەموو ئا و نا و چاولەبەرڕێییە**
**قەل گۆڕت بۆ لێدەدەن**

(٦)

**شیعر هەی نان و ئاوم کە تۆ لە خۆکردی**
**بوویت بە برای خوێنی و شیریم و لە دەرگا و پەنجەرەوە هاتیت**
**دەستی بڕواهێنانت لە خوێن و شیرمدا ڕواند**
**ئێسکی دەستمت بۆ ناو دەستی خۆت گواستەوە**
**دەستی خدری زیندە ئێسکی تێدا نییە**
**شاعیرە پاشخاپەڕۆک و دووپشکە خوودارەکان**

چزووی شپرزەییان بەکارهێنا و رقی ئێسک تواندنەوەیان هەڵڕشت
ئاشق هەمیشە لە شەڕی رەوای خۆ لەگەڵ خۆدا
رەنگی مەشقی دیاری دەکات
دڵی بە پەڕ و باڵی من
گۆرانیبێژێکی لە دوو سەدە رسکاو و ژیاوە
دەفڕێ بەسەر رووباری رەوان و دەشتی راز
دەنگخۆشی و ناوکی سێوە لە بیرەوەریی زەوی
ئەی ئەستێ و بەردم شیعر
من ئەلف و بێی بوون و نەبوونم
خوداوەند دێڕەکانم لە ناوچەوانی بەرد هەڵدەکۆڵێ
هەڵمی شێلانی قوڕی ئادەم دەست و پەنجەمی
گەرم کردووە و رۆحی بوون و نەبوون لە ناخمدا دەسووتێت
شاعیرە پاشخاپەرۆک و دووپشکە خوودارەکان
پێیان لە خۆڵەمێشی سووتانم سڕدەبێ و مێرووله دەکات
لە ئاوێنەیەکی رەشدا دەمێننەوە
دەبنە قەوزەی ناوچەوانی جانەوەرێکی نەگریس
پەیامێکم بەرپا کرد
رازی وردبوونەوە لە دڵی خۆم و پەرجووی رێنیشاندان
ئاهی مەستی تەنیاییمی لەسەر کۆبووەتەوە
خودا شیعری لە بری هەموو شتێک پێ بەخشیم
سوپاس بۆ بەشە دڵباشەکەی خۆم
سەرم هەڵبڕی و ناوچەوانم کردەوە
لە شکۆیەوە جامم قەت قەت بەتاڵ نابێ
ئەی شکۆی دڵی روونی سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر
خودی خۆم بینی
ئێوەم بینی تەنیابوون
ئێوە شکۆی شیعربوون

(٧)

بەهرە و سرووش و یەکەم تەزوو
بە هاوکاری ئێوەوە لە سەرزەمین ماومەتەوە

**من و شیعر**

**بەهرە و سرووش و یەکەم تەزووی**

**ئەفسوون و**

**ئەفسانە و**

**غەزەل و**

**ئەزەل ین**

**دەست و دڵی دەریا و ئاسمان**

**دەکەینە یەک و گۆزەی مەیی ئەشق لەبەر تینی گەرما**

**دەگوازینەوە بەر سێبەری مەئوا**

**کاتێک رەشنووسی شیعرێک**

**دەدڕێنم و بە دیاریەوە سۆزێک دەکەم**

**سۆزی بۆنی خۆشی مەیی ئەشق**

**دڵم دەلەرزێ و زمانم دەگەزم**

**ویستمە دوور لە دەروون خراپان**

**لە بەهرە و سرووش و یەکەم تەزووی شیعردا**

**سەر بنێم بە روومەتی گەرمی ژیان و مردن و زیندووبوونەوە**

**دەست و دڵم پڕن لە**

**شانەی هەنگوین و**

**هەوری پڕ باران و**

**خەڵوەتی پێشهات و**

**خوداوەندیی**

**یاران چوومەتە ناو گفتوگۆی بێدەنگییەوە**

**دەریا و ئاسمان لە دڵنیابوونی ئەو گفتوگۆیەدا**

**خۆشەویستییان بە بیر دێتەوە و بیر دەهێننەوە**

**پێزانین و دەست لەسەر سینگ و دڵ**

**بۆ باڵندەی خۆشبێژی شیعر**

**دەزانێت بۆچی بەرز دەبێتەوە**

**بۆچیش دەنیشێتەوە**

**لێوی گەش و سووری گۆزەی مەیی ئەشق**

**شەرمنترین لک و باڵە**

**بۆ ئەوەی بچیتە ناو مێژوو**

جێگا باڵت لە ناوچەوانی جێبمێنێت
هیچ شتێک لە لک و باڵ باشتر نییە
دەستی لەسەر دابنێ
هەست بە گەورەبوونی ئاسمان دەکەیت
ئاوازەکانی بۆ دڵ گەرمایین
ویستم باڵندەیەک راوبکەم
باڵەکانی بۆ بەرزبوونەوە بڵند کردبووەوە
ئەی هاوخوێنەکەم بە ئاسمانەوەبوون
لەسەر باڵەکانت هەتاو هەیە
لە ژێریشی



ئەفسوون و
ئەفسانە و
غەزەل و
ئەزەل
ئەم لایەی بەهەشت هی منە
لای شیعر و بەهرە و سرووش و یەکەم تەزوو
لە بەهەشتدا قووڵترین تاسەم پاراو دەبێت
بیری سەر ئەو زەمینە ناکەم
شاعیرە پاشخاپەڕۆک و دووپشکە خوودارەکان
نەیانهێشت
تاوێک لەسەری پشووێک بدەم و بچمە ناو گۆرانی هۆگریمەوە
دەست لە خەمی چەند ساڵە هەڵگرم
دڵشکاویشبم دڵم لە بری خوێن
بەهرە و
سرووش و
شیعر ی لێ
دەتکێ
شیعر ئەو بزە روون رسکاوەیە لە باڵی بازی کێوانەوە
بەسەر گۆنا و لێوی
بەهرە و سرووش و یەکەم تەزوو بڵاوبووەتەوە
تامەزرۆتین

لە قوڕی ئادەم و گۆشەی پەرستگا و جامی نهێنییەوە تامەزرۆتین
بازی کێوان زوو زانی
لە سەرەتادا وشە و بەهرە و سرووش و شیعر هەبوو
لە حەوشە و بانی وشەدا دڵڕوون نووست
دڵڕوونیش تێرخەو بوو
ڕژایە ناو باخی دێرینی ژیان و مردن و زیندووبوونەوە
شاعیرە پاشخاپەڕۆک و دووپشکە خوودارەکانیش
لە منداڵدانی تەپوتۆز و گیرخواردن و جەنگی
خێڵ و خێڵ و خوێنداریدا لەدایک بوونە
منیش لە ڕۆنی ڕووەک و گەنجینەی

| | |
|---|---|
| ئەفسوون | و |
| ئەفسانە | و |
| غەزەل | و |
| ئەزەل | |

شەرم لە مێژووی لەسەرەتادا وشە و بەهرە و سرووش و یەکەم تەزوو دەکەم
ئای زەمینی دەست و دڵڕوون
نامەردی زۆر و ناقۆڵات لەسەر دەژین و ددانیان لە قوونیان هاتووە
بەشە دڵباشەکەی خۆم شیعر
زمانیشیان وەک کلکی چەقەڵی پێ سووتاو لە ددانیان دەرهاتووە
ماندووت کردووم و ماندووبوون تا لێواری مردنی بردووم
بەو هیوایەم من بکوژیت و تۆش
گۆزەی مەیی ئەشق لەبەر تینی گەرما بگوازیتەوە بەر سێبەری مەئوا
سکاڵایەک بۆ تۆ ئەی شیعر
ئای چیت بەسەر ژیانمدا هێنا

(٨)

دیکتاتۆر چاوی لە مس و کەلاشووشە داڕێژراوە

چاوی شاعیری

مەنگۆلی و

دڵڕەش و

بەدگۆ و

دەروونکلۆریش

لە بەردی لامردە و ڤایرۆس و مەقەس

چاوی روون حەز بە خۆشبەختیی بیندراو دەکات

دڵبەرە دڵباشەکەی دەدۆزێتەوە و شتێک وەک

ئەستێرەی کاکێشان دەردەکەوێت

هەنگاو بۆ ناو پەرستگات دەنێ و هەنگاوی پشوو پێدەدا

لە چاوی دوژمنەکەت ورد ببیتەوە


ئومێدێک دەبینی خۆتی

خۆری سبەینان لە قۆزاخەی ناوچەوانت دەخەملێ

پاشان لە دڵخۆشییەکدا دەپشکووێ


تەنیا هاتین و تەنیاش دەڕۆین

نێوانیان ناسینی داوەکانی سەر ڕێگا



# چاوەڕوانتم

**سەلاّح شوان**




**گوڵە شیعرێک**
**لە خەومابوو نازانم یان بەڕاستی بوو**
**هات و بەسەر پەنجەی شنەی**
**تازە ئەشقێک**
**دای لە دەرگای دڵە چۆڵە داخراوەکەم**
**تا من دەرگام بۆی کردەوە**
**ئەو رۆییبوو**
**تەنیا بارانێک بەرامە و پەڕەگوڵێکی تۆرانی**
**جێهێشتبوو**
**کە ئێستاکەش لە پۆستەکەمدا هەر ماوە**

# پیاسە

**حەیات مەجید پەرخی**



(١)

**پیاسەکردن لەتەک تۆدا**
**هێندە کورتە**
**دالغەم دەچێ بۆ ئەودەمەی**
**ئەستێرەیەک دەکشێ.**

(٢)

**کە لەگەڵ تۆدا پیاسە دەکەم**
**پاژنەی کەوشە رەشەکانم**
**لە کۆڵانێکی سپیدا دەچەقێ**
**چەند خۆشە ژیان لەو کۆڵانەدا.**

(٣)

**بیرتە لە نیوەڕۆیەکی ئابدا**
**بەسەر گردە گەرمەکانی**
**خۆشەویستیدا**
**پیاسەمان دەکرد،**
**بە هەردووکمان یەک**
**سێبەرمان دروستکرد.**

(٤)

**با بەسەر هەرزاڵەکاندا پیاسە بکەین**
**شەقامەکان هێدە تەنگن**
**جێگەی هەنگاوەکانی ئێمەی تیا نابێتەوە.**

(٥)

**ئەودەمەی تەنیایی لە بەرۆکم نابێتەوە**
**بە جریوە... جریو**
**ملی رێگا دەگرم و**
**لەگەڵم نیت و مەغزام دەتەنی.**

(٦)

**ئای لەودەمەی کە زیزی لێم**
**بە ناچاری لەگەڵ سێبەرەکەتدا پیاسە دەکەم.**


(٧)

**پیاسەی ئێوارانمان**
**ئەوەندە قەشەنگە**
**نەک تەنیا من باخچەش پێدەکەنێ.**



# ئینجانە

نیا کامیل



پشکوتن
ژیان غەدرێکی گەورەی لێکردم
لە سۆز و ئارامی سکی دایکمەوە
باوەشی بە ملمدا کرد
هەر بە زۆر هێنامیە دەرەوە
بۆیە گریام
،
وائێستاکە خۆی وەڕسە لێم
ئەیەوێت بەزۆر بمخاتەوە
شوێنی خۆم
بەڵام جێگام نابێتەوە
بەوە پێکەنینم هات
،
بەگوێیاندا چرپاند
لە خانەی هەتیوانی شاردا
کەسێک لە گۆڕیش دەردەکرێت
وابڕیارە شوێنەکەی بدەن بە من
ئەوجا کەمێک لەم یارییە رامام

**بالا**

**گوڵی ئینجانەی ژوورەکەم**
**ماوەیە عەزیەیەکی زەردی پۆشیوە و**
**داینا‌کەنێت**
**نە ماچی تەڕی ئاو و نە باوەشی**
**گەرمی هەتاو**
**ملی لاری خەمباریان پێهەڵنەبڕی**

**،**

**ئەم بەیانییە**
**نامەکەتم لە تەنیشت**
**ئینجانەوە بەجێهێشتبوو**
**کە هاتمەوە و بینیم**
**گوڵی لای پەنجەرە**
**خونچەی خەندەی پشکووتووە و**
**یەک دوو پەنجە بالاشی سەرکەوتووە**



**تینوێتی**

**تینوێتی خاکی**
**ئینجانەی گوڵی**
**ژوورەکەتم**
**کە بۆ ماوەیەک**
**بیرت دەچێت ئاوی بدەی**
**کوا من ونم**

**،**

**من ئاوێنەی ئارایشتی**
**هەر ڕۆژەتم و تۆش ئاوێنەی من**
**من ئەتبینم و تۆش ئەمبینی**
**کەچی پێتوایە کە ونم**

**،**

**پێشم مەڵێ کە ونم**

کە لە ستیکی لێوتام
پێوە نووساوم و ناسڕێمەوە
،
عەتری لەشتم
لە کراس و مەمکدانەوەچووم
بە شتنیش لێ نابمەوە
ئیدی ئەوە منم کەی ونم



وەرین
کاتێک دوایین فیشەکی
ئەم جەنگی کلتوورە
بەر ئینجانەی دڵی من و تۆ کەوت
گوڵی خۆشەویستیمان وەری
،
بای وەرزی قوربانی
خاکی هەستی ئێمەی
بە بیابانی تەنهاییدا
پرژاند
،
ئینجانە کرایە سەتڵی خۆڵ
گوڵیشیان کرد بە گسکیماڵ
،
من بووم بە بزمار و
داکوترام بە دڵی بێڵدا
بۆ هەڵکەندنی گۆڕ
،
تۆش بووی بە مقەست
بۆ بڕینی کفنی خۆر




# لە هەرەسی دەریا و دونیا

هاوڕێ یووسفی

**بۆ دایکم لەبەر میهرەبانی و شەرافەتی**

**ڕەنگە یەکم کەسم لە گومانەوە دەست پێدەکات**
**چما دونیا خیانەتێکە لە گشت مرۆڤەکان ئەکرێ**
**بڕیار بوو دونیا باڵی مرۆڤەکان هەڵگرێ و**
**ڕێگە نەدات نوقتەکان هەرەس بێنن**
**بەڵێ... هەقیقەتی دونیا بوو**
**(دونیا هەمیشە پەڕانتزێکی هیلاکە)**
**دونیا زەمینەیەکە بۆ غوربەت**
**(عەرزێکە ئاخری گشتمانە)**
**خانم پێویست بوو دونیا زەبوونترین کاکەشان بێت؟**
**دووڕیان بوو**
**بە دوو بەرەکیدا کەوتین**

دوو دڵی سێوەکانی پێڵەت کردین
دونیا لێورێژە لە جادە و کەوش و...
کەوش؟
ئەرێ کەوش/ چەند وشەیەکی ماندووە
هەر کەوش ئەندازەی دونیای لەبەربوو
کەس لە قسەی کەوشەکان تێناگات
هەمیشە کەوشەکان دونیایان پێعەجیبە
تۆ بێژی کەوشەکان تاقەتی کەویر بن؟
چ کات دونیا بیری لە کەویرەکانی کردۆتەوە کە کەوش لەخۆی؟

تۆ هیچ مەڵێ با کەویر هەرفێری سەبووریمان کات
با تەنیا کاروانەکان بزانن کەویر چەنێ تێرە لە خۆی
دونیا تا کوێ ئەگەڕێ؟
بڵێی ڕێگە بدات پەنجەرەیەک دیاری بکەین؟
پەنجەرەیەک بۆ بینینی ئەو کچانەی هیچکات
نەیانزانی لەدوای ئەوان پیرتر ئەبین
راستە دونیا دەریاوانێکە باوەڕی بە لەنگەر نەماوە؟
ئەرێ قەت دەریامان پێوەنایەت
عەرز ئەزانێت مرۆڤەکان نرکەیان لێوە نایەت
(هەمیشە گشت گیانمان کەشتییە نەوەک رۆژێ لە
دونیا و لە خۆماندا چەند نوقتەی تریش...)
خانم؟ بنووسم؟ چەند نووقتەی تریش بنووسم؟
بنووسم خاک حەشری پێکردین؟
خاک فێری جەنگی کردین؟
خۆ خاک هەمیشە پڕیەتی لە یادگار
یادگار؟
یادگار پێی وتین ئەو کاتەی رەنگی دونیا سارد ئەبێ
ژیان بەرە بەرە کامڵبوونی مردنە
رۆڵە منالی درۆیەکی گەورەیە
دونیا ئێوارەیەکە
ئێوارەیەکی نارنجی

(نارنجیتر لەوماڵانەی سەعاتێکیان نییە
دیوارەکانی پێ بسپێرن)
چاوێکیان نییە گریانێکی پێ بسپێرن

هەمیشە گریان کاتی دابڕانی مرۆڤ بووە لەسەر زەمین
بۆیە دونیا شەوێکە هیچ ئەستێرە و ئوستوورەیەکی تیا نییە بۆ دڵتەنگی
(ئاخ خوایە ئەم لاپەڕە چەنێ عەزیەتم ئەکا)
من ئێژم ئەنووسم/ ئەشێ بنووسم
ناتوانم بنووسم/ نازانم بنووسم
دەبێت بنووسم
هەموو شوێنێکی دونیا ماڵی کەوشەکانە
کەوشەکان بڕێکی دونیان
کەس سێحری کەوشەکان تێناگات
دەی با بە کەوشەکاندا بزانین چەنێک دەریا و دونیامان بڕیوە
هەتا دونیا مەنفای هەموومان بێت
چی لە یادگار
چی لە دونیا
چی لە کەوش و کەویر
چی لە هەرەسی نوقتەکان...
راستە جیهان ئاشووبێکە لەسەر ئاو؟
ئاو لە کوێی دونیادا ماتڵە؟
ئاو یانی بەر ماڵ؟
دایکم ئێژێ: بەرماڵ رێگەی هەڵاتنی مرۆڤە لەسەر ئەم دونیایە
بەڵێ دەریا هەمووشتێکی دونیا ئەخنکێنێت

ئاو بەتەنیا غەریبترین شتی سەر دونیایە
ئەرێ ئاو نەهایەتی دونیایە
بۆیە؛ (لافاو بێباکترین هێرشە بۆ سەر دونیا)
نۆبەرەی هەناسەکانی دونیا بەسەر ئێوارەکاندا ئەکشێ
کە دونیا پڕبەدڵ بێتاقەتە لە ماڵەکان لە منداڵەکان
خۆ وتم گەنجێتی گەمەیەکی تازەیە
خۆ وتم میوەکان بۆنی خۆیان نەهێناوە

گوناهی ئێمە نەبوون بوو
گوناهی ئێمە سەبووری بوو
بەڵێ: هەمیشە مرۆڤ پاشماوەی جەهەننەم و ئاوە
ساڵێکیان/ مانگێکیان/ رۆژێکیان
کوڕێک لە ئاو و دەریا و دونیا و جەهەننەمدا خنکا
ئەو کوڕەی پێشتر وتمان
(کوڕێکە خوماری مردنە)
لاسارترین گۆرانی سەر زەمینە
بەڵێ، خۆ وتت: (حیکمەتی دونیا ژیانێکی هەراسانە)
باوکم ئێژێ: (هەمیشە دونیا جەبرێکە پڕیەتی لە "ئەشێ")
تکایە: من چەند ساڵە وەیلانم
کوڕەکەی منتان نەبینیوە لە شوێنێکی ئەم شیعرەدا مردبێت؟
بەخوا من و دایکی سەرمان لە دەریا و دونیا دەرناچێ.



# ژنێک لە ترێ



**وریا ئیسماعیل**

**ژنێک هەیە،**
**دڵتەنگییەکانم لە گوڵدانی**
**سەرمێزی ژوورەکەیدا دائەنێ...**
**تەنیاییم،**
**وەک جوانترین کراسی خۆی**
**لەبەر ئەکات...**

**ژنێک هەیە،**
**گەردی سەر دڵی من**
**لەگەڵ شووشەی پەنجەرەی ماڵەکەی**
**ئەسڕێتەوە...**

**بێتاقەتییەکانم**
**بەدەم شۆردنی قاپەوە**
**ئەدا بەدەم ئاوی لەبیرچوونەوەوە...**

**ئەو**
**ژنێکە لە ترێ**
**کاتێ ئەدوێ،**
**شەراب لە دەنگی ئەڕژێ...**

**ژنێکە لە هەور**
**گەر تینووم بێت**
**بۆم ئەبارێت...**



**ژنێکە لە میهر،**
**گەر سەرمام بێت**
**لایەک لە دڵی دەردێنێ و**
**پیاما ئەدات**

**گەر تایەکی کەمم لێبێت**
**دەسرێک بە فرمێسکەکانی**
**تەڕ ئەکات و**
**لەسەر نێوچەوانمی دائەنێت...**

**ئەو ژنێکە**
**لە بۆنی هەناسەی ناهێڵێ،**
**شووشەی عەترەکانم بەتاڵ ببن...**

**ئەو ژنێکە**
**بەدەستی خۆی فێرم ئەکات،**
**شیعر چۆن ئەنووسرێت...**

سوید
٢٠١٣/١١

# من لەنێو ژنەکاندا

## (چەند چیرۆکێکی زۆر کورت)




**بڵند باجەلان**

(١)

ژنەکە زوو ڕۆیشت و درەنگ گەڕایەوە، زۆر درەنگ گەڕایەوە، ڕاستییەکە ئەوەبوو کە هەر نەگەڕایەوە، تەرمەکەی گەڕایەوە، وەلێ کەس خاوەنی تەرمەکە نەبوو، هەر بۆ خۆشی تەرمەکەمان هێنایەوە لە سەعات دوازدەی شەودا...

(٢)

پیاوێک بەتەنیشتمەوە تێپەڕی، تاک و تەنیا، وەلێ زۆر باڵابەرز، من کە تا ئەوکاتە پێموابوو ژیان کورتە، پیاوێکی ئاوا درێژم نەبینیبوو، ئێستا درێژترین پیاو هاوڕێمە، ژنەکەشی دەناسم، پێشتر دایکم بوو.

(٣)

دایکم نەمردووە، وەلێ دوێنێ نامەیەکم پێگەیشت، تیایدا نووسرابوو: دایکت بە رووداوی شەمەندەفەر مردووە. دایکم لای شەمەندەفەر چی کردووە؟ بەنیازی سەفەر بووە؟ ویستوویەتی بگەڕێتەوە لای کوڕەکەی؟ دایکم نەمردووە، مردووێک گوتی: دایکت نەمردووە.

(٤)

لە قوڕەکە تەیرێکم دروستکرد، تەیرەکە فڕی، زۆر دوور فڕی، ئەمە سەرەتای چیرۆکەکەی دایکم بوو کە بۆ منی گێڕایەوە. دایکم ژنێکی باش بوو بۆ ئەو پیاوەی لە کۆڵانەکەماندا هاواری دەکرد: پەلکەنان دەگۆڕینەوە بە خوێ. دایکم ژنێکی باش بوو بۆ ئەو پیاوەی لە کۆڵانەکەماندا دەینەڕاند: برنج دەگۆڕینەوە بە شامپۆ. دایکم ژنێکی باش بوو بۆ ئەو منداڵەی لە زەنگی دەرگامانی دەدا و دەیگوت: کرێمستیتان دەدەمێ گۆڤارم بدەنێ. دایکم ژنێکی باش بوو بۆ ئەو شێتەی لە کۆڵاندا هاواری دەکرد: خۆم دەگۆڕمەوە بە تەیرێکی قوڕیین، بە کۆتایی ئەو چیرۆکەی تیایدا پاڵەوانەکە خۆی دەگۆڕێتەوە بە کیلۆیەک قەیسی.

(٥)

دوو ژن دانیشتبوون لەبەردەم مێزێکی سێگۆشەییدا، دوو بەدوو باسی شتە دووبارەکانی ژیانیان دەکرد، پیاو شتێکی دووبارەیە. قاوەگرەوەیەک لە تەنیشتیان وەستابوو قاوەی بەدبەختی دەگرتەوە، ئەوان بەدبەخت بوون، قاوەگرەوەکە لەوێدا مرد، قاوەکە رژا، پیاوێکی بێجامە نارەنجی هات،

هات و

گەڕایەوە .

(٦)

ژنە گەزۆفرۆشەکەم بینی پێڵاوی بۆیاغ دەکرد، لای چایخانەی (مەچکۆ) دانیشتبوو، پێڵاوەکانی بەر دەستی دەبریقانەوە، دڵی خۆش بوو، پارەی دەستکەوتبوو، دەتوانێ جووتە پێڵاوێکی تازە بکڕێ و بۆ جەژن لەپێیان بکا، دەتوانێ نانی نیوەڕۆ بەو پارەیەی بخوا لە چێشتخانەی ئەو پیاوەی، پێڵاوەکانی بەخشی بەو پیاوەی، پیانۆی لێدەدا بۆ چۆلەکەکان.

(٧)

-کوشتی.

+ کوشتی؟

– کوشتی؟

+ کوشتی.

دایکم ئەو کۆترەی کوشت تازە ببوو بە دایک، باوکم ئەو پاسارییەی کوشت تازە ببوو بە باوک، ئێستا فەرخەکان بێ دایک و باوکن، چییان لێ بکەم خودایە؟ فەرخە کۆترەکانم خۆشتر دەوێن لە فەرخە پاسارییەکان، فەرخە پاسارییەکان ناشرینن و لە مابەینی ئەو وشانەی مندا دەگرییێن بۆ باوکیان.

(٨)

ژنەکە پێچەکەی لادا، شەیتان گەیشتە سەر سەری، بەخۆی و کوڕەکانییەوە، چاویان لە چاوی بڕی، خەریک بوو شوو بە شەیتان بکا ژنەکە، کوڕێکی شاعیر بۆ خۆی فڕاندی، شەیتان دوایانکەوت، ئەوان چوونە نێو خانوویەکی قوڕینەوە، شەیتانیش هەر چاودێری دەکردن، ئەوان لە ژوورەوە سێکسیان دەکرد، شەیتانیش لە دەرەوە سەیری دەکردن. ژنەکە هاتە دەرەوە، شەیتانی بینی دەگریا، زۆر هەژار بوو ئەو پیرە سەربازەی خەڵکی لادێکە ناویاننابوو: شەیتان.

(٩)

خۆی رووتکردەوە ژنەکە، لە پەنجەرەکەوە بینیم، بە رووتی لە پلیکانەکان سەرکەوتە سەرەوە، لەسەرەوە خۆی داپۆشی، تەنها چاوەکانی دیاربوون، بە لەشی داپۆشراوەوە لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە، هات لە دەرگای ئێمەی دا، بەڕاکردن بۆی دابەزیمە خوارەوە، دەبەیەکی پێبوو داوای نەوتی دەکرد، نەوتیان نەمابوو بۆ سۆپاکەیان، خۆزگە سۆپاکەیان دەبووم!

(١٠)

هەموومان خەوتبووین، ئەوکاتەی دۆڵ هات و هەموومانی بەئاگا هێنا، پارشێو نەبوو، بەڵام دەبوو هەڵسین و بەڕۆژووبین، ژنێک هاتبووە نێو شارەوە، هەواڵ بڵاوببووەوە: ژنێک هاتۆتە نێو شارەوە دڵی پیاوان دەکاتە لوقم. دەبوو بەڕۆژووبین تا سەیری ئەو ژنە نەکەین کە دڵی منی کردە هێلانەی ژنان و هەر رۆژێک ژنێک دەیکاتە ماڵی خۆی، وای لە دڵی من!!، خۆزگە ئەو رۆژە لوقمم نەدەخوارد و رۆژووم نەدەشکاند.

(١١)

بومەلەرزەیەک لە شاری دا، هەموو ژنەکان کردیانە قیژوهۆڕ. ژنەکان ترسنۆکترن لە پیاوەکان!، ئەوەتا کە بومەلەرزە دەبێت، رادەکەنە باوەشی پیاوەکانیانەوە، پیاوەکان ئاوا نین، کە بومەلەرزە دەبێت هەموویان رادەکەنە ژێرزەمینەکە، پیرەژنێک لە ژێرزەمینەکەدا دەسپەڕ لێدەدا لەسەر خۆی و لەسەر ئەو ئەستێرەناسەی، پێشبینی ئەوەی کردبوو زەوی بە بومەلەرزەی ژنان کۆتایی بێت. ئەوەش بڵێم: بومەلەرزەی ژنێک لە چیرۆکێکی منی دا و چیرۆکەکەمی کردە رۆمان.

(١٢)

ویستم ژنێک ماچ بکەم، ژنێکی تر گوتی: ماچی مەکە، تاڵە. قسەی ئەو ژنە زۆر تاڵ بوو، لەوساوە هیچ ژنێکم ماچ نەکردووە، پێشتریش هەر ئاوا، لە ژیانمدا ژنێکم ماچ نەکردووە، بەڕاستمە!، هیچ ژنێک نەبووە ماچی بکەم. ژنی یەکەم کە دوای مردن ماچی دەکەم ناوی (ساندرێلا)یە، بەیەکەوە دەفڕینە وڵاتی خەونەکان، لەوێوە خەون بە ماچکردنی ئەو ژنەوە دەبینم، ویستم ماچی بکەم، ژنێک گوتی: ماچی مەکە، تاڵە.

(١٣)

کە ژنەکەم مرد، بەفر دەباری، کۆڵانەکەمان سپی بوو. ژنەکەم زۆر سپی بوو، منی نارەنجی تووش ببوو، منی نارەنجی لەنێو بەفری سپیدا دەبریقامەوە، ژنە سپییەکەم لەنێو دڵی نارەنجی مندا چووە دەرەوە. ئێستا لەنێو ئەو هەموو ژنەدا گوێم لە تەپەی پێی سەربازەکانە، سەربازەکان قاچیان لە زەوی دەکوتن و سروودێک بە کۆڕس دەڵێنەوە: (ئێمە لە مردن دەترسین، چونکە مردنمان خۆشدەوێ، ئێمە لە خۆشەویستانی خۆمان دەترسین). ئێستا بیر لە ژنەکەم دەکەمەوە، کە بەفر بوو دواتر بوو بە ئاو، بیر لە کچەکەم دەکەمەوە، نهێنییەکانی گوڵی لای دڕکەکانی باخچە دانابوو، ئێستا چاوەڕوانی روودانی شتێک دەکەم، ژنێک پێم بڵێ: سڵاو پیرەمێرد. ژنەکەم یەک گۆرانی گوت و مرد، وەختە شێت بم و بۆی بکەومە کێوان، لە خۆم غەریبێ.

ئەرێ من بۆ ئاوا سەیر دەنووسم؟!، تازە لە سەرەوە گوتم: ((هیچ ژنێک نەبووە ماچی بکەم))، ئێستاش باسی ژنەکەی خۆم دەکەم، دەکرێ ژنی خۆمم هەبووبێ و ماچم نەکردبێ؟!، ئەی بۆ ناکرێ، خۆ درۆ بە پارە نییە، بە کۆترە: درۆ دەگۆڕینەوە بە کۆتر.




**بەرهەم ئەنوەر**

**ئەکتەرەکان:**

**جەفا**
**وەفا**

"ژوورێک. لە بەشی پشتەوەی شانۆ دەرگایەک هەیە. لە ناوەڕاستی دیوارەکەی دەستە ڕاستدا پەنجەرەیەکی بێ تاک و بێ پەردە هەیە، لە ژێریدا تەپڵەکێک دانراوە. لە بەشی پێشەوە سەتڵێک ئاو و دوو دار بێ پلیکانە لە شێوەی پەیژەیەکدا هەڵپەسێردراوە. لای دەستە چەپ لە ناوەوە حەبلێک شۆڕکراوەتەوە. لە ناوەڕاستی دیوارەکەدا پەنجەرەیەکی پەردەدار هەیە، تاکێکی کراوەتەوە، لە ژێریدا کورسییەک هەیە. لە بەشی پێشەوە پەیژەیەک کە تا نیوەی پلیکانەی پێوەیە هەڵپەسێردراوە و لە ژێریدا مەرکانەیەک دانراوە".

"تەنها ئاگردانێک لە ژوورەکەدا هەیە لە بەشی دواوەی دەستە چەپ. هەروەها چەند پارچە تەختەیەک لەسەر یەک هەڵچنراون".

"جلوبەرگی ئەکتەرەکان ئاسایی و شۆڕن، مۆدێرن نین".

"تەختەی شانۆ بە رووناکییەکی کز رووناک دەکرێتەوە و (جەفا) دێتە ژوورەوە و بێ ئەوەی زۆر تەماشای ناو ژوورەکە بکات، لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت".

جەفا: ئێرە دڵگیرە، وەک بڵێیت شیاوی منە، دەمێنمەوە.

"پاش کەمێک (وەفا) دێتە ژوورەوە، بێ ئەوەی گرنگی بە بوونی (جەفا) بدات تەواو

لە ژوورەکە دەڕوانێت، دواتر لەسەر تەپڵەکەکە دادەنیشێت".

**وەفا:** ئێرە تاریکە، جێی دڵنیایی نییە، من شیاوی ئێرە نیم.

**جەفا:** "بە شەهامەتێکەوە دەکۆکێت" چییە هاوڕێی من دەڵێی خۆت بە غەریب دەزانیت!

پاشان ئێرە کوا تاریکە؟

**وەفا:** کێ دەڵێت غەریب نیم برام! بۆ تۆ هەست بە غەریبی ناکەیت؟ هەست بە تاریکی ناکەیت؟

**جەفا:** بەو رادەیەی کە تۆ دەڵێیت، نا. وەک تر جار جار تووشی گومان دەبم، بەڵام زوو لە یادیان دەکەم، وەک بڵێیت بە ڕێی دەکەم.

"وچانێک"

**وەفا:** تاریکی بەڕێناکرێ، بەڵکو دەبێت ببیینین و بە تەواوی مانا هەستی پێ بکەین.

**جەفا:** دۆستی من هێندە هەیە پێم وا نییە ئێرە زۆر تاریک بێت، لەوە دەچێت باش بۆ من بگوزەرێت.

"وچانێک"

**وەفا:** بە راست، من ناوم (وەفا)یە. "هەڵدەستێ و تەماشای ئەودیو پەنجەرەکە دەکات".

ڕەنگە وا پێویست بکات ئەم پەنجەرە نەکرێتەوە. برام ئەی ناوی ئێوە چییە؟

"لەسەر تەپڵەکەکە دادەنیشێتەوە".

**جەفا:** "دەچێتە لای پەنجەرەکەی نزیکی و دەرگاکەی تاقی دەکاتەوە"، خۆشبەختانە ئەمە دەکرێتەوە، دەلاقەیەکی باشە. ئا، من ناوم (جەفا)یە. باش بوو یەکترمان ناسی، پێویستمان بە ناوهێنان دەبێت. پەنجەرەکەی من پەردەی پێوەیە ئەمە جێی خۆشحاڵییە!

**وەفا:** برام، پەردە بۆ دەبێتە جێی خۆشحاڵیت؟!

**جەفا:** ئەمە مانای ئەوەیە لەم پەنجەرەیەوە رۆژ هەڵدێت.

**وەفا:** نا، تۆ فریوی ئەو شتانە مەخۆ.

**جەفا:** تۆ لات وایە بە هەڵەدا چووم؟

**وەفا:** بە داخەوە، بەڵێ.

**جەفا:** بۆ؟ چۆن؟

**وەفا:** برا جەفا تۆ هەست بە تاریکی ئێرە ناکەیت و بیر لەوە دەکەیتەوە سبەینێ خۆر لەوێوە لای پەنجەرەکەی تۆوە هەڵبێت، ئەمە وەک خۆ فریودان وایە.

**جەفا:** من باوەڕم بەوە هەیە ئێرە بەشی پێویست رووناکە "چاوی بە مەرکانەکە دەکەوێت" ئەوەتا ئەو مەرکانەیە دەلیلە کە ئێرە جێی ژیانە. "لەسەر کورسییەکە دادەنیشێتەوە".

**وەفا:** بەڵێ ئێرە بەشی پێویست رووناکە، بەڵام بۆ ئێمە کیفایەت نییە. هەڵبەت ئەو مەرکانە و دەلاقەیە دەلیلی بوونی ژیانی گەورەترن، بەڵام تۆ نە ئەوە دەبینیت و نە ئەوەش دەژنەویت کە ئێستا من بۆتی باس دەکەم.

**جەفا:** بەلامەوە ئاساییە گەر پێچەوانەی من بیر بکەیتەوە، بەڵام وریابە دەست وەرمەدە ژیانمەوە.

**وەفا:** تۆیش وریابە برا (جەفا) تەنها یەک بیرکردنەوە بوونی هەیە.

**جەفا:** باشە دواتر لەسەر بۆچوونەکان قسە دەکەین، بەڵام سەرەتا دەبێت ئێرە رێک بخەین. من و تۆ پێویستمان بە رێککەوتنە.

**وەفا:** رێککەوتن! لەسەر چی؟

**جەفا:** لەسەر ئێرە، ئەم شوێنە.

**وەفا:** ئەم ژوورە تەنگ و تاریکەت مەبەستە؟

**جەفا:** (وەفا)ی ئازیز ئێرە نە تەنگە و نە تاریک، دەبێت پێکەوە رێکی بخەین.

**وەفا:** من فریای رێکخستنی ئێرە ناکەوم، کاتم زۆر کەمە، خۆت چۆنت لا پەسەندە وا بکە.

"وچانێک"

دوودڵ مەبە تۆ چی بڵێیت هەر ئەوەیە.

**جەفا:** کەواتە داوای مافی خۆت ناکەیت؟

**وەفا:** لێرە نا. هێندەی تۆ پێت خۆشبێت بۆ من کیفایەتە.

**جەفا:** بۆ؟

"وچانێک"

شتێک بڵێ.

**وەفا:** ئایا مرۆڤ پێویست دەکات هیچ بڵێت؟ ئایا هەمیشە روونکردنەوە پێویستە؟

**جەفا:** دەبێت هۆکارێک هەبێت، ئێمە دەبێت لە یەک تێبگەین، من دەبێت تۆ بناسم.

**وەفا:** هێندەت ماوە هەیە منیشی تێدا بناسیت؟!

**جەفا:** دەبێت دەوروبەرمان بناسین تا ژیان باشتر مەیسەر بێت.

**وەفا:** چ پێویست دەکات دڵ بدەیتە میوەی درەختێکی سەرە ڕێت، لە کاتێکدا تۆ ڕێبواریت و جێی دەهێڵێت؟! باخەکە لە کۆتایی ڕێگاکەدایە، ئەوێ جێی ئارامی تۆیە.

**جەفا:** وەک بڵێیت دڵت بە ئێرە ناکرێتەوە، لە یادیشت نەچێت تۆ دوای من هاتیتە ئێرە و وا باشترە بۆت، لەگەڵم هەڵبکەیت.

**وەفا:** بۆم گرنگ نییە کەی هاتووم، من لە کاتێکی شیاودا هاتووم و لە کاتێکی شیاویشدا دەڕۆم. خۆت شپرزە مەکە بێ دڵیت ناکەم.

"وچانێک"

چەند بەر لە من هاتیتە ئێرە؟

**جەفا:** مەبەستت چییە؟

**وەفا:** دەمەوێت ئەو ماوەیە بزانم کە بەر لە هاتنی من لێرە بە تەنیا گوزەراندووتە.

**جەفا:** ئەمە بۆ تۆ چ گرنگی هەیە؟

**وەفا:** لە ڕاستیدا هیچ، تەنها دەمویست بڵێم کە تۆ شایانی ڕێز و بەزەییت.

**جەفا:** ڕێزیش و بەزەیش؟ بۆچی؟

**وەفا:** شایانی ڕێزیت چون قەرارە بۆخۆت کارێک بکەیت. لەوەی ئێرە ڕێک بخەیت شایانی بەزەییت.

"(جەفا) بە سەرسوڕماوییەوە تەماشای دەکات"

کارێک مەکە پێشتر ئەنجامدرابێت.

**جەفا:** کام کار؟

**وەفا:** ڕێکخستنی ئێرە.

**جەفا:** برا (وەفا)، لە قسەکانتڕا بۆم دەرکەوت کە تۆ مرۆڤێکی بێ نیاز و دەست و پێ سپیت. دەکرێت ئاوا ژیان بەڕێ بکرێت؟ بێگومان نا. لەوە دەچێت بتەوێت خۆت لە هەموو شتێک بەدوور بگریت.

پێدەچێت لەو کەسانە بیت کە لەتێک نان و جامێک ئاو ئارامی تەواوەتیت بدەنێ.

ئەگەر وایش وابێت جێی مەترسییە. تۆ مرۆڤێکی ترسناکیت.

"(وەفا) چاو بەلای ڕاستی ژوورەکەدا دەگێڕێت و هەڵدەستێت لە سەتڵەکە جامێک ئاو دەخواتەوە، لە دوو داری پەیژەکە دەڕوانێت، بە ئومێدەوە تەماشای سەرەوە دەکات".

**وەفا:** چ پێویست دەکات خۆت نیگەران بکەیت؟! قسەکانت سەیرن!

"دەچێتە لای (جەفا) وەک بڵێی بەرەکەتی بدات" من کەسێکی ترسناک نیم،

دەمەوێت یارمەتیت بدەم.

**جەفا:** "تووشی پشێوی دەبێت و خۆی رادەپسکێنێ و هەڵدەستێتە سەر پێ" دوورکەوە لێم، بۆچی یارمەتیم دەدەیت؟

**وەفا:** تا رزگارت بکەم.

**جەفا:** لە چی؟!

**وەفا:** لەو کۆتوبەندە، لەم ژوورە.

**جەفا:** بەڵام ئێرە ماڵی منە، ئێرە دوا مەنزڵی منە.

**وەفا:** نا، ئێرە رێگاکەیە و هێشتا هیچ ماڵێک وەدیار نەکەوتووە.

**جەفا:** من دەزانم تۆ کەسێکی فریودەری "بە شپرزەییەوە" بگەرێرەوە لای پەنجەرەکەی خۆت، دەبێت هەر ئێستا ئەمە کۆتایی پێ بێت.

**وەفا:** منیش بە باشی دەزانم لەمە زیاتر کات بە فیرۆ نەدەین.

**جەفا:** سەر لەوە دەرناکەم بۆ هێندە سارد و بێباکیت؟!

**وەفا:** گەر بتەوێت تێدەگەیت.

"وچانێک"

ئێستا من ئامادەم، بەڵام ئاگاداربە تۆری بچووک هەڵمەدە.

**جەفا:** "بە پێکەنینەوە" لە راوە ماسیشدا شارەزایت؟! تۆرەکان چەند جۆرن؟

**وەفا:** دوو جۆرن، تۆری بچووک ماسی بچووک دەگرێت و تۆری گەورەش ماسی گەورە.

**جەفا:** "پێکەنینێکی گاڵتەئامێز" من تێناگەم، بەڵام وا دەست دەکەم بە سەوداکەمان. "بە ژوورەکەدا دێت و دەچێت" وەک دەزانیت سەرەتا من هاتمە ئێرە. بۆیە مافی خۆمە لە بەرژەوەندی خۆم و بە رەچاوکردنی دۆخی ژوورەکە کەلوپەلەکان دابەش بکەم. هەڵبەت لاریم لەوە نییە کە چیتر مەحکومم بەوەی لەم شوێنەدا لەگەڵ تۆ ژیان بکەم. مادام تۆ بە خواستی من نەهاتوویت، دەبێت باجی ئەو رێککەوتە بدەیت و لە فەرمان و بریارەکانم دەرنەچیت، وەک چۆن من هەرگیز لە قسەی خۆم پەشیمان نابمەوە.

**وەفا:** بەرێز، دەتوانم لەسەر تەپڵەکەکە دابنیشم؟

**جەفا:** ئەی بۆ نا! "بە گاڵتەوە" لەوە دەترسیت نەتوانیت لەژێر باری قسەکانمدا خۆت راگریت؟

**وەفا:** نا، هەرگیز نا، بەڵکو لەوە دەترسم ئەو خەیاڵە خۆشەت تێکبدەم کە تێیدایتو ئەو ئارامییە بشێوێنم کە دەیگوزەرێنیت.

**جەفا:** کارێکی گێلانە و باش دەکەیت.

"بێدەنگی درێژ"

"(جەفا) بە ژوورەکەدا دێت و دەچێت و بیر دەکاتەوە"

بڕوانە چیتر بەو هەڕەمەکییە ژیان ناکرێت. چیتر وڕێنە و خەیاڵەکان بەکەڵک نایەن و دەبێت جۆرێک لە یاسا و دەستوور هەبێت، کە بێگومان من دایدەنێم و تۆیش بێئەملاولا قایل دەبیت پێیان. "لە بەشی پێشەوەی شانۆدا پشت دەکاتە بینەر" لەمڕۆوە لای دەستە چەپ دەبێتە موڵکی من و لای دەستە راستیش موڵکی تۆ. تۆ بۆت نییە بێیتە ناو ناوچەی منەوە و بە پێچەوانەشەوە.

"بە قاچ هێڵێک دەکێشێت" ئەمە سنووری نێوانمانە هەرچی تەختەکانیشە، دەتوانین یەکی و دانەیەک بەکاربهێنین. وەک دەبینیت ئاگردانەکە لە سنووری ناوچەی مندایە، کەواتە نزیکبوونەوەت لێی کارێکی نەشیاوە.

"(وەفا) تەماشای تەختەکان و تەماشای دوو دارە شێوە پەیژەکەی لای خۆی دەکات، پێدەکەنێت"

پێکەنین دادت نادات، جگە لەوانە ناهێڵم لەم پەنجەرەی منەوە هەتاوت لێبدات و ناشبێت لەو مەرکانەیە ئاو بەکار بهێنیت.

**وەفا:** کاری ئێمە نە بەو رووناکییە و نە بەو مەرکانەیە مەیسەر نابێت.

"وچانێک"

هەست دەکەم دەریام لە رێدایە بۆیە دڵ نادەمە مەرکانەیەک.

**جەفا:** تۆ ئێستا لەوە تێگەیشتیت کە وتم؟ ئەمە یاساکانی منە و ئەوەش رێککەوتنەکەیە.

**وەفا:** بەڵام هەمیشە رێککەوتن دوولایەنەیە.

**جەفا:** نا لێرە یەکلایەنەیە، من وشەی نەرمتر و غافڵێنەرتر شک نابەم ئەگەرنا بەکارم دەهێنا. ئەوەی لەسەر تۆیە گوێڕایەڵییە و هیچی تر.

**وەفا:** ئەو گوێڕایەڵییە لای من رەزایەتە، بەڵام دەشێت رێگای چوونە دەرەوە لەو شتە بچووکانەدا بێت کە ئێستا بوونەتە موڵکی من.

**جەفا:** وەک دەردەکەوێت تۆ کێشەت لەگەڵ ئەم دابەشکارییەدا نییە.

"تەماشای ناو ئاگردانەکە دەکات"

ئێستا دەکرێت بزانم بیر لەچی دەکەیتەوە؟

**وەفا:** بیر لەو ساتە دەکەمەوە کە وەئاگامان دەهێننەوە، بیر لەو چاوەڕوانییە درێژەی ئەوێ دەکەمەوە.

**جەفا:** وا قسە دەکەیت کە مرۆڤایەتی لە خەوندا بێت! نا، نە من و نە تۆ لە خەوندا نین، بەڵکو ئەزموونی ژیانی راستی دەکەین. سەرکەوتن و شکستەکانمان دەلیلی ئەمەیە.

**وەفا:** بە پێچەوانەوە، ئەو هەوڵ و تەقەللا سنووردارانەمان بەڵگەی ئەوەیە کە ئێرە ڕاستی نییە، بەڵکو کاتییە و دەبڕێتەوە. جگە لەوەش ناوە ناوە چاوەڕوانییەکانمان ئاماژەیەکی ڕوونن.

**جەفا:** ئەوەی لەم ژوورەدا ڕودەدات ڕاستەقینە و درێژە، چاوەڕوانییەکانمان بەشێکی بچووکی ئەو ژیانەیە.

**وەفا:** با نموونەیەکت بۆ بگێڕمەوە. لە خەونمدا بینیم وا مردووم و بەڕێکەوتووم. لەسەر ڕێگاکە بە ڕیش سپییەکی بە تەمەن گەیشتم، بێ ئەوەی تەماشام بکات پرسی: بۆ کوێ دەڕۆیت؟ وتم: بۆ کۆتایی ڕێگاکە. پیرەکە وتی: تۆی خڵەفاو، تازە بەخەبەرهاتووی. نیشانەی هیچ کۆتاییەک دیار نییە. من هەزاران ساڵە لە خەو ڕابووم، بەڕێوەم و هەر پێناگەم. ئێستا تێدەگەم کاری ئێمە بڕینی ڕێگاکان نییە، بەڵکو چاوەڕوانییە و هیچی تر.

"شانۆ تاریک دادێت"

"شانۆ ڕووناک دەبێتەوە"

"(جەفا) پەردە دادراوەکە لادەبات و تاکی پەنجەرەکە دەکاتەوە، بەڵام هەر تاریکە. جامێک ئاو لە مەرکانەکە دەردەهێنێت و لەسەر کورسییەکە دادەنیشێتەوە. دەست دەکات بە کولێرە خواردن.

(وەفا) لای سەتڵەکە دانیشتووە و کولێرە دەخوات، سێ پلە لە پەیژەکەی دراوە"

**جەفا:** هەر لە سەرەتاوە من گومانم لە تۆ هەبوو، هەڵکردن لەگەڵ تۆ کارێکی ئەستەمە.

"(وەفا) بێدەنگە"

لەوە تێناگەم چی لەناو بێدەنگیدا هەیە وا هەمیشە نووقمی تێیدا! تۆ مرۆڤبوونی خۆت لەیاد کردووە.

"(وەفا) بێدەنگە"

"وچانێک"

من زۆرم سەرمایە و تەختەیەکی تر دەخەمە ئاگردانەکەوە، نا دووان. کولێرەکە تەواو تێری نەکردم. دوو تەختەش دەدەم بە تۆ. ناتەوێت بێیتە لای ئاگردانەکەوە؟

**وەفا:** نا، پێویستم نییە.

"لە پەنجەرەی دەستە ڕاستەوە هەتاو هەڵدێت و ناوچەی (وەفا) ڕووناک دەکاتەوە، پەنجەرەی دەستە چەپ تاریکە".

**جەفا:** تۆ لە جنسی من نیت، ژیان لەگەڵ تۆ دژوارە.

**وەفا:** نا برا (جەفا) تۆ هەڵەیت. باشتر نییە بڵێیت: هەڵنەکردن لەگەڵ تۆ ئەستەمە؟!،

وانییە؟ تۆ پەشیمانی، بەڵام ناتەوێت دان بەمەدا بنێیت. تۆ پڕیت لە ئیرەیی، بەڵام دەرینابڕیت. تۆ مرۆڤێکی خۆپەرست و دڵڕەقیت. لە کاتێکدا هیچ کام لەمانە سیفەتی مرۆڤی باش نین. کەواتە ئەوە تۆیت کە لە جنسی خۆت نیت.

"(وەفا) دوو تەختەکە هەڵدەگرێت و چوارەم و پێنجەم پلەی پەیژەکەی پێ تەواو دەکات"

**جەفا**: "نزیک ئاگردانەکەیە" من باوەڕم بە هەموو ئەو سیفەت و سروشتانە هەیە کە لە مندا بوونی هەیە. پێم وایە مافی خۆمە کار لەسەر هەرکامێکیان بکەم، گەر وا نەبێت بۆ پێم بەخشراوە؟

لەو جێیەدا کە هێز کاریگەرە بەکاری دێنم و لەو جێیەدا حەزم بە دۆستایەتییە دەری دەبڕم. لە کوێدا تووشی گرفت بووم داوای هاوکاری دەکەم و لە کوێدا توانام هەبوو جیهان وێران دەکەم. ئیرەیی بە تۆ دەبەم لەو شتانەدا کە تۆ هەتە و من نیمە. لە هەمان کاتدا دڵخۆش دەبم بەوەی من هەمە و تۆ ناتبێت. من مرۆڤم، من خاوەنی دڵسۆزی و بەدکاری و میهر و غەزەبم. پڕم لە هاوکاری و وێرانکاری، لێوانم لە غەریزە و هۆش، ئیشی منە هەموو ئەمانە بەرجەستە بکەم.

"(وەفا) لەناو هەتاوەکەدا دانیشتووە"

"وچانێک"

(وەفا)، تۆ و هەموو ئەوانەی بێ هەست و غەریزە ژیان بەڕێدەکەن جێگای مەترسی و شایانی بەزەیین.

**وەفا**: "روو لە هەتاو" کاری ئێمە دروستکردنی ئارامییە، نەک مەترسی، بەڵام دەکرێت بزانم بۆ شایانی بەزەیین؟!

**جەفا**: چونکە هەرگیز خۆتان نین.

**وەفا**: کام "خۆتان"؟ "خۆتان" چ شتێکە؟

**جەفا**: ناخی خۆتان، ئەوەی دەتانەوێت بیکەن و نایکەن. ئەوەی خوازیارن بیڵێن و نایڵێن.

ئەوەی تەمەننای بینینی دەکەن و کەچی چاوی خۆتانی لە ئاستدا دەنوقێنن. ئێوە ئەو بەشەی خۆتان دەکوژن کە ژیانتان پڕ دەکات لە لەززەت.

**وەفا**: تۆ راست دەکەیت، لەم گۆشە بچووکەوە ئێمە شایانی بەزەیین.

**جەفا**: بەڵام ئەمانە بچووک نین!

**وەفا**: ئەوەی لەناو سەری تۆدایە شتگەلی بچووک و کەمبایەخن، بەڵام وەسیلەی هاوکاریشن.

**جەفا**: کەواتە من راستم گوت.

**وەفا:** بە تەواوی نا.

**جەفا:** نا؟!

**وەفا:** بەڵێ، نا. تۆ باش دەژیت، بەڵام هیچ پاشەکەوت ناکەیت. باش دەیگوزەرێنیت، بەڵام بیر لە داهاتووت ناکەیتەوە. تۆ دڵت بەم ژوورە بچووکە و بەم ژیانە کەمە خۆشکردووە، کەواتە مێشکت بچوک و بێ بەهایە. ئاخر شتی بچووک و کەمنرخ لە سندووقی بچووک و کۆندا دەپارێزرێت.

هەموو ئەوانەی تۆ وتت شیاوە بۆ ژیانی ئەمدیوی پەنجەرەکە، نەک ئەودیوی.

ئەوانەی لەودیون هەڵگری یەک سیفەتن، یان باش، یان خراپ.

"وچانێکی کەم"

برا (جەفا)، دەست بکە بە گیرفانتدا بزانە چی تێدایە؟ ئایا ئەو شتە جێی دڵخۆشبیە؟

**جەفا:** "دەست دەکات بە گیرفانیدا" بەتاڵە، هیچی تێدا نییە. هیچیش جێی دڵخۆشی نییە.

**وەفا:** بەڵێ، پێشتر دەمزانی بەتاڵە. ئاخر ئەم ژوورەش ئاوا بەتاڵە و جێی دڵخۆشی نییە.

**جەفا:** ئاخر ئەمە بەس نییە، من بۆ شەڕی ئەو دژیەکانە خوڵقاوم کە لە مندا بوونی هەیە، بەڵام من ئەو شەڕە ناکەم و هاوسەنگی خۆم رادەگرم. ئێستە کە سەرمامە تەختەی زیاتر لە ئاگردان دەهاوم، لە گەرماشدا پارچەیەک کەمتر لەبەر دەکەم.

"هەڵدەستێت و تەختەیەک دەکاتە ئاگردانەکەوە و یەکێکیش فڕێدەداتە بەردەم (وەفا)"

من بە سروشتێک خوڵقاوم کە لێی ئاگادار نیم، کەواتە مافی ئەوەم هەیە ژیان تاقی بکەمەوە.

"دەیەوێت بە حەبلەکەدا هەڵگەڕێت و ناتوانێت، تا دەیچڕێنێت"

لە سەرەتاوە پرسیاری ئەوەم هەیە کاری ئەم حەبلە چییە؟ دیارە بۆ دەستکەوتنی وەڵام دەبێت پێیدا هەڵگەڕێم. وا دەرکەوت هیچ نییە جگە لە فریودان.

"(وەفا) هەڵدەستێت و تەختەکە دەکاتە پلەی شەشەمی پەیژەکەی دەستە راست"

لە مندا چاک و خراپ بوونی هەیە و دەبێت بەکاریان بهێنم.

**وەفا:** برا (جەفا)، ژیان دەریایە و پڕە لە چەند دوورگەی بچووک بچووک، مرۆڤ لەو دەریایەدا جانتایەک میوە و کەلوپەلی پێیە. بێگومان هەموومان مەلەوانین و ڕێگامان نیشاندراوە، بەڵام ئێمە دڵمان دەکەوێتە سەر دوورگە بچووکە میوەدارەکان‌و ڕێگاکە ون دەکەین. یان هەندێکمان لەژێر جەوری جانتاکاندا نوقم دەبین.

**جەفا:** بە بڕوای تۆ چارەسەر چییە؟

**وەفا:** ڕاستی هەمیشە ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام چاوی سەر ئەوە نابینێت. تۆ درک بەوە ناکەیت چ جانتاکە و چ دوورگەکان بۆ فریودانی تۆیە. تۆ ئەوە لە یاد دەکەیت ژیانی ڕاستەقینە لەسەر کەنار دەریایە، نەک سەر دوورگەکان، نەک ئەم ژوورە بچکۆلە.

**جەفا:** لەژێر کاریگەری سروشتی منداڵیمدا بەم نەزیلە و ئەفسانانە سەرسام دەبم، بەڵام بڕوایان پێ ناکەم، چونکە هیچ کات مەنتق تێیدا باڵادەست نییە، بەڵکو تەنها دەبێت باوەڕت هەبێت و بەس.

**وەفا:** وەک چۆن لەم سەرزەمینەدا یەک (جەفا) بوونی هەیە، ئاواش یەک ژیان بوونی هەیە و یەک ڕاستی بوونی هەیە و یەک باوەڕ بوونی هەیە.

"وچانێک"

ئاگاداربە ئەوە باوەڕە کە هەمیشە مرۆڤەکان ڕزگار دەکات لە دەریادا.

**جەفا:** ئەی چوونە سەر دوورگەکان چییە؟ ئەی جانتاکەی شانمان بۆ داناگرین؟

**وەفا:** ئەوانەی لا دەدەنە دوورگەکان و ئەوانەی بە جانتاکانەوە ڕێدەکەن، ئەوانەن لەناو مەنتقدا کار دەکەن. ئەوانەن بیر لە چۆنییەتی دروستبوونی شەپۆلەکانی دەریا دەکەنەوە و ڕزگاربوون لەیاد دەکەن.

**جەفا:** ئەی نەدەکرا دوورگەکان بوونیان نەبوایە؟، نەدەکرا نەهاتباینایە ئەم ژوورە؟

**وەفا:** با بۆ نا، دەکرا، بە ئاسانیش دەکرا.

**جەفا:** وا بەو ئاسانییە؟!

**وەفا:** سادەتر لەوەی بە خەیاڵی ئێمەدا دەگوزەرێت.

**جەفا:** کەوا بێت ئەی ئەم ئاڵۆزییەی مرۆڤ بۆ؟!

**وەفا:** ڕاستە، ئەم کونپشکنییەی مرۆڤ بۆ؟!

**جەفا:** ئەم سەودا و مامەڵەیە تا کەی؟

**وەفا:** کێشانی جەوری ئەم بەناو ژیانە بۆ؟

**جەفا:** دەڵێیت تۆش پرسیارت هەیە؟

**وەفا:** بەڵێ، بێگومان.

**جەفا:** وەک من بیر دەکەیتەوە؟

**وەفا:** بە جۆرێک لە جۆرەکان.

**جەفا:** چۆن؟!

**وەفا:** منیش مرۆڤم وەک تۆ، چاوم دراوەتێ تا ببینم و دەمم دراوەتێ تا بپرسمو

گوێشم دراوەتێ تا ببیستم، بەڵام دڵیشم دراوەتێ تا بڕوا بهێنم.

**جەفا:** ڕەنگە جیاوازیمان زۆر نەبێت، منیش خاوەنی هەموو ئەمانەم.

**وەفا:** جیاوازی نێوان من و تۆ لەوەدایە، تۆ پێویستت بە وەڵامی مەنتیقییە تا باوەڕ بهێنیت، بەڵام من پێویستم بەو وەڵامەش نییە. ئەمە باوەڕی ڕاستەقینەیە.

**جەفا:** ئەم باوەڕەیە جانتاکەت پێ فڕێ دەدات و وات لێدەکات ئاوڕ بۆ دوورگەکان نەدەیتەوە؟

**وەفا:** نا، شتێکی لەمە گەورەترە.

**جەفا:** من لە هیچدا ڕاستم نەگوتبێت، لەوەدا پێکاومە کە بە ڕاستی تۆ مەترسیداریت.

**وەفا:** هێندە شڵەژاویت، کە ناشزانیت تەعبیر لە خۆت بکەیت. ئەوەی تۆ بە ڕاستی دەزانیت ئەوەیە کە دواجار لەناوت دەبات.

**جەفا:** بە پێچەوانەوە ئەوەی من باوەڕم پێی هەیە، تاکە ڕێگایە کە ڕزگارم دەکات.

**وەفا:** ئەوە چ ڕێگایەکە؟

**جەفا:** ئەوەی کە ئەم ژوورە یەکەمین و دوا مەنزڵە، ئەوەی کە هاوسەنگی خۆم ڕاگرم و بەردەوام بم.

**وەفا:** تەنها دوو ڕێگا بوونی هەیە، ڕێگای ڕاست پڕە لە مەترسی و مەینەت و ڕێگای چەوت تەژییە لە نەشئە و خۆشی.

**جەفا:** ئەم ژوورە کام ڕێیانە؟

**وەفا:** هەردووکیانە، لە بنەڕەتدا هەردووکیان یەک شتن.

**جەفا:** هەست بە لەرز دەکەم سەرماکەی دڵسستکەرە.

"دوو تەختە دەداتە (وەفا) و دووانیش دەکاتە ئاگردانەکەوە"

"وچانێک"

گوتت هەردووکیان یەک شتن؟!

**وەفا:** بەڵێ، هەمان شتن. وەک چۆن لە تۆدا دڵسۆزی و بەدکاری و میهر و غەزەب، وەک چۆن لە یەک کاتدا ڕۆحییەتی هاوکاری و وێرانکاری هەیە، وەک چۆن ئەم ژوورە بە هێڵێکی وەهمی تۆ جیاکراوەتەوە، ئاوهاش ئەو دووانە یەک شتن و مەودایەکی تەنک لە نێوانیاندایە.

**جەفا:** دەی بۆ دەبێت وا بێت ئەم هاوسەنگییە چۆن دەپارێزرێت؟ ئەم ئاڵۆزکاوییە چۆن خاودەکرێتەوە؟

**وەفا:** بە شەڕ.

**جەفا:** بەڵام من پێویستم بە ئارامییە و لەگەڵ خۆمدا شەڕ ناکەم.

**وەفا:** لە بیاباندا ئاو لە زێڕ بەنرخترە و لە شاردا بە پێچەوانەوە.

**جەفا:** کە وابێت من لە کوێدام؟

**وەفا:** لە بیاباندا.

**جەفا:** گەر لە بیاباندا بوومایە هێندەم سەرما نەدەبوو.

"دوایین دوو تەختە دێنێت و دابەشی دەکات، دوو تەختەش لە پلە پەیژەکەی لای چەپ دەکاتەوە و دەیانکاتە ئاگردانەکەوە"

**وەفا:** لە یادتە پێم گوتیت ئەوەی لەناو سەری تۆدایە شتگەلی بچووک و کەمبایەخن، بەڵام وەسیلەی هاوکاریشن؟!

**جەفا:** ئەوەم لە یادە، بەڵام نەتگوت ئەو شتە چییە کە لە باوەڕ گەورەترە و وات لێدەکات نەفست بگریت؟

"(وەفا) بە تەختەکان پلە پەیژەی حەوت و هەشت و نۆ تەواو دەکات"

**وەفا:** بەڵێ، ئەو شتە هەستی کەشفکردنی زاتی مرۆڤە. هەستی دۆزینەوەی بەهای خۆتە. هەستی پێزانینی ئەو قەدرەیە کە لێت نراوە. ئاخر دەبێت مرۆڤ بەو هەموو ئاڵۆزییەوە لە ئاست ئەو لێڕابینینەدا بێت کە لێی چاوەڕێ دەکرێت. (ناکرێت نەمامێک بە ناوی سێو بڕوێنیت و ئەو بەهێ بگرێت)*.

تۆ چاوەڕێی سێو دەکەیت و هەرچی تر پێ بگات تۆ خۆشت لێی نایەت، چونکە ئەو سروشتی خۆی نەپاراست و گوێڕایەڵ نەبوو.

"(وەفا) لە پەنجەرەی دەستە راستەوە تەماشای دەرەوە دەکات، (جەفا) هەموو پلەکانی پەیژەی دەستە چەپ دەکاتە ئاگردانەکەوە و تەنها دوو رایەڵەکەی دەمێنێتەوە"

"وچانێک"

برا (جەفا) رووناکی راستەقینە لە دەرەوەیە، ئێرە شوێنی تۆ نییە، لەگەڵ مندا وەرە با بڕۆین.

**جەفا:** نا هەرگیز، ئەمە یاسای خۆمە نایشکێنم.

**وەفا:** لای من هیچ یاسایەک نییە بمبەستێتەوە بەم ژوورە سارد و تاریک و بچووکەوە.

**جەفا:** من خووم بە ئێرەوە گرتووە، ئەستەمە بتوانم سنوور ببەزێنم و بێمە ناو ژیانی تۆوە.

**وەفا:** کامەیە سنوور؟!

"(جەفا) ئاماژە بە هێڵە باریکە خەیاڵییەکەی نێوانیان دەکات"

"خۆر ئاوا دەبێت و سەر شانۆ رووناکییەکی کزی لەسەرە"

دۆستی من، ئەوەی ژیانی من و تۆ لێک جودا دەکاتەوە، هێڵێکی نادیار و پەنهانە،

ئەوە یاسا و سنوورە وەهمییەکەی خۆمانە گیرۆدەمان دەکات. هەر هێندەی ئەو سنوورەت تێپەڕاند، ڕێگای ڕزگاریت دیتۆتەوە.

**جەفا:** لەرزم هەیە، دەبێت پلە پەیژەکانت بەکاربهێنم.

**وەفا:** "دەچێتە سەر پەیژەکەی دەستە ڕاست" برا (جەفا) ئێرە تاریک و ساردە جێی دڵنیایی نییە، ئێمە شیاوی ئێرە نین. لەگەڵ مندا وەرە.

**جەفا:** ئاگردانەکە داوای تەختەی تر دەکات.

"(وەفا) لەسەر پەیژەکەوە دەچێتە دەرەوە"

"وچانێک"


"(جەفا) تەماشای پەیژەکە دەکات. هەڵدەستێت و پلە پەیژەکان دادەگرێت و هەندێکیان دەکاتە ئاگردانەکەوە. لەسەر کورسییەکە بێدەنگ دەنوێت".

**"شانۆ تاریک دەبێت"**

**"پەردە"**

*بەیتێکی مەحوی بە دەستکارییەوە.

# بنەماکانی ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی



## وتووێژ لەگەڵ "عەبدولخالق یەعقووبی"، ڕەخنەکار و وەرگێڕ

**سازدانی: سەنگەر زراری**

**ڕەخنەی ئەدەبی چییە و تیۆریی ئەدەبی چییە، ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی تا چەند لەناو کورددا کاری پێکراوە وکورد تاچەند خاوەنی ڕەخنە وتیۆری تایبەت بەخۆیەتی؟**

بۆ قسەکردن دەربارەی ڕەخنەو تیۆریی ئەدەبی ئێمە میوانداری بەڕێز نووسەر و ڕۆشنبیر و مامۆستای زانکۆ عەبدولخالق یەعقووبی-مان کردووە.

**کاک عەبدولخالق لەیەکێک لەکتێبەکانتدا بە ناوی "دەنگی بلوورینی دەق"، تۆ نموونەی بیرمەندێکی فەڕەنسی دەهێنیتەوە کە لە هیگڵی پرسیوە، بەکورتی باسی**

**بیروباوەڕی خۆتم بۆ بکەی، بەڵام هیگڵ بەتوندی وەڵامی ئەوکەسە دەداتەوەو پێی دەڵێت: ڕوونکردنەوەی ئەوشتە نە بە کورتی دەکرێت و نەبەزمانی فەڕەنسیش دەگوترێت.**

تۆ ئەم نموونەیە بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی دەهێنیتەوە. ئایا پێتوایە ئێمە هەمان هەڵوێستمان بەرامبەر بە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی هەیە، کە نە بەکورتی دەکرێت و نە بەو زمانە عادەتییەی کورد دەگوترێت کەئێستا ئێمە کاری پێ دەکەین؟ کە واتا ئێستا ئێمە چۆن باسی ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبیی کوردی بکەین؟

بەڵێ، لە ڕاستیدا ئەو قسەیە قسەیەکی ڕاستە بۆ بارودۆخ و مەوقیعیەتی ئێستای ڕەخنەی ئەدەبی لەزمـــانـــی کوردیدا، ڕەنگە بەو هۆیەی کە ئێمە پێشینەی مێژوویەکی زۆر دیار و ئاشکرامان نییە لە تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی لە زمانی کوردیدا. بۆیە زمانی کوردی تا ئێستاش نەیتوانیوە دەرەتان و هێزی ئەوە لە خۆیدا بەرهەم بێنێت کە دەرەقەتی باسوخواسە گرینگ و بنەڕەتی و قووڵەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو قسەیە، بابڵێین، ئەو جۆرە وشیارییەش لە ئێمەدا، وەک کەسانێک کەبەزمانی کوردی کاردەکەین، بەدیدێنێ کە پێویستە زمانی کوردی ئامادەی ئەوەبێت کە ڕەخنەی ئەدەبیش وەربگرێتو لە نێوخۆیدا دابەزێنێت، باسەکانی ڕەخنەی ئەدەبیش لە چوارچێوەی گوتاری ئەدەبیی کوردی و لە چوارچێوەی زمانی کوردیدا خۆیا بێت و خوێنەری کوردیش بتوانێت بەزمانی کوردی ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبی بخوێنێتەوە. بۆیە بەڕای من ئەو قسەیە تەنها لایەنی ڕەشبینییەکەی مەبەست نییە، بەڵکو لایەنێکی گەشبینیشی تێدایە .

**دەکرێت بڵێین ئەو قسەیەی تۆ هۆشداریدانێکە بۆ کوردزمانان بۆ ئەوەی ئێمە بکەوینە خۆ و ئامادەسازییەک بکەین بۆ قسەکردن لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی؟**

بە دڵنیاییەوە، چونکە بەڕاستی ئێمە لە ئەدەبیاتی کوردیدا تا ئێستاش زیاتر سەرقاڵی ئەو گوتارە زاڵانە بووینە کە بۆ نموونە شیعر بەردەوام تێیدا ئامادە بووە و بەردەوام مەیدانەکەی داگیر کردووە، بەڵام کەمتر لایەنێک بووە، یان کەمتر نووسەرێک بووە کە خۆی لەقەرەی باسوخواسە گرینگەکانی ئەم سەردەمە بدات، کە بە ڕاستی خوێندنەوەی ئەدەبیاتە، ڕەخنەکارییە لە بواری ئەدەبیاتدا، بنەما دانانێکە بۆ تیۆریی ئەدەبی، بۆ ئەوەی کە ئەو ئەدەبیاتە بێجگە لەوەی کە بەرهەم دێت وەکو دەق، توانایی ئەوەشی هەبێت باسی خۆی بکات و خۆی بخوێنێتەوە.

**با لێرەوە بچینە سەر پێناسەی رەخنەی ئەدەبی. پێناسەی ئەمانە چۆن دەکەی؟ چ جیاوازییەک لە نێوان رەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبیدا هەیە؟**

ئەوەی راستی بێت، پەیوەندییەکەیان پەیوەندییەکی زۆر تۆکمە و راستەوخۆیە. بە زمانێکی زۆر سادە، دەتوانم بڵێم تیۆریی ئەدەبی ئەو بنەمایە فەلسەفیانە بۆ رەخنەی ئەدەبی بەرهەم دێنێت کە تۆ دەتوانی لەسەر بنەمای ئەوان باس لە دەقێکی ئەدەبی بەشێوەی پراکتیک و کردەکییانە بکەی. بە وتەیەکی دیکە، تیۆریی ئەدەبی میتۆدی قسەکردن لەسەر دەقت پێدەدات و رەخنەی ئەدەبی خودی قسەکردنەکەیە لەسەر دەق. کەواتە، بە بێ بوونی تیۆریی ئەدەبی، بە بێ بوونی پاڵپشتێکی تیۆریک، تۆ ناتوانی رەخنەیەکی ئەدەبیی بەهێزت هەبێت. بۆیە پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی راستەوخۆیە؛ تۆ تا چەندە لە تیۆریی ئەدەبی تواناییت هەبێت و بەرهەمهێن بیت، ئەوەندەش لە رەخنەی ئەدەبیدا دەتوانی داهێنەر بیت و رەخنەیەکی ئەدەبی بەرهەم بێنیت، کەدواجار قسەی جیدی هەبێت لەسەر دەق، دواجار خوێنەر لەگەڵ لایەنە شاراوەکانی دەقدا ئاشنا بکات و تەنانەت دەرەتانی ئەوە بەدی بێنێ کە ئاسۆیەک بەرەو رووی نووسەر بکاتەوە، لە پێناوی ئەوەی کە چۆن لە خوڵقاندنی دەق بڕوانێت و چۆن لە ئەدەبیات، بەمانا ورد و قووڵەکەی، بڕوانیت، بۆ ئەوەی کە بتوانی ئەدەبێکی سەرکەوتوو، ئەدەبێک کە زیاتر چێژ بەخوێنەر بگەیەنێت، ئەدەبێک کە زیاترین مانا دەستەبەربکا بەدی بێنیت.

**باشە، پەیوەندیی نێوان رەخنەی ئەدەبی و دەق چ جۆرە پەیوەندییەکە؟ چۆن بتوانین ئەو پەیوەندییە وەسف بکەین؟**

لە راستیدا، هیچ دەقێک لە بنجوبناوانەوە بۆئەوە بەرهەم نایەت کە چاوی رەخنەکاری پێ بکەوێت و هیچ دەقێک نییەتی بەرهەمهێنانی ئەوە نییە کە رەخنەکارێک بیخوێنێتەوە، بەڵام رەخنە خۆی کارێکە لە سەر دەق دەکرێت، بۆ ئەوەی کە پێناسەیەکی پوختتر و پاراوتر و وردتر لە دەق بەدەستەوە بدرێ. بەوتەیەکی دیکە، وەک چۆن ئەم جیهانە خۆی هەیە بەبێ ئەوەی کە زانایەک هەبێت لە راستیدا لێی بکۆڵێتەوە، دەقیش بەهەمان شێوەیە.

بەڵام کاتێک کە زانایەکی، بۆ نموونە، سروشتی دێت لەجیهانی سروشت دەکۆڵێتەوە و لایەنە تاریک و نوتەکەکانی روون دەکاتەوە، تۆ زیاتر لەدونیا تێ دەگەیت، زیاتر لەو جیهانە سرووشتییە تێ دەگەیت، دەقیش بەهەمان شێوە؛

کاتێک کە ڕەخنەکار دەقێک دەخوێنێتەوە، لەڕاستیدا خوێنەر لەگەڵ هەندێک لایەن ئاشنا دەکات، کەلەوانەیە لە خوێندنەوەی ئاسایی خۆیدا تێی نەگات و تەنانەت لەوانەیە لە هەندێک لایەنی دەقەکە چێژ وەرنەگرێت، بەڵام ڕەخنە پێناسەیەکی تر دەخاتەسەر دەق ڕووناکاییەکی زیاتر دەخاتە سەر دەق و دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بەچاوێکی ترەوە، بە ئاسۆی ڕوانینێکی فراوانترەوە لە دەقەکە بڕوانێت، بەهەمان نیسبەتیش، مانای زیاتری لێ هەڵێنجێت یان چێژی زیاتری لێ وەربگرێت.

**دەتوانین بە پوختی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی باس بکەین؟**

لە ڕاستیدا، باسکردنی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی ڕەنگە هەرگیز لە دەرەتانی دانیشتنێکی ئاوادا نەگونجێت، بەڵام بنەما یان سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆ کاری فەیلەسوفانی یۆنانی کەونارا کە لەڕاستیدا، ئەوان هاتن باسی ئەوەیان کرد کە دەبێت دەقێک چۆن بخوڵقێت؛ واتا لە سەرەتاوە بیری ڕەخنەیی لەسەر بنچینەی ئەوە دامەزرا کە دەق دەبێت چۆن بەرهەم بێت، چونکە پێیان وابوو هەمیشە لە نێوان داهێنەرانی ڕەسەن و داهێنەرانی نارەسەندا جیاوازی هەیە. دواتر ئەو بیرۆکەیە دەستاودەست کـرا بەدرێژایی مێژوو، تا ئەوەی گەیشتینە سەردەمی مۆدێرن، کەئیتر زیاتر لەوەی کە باس لەوە بکرێت دەقێک چۆن دەبێت بخوڵقێنرێت و پێناسەی دەقێکی ڕەسەن چییە؛ باس لەوە کرا دەق چییە و دەق چۆن دەتوانێت چێژ بە خوێنەر بدات. کـەواتە، دوو بۆچوونی سەرەکی بەدرێژایی مێژوو کە لە سەر ڕەخنەی ئەدەبی بووبێت، یەکێک ئەوەیە کە دەبێت دەق چۆن بخوڵقێنرێت، یەکێکی تر ئەوەیە کە دەق چییە و چییەتی دەق دەبێت چۆن پێناسە بکرێت، وەک جەنابت دەفەرمووی، دەق دەبێت چۆن بخوێنرێتەوە، نەک چۆن بنووسرێت. ئەمە ئەو دوو بیرۆکە سەرەکییە بووە کە بە ڕاستی لێرەدا ڕەنگە دەرفەتی ئەوەمان نەبێت ناوی یەک بە یەکی بیرمەندانو داڕێژەرانی ئەو بیرۆکانە بێنین، بەڵام ئەو مێژووە، گومان لەوەدا نییە، مێژوویەکی ڕۆژاوایییە، واتە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی سامانێکە کە تۆ تەنها لە ماڵی ڕۆژئاوادا دەیبینی و لە ڕۆژهەڵاتدا،ئەوەی ڕاستی بێت، ئێمە بەرهەمهێنی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی نەبووینە؛ بۆیە مێژووەکە بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتنشینان زیاتر لەوەی کە لە ڕاستیدا شتێک بێت کە بڵێین پێشینەی خۆمانە، شتێکە کە دەکرێت وەکو دەستکەوتێک بۆ خۆمان چاوی لێ بکەین، کە دەتوانین لە ڕۆژئاوا بیبینین و بیخوێنینەوە و کەڵکی لێ وەرگرین بۆ ئەدەبی خۆمان.

**دەتوانین ئەو مێژووە دیاری بکەین کە لە چساڵێک و لە چ کــاتێک و لە چ شوێنێک سەری هەڵداوە؟**

وەک پێم گوتی سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سوقرات و ئەفلاتون و ئەرەستو، کە ئەوانە دەستپێکەرانی باسکردن لە ئەدەبییەت و ئەدەب و لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ئەدەب بوون، بەڵام ئەگەر مەبەستمان رەخنەی ئەدەبیی مۆدێرن بێت، ئەوە بێگومان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەک دوو سەدە لەمەوبەر. بە تایبەتی رەخنەی ئەدەبی لەسەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی زۆر پوخت و پاراو، با بڵێین، میتۆدیک و چوارچێوەدار و رەوشتمەند سەریهەڵدا و ئیتر لەوکاتەوە بوو کە قوتابخانە و رێبازە رەخنەییە ئەدەبییەکان یەک لەدوای یەک هاتنە ئاراوەو هەرکام لە گۆشە نیگایەکەوە لە دەقیان روانی و لێیان کۆڵییەوە.

**دەگوترێت ئەگەر دەق خۆی قسە بکات، کەواتە ئێمە چ پێویستییەکمان بەڕەخنە هەیە؟**

راستە دەق خۆی قسە دەکات، راستە دەق خۆی دەتوانێت بە جۆرێک لە جۆرەکان، بابڵێین، باس لە دۆخ و ناسنامەی خۆی بکات، بەڵام وەکو پێم گوتی رەخنە زمانێکە کە لەسەر زمانێکی دیکە قسەدەکات، واتە جۆرێک «meta language»- ە، زمانێکە لە سەرزمانێکی تر. کەواتە، تۆ بۆ ئەوەی باس لە زمانی ئەدەبی بکەی، پێویستت بەوەیە کە زمانێکی رەخنەیی بەرهەمبێنی و ئەو زمانە رەخنەییە، وەک پێم گوتی، لە راستیدا دەبێتە هۆی ئەوەی دەق بە شێوەیەکی وردتر پێناسە بکرێت، واتە دەق تەنها لە گۆشە نیگـای ئەو زمانەوە کەخۆی بە کاری دێنێ، نەبینرێت، بەڵکو لە گۆشەنیگـای ئەو زمانەوە کە لە سەر زمانی دەق باس دێنێتەئاراوە، جارێکی دیکە بخوێندرێتەوە و جارێکی دیکە پێناسە بکرێتەوە.

**ئایا دەتوانرێت بەبێ هیچ تیۆرییەکی ئەدەبی قسە لەسەر دەق بکرێت، یاخود تیۆرییەکی ئەدەبی هەبێت و هیچ دەقێکی بە سەردا پراکتیک نەکرێت، واتە بە پێچەوانەی ئەوەی تر؟**

وەک لە وەڵامی پرسیاری پەیوەندی نێوان تیۆری و رەخنەی ئەدەبیدا پێم گوتی، لە راستیدا تۆ دەتوانی بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی باس لە دەقێک بکەی، بۆ نموونە بڵێی من ئەم دەقەم پێخۆشە یان ئەم دەقەم پێناخۆشە، یان وەک زۆرکەس دەڵێن، ئەم دەقە قووڵە یان ئەم دەقە قووڵ نییە، بەڵام لە راستیدا ئەگەر بتەوێت لە چوارچێوەیەکی میتۆدیک و رەوشتمەنددا باس لە دەق بکەی و بتوانی

دەق ببەینە نێو خانەی فیکر و فەلسەفەیەکی رەخنەییەوە، پێویستت بە تیۆری هەیە، چونکە ئەگەر تیۆری نەبوو، ناتوانی ناسنامەی دەق بەشێوەیەکی زۆر ورد بدەیتە دەست خوێنەر، بۆ ئەوەی کە خوێنەر بە هەمان نیسبەتی وردیی ئەو ناسنامە رەخنەییە وردتر لە دەقەکە تێ بگات. بۆیە دەقیش، دەقی ئەدەبی بە تایبەتی، هەمیشە هەڵگری ئەوەیە کە زیاتر بخوێنرێتەوە؛ هەڵگری ئەوەیە کە لایەنە جۆراوجۆرەکان و توێژە فراوانەکانی زیاتر کەشف بکرێت. کە واتە تیۆری پاڵپشتێکی بەهێزی فیکرییە، بۆ ئەوەی رەخنە لەسەر دەق قسە بکات.

**ئەگەر دوو رەخنەگر یان زیاتر، چەند رەخنەگرێک، قسە لەسەر دەقێک بکەن بە یەک تیۆری، ئایا قسەکردنەکەیان بەیەک شێوە دەبێت؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا تیۆریی ئەدەبی، هەر تیۆرییەکی ئەدەبی، قاڵبێکە و ئەگەر دەقێکی بخەیتەناو هەمان شیکردنەوە دەردەچێت یان ...؟**

نا، بێگومان دووشتی جیاواز دەردەچێت. بۆ؟ چونکە راستە تیۆری هەیە، راستە قوتابخانەی رەخنەیی هەیە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە ئەمانە کۆمەڵێک شتی لە قاڵبدراوی نەگۆڕن کە هەرکەسێک دەستیان بداتێ دەتوانێ بەهەمان شێوە لەسەر دەق دایانبەزێنێت.

چونکە لەبیرت نەچێت، رەخنەکار بە هەر دیدێکی تیۆریکیشەوە لەدەقێک بڕوانێت، دواجار ئەو رەخنەکارە ئەو روانگە تیۆریکە لە نێو جیهانی فیکریی خۆیدا دەتوێنێتەوە؛ واتە، هیچ رەخنەکارێک نییە کە جۆرێک لە پێناسەی فیکر و بۆچوون و تەنانەت پێش زەمینەیەک لە هەڵسوکەوت و ژیانی رۆژانەی خۆشی لە رەخنەکانیدا نەبێت. بۆیە رەخنە تەنها ئەوە نییە، با بڵێین، دابەزاندنی کۆمەڵێک کۆد بێت لەسەر دەق، بەڵکو رەخنە جۆرە ژیانێکە لەگەڵ دەق. واتە، رەخنە هەڵسوکەوتێکی زیندوو و ئۆرگانێک لەگەڵ دەق دەکات. تەنانەت زۆرجار ئەوە دەقە کە بە رەخنەکار دەڵێت بە چ دیدێک، بە چ ئاسۆی روانینێک لێی بڕوانێت و بیخوێنێتەوە. بۆیە، ئەوەی راستی بێت، ئەگەر رەخنەکار تا ئاستی میکانیکێک دابەزێنین کەتەنها دەتوانێت بە یەک شێوە چارەسەری خوێندنەوەی دەق بکات، ئەوە بە بڕوای من بۆچوونێکی هەڵەیە. رەخنەکار پێویستە پەیوەندییەکی زیندووی لەگەڵ دەقدا هەبێت. لە لایەکی ترەوە، هیچ تیۆرییەکیش بەتەنها ناتوانێت دواخوێندنەوە و دوامانای دەقێک کەشف بکات. رەخنەکار پێویستە بزانێت چ تیۆرییەک بۆ چ دەقێک کارا و بەکەڵکە و دواجار بتوانێت دەقێک رەخنەیی ئەوتۆ بەرهەمبێنێت کە بە جۆرێک لە جۆرەکان چێژبەخش بێت بۆ خوێنەرەکەی.

**ئایا هەر خوێنەرێکی جیدی دەتوانێت ببێتە رەخنەگر، یان رەخنەگر تایبەتمەندیی خۆی هەیە؟**

لە راستیدا، رەخنە بە پێناسە گشتییەکەی دەرەتانی ئەوەی تێدا هەیە کە خوێنەری وردبینیش خۆی بە جۆرێک لە جۆرەکان، وەک رەخنەکار بهێنینە ئەژمار و بە دیدێکی رەخنەیی لە دەقێکی ئەدەبی بڕوانێت، بەڵام ئەگەر رەخنە بە شێوەیەکی پسپۆڕانە، بەو مانایەی کە کەسێک تەنها لە گۆشەنیگای ئەو پێشینەو مێژینە فەلسەفییەی کە لە تیۆریی ئەدەبیدا هەیە، دەق بخوێنێتەوە، لێرەدا بۆچوونەکەی و خوێندنەوەکەی زۆر جیاواز دەبێت. کەواتە، رەخنەکار ئەوکەسەیە کەدواجار بەزمانێک کار دەکات کە ئەو زمانە بۆ خۆی دەبێت بەدەقێک، دەقێکی رەخنەیی، بەڵام خوێنەرێکی ئاسایی یان تەنانەت خوێنەرێکی وردبینیش رەنگە بتوانێت لە دوو توێی کۆمەڵێک گوزارەدا، تەنانەت باسی بەکەڵکیش لەسەر دەقێک بکات، بەڵام دواجار ناتوانێت بەرهەمهێنی ئەو زمانە بێت کە لە رێگاوە دەستەبەرکردنی دەقێکی رەخنەکارانە مسۆگەر بکات...

**لەوە دەچێت پەیوەندی بە باکگراوندی رۆشنبیریی خوێنەرەوە، یان رەخنەگرەوە هەبێت. کە واتە، باکگراوندی رۆشنبیری چ کاریگەرییەکی هەیە بۆ خوێندنەوەی هەر دەقێک؟**

رەخنەکار ئەوکەسەیە کە هەم لەبواری خوێندنەوەی فەلسەفەی دەق، فەلسەفەی رەخنە، تیۆری رەخنە، هەمیش تەنانەت لەبواری خوێندنەوەی دەق، بەمانای وردی خۆی، کەسێکە کە کاری زۆری کردووە و کاتی زۆری تەرخان کردووە. ئەگەر رۆماننووسێک داهێنانی رۆمانی تەنها لە رێگای خوێندنەوەی رۆمان بەدەست هێناوە، یان بەشێکی تەنها شتێک بووبێ کە لە ناخ و دەروونی خۆیدا پەروەردەی کردبێت، رەخنەکار ناتوانێت رەخنەکارێکی سەرکەوتووبێت ئەگەر تەنها بە شێوەیەکی زاتی توانای رەخنە نووسینیبێت. بۆچی؟ چونکە رەخنەکار ناچارە کە ئاگاداری مێژووی رەخنە بێت، ناچارە لەوەی کە تیۆری و فەلسەفەی خوێندبێتەوە. لەهەمان کاتیشدا کەسێکە کە دەبێت دەقی ئەدەبیش بەشێوەیەکی جیاواز و ورد بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی کە شتێک لە دەقدا ببینێت کە رەنگە خوێنەرێکی ئاسایی نەتوانێت بیبینێت.

**لە نێوان رەخنەگرو دەق چ پێوەندییەک هەیە؟ ئایا پەیوەندییەکە تاک لایەنانەیە؟ بەو مانایەی هەر رەخنەگر دەتوانێ دەقەکە بخوێنێتەوە، یان دەقیش**

**کاریگەری خۆی هەیە لەسەر رەخنەگر؟**

بێگومان ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی دوو لایەنەیە، واتە هیچ رەخنەکارێکی جیدی و وردبین بابەتەکە بە شێوەی تاک رەهەندی و یەک لایەنانە چاو لێ ناکات. واتە، ئەگەر پێوەندییەکە تەنیا لە لایەن رەخنەکارەوە بێت بەرەو دەق، ئەوە دەبێتە کارێک کەتەنها رەخنەکار دەیەوێت دیدی خۆی و بۆچوونی خۆی بەسەر دەقدا بسەپێنێت. لە کاتێکدا من خۆم رام ئەوەیە کە رەخنەکارە وردبینەکان زۆربەیان ئەوکەسانەن کە بابەتە رەخنەیی و گەلێ لە تایبەتمەندییەکانی کاری رەخنەیان لە دەقە سەرکەوتووەکانەوە هەڵێنجاوە. بە بڕوای من بنەمای تیۆریی ئەدەبیش شتێک نییە کە لە بۆشاییەوە دروست بووبێت، یان کە دەبینی لە یۆنانی کەونارا فەیلەسوفانێکی لە چەشنی ئەفلاتون و ئەرستۆ باس لە رەخنە دەکەن و باسی رەخنەیی دێننە ئاراوە، لە راستیدا ئەوان پشت بە کۆمەڵێک دەقی سەرکەوتوو دەبەستن.

کە واتە، رەخنەکار دەبێت پەیوەندییەکی دوولایەنە و دووجەمسەریی زیندوو لەگەڵ دەق بەرهەمبێنێت. بەڕای من ئەوەندەی کە رەخنەکار دەتوانێت لەسەر نووسەر کاریگەربێت، بۆ ئەوەی کە جۆرێک لە رێگایان پێ نیشان بدات بۆ داهێنان، دەقی سەرکەوتووش دەتوانێت رێگا نیشانی رەخنەکار بدا کەبە کام رەهەند و لایەندا بتوانێت دەق بخوێنێتەوە، تەنانەت کام لایەنی دەق بکات بە لایەنێک کە نووسەران لەسەری ئیش بکەن و بەردەوام بن بۆ ئەوەی کە بتوانن دەقێکی سەرکەوتوو بخوڵقێنن.

**پەیوەندیی نێوان دەق و خوێنەری ئاسایی پەیوەندییەکی وەرگرتن و بەخشینە؛ دەق دەبەخشێت و خوێنەری ئاسایی وەری دەگرێت. باشە پەیوەندیی نێوان رەخنەگر و خوێنەر چییە رەخنەگر دەتوانێت چی بۆ خوێنەر بکات؟**

لە راستیدا، هەندێک کەس هەن، کە وەڵامی ئەو پرسیارە بەو جۆرە دەدەنەوە کە رەخنەکار دەتوانێت دیاریکەری سنوورەکانی چێژ و مانا بۆ خوێنەرەوە بێت. دیارە من نە لەسەداسەد دژی ئەو رایەم، نە سەداسەد لەگەڵیدام، چونکە ئەوەی راستی بێت، بەڵێ، هەندێک رەخنەکار هەن کە کاریگەری زۆر گەورەیان لە سەر خوێنەران بووە و تەنانەت بوونەتە هۆی ئەوەی کە، بۆ نموونە، کتێبێک کە رەخنەکارێک لەسەری نووسیوە و رای خۆی دەربڕیوە ببێتە کتێبێکی بەبرەوو لە رمێن و وای لێ بێت خوێنەر بەدوایدا بچێت، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە ئیتر کاری رەخنەکار تەنها ئەوەبێت کە هێڵی سەرکەوتن لە خوێندنەوەدا بۆ

خوێنەر دیاری بکات، یان ڕێگای خوێندنەوەی دروست بۆ خوێنەر دەستنیشان بکات، چونکە ئەوکات ڕەخنەکار لە بری ئەوەی کە ببێت بەداهێنەری دەقێکی ڕەخنەیی، لە ڕاستیدا، دەبێت بە جۆرێک لە پێغەمبەر، لە جۆرێک ڕێنیشاندەری ئەو شتەی کە خۆی پێی باشە، کە بە ڕاستی ئەوە دواجار کاری ڕەخنەکار نییە، بەڵام خۆی لە دوو توێی داهێنانی دەقێکی ڕەخنەییدا هەمیشە بە شێوەیەکی نادیار و شاراوە هەندێک هێڵ هەیە کە خوێنەر دەتوانێت سەرە داوەکەی بگرێت و شوێنپێ هەڵبگرێت و پێی وابێت ئەگەر بەو هێڵەدا بڕوات، لەوانەیە ببێ بە خوێنەرێکی سەرکەوتوو.

کە واتە، ڕەخنەکار، بە بڕوای من، کاریگەری لەسەر خوێنەر دادەنێ، بەڵام کاریگەرییەکەی هەرگیز بەو شێوەیە نییە کە بە خوێنەرەوە بڵێ، ئەمە ڕەشە و ئەمە سپییە؛ تۆ بۆ لای سپییەکە بچۆ و بۆ لای ڕەشەکە مەچۆ. ئەگەر ئەوە کاری ڕەخنەکار بێت، بە بڕوای من ڕەخنە لە مانای ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵ دەبێت. هەڵبەت لە هەمان کاتیشدا ئەو ڕەخنەکارە بە بێگومان بێ کاریگەری نییە و خوێنەرەوە دەتوانێت چاو لەو لایەنانە بکات کە ڕەخنەکار پێی گرینگە و دەتوانێت بۆ خوێنەرەکەش دەستکەوتی باشی هەبێت .

**ئایا هەر تیۆرییەکی ئەدەبی دەتوانێت وەڵامدەرەوەی سەرجەم پرسیارەکانی دەقێک بێت، یاخود بەچەند تیۆرییەکی ئەدەبی تۆ دەتوانی وەڵامی پرسیارەکانی دەق وەربگریت؟**

ئەگەر ئێمە پێمان وابێت دەقی ئەدەبی تەنها هەڵگری یەک مانایە، یان تەنها لە یەک لایەنی جوانیناسییەوە دەبینرێت و دەخوێنرێتەوە و چێژی لێوەردەگیرێ، ئەوکات ڕەنگە بتوانم بڵێم، بەڵێ، لەوانەیە تەنها تیۆرییەکیش بتوانێت دەرەقەتی خوێندنەوەی دەقێک بێت، بەڵام ئێمە دەزانین کە زاتی دەق لەگەڵ ئەوەدا یەک نییە؛ واتە، دەق خۆی پێرسپێکتیڤێکە (perspective)، شەبەنگێکە کە چەندین ڕەنگ و چەندین دەنگی تێدایە و تەنانەت هەندێک کەس پێیان وایەکە دەق هەمیشە لە بێ نیهایەتی مانا و بێ نیهایەتی فۆرمدا ژیان بەسەر دەبات. کەواتە، بەو مانایە، هەرگیز تیۆرییەکی ئەدەبی ناتوانێت بۆچوونێک وەکو دوا بۆچوون، قسەیەک وەکو دوا قسە لەسەر دەق دەربڕێت. دەق پێویستە بە چەندین تیۆری و بەچەندین دیدی تیۆریک و ڕەخنەیی بخوێندرێتەوە، بەڵام ئەگەر ڕەخنەکار بێت ئەو کارە بکات، لە ڕاستیدا، خۆی ئەوەش ئیمکانی نییە، لە سۆنگەی ئەوەی تۆ هەمیشە لەدەقێکدا دەرەتانت هەیە زۆرجار هەر بەیەک گۆشەنیگا، یان بەلانی

زۆرەوە دوو گۆشەنیگاوە چاو لە دەق بکەی. بۆیە لە مێژووی رەخنەی ئەدەبیدا چەندین قوتابخانە و تیۆریی ئەدەبی هەن، هەر بەو دەلیلەی کە هەمیشە دەقی نوێ خوڵقاون، ئیمکانی نوێ خوڵقاون و بەپێی ئەو نوێکارییانە لە سەر دەرفەت و دەرەتانەکانی دەقدا تیۆری و قوتابخانە و رێبازی ئەدەبیی نوێش سەریان هەڵداوە و بیچمیان گرتووە.

**با بێینە سەر بارودۆخی ئەدەبی کوردی. رەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبی لەناو کورددا لە چ ئاستێکدایە؟**

ئەم پرسیارە، بە راستی پێت بڵێم و داوای لێبوردنیش دەکەم، پرسیارێکی زاڵمانەیە، بە هۆی ئەوەی کە لە راستیدا رەخنەی ئەدەبیی مۆدێرن و پشت ئەستوور بە میتۆدە نوێیەکانی رەخنەکاری لە ئەدەبیاتی کوردیدا دیاردەیەکی زۆر نوێباوە. تەنانەت من دەتوانم بە راشکاوی پێت بڵێم، ئێمە بەهەموویەوە لە دوو سێ دەیەیە لە مەوبەرەوە هەندێک خۆمان لە قەرەی باسوخواسی رەخنەی ئەدەبی بە مانا زۆر وردەکەی داوە. دیارە پێشتر بابەت نووسراوە لەسەر دەقی ئەدەبیی کوردی، بەڵام ئەوەی کە ئەو بابەتانە رەخنەی میتۆدێک و پشت ئەستوور بە تیۆریی ئەدەبی بن، نەبووە. بۆیە حوکم دەربڕین لە سەر تەمەنێکی هێندە کەموکورت لە رەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، بە بڕوای من، حاڵەتێکی نادادوەرانەیە و پەلە پڕووزێی لێ دەکەوێتەوە. من سەبارەت بەم بارودۆخە هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم، کە ئێستا لە نێو گۆڕەپانی گوتاری ئەدەبی کوردیدا تێگەیشتنێکی باش هەیە، بەنیسبەت ئەوەی کە گەلێ پێویستیمان بەوەیە رەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی کوردیدا جێگیر و سەقامگیر بکرێت؛ تێگەیشتن سەبارەت بەوەی رەخنەکاران پێویستە کار بکەن و ئەدەبیاتی کوردیش بێبەری نەبێت لە رەخنەی جیدی و میتۆدێک. من هاتنە ئارای ئەو هەستەم پێ شتێکی زۆرگرینگە و ئەگەر ئەم هەست و ئیحساسە پشت ئەستوور بێت بە هەندێک کاری جیدی و بە هەندێک بەرنامەی پلان بۆ دارێژراو لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی کوردیدا، دیارە دەتوانین ئەوکات هیوا بخوازین کە لە داهاتوودا بتوانین لە گوتاری رەخنەی ئەدەبی نزیک بینەوە.

**باشە، باسی ئەوەت کرد کە پێشتر ئەم هەوڵانە کەمتر بووە، یاخود خوێندنەوەکان زیاتر سەرپێیی بوون، بەڵام لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی رابردوودا هەوڵی لەم جۆرە لەئارادان. ئایا ئەم هەوڵانە تا چەند زانستمەندن و بەرەو زانستیبوون رۆیشتوون،**

**تاچەند ئێمە توانیومانە خاوەنی تیۆریی تایبەت بە خۆمان بین ؟**

من لە سەر ئەو قەناعەتەم کەئێمە تائێستا نەمانتوانیوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە راستی بە شێوەیەکی زۆر ئەکادیمی تیۆریی ئەدەبی بگوازینەوە. یانی ئەگەر، بۆ نموونە، وەرگێڕان دەرەتان و بوارێک بێت بۆ گواستنەوەی تیۆریی ئەدەبی و تیۆریی رەخنەیی، ئێمە تائێستا لەوەشدا سەرکەوتوو نەبووین. کەواتە، ئێمە بە کلۆجێک داهێنەری  تیۆریی ئەدەبی نەبووین، بەڵام ئەو شتەی ساتەوەختی هەنووکە بە لای منەوە گرینگە، باسکردن لەوە نییە کە ئایا ئێمە خاوەنی تیۆریی خۆمان هەین، یان نین، چونکە تیۆریی ئەدەبی سامانێکی جیهانییە؛ یانی تۆ دەتوانی هەموو تیۆرییە ئەدەبییەکان وەربگری و لە سەر دەقی کوردیش دایبەزێنی و قسەی لەسەر بکەی. ئەو شتەی کە ئێستا بە لای منەوە مەوزوعییەتی هەیە و زۆر گرینگە ئەوەیە، کە ئێمە بتوانین ئەو تیۆرییە ئەدەبییانە بە شێوەیەکی دروست و لە جێی خۆیدا بگوازینەوە و لەنێو گوتاری ئەدەبیات و زمانی کوردیدا بیتوێنینەوە و دواجار بتوانین دەقی ئەدەبیی کوردیشی پێ بخوێنینەوە. ئەوە ئەو شتەیە کە بە بڕوای من ئەگەر بمانەوێت باسێک لە پەیوەندیی نێوان تیۆریی ئەدەبی و دۆخی ئێستای ئەدەبی کوردی بێنینە ئاراوە، دەبێت باسی لێ بکەین و پێی لەسەر دابگرین.

**ئەوەی جەنابت باست کرد، هەندێک پێیان وایە کە ئەم کارە زەحمەتە، یاخود ناکرێت، بەوەی کە ئێمە تیۆریی ئەدەبی لە شوێنێکی دیکە و لە کاتێکی دیکەوە بێنین و لەسەر دەقەکانی خۆمان جێبەجێی بکەین، لەکاتێکدا کە ئەو دەقانە جیاوازن، شوێنەکانیان جیاوازە، کاتەکانیان جیاوازە؟**

نا، بە بڕوای من ئەوە راست نییە، بە هۆی ئەوەی کە دەقی ئەدەبی دواجار ئەدەبییەتی تێدایە و رەخنەی ئەدەبی خۆی لەدوا پلەدا جۆرێک لە حاڵەتی رەخنەییبوونی تێدایە، کە ئەوە ناکرێت مۆرکی کوردیبوون، یان ناکوردیبوونی پێوە بنێی، یان بە کێشانەی بیانی و خۆماڵیبوون بپێورێت. بۆ نموونە، با بڵێین رێبازی "رەخنەی نوێ" کە پێداگری لەسەر خودی دەق و پێکهاتە ناوەکییەکەی دەکات، نەک لە سەر ئەو مێژووەی کە لە جیهانی دەرەوە را دەقی دروست کردووە؛ یان قوتابخانەی مارکسیزم کە، بەپێچەوانە، پێداگری لە سەر ئەو رەوتە دەکات کە دەقێک لەناو زەمینەی ململانێی چینایەتیدا دروست بووە. کەواتە، تیۆریی ئەدەبی، وەک چۆن تۆ رۆمانێکی رووسی دەخوێنیتەوە کە تێیدا هەم لەگەڵ مێژووی رووس ئاشنا دەبیت، هەمیش ئەوەی کە چێژی رۆمانێک لەو

رۆمانە وەردەگری، تیۆریی ئەدەبیش بەهەمان شێوەیە. واتە، تۆ تیۆرییەکی ئەدەبی دەگوازیتەوە بۆ نێو پانتایی ئەدەبیاتی کوردی بۆ ئەوەی دەقی کوردی پێبخوێنیتەوە. تۆ بۆت هەیە بەتازەترین میتۆدەکانی ڕێبازە ڕەخنەییەکان، بۆ نموونە، شیعری نالی بخوێنیتەوە. خوێندنەوەی ڕەخنەکارانە پێوەندیی بەوەوە نییە کە بە ڕاستی نالی بە زمانی کوردی نووسیویەتی، یان لە بارودۆخێکی تایبەتی مێژووی کورددا ژیاوە، یان بۆ نموونە، شاعیرێک بووە کە شیعری عەرووزی نووسیوە. بۆچی؟ چونکە تیۆری لەو لایەنانە دەکۆڵێتەوە کە تۆ وەکو دەقییەت ئاماژەی پێ دەکەی و بە بڕوای من لەو قسەیەدا جۆرێک لە بەسووک و چرووک چاولێکردنی مێژووی ئەدەبی کوردی و دەق ئەدەبیی کوردیش دەبینرێت؛ وەک ئەوەیە کە بڵێی دەقی ئەدەبی کوردی شایانی ئەوە نییە کە بە تیۆرییەکی ڕەخنەیی بخوێندرێتەوە، لەکاتێکدا، بە بڕوای من، ئێمە هەندێک دەقمان هەیە، هەڵبەت هەرچەند دەگمەنن، کە بە ڕاستی شایانی ئەوەن بەدەیان تیۆرریی مۆدێرن بخوێندرێنەوە، وەک شیعری نالی، مەحوی، وەفایی، گۆران، شێرکۆ، سوارە و دەیان نموونەی دیکە.

**باشە باسی ئەوەت کرد کە ئێمە بە خراپی تیۆرییەکانیش دەگوازینەوە، بەڵام خۆ هەوڵێکی لەو جۆرە لەئارادایە بۆ گواستنەوەی تیۆرییە ئەدەبییە جیهانییەکان بۆ ناو کورد؛ هەر خۆشت چەند هەوڵێکت لەم بارەیەوە هەیە؟**

بەڵێ.

**باشە کورد و ئەدەبی کوردی زیاتر لە چ جۆرە تیۆرییەکەوە نزیکە، یاخود ئەگەر پرسیارەکەم بەوشێوەیە بکەم کە کام تیۆریی ئەدەبی زیاتر سوودی بۆ کورد هەیە؟**

کورت و کورمانجی، هەموو تیۆرییە ئەدەبییەکان سوودیان هەیە، لێرەدا کوردبوونی ئێمە مەرج نییە کە بیکەین بە سەنگی مەحەکێک بۆ ئەوەی بزانین کام تیۆری بۆ ئێمە گرینگە و کام گرینگ نییە. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگە ئەدەبییەتی ئەدەبیاتەکەمانە. هەڵبەت دیارە و نکووڵی لێ ناکرێت ئێمە وەکو کورد ئەدەبیاتمان نووسیوە و بە زمانی کوردی نووسیومانە و باسی مێژووی خۆمان دەکەین، باسی خەون و خولیاکانی مرۆڤی کورد دەکەین، بەڵام تیۆریی ئەدەبی بە ڕاستی بۆ ئەوە نییە کە ئێمە کورد بین، یان فارس بین یان عەرەب بین تا ئەوکات بە پێی نەتەوایەتیمان دیاری بکەین، کە چ تیۆرییەکمان بۆ گرینگە. ئەوەی

ڕاستی بێت، ئەوەی کە گرینگە ئەدەبییەتە، سەنگی مەحەک ئەدەبییەتە و هونەری بوون، با بڵێین، جوانی بوونی ئەدەبەکەیە. هەڵبەت سەرباری ئەمەش، هەندێک تیۆری هەن کە دەکرێت بڵێین بۆ دۆخێک لە دۆخەکانی دەقی ئەدەبی کوردی بۆ بە کارهێنان کاراتر و گونجاوترە، وەک بۆ وێنە، تیۆریی پۆست کۆلۆنیالیزم، کە لە دۆخی قۆناغی داگیرکاری و کێشە و دژبەرایەتیی نێوان ناسنامەی داگیرکەر و ناسنامەی داگیرکراو دەکۆڵێتەوە و دیارە دەکرێت بە پشت بەستن بەو جۆرە تیۆرییە، بۆ نموونە، گەلێ لەو دەقە شیعرییانەی کە لە سەدەی بیستەم و قۆناغی بەرەنگاریی نەتەوەییدا نووسراون، بخوێندرێنەوە.

ئەوەی کە دەشفەرمووی کە لەو هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبووین، ڕاستە و بە ڕاستی سەرکەوتوو نەبووین. نموونەیەکی زۆر زیندووت بۆ بێنمەوە، هەر چەند قسەکانی ئەمڕۆمان زیاتر فیکرو تیۆری بوو. لە ڕاستیدا، ئێمە سەرکەوتوو نەبووین لەوەدا کە زۆرجار نەمانزانیوە کە تیۆریی ئەدەبی دەڵێت چی و نەمانزانیوە کە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی چییە. ئەوکات هاتووین دەستمان داوەتە هەندێک وەرگێڕان بۆ ئەوەی خوێنەری کورد لەگەڵ بواری تیۆریدا ئاشنا بکەین. نموونەیەکی زۆر سادەت بۆ باس بکەم. من جارێک لە گۆڤارێکدا وەرگێڕانی برادەرێکم بینی، کە لەسەر تیۆریی ئەدەبی بوو. لەدەقی وەرگێڕانەکەیدا ئەوەهاتبوو کە «T.S Eliot» داهێنەرێکی گەورەی سەدەی نۆزدە و بیستە و یەکێک لەوکەسانە بووە کە داهێنەر بووە لە بواری شیعری مۆدێرندا، بەڵام لە بواری کارە ڕەخنەییدا هیچ نەبووە و کارێکی ئەوتۆی نەکردووە. من زۆر سەرم سووڕما کاتێک ئەم ڕستەیەم بینی، چونکە «T.S Eliot» خۆی لەو کەسایەتییە دیار و بەناوبانگانەیە کە هەم داهێنەربووە، هەمیش لە بواری ڕەخنەدا زۆرکاری جیدی کردووە و تەنانەت تەئسیردانەریش بووە لە سەر مێژووی ڕەخنەی ڕۆژاوا، بە درێژایی سەدەی بیستەم .

بە هەڵکەوت من دەقە ئینگلیزیەکەم بەدەست کەوت و بینیم و تەماشام کرد، ئەو برادەرە لەنێوان وشەیی «noting» بە مانای "جێگای سەرنج" و «nothing» بە مانای"هیچ" نەیتوانیوە جیاوازییەک دابنێت، تەنها بە دەلیلی ئەوەی کە لە نێوان ئەو دوو وشەیە یەک دانە «h» فەرق هەیە. ئەوەندەشی دیارە زەمینەی خوێندنەوەی ئەوەی نەبووە کە «T.S Eliot» لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا بناسێت و بزانێت کەبە ڕاستی ئەو کەسێکی سەرکەوتووش بووە لە بواری ڕەخنەدا. بە دەیان نموونەی دیکە لەو جۆرە وەرگێڕانەمان هەیە کەبەداخەوە دەبنە هۆی ئەوەی کە بڵێم، ئەو هەوڵانە کە ئێستا بۆ گواستنەوەی تیۆریی ئەدەبی هەیە،

هەوڵێکی ناسەرکەوتوون، بەڵام لەهەمان کاتدا دەتوانم بڵێم هەوڵەکە هەیە و ئەو ناسەرکەوتووییەش دەبێت هانمان بدات بۆ ئەوەی کە وردە وردە جیدیتر کاربکەین.

**نموونەی "نالـی"ت هێنایەوە. ئەگەر بە کورتی باسی ئەوەم بۆ بکەی کە ئایا دەکرێت ئێمە بە تیۆرییە ئەدەبییە نوێیەکان، دەقە کلاسیکییەکانیش بخوێنینەوە؟**

بە دڵنیاییەوە. من بۆ خۆم هەوڵێکی لەو جۆرەم داوە. بۆ نموونە، باسم لە «foregrounding language» یان زەق کردنەوەی زمانی لە شیعری "نالی"دا کردووە و بەهەندێک تیۆریی تازەی زمانناسی و رەخنەیی باسی ئەوەم کردووە، کە نالی لەهەندێک بواردا زمانی شیعریی خۆی لە حاڵەتی ئاسایی دەربڕینەوە گوازتووەتەوە بۆ حاڵەتی بەرجەستەکردنەوە، کە ئەمە خۆی بە جۆرێک دەگەڕێتەوە سەر پرسی ئاشنایی سڕینەوە، یان هەمان «Defamiliarization»ـی شکلۆڤسکی، کە باسی ئەوە دەکات زۆرجار دەقێکی ئەدەبی لە رێگای ئاشنایی سڕینەوەوە هەوڵدەدا شتەکان نامۆ بکات، بۆ ئەوەی کە جوانییەکی تازەیان پێ ببەخشرێت. ئەم کارە خۆی بە یارمەتیی تیۆرییەکی نوێ کرا، بەڵام لە سەر شاعیرێکی لە چەشنی نالی. لە بیریشمان نەچێت کە نالی شاعیرێکی زۆر کۆن نییە، هەرچەند شاعیرێکی بێگومان مۆدێرن نەبووە. بێگومان دەکرێت تۆ بە هەموو تیۆرییەکان، هەموو دەقەکان لەهەموو سەردەمەکاندا بخوێنیتەوە، بەڵام بەو مەرجەی کە بەڕاستی هەم تیۆرییەکە باش بناسی، هەمیش لە سەردەقەکە بە باشی دای بەزێنی.


**سەرنج:**

ئەم هەڤپەیڤینە لە بنەڕەتدا ساڵی ٢٠١١ بۆ کەناڵی ناوخۆی "قەڵات تی ڤی" و بەرنامەیەکی ئەدەبیی ئەو تەلەفزیۆنە بە ناوی "رۆشنایی" ساز درا. پێشکەشکاری ئەم بەرنامەیە نووسەر و وەرگێڕ "سەنگەر زراری" بوو.

# وەرگێڕان

| | |
|---|---|
| کۆریدۆن | شوان ئەحمەد |
| وتووێژ لەگەڵ دوریس لیسینگ | مستەفا زاهیدی |
| زەبەلاح | محەمەد عەبدوڵڵا |
| دواساتەکانی ئەندریە جید | هەنار ئەلسەراج |
| کەس نییە نامە بۆ کۆڵۆنێل بنێرێت | سەباح ئیسماعیل |
| ئێزرا پاوەند بلیمەتێک لێوانلێو لە داهێنان و تازەگەریی | سۆران محەمەد |
| چرا | تەیب جەبار |

# کۆریدۆن



ئەندرێ ژید

د. ڕەمسیس عەوەز
و. شوان ئەحمەد

سالّی ١٩٠٧ ئەندرێ ژید دەست بە نووسینی کتێبێک دەکات بە ناوی (کۆریدۆن) و لەو کتێبەدا، داکۆکی لە نێربازیی دەکات. (کۆریدۆن) ناوێکە لە شیعری لاتینی لای ڕۆمانەکان هەبووە و ئەو ناوە لە شیعری هەریەک لە ڤێرجیل و تیۆکریتیسدا بەدی دەکرێت و ئەندرێ ژید لەوانییەوە وەرگرتووە. لە زەینی خوێنەری فەڕەنسیشدا ئەو ناوە، بارگاوییە بە کۆمەڵێک ئاماژەی جنسی و لە خەیاڵدانی ئەودا ناوی (کۆریدۆن)، پەیوەستە بەو نێربازییەی لە وڵاتی گریک و ڕۆماندا باوبووە، بەڵام بۆ هەندێ لە خوێنەران شتێکی ئەوتۆ ناگەیەنێت، بەتایبەتی ئەوانەی بێئاگان لە عەشقی کۆریدۆن بۆ گەنجێکی وەک ئەلکسیس.

شایەنی باسە ئەو هەرزەکارە جەزائیرییەی ناوی عوسمانە و ئەندرێ ژید عاشقی دەبێت، شوانی مەڕ و بزن دەبێت. گومانی تێدا نییە دەمەتەقێکانی (کۆریدۆن) کاریگەری ڕۆمانی (**فاکهة الارض**) بەسەرەوەیە، کە وێنای ژیانێکی شوانکارەیی و سەرەتایی دەکات.

هەرچەندە (کۆریدۆن) کتێبێکی قەوارە بچووکە، بەڵام تەواوکردنی سیانزە ساڵی ویستووە، ئەوەش پەیوەندی بە قورسیی کتێبەکەوە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە تاوتوێی بابەتێکی زۆر ئاڵۆز دەکات، ئەویش پرسی لادانی سێکسییە لەناو رەگەزی نێردا. (کۆریدۆن) کتێبەکە لەسەر شێوازی چوار دەمەتەقێ نووسراوە، وەک ئەو دەمەتەقێیانەی ئەفلاتۆن لە نووسینەکانیدا پەیڕەوی دەکرد.

ساڵی ١٩١١ ئەندرێ ژید دوانزە دانە لەو کتێبەی، لە وڵاتی بەلژیکا چاپ دەکات و بەسەر هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانیدا دابەشی دەکات. تا ئەوکاتە هەرچوار دەمەتەقێکەی تەواو نەکردبوو، بەڵکو تەنها دوو دەمەتەقێ و تۆزێکی نووسیبووەوە. ساڵی ١٩٢٥ بڕیاری بڵاوکردنەوەی کۆی کتێبەکەی دەدات بە تیراژێکی زۆر و لەسەر ئاستێکی بەرفراوان، بەبێ گوێدانە ئەوەی چ کاردانەوە و ناڕەزایەتییەکی لێدەکەوێتەوە. لەڕاستیدا کتێبەکە بریتییە لە ژیاننامەی نووسەرەکەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ و روون و رەوان، بەڵام ئەوەی زیاتر گرنگی پێدەدات دیدوبۆچوونەکانییەتی لەسەر نێربازیی، نەک خستنەڕووی رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی بێت.

ئەگەرچی دۆست و نزیکەکانی داوای لێدەکەن ئەو کتێبەی چاپ نەکات، لەبەرئەوەی زیانێکی زۆر بەنێو و نێوبانگی دەگەیەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری بڵاوکردنەوەی دەدات و ئەو قسانە بەهێند ناگرێت. سەیر لەوەدایە ئەندرێ ژید بە شان و باڵی ئەو کتێبەیدا زۆری هەڵداوە و بە یەکێک لە باشترین بەرهەمەکانی داوەتە قەڵەم. کە ئەوە بۆ خۆی جێی گومانە.

وەکی ئاماژەمان پێدا، ژید لە (کۆریدۆن)دا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، داکۆکی لە هۆمۆسێکسوالێتی دەکات و هەرکەسێک کتێبەکە بخوێنێتەوە هەست بەوەدەکات. کتێبەکە بەگشتی بریتییە لە چوار دەمەتەقێ لەنێوان نێربازێک کە ناوی (کۆریدۆن)ە و حیکایەتخوانێک کە لەگەڵ بۆچوونەکانیدا نییە و مەسەلەی لادانی سێکسی و نێربازیی ریسوا دەکات.

ئەو دووانە (واتە کۆریدۆن و حیکایەتخوان)، هاوڕێ و هاوپۆل دەبن لە خوێندنگەی (لیسیێ) بۆ ماوەیەکی زۆر و دواتر (کۆریدۆن) دەبێتە خوێندکارێکی سەرکەوتوو لە کۆلێژی پزیشکی، بەڵام هەلومەرجی ژیان لێکیان دووردەخاتەوە تا دواجار لە پاریس یەک دەگرنەوە. بێگومان (کۆریدۆن) دیالۆگیکە کە ئەندرێ ژید لەگەڵ خۆیدا ئەنجامی دەدات.

**دەمەتەقێی یەکەم**

حیکایەتخوان دەڵێت: (سەردانی ماڵی کۆریدۆنم کرد و چاوم گێڕا بۆئەوەی شتێک لە دیاردەی نێرەموکی بەدی بکەم کە ئەو هاوڕێیەم ناوی بەوە رۆشتبوو، بەڵام هیچی وام نەبینی... ئەوەی تێبینیم کرد لەسەر کتێبخانەکەی کە لە دار و تەختەی ماهۆجانی دروستکرابوو، وێنەی تابلۆیەکی مایکل ئەنجیلۆ دانرابوو- ئەو تابلۆیەی بەدروستکردنی مرۆڤ ناوبانگی رۆیشتووە و تیایدا ئادەم تەواو رووتوقوتە و بەوپەڕی پەرۆشییەوە، لە دەستەکانی خودا دەڕوانێت و سوپاسگوزاری یەزدانی پێوەدیارە).

هەروەها وێنەی شاعیری نێربازی ئەمریکی واڵت وێتمانیش دەبینێت. شایەنی باسە لیۆن بازالگیت بەرهەمە شیعرییەکانی واڵت وێتمانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی و ژیاننامەکەشی نووسیووەتەوە. بینینی ئەو وێنەیەی واڵت وێتمان وەک شاعیرێکی نێرباز، دەبێتە مایەی ئەوەی حیکایەتخوان و (کۆریدۆن) دەست بە دەمەتەقێ بکەن و سەرەتاش باس لە کتێبەکەی لیۆن بازالگیت دەکەن، کە چۆن دەیەوێت تۆمەتی نێربازیی لەو شاعیرە ئەمریکییە بکاتەوە. بەوپێیەی لادانی سێکسی و هۆمۆسێکسوالێتی شتێکی ناسروشتییە، لەکاتێکدا ژیانی واڵت وێتمان زۆر ئاسایی و سروشتییە. (کۆریدۆن) وەڵامی حیکایەتخوان دەداتەوە و دەڵێت: (شیعرەکانی چاکترین بەڵگەن لەسەرئەوەی کەسێکی هۆمۆسێکسوال بووە و ژیانی ئاسایشی ئەوەناگەیەنێت کە لادانی سێکسی نەبووە).

هەر لە درێژەی قسەکانیدا کۆریدۆن دەڵێت: (بەتەمام وتارێک بنووسم و بەرپەرچی بۆچونەکانی بازالگیتی پێ بدەمەوە، کە دەیەوێت تۆمەتی نێربازیی لەسەر واڵت وێتمان لابەرێت و ئەو وتارەشی ناودەنێت داکۆکیکردن لە نێربازیی). لێرەدا حیکایەتخوان دژی ئەوە دەوەستێتەوە کە کۆریدۆن وشەی داکۆکیکردن بەکاردێنێت و پێی وایە، ئەوە هەستی خەڵک بریندار دەکات و پێشنیازی بۆ دەکات لەبری ئەوە وشەی ستایش بەکاربهێنێت.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا حیکایەتخوان باس لەوەش دەکات: (نێربازەکان لەبەینی خۆیاندا شانازی بەوە دەکەن کە خەریکی ئەو کارەن، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکەدا هەرگیز باسی ناکەن، چونکە دەزانن تووشی چ سەرزەنشت و لاقرتێیەک دەبن).

لێرەدا (کۆریدۆن) دان بەوەدا دەنێت کە هۆمۆسێکسوالەکان شەهیدیان نییە، واتە خاوەن کەسانێک نین لەپێناو ئەو مەسەلەیەی بڕوایان پێیەتی، قوربانی بە خۆیان بدەن. شەهیدە دیار و ناسراوەکانی هۆمۆ سێکسوالێتی چوارکەسن:

(ئۆسکار وایەڵدو کرۆب و ئیلینبۆرگ و ماکدۆناڵد). ئەوەش بەس نییە، چونکە دۆزەکە پێویستی بە شەهیدی زیاتر و زۆرتر هەیە.

حیکایەتخوان لێرەدا قسەکانی پێدەبڕێت و پێی دەڵێت: (ناوهێنانی ئەوانە بە شەهید هەڵەیە و چاکتروایە وشەی قوربانییانی نێربازیان بۆ بەکاربهێنرێت، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوانە هەموویان تۆمەتی نێربازییان رەتکردۆتەوە کە دراوەتە پاڵیان و لە هەوڵی ئەوەدابوون بێتاوانی خۆیان بسەلمێنن). کۆریدۆن دان بەوەدا دەنێت کە ئەو چوارکەسە لە بەرامبەر فشاری رای گشتی و میدیا و دادگاکاندا پاشەکشەیان کردووە، دەڵێت: (سەیرە ئەوانە لە ناخی خۆیاندا قەناعەتیان بەکارەکەیان هەبووە، بەڵام نەیانویستووە داکۆکی لەو رەفتارەیان بکەن).

هەروەها دەڵێت: (هۆمۆکان ئامادەگی ئەوەیان تێدایە تەحەمولی ئازار و ناخۆشی بکەن، بەڵام ئامادەنین قبوڵی شورەی و ئابڕوچوون بکەن... هۆمۆ سێکسوال لە خۆی نابورێت گەر دایکی پێی بزانێ و هەست بکات بەهۆی خەڵکی ئەوەوە ناچنە داوای خوشکەکەی). دواجار (کۆریدۆن) هیواخوازە هۆمۆسێکسوالیکیوا پەیدابببێت، هێندە سەرڕاست و کامڵ بێت گوێ بە هیچ قسە و سوکایەتی پێکردنێک نەدات.

حیکایەتخوان لە (کۆریدۆن) دەپرسێت، ئاخۆ هۆمۆسێکسوالەکان هەوڵی ئەوە نادەن ئەو کەسانەی بەڕێزەوە مامەڵەیان دەکەن لێبوردەبن لەگەڵیاندا؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: (تەنها شتێک ئەوان پەرۆشی بن ئەوەیە، رەزامەندبن لەسەر ئەوکارەی دەیکەن و لێیان گەڕێن).

لەلایەکی دیکەوە، حیکایەتخوان پرسیاری ئەوە لە (کۆریدۆن) دەکات کە بۆیەکەمجار کەی هەستی بەوەکردووە، مەیلی بەلای هاوجنسبازیدا هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: (سەرەتا نەمدەزانی و دوای ئەوەی کۆلێژی پزیشکیم تەواوکرد، بیرم لەوەکردەوە ئەو کچە بخوازم کە دڵ و دەروونی داگیرکردبووم، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند. بەپێچەوانەی زۆرێک لە هاوڕێ گەنجەکانیشمەوە، خواستی رابواردن و سێکسکردنم لەگەڵ سۆزانییەکاندا نەبوو. پێموابوو ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کەسێکی خاوەن فەزیلەتم و دەتوانم لەڕووی جنسیەوە پاک و بێگەردبم، بەڵام دواتر هەستم کرد توخن نەکەوتنی سۆزانییەکان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە حەزم پێیان نییە و سەرنجم راناکێشن).

بەهەرحاڵ پاکی و بێگەردییەکەی، رێگر نابن لەوەی چەند جارێکی کەم لەگەڵ سۆزانییەکاندا بخەوێت. ئەوەش بۆ ئەوەبووە تا دڵنیابێت کە توانای سێکسکردنی هەیە و دەتوانێت چێژ لە رەگەزەکەی دی وەربگرێت، بەتایبەت کە (کۆریدۆن)

گەنجێکی چالاک و تەندروست بوو. لەدرێژەی قسەکانیدا دەربارەی ئەوەی چۆن بۆی ئاشکرابووە کە هاوڕەگەزبازە، کۆریدۆن دەڵێت: (بۆمن ئەو مۆجیاریەی قەشە گالیانی بۆ خاتوو ئینای زۆر گرنگ بوو کە دەڵێت: گرنگ ئەوە نییە مرۆڤ لە نەخۆشییەکەی چاکبێتەوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بتوانێت لەگەڵ ئەو دەردەی دووچاری بووە خۆی رابێنێت). واتە گرنگ ئەوەیە مرۆڤی نێرباز قەناعەت بکات بەوەی، ئەو حاڵەتەی ئەوی تێدایە شتێکی ناسروشتی و ناقۆڵا نییە.

قەناعەت هێنان بەڕاستی و دروستی بۆچوونێکی وا، لە باریدایە ئەو مرۆڤە والێ بکات دەستبەرداری ئەوەبێت کە رقی لەخۆی بێتەوە و سوک سەیری خۆی بکات. (کۆریدۆن) کاتێک بەسەرهاتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، باسی ئەو کچەمان بۆ دەکات کە ویستوویەتی هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات و چۆنچۆنی بەشێوەیەکی نەرمونیان و عاریفانە خۆشیویستووە. خۆشەویستەکەی کۆریدۆن برایەکی لە خۆی بچوکتری دەبێت بەناوی ئەلکسیەوە.. کۆریدۆن تێبینی ئەوە دەکات ئەو کوڕە نیازی باش نییە و ئەویش زۆربەتوندی بەگژیدا دەچێتەوە.

پێدەچێت ئەلکسی بەشێوەیەکی خۆڕسک درکی بەوە کردبێت کە دەزگیرانی خوشکەکەی نێربازبێت، بەڵام کۆریدۆن خۆی هەستی بەوە نەکردبێت. ئەوە وادەکات دنیا لەبەرچاوی ئەو کوڕە گەنجەدا رەش بێت و بڕیاری خۆکوشتن بدات. هەمووان پێیانوابووە هۆکاری مردنەکەی رووداوی کەوتنەخوارەوەی بووە لە بەرزاییەکی زۆرەوە.

کۆریدۆنیش خەریکە باوەڕ بەوە بکات کە مردنەکەی هۆکاری کەوتنەخوارەوەبووە، بەڵام ئەلکسی بەر لە خۆکوشتنەکەی لەژێر جێگەکەیدا نامەیەکی بۆجێدێڵێت و باسی عەشق و ئەوینداری بۆدەکات. خۆکوشتنی ئەو گەنجە دەبێتەمایەی شۆکێکی گەورە بۆ کۆریدۆن و وای لێدەکات دەستبەجێ لە بیرۆکەی ژنهێنانەکەی پەشیمان بێتەوە و دەکەوێتە سەرزەنشتکردنی خۆی، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو چارەسەری کێشەی ئەو گەنجەی نەکردووە... واتە پەشیمانییەکی قوڵ دایدەگرێت، چۆن نەیکرد ئەوە بۆ ئەو گەنجە بەدبەختە روون بکاتەوە کە نێرەموکی و مەیلی هاوڕەگەزبازیی نە لادانە و نە نەخۆشییە، بەڵکو شتێکی تەواو ئاساییە.

(کۆریدۆن) دەمەتەقێی یەکەم بەوە کۆتایی پێدێنێت کە بە حیکایەتخوان دەڵێت: (من نامەوێت وەک پزیشک و وەک پسپۆڕێک لەبارەی هاوڕەگەزبازییەوە بنووسم، بەڵکو دەخوازم وەک مرۆڤێک کە بڕوای بە ئاقاری سروشتی هەیە و لە دیدگایەکی مۆراڵی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە باس لەو پرسە بکەم. هەروەها

نامەوێت لەو نووسینەمدا باسی ئەو هاوڕەگەزبازانە بکەم کەوا هەست دەکەن نەخۆش و کەسانی لادەر و ناسروشتین، بەڵکو باسی ئەوانە بکەم کە هەست دەکەن کەسانێکی ئاسایی و سروشتین).

کۆریدۆن پێی وایە هەرچی لەسەر رووی زەویدایە سروشتییە، جگە لە سەرهەڵدانی هونەر نەبێت، چونکە بەبۆچوونی ئەو هونەر تاکە شتێکی ناسروشتی و دروستکراوە لەم ژیانەدا. هەر لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوەش دەکات کە: (زۆرێک لە پەیوەندی سێکسی ناقۆڵا و ناسروشتی ژن و مێرد لەناو جێگادا ئەنجامی دەدەن، چونکە ئەوەی مرۆڤ هان دەدات بۆ سێکسکردن، چێژە، نەک وەچەخستنەوە و بەردەوامیدان بە رەگەزی مرۆڤ. گەر تەنها وەچەخستنەوە پاڵنەری یەکەم بێت لەو پرۆسەیەدا، ئەوا مرۆڤ سێکسکردنی چەند بارەو چەند بارەنەدەکردەوە).

ئەمانە تێکڕای ئەو گفتوگۆ و دەمەتەقێیانە بوون کە لە رۆژی یەکەمدا روویان دا.

**دەمەتەقێی دووەم**

دوای ئەو دەمەتەقێیەی لە رۆژی یەکەمدا روویدا، حیکایەتخوان رۆژی دواتر دەچێت بۆ ماڵی (کۆریدۆن) بەمەبەستی تەواوکردنی گفتوگۆکەیان. سەرەتا بە (کۆریدۆن) دەڵێت: (حەزناکەم گوێم لەو قسانەبێت کە داکۆکی لە نێربازیی دەکەیت و وەکی شتێکی سروشتی تێیدەڕوانیت... چونکە مرۆڤایەتی کۆکن لەسەر ئەوەی نێربازیی شتێکی سروشتی نییە). لێرەدا (کۆریدۆن) هەڵدەداتێ و دەڵێت: (دەیسەلمێنم کە ئەوە شتێکی سروشتییە) و بۆئەوەش بەڵگە بەهەندێ بۆچوون و بیروڕای (پاسکال و مۆنتانی دێنێتەوە).

ئەمە حیکایەتخوان تووشی واقوڕمان دەکات و سەیری پێدێت، ئەو دوو فەیلەسوفە داکۆکییان لە نێربازیی کردبێت. (کۆریدۆن) دەڵێت: (ئەو بۆچوونەم پشتئەستوورە بە وتەیەکی پاسکال کە دەڵێت: چەند دەترسم سروشت بۆ خۆی تەنها شێوازی یەکەمی رەفتار و هەڵسوکەوت بێت و رەفتار و هەڵسوکەوتیش سروشتی دووەم بێت). هەروەها بۆ رەوایەتیدان بە بۆچوونەکانی، ئەم دەستەواژەیەش لە مۆنتانی دەخوازێت کە دەڵێت: (ئەو یاسا و رێسایانەی ویژدان کە دەدرێتە پاڵ سروشت و بە بەرهەمی دەستی سروشت دەدرێتە قەڵەم، لە راستیدا جگە لە بەرهەمی دەستەواژەکان شتێکی دیکە نییە).

سەرباری ئەوانە (کۆریدۆن) چەند بەڵگەیەکی دیکەش بۆ حیکایەتخوان

دێنێتەوە و دەڵێت: (گومانی تێدانییە سروشت لەسەریەک ڕێتم ناڕوات و هەندێ جاریش دابونەریت خۆی بەسەر سروشتی ژیاندا فەرز دەکات و کۆتوبەندی بۆ دروست دەکات، بەڵام هەندێجاریش سروشت بەسەر دابونەریتدا زاڵ دەبێت و ئەو کۆتوبەندانە تێک دەشکێنێت).

لێرەدا حیکایەتخوان دەپرسێت کە ئاخۆ بەو قسانەی دەیەوێت بڵێت، پەیوەندی سێکسی نێوان نێرومێ شتێکە دابونەریت سەپاندوویەتی؟ لە وەڵامدا (کۆریدۆن) دەڵێت: (دەمەوێت بڵێم مرۆڤەکان کاتێک بڕوا بەوە دێنن کە تەنها پەیوەندی سێکسی نێوان نێرومێ پەیوەندییەکی سروشتییە، ئەوا ئەو بڕیارە لەژێر فشاری دابونەریت و بەپێی عورف و عادەت دەدەن).

حیکایەتخوان دان بەوەدا دەنێت کە هاوڕەگەزبازی لە ئاسیا و ئەفریقاوە بە ئەوروپا گەیشتووە و لە وڵاتەکانی وەک فەڕەنسا و ئەڵەمانیا و ئینگلتەرا و ئیتاڵیادا بڵاوبۆتەوە. لێرەدا (کۆریدۆن) نارەزایەتی دەردەبڕێت و پێیوایە پرسی هاوڕەگەزبازیی، پرسێک نییە تایبەت بێت بە ڕەگەز و ناوچەیەکی دیاریکراو و دەڵێت: (موسڵمانان پێیانوایە هاوڕەگەزبازیی نامۆیە بەوان و شتێکی بەد و خراپە و لە ئەوروپاوە هاتووە). بەڵام (کۆریدۆن) دووپاتی دەکاتەوە کە نێربازی دیاردەیەکی گشتی مرۆڤایەتییە و تایبەت نییە بە گەل و نەتەوەیەک...

هەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (کۆمەڵگە بێ پەروا لە هەوڵی ئەوەدایە حاشا لەو ڕاستییە بکات و سورە لەسەرئەوەی کە خۆشەویستی نێوان نێر و مێ، تاکە پەیوەندییەکی سروشتی و ئاساییە). بۆ ئەمەش بەڵگە بە قسەیەکی ئەسکەندەر دیماس دێنێتەوە کە ناوی لە پێشەکی کتێبەکەی (پرسی پارە)دا هاتووە و دەڵێت: (مرۆڤ ناچارە لەبەردەم فشارە کۆمەڵایەتییە ترسناکەکاندا بەچۆکدابێت).

لێرەدا حیکایەتخوان دەڵێت: (کەواتە لاساییکردنەوە ڕۆڵی هەیە لە شوێن پێهەڵگرتنی کەسانی هاوڕەگەزبازدا). لە وەڵامدا (کۆریدۆن) دەڵێت: (حەزی لاساییکردنەوە بەتەنها بەس نییە، ئەگەر حەز و ویستی هاوڕەگەزبازیی لە ناخی مرۆڤدا نەبێت). لە درێژەی قسەکانیشیدا دووپاتی دەکاتەوە کە: (نێربازیی وەک هەموو حەز و ئارەزووە سروشتییەکانی دیکە، لە هەموو جێگە و سەردەم و زەمانێکدا هەیە). پاشان حیکایەتخوان لێی دەپرسێت: (گەروابێت کەواتە سادیزم و کوشتنیش دوو شتی سروشتین). (کۆریدۆن) لە وەڵامدا دەڵێت: (سادیزم شتێکی زۆر ئاساییە و بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە پشیلە کاتێک جوت دەبن چڕنوک و گاز لە یەک دەگرن و بەیەکدا دەکێشن، سادیزمیش لە مرۆڤدا زیاتر لە پەیوەندی نێوان نێر و مێدا دەبینرێت، نەک لە پەیوەندی نێر و نێردا).

هەروەها (کۆریدۆن) دەڵێت: (سەرباری ئەوەی زۆرێکی زۆر لەبارەی خۆشەویستی و ئەڤینداریییەوە نووسراوە، بەڵام ئەوانەی خاوەن تیۆریان لە خۆشەویستیدا دەگمەنن، جگە لە ئەفلاتۆن لە کۆنەکاندا و شوپنهاوەریش لە بیرمەندە تازەکاندا). لێرەدا حیکایەتخوان قسەکانی پێ دەبڕێت و دەڵێت: (ئەی کتێبەکەی دی گۆرمۆنت کە بە ناوی فیسیۆلۆژیای خۆشەویستییەوەیە). (کۆریدۆن)یش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: (من ئەو کتێبەم خوێندۆتەوە و ئەوەی بەلامەوە سەیرە ئەوەیە، نکوڵی لە ئەڤینداری دەکات و تەنها وەک پەیوەندییەکی ئاژەڵییانە وێنای دەکات).

دەربارەی خۆشەویستی (کۆریدۆن) تیۆرییەکی نوێ دەخاتەڕوو پێیوایە، خۆشەویستی داهێنانێکی تەواو مرۆییانەیە و لە سروشتدا بوونی نییە. حیکایەتخوان لە مانای ئەو قسەیە تێناگات کە نکوڵی لە بوونی خۆشەویستی و ئەنگێزەی جنسی دەکات... وەک بەرچاوڕوونییەکیش (کۆریدۆن) روونکردنەوەی دەداتێ و دەڵێت: (ئاخر دی گۆرمۆنت بەهەڵەداچووە کاتێک ئەنگێزەی جنسی وەک هێزێک وێنا دەکات کە دەبێت گوێ لەمستی بین و ئەویش بەشێوەی هەمان غەریزەکانی تر زۆربەوردی کاری خۆی دەکات). کاتێک حیکایەتخوان زۆری بۆ دێنێت، (کۆریدۆن) روونکردنەوەی زیاتر دەدات و دەڵێت: (من نکوڵی لە ئەنگێزەی جنسی ناکەم، ئەوەی باوەڕم پێی نییە ئەو رێتمە ئۆتۆماتیکییەیە کە دەدرێتەپاڵی، چونکە مرۆڤ هەرکاتێک لە دۆخی ئاژەڵی دەرچوو، سێکس ئەو حاڵەتە ئۆتۆماتیکییەی نامێنێت).

هەر لە درێژەی قسەکانیدا (کۆریدۆن) دەڵێت: (ئەو چێژەی پرۆسەی منداڵ بینین بە پیاو و ژنی دەبەخشێت، تەنها دەرگیری پرۆسەی وەچەخستنەوە نییە). دەربارەی تیۆریای خۆشەویستی لای (ئەفلاتۆن و شۆپنهاوەر)یش دەڵێت: (ئەو دوو فەیلەسوفە دان بە پەیوەندی هاوڕەگەزبازیدا دەنێن و تەنها جیاوازی نێوانیان ئەوەیە، ئەفلاتۆن وەک شتێکی سەرەکی سەیری پەیوەندی نێربازیی دەکات، بەڵام شۆپنهاوەر بە حاڵەتێکی ئاورتەی دەبینێت).

پاشان (کۆریدۆن) تاوتوێی تیۆریاکەی زانای بایۆلۆژی و ئابووری ئەمریکی لستەروارد دەکات کە پێیوایە (زۆربەی زۆری زیندەوەرناسەکان بەهەڵەدا دەچوون، کاتێک پێیانوایە نێر کارەکتەری سەرەکی رەگەزی ئاژەڵانە و مێش پاشکۆیەتی). وارد جەخت لەوە دەکاتەوە کە سروشت دەتوانێت دەستبەرداری نێر ببێت، بەڵام ناتوانێت دەستبەرداری مێ ببێت، چونکە مێ چاوگ و سەرچاوەیە...

هەر لە درێژەی قسەکانیدا (کۆریدۆن) دێتە سەرباسی پەیوەندی جنسی

سەگ و بەحیکایەتخوان دەڵێت: (من دەڵە سەگێکم هەیە و گەماڵێک لەوپەڕی لادێکەوە دێت بۆ لای تا جووت ببن... بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم گەماڵەکە کاتێک لێی دەنیشێت گەر بزانێت دەڵەسەگەکە بەبایە و ئارەزووی دەکات، گەر وا نەبوو، ئەوا جێی دێڵێت و قەرەی ناکەوێت... دەڵەسەگ ئەگەر حەز بە جوت بوون بکات، بۆنێک دەردەدات و گەماڵەکەش چەند دووربێت بۆنی دەکات و خۆی دەگەیەنێتە لای... دەبێت ئەوەش بزانین کە بوونی دەڵەسەگ لە کاتی بەبابوونیدا هەر تەنها گەماڵەکان بۆ لای خۆی پەلکێش ناکات، بەڵکو دەڵەسەگێکی زۆریش لێی نزیک دەبنەوە و دەخوازن ئامبازی بن. راستە گەماڵ بەهۆی ئەو بۆنەوە دەورووژێت کە لە دەڵێکەوە دێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت گەماڵەکان تەنها و تەنها لەو کاتانەدا دەورووژێن و ئارەزووی جوتبوون دەکەن). دەربارەی هاوڕەگەزبازیی لای ئاژەڵان، (کۆریدۆن) دەڵێت: (بەپێی شارەزاییەکی کۆتر کە ناوی م. ج. بایلییە، کۆتر لە هەموو باڵندەکانی دیکە زیاتر حەزی هاوڕەگەزبازیی تێدایە)... ئەڵبەت ئەم بۆچوونەش لەلایەن دەوورنناسی بەناوبانگ هاڤیلۆک ئەلیسەوە دووپاتکراوەتەوە. هەروەها زانای ئیتاڵی مۆسیۆللایش هەمان بۆچوونی هەیە و پێیوایە (ئەو کۆترەی بەکۆتری بەلژیکی ناسراوە، بە بەرچاوی مییەکەیەوە لەگەڵ کۆترێکی نێری دیکەدا ئامبازی یەک دەبن). هەروەها هەریەک لە مراوی و مریشک و پۆڕ، هاوڕەگەزبازیی دەکەن.

(کۆریدۆن) باس لەوەش دەکات کە لەناو سەگدا، ئەو گەماڵەی هەستی بۆنکردنی نامێنێت و ناتوانێت ئەو بۆنە بکات کە دەڵەسەگێک دەریدەدات، ئەوا دەبێتە گەماڵێکی هاوجنسباز. لەلایەکی دیکەوە (کۆریدۆن) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پسپۆڕێکی وەک (سانت کلیر دیفیل) دەڵێت: (تێبینی ئەوەی کردووە لەناو سەگ و مەڕ و بزندا گەر نێرەکانیان لە مێکان جیاکرابنەوە و تەنیا کەوتبن، ئەوا نێرەکانیان ئامبازی یەکتری دەبن و ئەوەش شتێکە بەچاوی خۆی لەگەڵ خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکاندا بینیویەتی).

لێرەدا دەمەتەقێی دووەم کۆتایی دێت و بۆ رۆژی دوایی دەمەتەقێی سێیەم دەست پێدەکەن.

### دەمەتەقێی سێیەم

لە دەمەتەقێی سێیەمدا (کۆریدۆن) دەڵێت: (لەناو ئاژەڵاندا مێ بەهۆی بۆنێکەوە کە لە حاڵەتی پیسواربووندا لێی دێت، نێر بەلای خۆیدا پەلکێش دەکات، ئەمە لەکاتێکدا پیاوان لەکاتی بێنوێژیدا قەرەی ژنان ناکەون). (کۆریدۆن) وەکی

گریکەکان پێیوایە لەش و لاری پیاو رێکتر و جوانتر و چالاکترە لە جەستەی ژن. بۆیە دەبینین پەیکەرتاشی یۆنانی پیاو بە رووتی دروست دەکات، بەڵام جەستەی ژن بە پارچە قوماشێک داپۆشراوە. چاکترین بەڵگەیەکیش لەسەر ناشیرینی جەستەی ژن، ئەوەیە کە بەردەوام پەنا بۆ ئامرازەکانی جوانکاری دەبات تا خۆی پێ بڕازێنێتەوە... هەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (داروین سەروەختێک لەساڵی ١٨٣٥ چوو بۆ تاهیتی، ئەوەی سەرنجی راکێشا جوانی و قنج و قیتی پیاوانی ئەوێ بوو، نەک دیمەنی ناشیرنی ژنەکانی).

لای خۆیەوە گۆتەی شاعیری ئەڵەمانیش پێوایە، لەشی پیاو لە لەشی ژن جوانترە و بەمەش (کۆریدۆن) جەخت دەکاتەوە لەوەی هاوڕەگەزبازیی و لادانی سێکسی، شتێکی زۆر سروشتییە و مەسەلەیەک نییە تایبەت بێت بە گەل و ناوچە و رەگەزێکی دیاریکراو... دیدیرۆس سیکۆس لە یەکەمین ئەو کەسانە بووە پێی وابووە ئەنگێرەی هاوجنسبازیی، بە مێژووی مرۆڤایەتیدا رۆچووە. ئەگەرچی ژنانی رەگەزی (کیلتی) جوان و سەرنجڕاکێشن، بەڵام پیاوەکانیان ناچن بەلایاندا و حەز بە نێربازیی دەکەن. یەکێک لە دابونەریتی (کیلیتیەکان) ئەوەیە لەسەر پێستەی ئاژەڵ پاڵ دەکەون... هەرئەوەندەی کەوتنە سەر لا، دووان لە هاوڕێکانیان دێن و یەکێک لە پێشییەوە و یەکێکیان لە دواوە خۆیانی پێوە دەنووسێنن.

لەلایەکی دیکەوە، (کۆریدۆن) پێیوایە شیعری شوانکارەیی لای یۆنان و رۆمانەکان، پڕیەتی لە بەیت و باڵۆرەی نێربازیی، بەڵام دوای ئەوەی شاعیرەکان وازیان لە عەشقی شوانکارە لوس و هەرزەکارەکان هێنا، ئیتر ئەو شیعرانەش هەستی سروشتی و راستگۆیی خۆیانیان لە دەست دا و بوونە شتێکی بێ رۆح و دروستکراو.

ئەڵبەت (کۆریدۆن) بیری ناچێت ئاماژە بۆ دەمەتەقێیەکی ئەفلاتۆن بکات کە چۆن تێیدا ئەرستۆڤانی شانۆکاری ناسراوی گریک، داکۆکی لە نێربازیی دەکات. (کۆریدۆن) پێیوایە سروشت رێگا بە هاوڕەگەزبازیی دەدات، بەڵام ئەوەی یاساغی دەکات دابونەریتی کۆمەڵایەتییە کە لەگەڵ ژندا دەست تێکەڵ دەکەن و رێکدەکەون ئەو پەیوەندییە قەدەغە بکەن.

گەر یاسا و دابونەریتی کۆمەڵایەتی نەمێنێت، ئەوا ژمارەی هاوڕەگەزبازەکان زۆر دەبێت. ئەڵبەتە ژن لەگەڵ هێشتنەوەی ئەو یاسا و دابونەریتە کۆمەڵایەتییانەدایە و هەروەها لە هەوڵی ئەوەشدایە لە رێی خۆڕازاندنەوە و گرنگیدان بە لەشولاری، سەرنجی پیاو بە لای خۆیدا رابکێشێت و لەگەڵ خۆیدا بیهێڵێتەوە.

**دەمەتەقێی چوارەم**

لە دەمەتەقێی چوارەم و کۆتاییدا (کۆریدۆن) تاوتوێی کتێبێک دەکات کە مایەی مشتومڕو ناڕەزایەتی بووە، ئەو کتێبەش لیۆن بلۆم بڵاوی کردۆتەوە بە ناوی (دەربارەی هاوسەرگیری) و باس لەوە دەکات، سروشت لە پرۆسەی وەچەخستنەوە و پاراستنی رەگەزی مرۆڤدا، چ پڕکێشی و زیادەڕۆییەکی کردووە و لە دەمەتەقێکانی پێشووتردا (کۆریدۆن) ئاماژەی بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە. (کۆریدۆن) ستایشی شێوە ژیانی گریکەکان دەکات و پێیوایە، ئەوان بەتەنها لە بواری هونەری شێوەکاری و گرافیکدا دەستڕەنگین نەبوون، بەڵکو لە تێکڕای بوارەکانی ژیاندا سەرمەشق بوون. بەتایبەتیش لە مەسەلەی هاوڕەگەزبازیدا و کەسانی وەک: (سۆفۆکلیس و بندار و ئەرستۆڤان و سوکرات و ئەفلاتۆن)، بەچاکترین شێوە تەعبیریان لەو دیاردەیە کردووە و لە دیارترین کارەکتەرەکانی بوون.

ژیانی گریکییەکان بەگشتی هارمۆنییەت و رێکوپێکی پێوە دیاربووە، بەڵام لێرەدا حیکایەتخوان رەخنەی ئەوە لە کۆریدۆن دەگرێت و دەڵێت: (ئاخر خۆ مەسەلەی هاوڕەگەزبازیی کەمێکی کەمی ئەدەبی گریکی پێکدێنێت)، لە وەڵامدا کۆریدۆن دەڵێت: (هۆکارەکەی ئەوەیە دەستنووسەکانی گریک لەڕێی قەشە و پیاوانی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بە ئێمە گەیشتووە و پێدەچێت ئەو بەشانەیان لێ لادابێت کە بە قێزەون و ئابڕووبەریان زانیبن... ئەوەی لە گریکەوە بەئێمە گەیشتووە، کەمێکە لە بەرهەمگەلێکی زۆر. بۆنموونە ئەسخیلۆس نەوەد شانۆنامەی نووسیووە و سۆفۆکلیس سەدوبیست شانۆنامە، کەچی ئەوەی بەدەستی ئێمە گەیشتووە، تەنها حەوت شانۆگەرییە).

لەگەڵ ئەوانەشدا (کۆریدۆن) دان بەوەدا دەنێت کە هاوڕەگەزبازیی لە تراژیدیای یۆنانیدا پێگەیەکی گەورە داگیر ناکات، ئەویش لەبەرئەوەی عەشقی هاوڕەگەزبازیی بۆخۆی وێنای بەختەوەریی و کامەرانی دەکات و ئەوەش لەگەڵ کرۆکی تراژیدیادا ناگونجێت، بەڵام شیعری لیرک لێوانلێوە لە مومارەسەی نێربازیی. پاشان (کۆریدۆن) دێتە سەرباسکردنی ژیان لە ئەسبارتا و دەڵێت: (هەرچەندە لەوشارەدا سستمێکی توند و کۆنکرێتی هەبووە و رۆحی میلتیاری باڵادەست بووە، بەڵام هەموو ئەوانە نەیان توانیووە بەر بەبڵاوبوونەوەی نێربازیی بگرن... تاوای لێدێت ئەسبارتاش رەزامەندی لەسەر موماڕەسەکردنی ئەو جۆرە پەیوەندییانە دەردبڕێت).

بەپێی نووسینەکانی بلۆتارک خەڵک و خوای شاری (تیبە) لە یۆنانی کۆندا، یاساگەلێکیان دەرکردووە کە رێی بە مومارەسەکردنی هاورەگەزبازیی داوە... ئەوانەشی ئەرکی بەرگریکردنیان لە شاری (تیبە) لەئەستۆدا بوو، گرووپێک بوون لە جەنگاوەرە بوێر و ئازاکان و ژمارەیان سێسەد جەنگاوەرێک دەبوو، کە دەوڵەت مەشق و راهێنانی پێکردن و بژێویی ژیانیشی بۆ دابینکردوون.

هەندێک پێیانوایە ئەو گرووپە لەو کڕوکاڵە گەنجانەبوون کە ئاشق و ئەڤینداری یەکتربوون، ئەمەش بۆ ئەوە بوو تا دوژمن نەتوانێت زەفەریان پێ بەرێت و بەسەریاندا زاڵبێت. چونکە عاشقان دەبنە پشت و پەنای یەکتری و بەدڵ و بەگیان بەرپەرچی دوژمنان دەدەنەوە و هیچ عاشقێک قسوری لەوە ناکات، بەرگری لە دڵخوازەکەی بکات و بەوپەڕی تواناوە لە خەمی پاراستنیدا بێت. بە بۆچوونی (کۆریدۆن) خۆشەویستی و عەشقی نێوان نێر و نێر، عەشقێکی پاک و بێگەردە و قوربانیی لەپێناودا دەدرێت.

(کۆریدۆن) دەڵێت: (ئەسینا کاتێک بەرەو پووکانەوە چوو، کە گریکەکان وازیان لە سەیری مەشق و راهێنانی وەرزشی هەرزەکار و کوڕە جوانەکانیان هێنا). واتە شلۆقبوونی ژیواری یۆنانی لەوکاتەوە دەستی پێکرد کە گریکەکان وازیان لە نێربازیی هێنا و روویانکردە پەیوەندی بەستن لەگەڵ رەگەزەکەی دیدا، ئەو حاڵەتەش لە بەرهەمەکانی یۆربیدیسدا دەبینین.

بۆیە ئەوە راست نییە وابزانین قۆناغەکانی نێربازیی لە مێژووی دێریندا، تەنها قۆناغی داوەشان و گلۆربوونەوە بووە. نەخێر ئەوانە پرشنگدارترین قۆناغ بوون لە مێژوودا، وەکو سەردەمی بێرکلیس لای گریک و ئۆگستۆس لای رۆمان و سەردەمی شکسپیر لە بەریتانیا و سەردەمی رێنیسانس لە هەریەک لە ئیتاڵیا و فەرەنسا (بەتایبەت لە ساتەوەختی حوکمڕانی لویسی سیازدەیەمدا) و سەردەمی حافزی شیرازی لە وڵاتی ئێراندا. ئەمانە ئەو سەردەم و رۆژگارانەن کە خەریک بووە، نێربازیی ببێتە شتێکی فەرمی.

(کۆریدۆن) لە دوابەشی قسەکانیدا دەگاتە سەر ئەوەی بڵێت، (ئەو سەردەم و هەرێمانەی مومارەسەکردنی نێربازییان نەناسیووە، بێبەش بوون لە هونەر). هەروەها رای وایە کە ستایشکردن و بەرزڕاگرتنی ژیانی سەربازی، دەرگیری سەردەم و قۆناغی نێربازیی بووە. لێرەدا دەپرسێت بۆچی ناپلیۆن لەو یاسایانەی دەریکردن، یاسایەکی تێدا نییە سزای نێربازیی بدات؟ رەنگە لەبەر ئەوەبووبێت تا هەندێ لەسەر لە شکرەکانی روگیر و شەرمەزار نەکات.

ئەم چوار دیالۆگە زۆر لە (دەمەتەقێی) ئەفلاتۆنەوە نزیکن، نەک تەنها لە

داکۆکیکردنی لە هاوڕەگەزبازێتی، بەڵکو لە ستایلی گفتوگۆکردن و ئەو پرسیار و وەڵامدانەوەیەی وەک میتۆدێک پەیڕەوی کردووە.

بەهەرحاڵ شێوازی دیالۆگ، دڵخوازی ئەندرێ ژید بووە و ئەوەش هەر بەتەنها لە شانۆنامەکانیدا پەیڕەوی نەکردووە، بەڵکو لە ڕۆمانەکانیشیدا کار پێکردووە. پێدەچێت بەهۆی ڕاگرتنی هەستی هاوسەرەکەی و ترسی لەوەی بەخراپ بەسەریدا بشکێتەوە، نەیویستبێت تا ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم کۆریدۆن بڵاو بکاتەوە. دەکرێت بڵێین ڕۆمانی (کۆریدۆن) و هەردوو ڕۆمانی (**الأباحي و اذا لم تمت البذرة**)، بەرهەمگەلێکن ژید بەو مەبەستە نووسیونی تا قەناعەت بە هاوسەرەکەی بهێنێت کە نێربازیی کارێکی ڕەوا و شەرعییە.

کاتێک لە ساڵی ١٩٢٤ بەیەکجاری بڕیاری بڵاوکردنەوەی (کۆریدۆن) دەدات، مارسیل پرۆست ڕۆڵی دەبێت و ئەو هانی دەدات بۆ ئەو کارە. شایەنی باسە سەروەختێ یەکێک لە خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەکان پرس و ڕا بە ئەندرێ ژید دەکەن لەسەر چاپکردنی ڕۆمانی (ڕێگای سوان)ی مارسێل پرۆست، لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕەزامەند نابێت و ڕەتی دەکاتەوە. هەرچەندە لە بایەخ و گرنگی ئەو کتێبەی پرۆستدا بەهەڵەداچووبوو، بەڵام بەدەرچوونی ڕۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا) شاگەشکە دەبێت و ستایشی زۆری ئەو بەرهەمە دەکات.

لە کانوونی دووەمی ١٩١٤ لەڕێی ناردنی دوو نامەوە بۆ پرۆست، ئەندرێ ژید سەرسامی خۆی بەو ڕۆمانە دەردەبڕێت. پێدەچێت بۆ ماوەیەکی زۆر نەیتوانیبێت بەتێر و تەسەلی چاوی بەپرۆست بکەوێت، تەنها لە ڕۆژی سیانزەی ئایاری ١٩٢١ نەبێت.

ئەو یەکتربینینەیان دوای ئەوەدێت کە پرۆست ڕۆمانی (مدائن السهل) ی بڵاوکردەوە و تیایدا داکۆکی لە هۆمۆ سێکسوالەکان دەکات و پێیوایە، ئەوانە کەسانێکی نەفرەتلێکراون و ناچارن بەوەی بەدرۆ و دووڕوویی ژیانیان بگوزەرێنن، چونکە دەزانن حەز و ئارەزووەکانیان ئابڕووبەرانەیە و لەسەری سزادەدرێن.

سەروەختێک ڕۆمانی (کۆریدۆن) چاپ دەکات، دانەیەکی ناوازەی لێهەڵدەبژێرێت و بێ ئەوەی ناوی خۆی لەسەر بنووسێت، پێشکەشی پرۆستی دەکات. بۆیە شتێکی ئاساییە کاتێک ئەو دووانە پێکگەیشتوون، قسە و باسەکانیان دەربارەی نێربازیی بوو بێت.

ئەندرێ ژید لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت: (پرۆست لەگەڵ مندا نەیدەویست

نکوڵی لەوە بکات کە هاوڕەگەزبازە و بگرە بە شانازییەوە باسی لێدەکرد و دەیوت لە ژیانمدا هەرگیز ژنم خۆش نەویستووە، مەگەر لەلایەنی روحییەوە نەبێت و تەنها لەگەڵ کوڕوکاڵی وەکی خۆمدا هەستم بە خۆشەویستی کردووە). کاتێک یەک دەبینن، مارسێل پرۆست پەشیمانی خۆی رادەگەیەنێت کە دوو دڵ و ڕاڕابووە لە داکۆکیکردنی لە هاوڕەگەزبازیی و ئەندرێ ژیدیش سەرکۆنەی دەکات، لەسەر ئەوەی لە نووسینەکانیدا ئەوەی پێوەدیارە کە نێربازیی بە پەیوەندییەکی نادروست دەزانێت.

لە بەرامبەردا پرۆست ئەوە رەتدەکاتەوە و هاوسۆزیی خۆی بۆ ئەو جۆرە لە پەیوەندی دەردەبڕێت. ئەندرێ ژید بۆ داکۆکیکردنی لە هاوڕەگەزبازیی، پشت بە بەڵگە مێژوویی و مێژووی سروشتی و هونەر و کۆمەڵناسی و مۆراڵ دەبەستێت. کتێبی (کۆریدۆن)یش کتێبکە بە دوورە لە سۆزداری و بەشێوەیەکی ساردوسڕ نووسراوە و قسە لەگەڵ ئەقڵدا دەکات، نەک هەست و ویژدان. ژید بۆخۆی دان بەوەدا دەنێت کە ئامانجی لە نووسینی ئەو کتێبە ئەوە نەبووە، تا سۆز و بەزەیی خەڵک بەلای هۆمۆسێکسوالەکاندا رابکێشێت، بەڵکو بۆ شەرمەزارکردنی رای گشتی بووە و بۆئەوە بووە بۆ هەموولایەکی بسەلمێنێت بۆ کە نێربازیی شتێکی سروشتییە و نابێتە مایەی هەڵتەکاندنی مۆراڵ و کۆمەڵگە. هەر لە درێژەی قسەکانیدا ژید دەڵێت: (من بەو کتێبە ویستوومە کێشەی هۆمۆسێکسوالێتی خۆم چارەسەر بکەم و رووبەڕووی ببمەوە و بەدەنگی بەرز باس لە هەستە چەپێنراوەکانی ناخم بکەم).

شایەنی باسە ژید بۆ یەکجاریش چییە گومانی لە گرنگی و بایەخی کتێبەکەی نەبووە، بەڵام هەندێجار دوو دڵ بووە لەوەی کە نەدەبوو بەو شێوازە ئەدەبییە بینووسیایە. لە سەروەختی جەنگی دووەمی جیهانی و ئەوکاتەی نازییەکان فەڕەنسایان داگیرکرد، ژید ژیانی تاراوگەی هەڵبژارد، بەڵام ساڵی ١٩٤٦ و دوای ئەوەی نازییەکان لەسەر دەستی هاوپەیمانەکان تێکشکان، گەڕایەوە بۆ پاریس. بە گەڕانەوەشی هاوڕێکانی پێشنیازی ئەوەیان بۆ ئەکادیمیای فەڕەنسی (یاخود کۆڕی نەمران) کرد، تابکرێتە ئەندامی ئەو ئەکادیمیایە، بەڵام بڵاوبوونەوەی کتێبە بەدناوەکەی (کۆریدۆن)، بوو بە کۆسپ لەبەردەم ئەوەدا. لە بیرەوەرییەکاندا دەڵێت: (گەر بووم بە ئەندامی کۆڕی نەمران، ئەوا یەکەم ئیشم ئەوە دەبێت کتێبێکی تازە بنووسم و لەو کتێبەدا باسی بایەخ و گرنگی کۆریدۆن بکەم).

بەهەرحاڵ ئەندام نەبوونی لەو ئەکادیمیایەدا، رێگر نەبوو لەوەی ئەکادیمیای سویدی بیپاڵێوێت بۆ خەڵاتی نۆبل. لەلایەکی دیکەشەوە سکرتێری هەمیشەیی

ئەکادیمیای فەڕەنسی، کەوتە ستایشکردنی ئەندرێ ژید و دانپێدانانە بوێرانەکەی لە (کۆریدۆن) و زۆر ستایشی ئەوەی دەکات کە عاشقی هەقیقەت و ڕاستییە و دژی دووڕوویی کۆمەڵایەتییە. ئەوەش لە سەردەمی (مۆنتاین و ڕۆسۆ)وە نەریتێکی باوە لە ئەدەبی فەڕەنسیدا.

سەرەتا ئۆسکار وایەڵد مۆجیاری ژید دەکات کە کاتێک دێتە سەر تاوتوێکردنی پرسی نێربازیی، خۆی ئاشکرا نەکات. دوای بیستوسێ ساڵ لەوە مارسێل پرۆستیش هەمان شتی پێدەڵێت، بەڵام بەهۆی ڕاستگۆبوونی لەگەڵ خۆیدا، هەقیقەتی ناخی خۆی باس دەکات، ئەمەش دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی زۆری سێر ئەدمۆند جوس و دەڵێت: (ژید ناچار نەبوو دان بەو شتانەدا بنێت و باسیان بکات، چونکە هیچ کەس تۆمەتی لەو جۆرەی نەدابووە پاڵ).

ژید ئەو ڕاستگۆییەی لەگەڵ خۆیدا دەگێڕێتەوە بۆ پەروەردەی پرۆتستانتییانەی، پەروەردەیەک کە خاڵییە لە دووڕوویی و لە فرتوفێڵ و چاو و ڕاو. ئەوەتا لەوبارەیەوە دەڵێت: (ئەم کتێبەم بۆیە نووسی تا بیکەمە دەستپێشخەرییەک و ببێتە نموونەیەک، بۆ ڕاستگۆیی و بەرچاوڕوونی بۆ هەندێک و دڵنیایی بۆ هەندێکی دیکە. هەروەها بۆئەوەی ڕای گشتی ناچاربکرێت ئەو شتانە بەهێند بگرێت کە نایانزانێت یاخود خۆی لێیان نەبان دەکات. گەرنا ئەوا گەورەترین زیان بەر دەروونی مرۆڤ و مۆراڵ و هونەر و کۆمەڵگە دەکەوێت). لە کتێبەکەیدا دەربارەی دێستەیەڤسکی، ژید باس لەوە دەکات زۆر چێژ لەو ڕەفتارەی ڕوسەکان دەبینێت کە بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دان بە هەڵە و گوناهەکانی خۆیاندا دەنێن.

هەندێ لە ڕەخنەگران پێیانوایە ئەندرێ ژید بۆیە خوی داوەتە نێربازیی، چونکە کوشتەی ئەوەبووە ئەو شتانە بکات کە تابۆ و یاساغ و ڕێ پێ نەدراو بوون، بەڵام لای خۆیەوە ژید ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: (نەخێر، ڕێ پێ نەدان و یاساغبوونی شتێ پەلکێشم ناکەن بۆ ئەنجامدانیان).

گومانی تێدا نییە ئەو هەوڵە زۆرەی ژید بەخەرجی داوە، بۆئەوە بووە ڕەوایەتی بداتە نێربازیی و کۆمەڵگە والێ بکات ئەو دیاردەیە بەئاسایی وەربگرێت. ئەو پێی وابووە بە داکۆکیکردنی لە نێربازیی، ڕێگە بۆ چاکسازی خۆش دەکات و نووسینیشی لەسەر ئەو دیاردەیە بۆئەوەیە، ئەوکەسانەی تووشی ئەو حاڵەتە دەبن ئارامبن و ژیان لە خۆیان تێک نەدەن.

لێکۆڵیاران پێیان وایە، ژیانی هاوسەرێتی ژید، کایەیەکە تەواو نادیارە و لە بیرەوەرییەکانیدا بەهیچ کلۆجێ باس لە مادلینی هاوسەری ناکات. تەنانەت هاوڕێ

نزیکەکانیشی هیچیان لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە نەوتووە، ئەویش بۆ خاتری ئەوەی ژید لە خۆیان توڕە نەکەن... بەڵام باس لەوەش دەکات کە پەیوەندی بە مادلینی هاوسەریەوە، پەیوەندییەکی سەروبەر ڕۆحی و ویژدانی بووە.

شایەنی باسە هاوسەرەکەی لە حەڤدەی نیسانی ١٩٣٨ کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ژید بۆخۆی تا تەمەنی حەفتاوپێنج ساڵی هەرخەریکی نێربازیی بووە و چێژی لێ بینیوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین زۆربەی زۆری پەیوەندییە نێربازییەکانی ژید، پەیوەندی سەرپێی و کورت خایەن بوون و تەواو خاڵی بوون لە ئەڤین و خۆشەویستی. تەنها پەیوەندییەکی نەبێت دە ساڵی خایاندووە، ئەویش لە ساڵی ١٨١٧ بۆ ساڵی ١٩٢٧ بووە.

لە ئابی ١٩١٧ کاتێک تەمەنی چلوهەشت ساڵ دەبێت، سەردانی سویسرا دەکات، بە مەبەستی ئەوەی گەنجێکی قۆز و جوانی فەرەنسی تەمەن پانزە ساڵان ڕازی بکات تا لەگەڵیدا بگەڕێتەوە بۆ ناو کەسوکاری لە فەرەنسا، بەڵام ژید دەمودەست عاشقی ئەو هەرزەکارە دەبێت. بیرەوەرییەکانی چەند جارێک باسی ئەو کوڕەی تێداهاتووە، بەتایبەت ئەو بەشەی پەیوەندی بە ساڵانی ١٩١٧ و ١٩١٨ هەیە.

لە بەشێکی زۆری سەفەر و گەڕانەکانیدا بۆ وڵاتە جیاجیاکانی دنیا، ئەو گەنجەی لەگەڵ خۆیدا بردووە. لە ئەیلوولی ١٩٢٣ لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ تونس و لەوێدا غیرەی زۆری لێدەکات کە دەبینێت لێی دووردەکەوێتەوە و دڵبەندی خانمێک دەبێت بەناوی برۆنگاوە. ساڵی ١٩٢٤ ئەندرێ ژید ترسی ئەوەی لێدەنیشێت ئەو کوڕە گەنجەی لەدەست بچێت، بۆیە سەفەرکردنی بۆ وڵاتی کۆنگۆ دوادەخات تا ئەو لە تاقیکردنەوەکانی تەواو دەبێت.

پاشان دوو بەدوو سەفەرێکی درێژخایەن بۆ ئەفریقا دەکەن و نزیکەی ساڵێکیان پێدەچێت. زۆرێک پێیانوایە ئەو دۆستەی ناوی (مار ئەلیگرێ) بووە. ئەو سەفەرە دورودرێژە بۆ ئەو کوڕەگەنجە، دەبێتە ئەزموونێکی باش و وای لێدەکات دواتر ببێتە سیناریست و دەرهێنەری فیلم.

لەبیرەوەرییەکانیدا ژید باس لەوە دەکات کە چەند لەگەڵ ئەو گەنجەدا دڵخۆشە و چۆن بۆتە سەرچاوەی نووسینی یەکێک لە کتێبەکانی بەناوی (دار صك النقود المزيفة).

پێدەچێت مادلینی خێزانی لەو بارودۆخە زۆر دڵگران بووبێت، بۆیە هەرچی ئەو نامانەی مێردەکەی ناردوونی بۆی، لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ ئاگریان تێبەردەدات و دەیانسووتێنێت. بەوەش کایەی ئەدەبی سەرمایەیەکی بەنرخی

لەکیس دەچێت، چونکە ئەندرێ ژید لەو نامانەدا هەرچی هەست و سۆزی ناسکی خۆیەتی بۆ هاوسەرەکەی بەیانکردبوو.

پییەر هێربارتی هاوڕێی و نووسەری ژیاننامەکەی (سۆراخی ئەندرێ ژید)، باس لەو رووداوە دەکات و دەڵێت: (ئەوە یەکەمجار بوو مادلین بەو شێوە توند و توڕەییە، نارەزایی بەرامبەر نێربازیی مێردەکەی دەرببڕێت). هێربارت هۆکاری ئەو رووداوە دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی ئەندرێ ژید هیچ پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ ئەو کوڕە لوسکەلە عەرەبانەدا نەبووە، بەڵام بۆیەکەمجار لەگەڵ ئەو کوڕە گەنجەی خۆشی دەویست، ناپاکی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەکات.

ئەندرێ ژید لە هەوڵی ئەوەدا بووە قەناعەت بە خۆی و ئەوانی دیکەش بێنێت کە خۆشەویستی شتێکە و ئارەزووش شتێکی ترە، رۆح شتێکە و جەستەش شتێکە. واتە دەتوانین جەستەمان تێر بکەین، بەدوور لە خۆشەویستی رۆحیو ویژدانی. شایەنی باسە پەیوەندی هاوڕەگەزبازانەی لەگەڵ (مار ئەلیگێری)، جیاواز بوو لە تێکڕای پەیوەندییە کاتی و سەرپێییەکانی دیکەیدا، چونکە دواجار ئەو پەیوەندییە گۆڕا بۆ پەیوەندییەکی رۆحی و جەستەیی لە یەککاتدا.

سووتاندنی نامەکانی لەلایەن مادلینی هاوسەریەوە بەڕادەیەک بوو، وایلێکرد بەدرێژایی هەفتەیەکی تەواو بۆیان بگری، چونکە لەو نامانەدا ناسکترین و پاکترین هەستو نەستی خۆی بۆ هاوسەرەکەی هەر لەوکاتەوەی کە بە منداڵی ناسیبووی، بەیانکردبوو.

لێکۆڵیاران کۆک نین لەسەر ئەوەی ئایا ئەندرێ ژید بەر لە چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، هاوڕەگەزبازێتی خۆی بە هاوسەرەکەی وتووە، یاخود دوای هاوسەرگیرییان ئەو ئیعترافەی کردووە. بەتایبەت کاتێک ژنەکەی بۆی دەرکەوتووە وەکی پێویست سێکسی لەگەڵدا ناکات و ئەرکی مێردایەتی خۆی لەو رووەوە بەجێ ناهێنێت. دوو ساڵ دوای لە دنیا دەرچوونی، کۆمەڵێک نامەی ئەندرێ ژید دۆزرانەوە کە بۆ هاوڕێی شاعیری کاتۆلیک مەزهەبی پۆل کلۆدیلی ناردووە. کلۆدێل زۆر بە پەرەگرافی چیرۆکێکی ژید جاڕس دەبێتو پرسیاری ئەوەی لێدەکات، کە ئایا تۆ (هاوڕەگەزبازی، یان نا؟)، ئەویش لە وەڵامدا راست و رەوان دان بە هاوڕەگەزبازی خۆیدا دەنێت و دەڵێت: (من ئێستا قسە بۆ هاوڕێیەکی خۆم دەکەم و وەکی ئەوە وایە قسە بۆ قەشەیەک بکەم، بۆیە دەبێت نهێنیم بپارێزێت و ئەو شتانەی بۆتی باس دەکەم، نەگاتەوە دەمی کەس... من بە هەموو تەمەنم هەستم بە هیچ ئارەزوویەک نەکردووە بەرامبەر بە ژنان و زۆر بەداخیشم کە ئارەزووی خۆشەویستی ئەوانم نییە).

لێرەدا و بۆئەوەی پۆل کلۆدێل هەست بەوە نەکات کە ژنەکەشی خۆش ناوێت، دەڵێت: (دەستم دامێنت بێ دەبێت بزانی من ژنەکەمم زیاتر لە ژیان خۆشتردەوێت و هەرگیز خۆش نابم و نات بەخشم گەر شتێکی وابکەیت، بەختەوەری تێک بدات). بەپێی ئەم نامەیەبێت کە بەرواری ساڵی ١٩١٤ لەسەرە، کەواتە هاوسەرەکەی تا ئەوکاتە لە حاڵی هاوڕەگەزبازیی ئەو بێ خەبەر بووە.

ئەوەی مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات ئەوەیە، لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا، قسەوباسێکی وا دەکرا کە گوایە ژید کچێکی بووە بە ناوی کاترینەوە و بەرهەمی پەیوەندییەکی ناشەرعی بووە لەگەڵ ژنێکدا. ژید لە پەیوەندی بە کوڕ و کاڵانەوە سیاسەتێکی هەبووە کە لەڕووی سۆزدارییەوە دەرگیری کەسیان نەبێت. لەم بارەیەوە دەڵێت: (هێندەی بەبیرم بێت بەدرێژایی ژیانم، پەرۆشی کەس نەبووم... من ئەوەم باشە حەز و ئارەزووەکانم پێم دەڵێن لەو پەیوەندییانەدا پڕکێشی نەکەم و وریابم، یەکێک لە نهێنییەکانی بەختەوەریشم ئەمەیە... دەربارەی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانیشم، هەرگیز نەم شاردۆتەوە و پەردەپۆشم نەکردووە، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە هەستم کردووە رەنگە کەسانی دی سەغڵەت و بێتاقەت بکات، هاوکات هەستم بەشانازیش نەکردووە بەو کارانەم. من ئەوەی دەیکەم نایشارمەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەش ئەوەیە، ئەو شتانەی دەیانکەم بە عەیب و عاریان نازانم و شەرمیان لێ ناکەم. ئەوەی من دەیکەم مافی خۆمە و پەیوەندی بە کەسی دیکەوە نییە).

لە مانگی ئاداری ١٩٤٣ ژید لەتونس عاسی دەبێت و رێی دەرچوونی نابێت، چونکە نازییەکان دەست بەسەر ئەوێشدا دەگرن و زۆر نیگەرانی دەستنوسەکانی دەبێت لە ماڵەکەی خۆی لە پاریس، بەڵام دەستنووسەکانی سەلامەت دەبن و دەست نازییەکان ناکەون، ئەوەش وادەکات لە ساڵی ١٩٤٧ بتوانێت بڵاویان بکاتەوە.

کتێبی (ئامین) دوایین کتێبیەتی بەرلەمردنی نووسیبێتی. تا ئەو کاتەشی لەسەر جێگەی مردن بوو، پەشیمانی خۆی لەسەر هاوڕەگەزبازیی نیشان نەدا. ژیانی هاوڕەگەزبازێتی بەهیچ کلۆجێک بێتاقەتی نەدەکرد، ئەوەی ئەو پێی بێتاقەت بوو ئەوەبوو، کە وەک پێویست لەبارەی نێربازییەوە نەینووسیوە و لەکاتێکدا دنیاش بەجێدێڵێت بەرهەمەکانی کەموکوڕییان تێدایە و ناتوانێت ئەو کەموکوڕییانە چارەسەر بکات. لە کتێبی (ئامین)دا دەنووسێت: (دەربایس نیم گەر ئەم وشە ئابڕووبەرانەیەم، هەستی هەندێ لەوانە بریندارکات کە بە گومڕا و بێئابڕووم دەزانن. دان بەخۆمدا دەگرم و گوێ بەو شتانە نادەم، بەڵام حەزدەکەم

زیاتر دڵنیابم لەوەی گەر هات و سەرلەنوێ خوێندمەوە، شەرمیان لێ ناکەم و تەریق نابمەوە. ئایا ئەوە راستە کە ئەم بیروبۆچوونانەی دواییم، دەربارەی شتگەلێکە کەمتر رۆحانیان؟ هێشتا کاتی زۆرم لەبەردەستدایە بۆئەوەی، ئەم بۆچوونانە بەردەستی ئەو خودایە بخەم کە چاوەڕێی ئەوەیە بچم بۆ لای و رازی نیم بەوەی بڕوا بە هەبوونی بێنم).

سەیر لەوەدایە ژید تا دوا رۆژەکانی تەمەنی و سەرەڕای لە هۆشخۆچوونیو بورانەوەی، هەر لەسەر نووسین بەردەوام بووە. دەرهەق بەو توانج و سەرزەنشتکردنانەی پۆل کلۆدێلیش کە خەریکی هاوڕەگەزبازییە، دەڵێت: (بڵێم چی خۆ ئەوە دەستی منی تێدا نییە و ئاوا دروست بووم). پێشتر باسمان کرد کە ئەندرێ ژید داوای لە پۆل کلۆدێل کردووە، نهێنییەکەی بپارێزێت و ئەویش بەڵێنی ئەوەی داوەتێ، بەڵام لە نامەیەکدا بۆی دەنووسێت و پێی دەڵێت: (ئاخر ئەوە تۆی کە بەڕاشکاوانە باسی خۆت دەکەیت و وادەکەیت هەرچی هەیە و نییە رەفتارەکانت ببینن. ئێمە لە سەردەمی بت پەرستییەوە بەو شێوەیەی تۆ کەسمان نەبینیوە، بەو راست و رەوا نییە باس لە مەسەلەی نێربازیی بکات. هیچ نووسەرێک وەک تۆ خۆی لە قەرەی ئەو بابەتە نەداوە، تەنانەت ئۆسکار وایەڵدیش شتی وای نەکردووە).

شایەنی باسە دەستبردنی ئەندرێ ژید بۆ بابەتی هۆمۆ سێکسوالێتی، هەر بەتەنها بەرهەمەکانی سەرەتای ناگرێتەوە، بەڵکو خوێنەر بەئاسانی دەتوانێت لە نووسینەکانی دواتریشیدا بەدییان بکات. گومانی تێدا نییە ئەو سکاندالەی لە دادگاییکردنەکەی ئۆسکار وایەڵد کەوتەوە، بەهۆی تاوانبارکردنی بە هاوڕەگەزبازیی و زیندانیکردنی لەبەر ئەو کارەی، ئەندرێ ژید دەتۆقێنێت. رەنگە هەر ئەمەش وایکردبێت پەلە لە ژنهێناندا بکات و مادلینی ئامۆزای بخوازێت، بە ئومێدی ئەوەی لە دەست شەیتانی نێربازیی قوتاری بێت، بەڵام هاوسەرگیریی نەیتوانی رێ لە شەیتانی نێربازیی بگرێت، بۆیە هەر لە سەرەتای پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە خۆی دایە دەست ئەو شەیتانە و تەسلیمی بوو.

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە چۆن بە بەرچاوی هاوسەرەکەیەوە، خەریکی کەین و بەین بووە لەگەڵ چەند هەرزەکارێکی عەرەبدا و ئەوەش هاوسەرەکەی شێتگیر کردووە. دەرهەق بەم مەسەلەیە ژید لە یەکێک لە ئیعترافەکانیدا دەڵێت: (من وەک مرۆڤێکی نامەسئول هەڵسوکەوتم کرد و شەیتان لەگیانمدابوو). پێدەچێت سەرەتا لەگەڵ خۆیدا لە کێشمەکێش و بێنەو بەردەیەکی زۆردا بووبێت. ئەوەتا بەرهەمەکانی سەرەتای وەک (بیرەوەرییەکانی ئەندرێ

والتەر)، حەز و ئارەزووە نێربازییەکانی و شێتی هاوتای یەکتری دەکات، بەڵام هەرزوو بەو شێتییە راهات و دەست و پەنجەی لەگەڵیدا نەرم کرد، تا ئاستی ئەوەی بە شتێکی سروشتی و ئاسایی دەزانی لە رووی مۆراڵییەوە.

رۆمانی (**الأباحي**) دیکۆمێنتێکی تەواوەتییە کە نێربازیی ئەو دەسەلمێنێت و لەوێدا ژیدم باس لە گەشەی سۆزداری و ویژدانی کارەکتەری هاوڕەگەزباز دەکات. دەربارەی ئەو رۆمانە پۆل کلۆدێل دەڵێت: (باس لە ململانێی نووسەرەکەی دەکات لەگەڵ شەیتانەکەی ناخیدا و چۆنچۆنی دواجار تەسلیم بەو شەیتانە دەبێت).

لێکۆڵیاران پێیانوایە لە وێناکردن و نیشاندانی ئەو دۆخەی کەسی نێرباز لەڕووی سۆزداری و ویژدانییەوە پیایدا تێدەپەڕێت، رۆمانی (**الأباحي**) ئەندرێ ژید زۆر لە رۆمانی (الموت فی البندقیە)ی تۆماس مان لەپێشترە. رۆمانەکەی ژید ساڵی ١٩٠٢ نووسراوە و باس لە ململانێی نووسەرەکەی دەکات لەگەڵ ئەهریمەنی نێربازیدا، بەڵام رۆمانی (**مخازن الفاتیکان الموجودة تحت الأرض**) کە لە ساڵی ١٩١٤ نووسراوە، ئەو ململانێیەی تێدا نییە و بەشێوەیەکی ئارامو بابەتییانە نووسراوە. لە هەندێ لە بەرهەمەکانیدا، ئەندرێ ژید باس لەوە دەکات کە نێربازان هەندێکیان شەڕانگێزن و هەندێکی دیکەیان کەسانی باش و بێوەین. ئەمەش وەک ئەوە وایە ژید بیەوێت پێمان بڵێت کە نایەوێت بڵێت هەموو نێربازەکان خاوەن کارەکتەرێکی وان، کە مایەی ئەوەبن خەڵک پێیان سەرسام بێت و قبوڵکراوبن لای خەڵکی.

لێکۆڵیاران پێیانوایە، ئەندرێ ژید لە بواری نووسین دەربارەی هۆمۆسێکسوالەکان سەرمەشق بووە. لە کاتێکدا مارسێل پرۆست حاشای لەوە دەکرد هاوڕەگەزبازبێت و ئەوەی شاردبێتەوە، دەبینین ئەندرێ ژید شەرم لەوە ناکات دانی پێدابنێت، ئەو دان پێدانانەشی لە ئان و ساتێکدا بوو، کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد ئیعترافی لەو جۆرە بکات. بەدرێژایی نیودانە سەدە ژید داکۆکی لە نێربازیی کرد و وای لێهات ئەو پرسە بوو بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەدەبی مۆدێرنی خۆرئاوا.

ژید لە سەرەتای تەمەنیدا کۆمۆنیست بوو، کۆمۆنیستێک کە داکۆکی لە گەلانو خەڵکانی بەش مەینەت و چەوساوە دەکرد وەک گەلی فەلەستین و بەبڕوای ئەو داکۆکیکردنی لە نێربازیی داکۆکیکردن بووە لە ئازادی. هەرچەندە دواتر دەستبەرداری بیروباوەڕی کۆمۆنستی بوو، بەڵام لەسەر هاوڕەگەزبازێتی خۆی بەردەوام بوو. داکۆکیکردنی لەو مەسەلەیە بە داکۆکیکردن لە ئازادیی مرۆڤ

دەزانی، بەو پێیەی لەلایەک هاوڕەگەزبازیی بە شتێکی سروشتی دەزانیو لە لایەکی دیکەش وەک پرسێکی شەخسی زۆر تایبەت سەیری دەکرد.

ساڵی ١٩٣٥ ژیدا بەشداری کۆڕێکی گشتی دەکات و لەوێد دەڵێت: (زۆر خوێنگەرمانە داکۆکی لە هەموو دەنگێک دەکەم کە کۆمەڵگە هەوڵی بێدەنگکردنی بدات، هەروەها داکۆکیکارێکی سەرسەختیشم لە گەلان و خەڵکانی بەشمەینەتو هەنوکەش داکۆکی لەوانە دەکەم کە ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن). لە رۆمانی (کۆریدۆن) و لەمیانەی داکۆکیکردنی لە سێ هۆمۆسێکسوالی ناسراوی وەک (وایەڵد و کرۆب و ئیۆنبرگ)، ئەندرێ ژید دەڵێت: (ئەوانە هەموویان وەکی خەڵک و خوای دیکە نکوڵییان لەوە کردووە هاوڕەگەزباز بن... خەڵک ئازایەتی تێدایە سەروەختێک داکۆکی لە بۆچوونەکانیان دەکەن، بەڵام کاتێک دێنەسەر بەرگریکردن لە ئاکارییان ئەو ئازایەتییەیان نامێنێت. ئەوان ئێش و ئازار قبوڵ دەکەن، بەڵام شەرمەزارییان پێ قبوڵ ناکرێت... ئەگەرچی ئەمیل زۆلا بوێریی نواند و توانی باس لە هەندێ لادانی سێکسی بکات، بەڵام کە هاتە سەر بابەتی نێربازیی، دەستی کێشایەوە و وازی هێنا).

هەندێک پێیانوایە ئەندرێ ژید نەیتوانی نێربازیی بکاتە شتێکی رەوا و ئاسایی لای خەڵکی، بەڵام لەوەدا سەرکەوتووبوو کە وایان لێ بکات وەک بەڵایەک لێی نەڕوانن، بەڵکو وەک پەتایەک سەیری بکەن کە ئەگەرچی چارەسەرکردنی هەیە. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە، کۆمەڵگەی فەرەنسی سەرکۆنەی زۆری باس و خواسەکانی ئەندرێ ژیدیان کرد، ئەگەرچی زۆر راشکاوانە دانی بەوەدا دەنا کە نێربازیی کردووە و تەنانەت هەندێکیشیان بەو ئازایەتی و راستگۆییەی سەرسام بوون.

ئەمەش بۆخۆی تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە بەسەر ئۆسکار وایەڵددا هات و کۆمەڵگەی ئینگلیزی بەوپەڕی دڵڕەقی و سوکایەتییەوە رەفتاریان لەگەڵدا کرد. رەنگە ئەمەش بۆئەوە بگەڕێتەوە کە فەرەنسییەکان ئەندرێ ژیدیان بە نەخۆش زانیوە، بەڵام ئینگلیزەکان ئۆسکار وایەڵدیان بە تاوانبار ئەژمار کردووە. شێوازی قسەکردنی ئەندرێ ژید لەسەر نێربازیی لە شێوازی مارسێل پرۆست جیاواز بووە. بۆ نموونە پرۆست هۆمۆسێکسوالەکان وەها وێنا دەکات، وەک ئەوەی کەسانێکی سیاچارە و بەدبەخت بن و قوربانی ئەو لادانە سێکسییانەی خۆیان بن، بەڵام لە بەرامبەردا ژید وەک نموونەیەکی ئینسانی قەشەنگ لێیان دەڕوانێت.

ئەو دەرەنجامانەی لەسەر نێربازیی ئەندرێ ژید دەسگیری دەبێت، کەم تا زۆر بەو دەرەنجامانە دەچێت کە فرۆید لەسەر هەمان ئەو بابەتە پێی دەگات.

ئەوەتا لە (کۆریدۆن)دا دەڵێت: (پەیوەندییەکی حەتمی و رەها لەنێوان چێژی سێکسی و منداڵ خستنەوەدا نییە، بە بەڵگەی ئەوەی پیاو هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو چێژ و خۆشییە دەدات، بەبێ گوێدانە منداڵ خستنەوە... لە سێکسکردندا پرۆسەی منداڵ دروستکردن مەرجی سەرەکی نییە و شتێکی لاوەکییە). لەسەر هەمان پرس فرۆیدیش دەڵێت: (ئێمە بەهەڵەدا چووین گەر پێمان وابێت سێکس و منداڵ بینین یەک شتن).

هەر لە (کۆریدۆن)دا ژید باس لەوە دەکات کە: (ژن لەرێی خۆ جوانکردن و خۆ رازاندنەوە و ماکیاژکردنەوە، هەوڵدەدات پیاو بۆ لای خۆی رابکێشێت. پاشان کۆمەڵگە هەڵدەستێت بە تەواوکردنی پرۆسەکە، ئەویش پڕکردنی مێشکی پیاوە بە کۆمەڵێک باسو خواسی سێکسی، بەوەی ژن ئامرازێکی سروشتییە بۆئەوەی پیاو بگەیەنێتە ئۆرگازم و چێژی سێکی بەدەستکەوێت). لەو بارەیەوە سیگمۆند فرۆیدیش بۆچوونێکی هاوشێوەی هەیە و دەڵێت: (لە قۆناغی هەرزەکاریدا کوڕان مەیلیان بە لای هەردوو رەگەزەکەدا هەیە، بەڵام ئەوە بابەتە کۆمەڵایەتی و مۆراڵییەکانی کۆمەڵگەیە لە قۆناغی کامڵیدا کوڕان ناچار دەکەن روو لە کچان بکەن).

ئەڵبەتە ژید لە (کۆریدۆن)دا باسی لەو حاڵەتەی کوڕان لە قۆناغی هەرزەکاریدا کردووە و ئەوەتا لەو رۆمانەدا دەڵێت: (داروین بەهەڵەدا چووە کە دەڵێت لەناو ئاژەڵاندا مێ جوانترین نێر هەڵدەبژێرێت بۆ پەیوەندی بەستن و جۆری ئەو هەڵبژاردنەش کاریگەری لەسەر بێچووەکانیان دەبێت). لێرەدا (کۆریدۆن) گومان لەو بۆچوونەی داروین دەکات و پێیوایە ئەوەی لەناو ئاژەڵانی نێردا بۆ مێیەکانیان جێی سەرنجە، جوانی نییە، بەڵکو هێز و پڕتواناییەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە ئاژەڵاندا مێ نێرەکەی دەستنیشان ناکات و مانای ئەوەشە جوانیی نێرەکە شتێکی لاوەکییە. هەروەها وای بۆ دەچێت کە مرۆڤ لە هەموو ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی دیکە جیاوازترە و بەهۆی ئەو بۆنەوە لە ژن نزیک نابێتەوە کە لەکاتی ئالۆشیی سێکسیدا دەری دەدات، نەخێر نزیکبوونەوەی پیاو لە ژن تەنها پاڵنەری چێژە و هیچی تر.

کەواتە رۆڵی ژن لە دنیادا وەچەخستنەوەیە و بەردەوامیدانە بە رەگەزی مرۆڤ، بەڵام رۆڵی پیاو ئەزموونکردنی زیاتر و تامکردنی جەستەی زۆرتر و گۆرانی و چێژ بینینە. پیاو وەک ئاژەڵ نییە و هەمان ئەو میکانیزمە غەریزییانەی ئەوی لە بواری سێکسیدا بەسەردا ناسەپێنێت، چونکە پیاو ئازادیی ئەوەی هەیە دڵی کام ئافرەتەی گرت لەگەڵ ئەویاندا جوت ببێت.

لێرەدا ژید نموونە بە گفتوگۆیەک دێنێتەوە، کە دەگوترێت لەنێوان شاعیری گەورەی ئەڵەمانیا یۆهان گۆتە و مۆلەری راوێژکاردا روویداوە... لەو بارەیەوە ژید دەڵێت: (گوتە روونیکردۆتەوە بۆمان، کە چۆن لادانی سێکسی، واتە نێربازیی، سەرچاوە سەرەکییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جەستەی پیاو لە هەموو روویەکەوە، زۆر لە جەستەی ژن جوانتر و نایابتر و کامڵترە).

لە دەمەتەقێی چوارەمی (کۆریدۆن)دا، ئەندێ ژید قسە لەسەر ئەو پێشنیارەی لیۆن بلۆم دەکات کە لە کتێبەکەیدا (دەربارەی هاوسەرگیری) باسی کردووە و پێیوایە پیاو توانا و چالاکی زیاتری هەیە. بۆیە دەبێت کۆمەڵگە هەندێ لەو کۆتوبەندانەی هەڵگرێت و بەر لە ژنهێنان رێگە بە پیاوان بدات، لەگەڵ ژنانی چینە باڵادەست و ئۆرستۆکراتەکاندا پەیوەندی سێکسی ببەستن.

بەڵام ژید بەمە رازی نییە و نایەوێت کێشەی چالاکی سێکسی پیاو، بەوجۆرە چارەسەر بکرێت. لەبری ئەوە پێشنیاز دەکات رێ بە نێربازیی بدرێت و وەک شتێکی ئاسایی و سروشتی سەیر بکرێت. هەر لەو دەمەتەقێیەی چوارەمدا پێداگیری لەسەر ئەو بۆچوونەی دەکات کە حەز و ئارەزووی سێکسی شتێکە، پەیوەندی بە خۆسەویستییەوە نییە و ئامانجیش لە هاوسەرگیریی تەنها وەچەخستنەوە نییە.

گومانی تێدا نییە کە ئەندرێ ژید لە تەواوی گفتوگۆ و مشتومڕەکانیدا، هەوڵدەدات پاساو بۆ لادانە سێکسییەکانی خۆی بهێنێتەوە، هەروەها دەیەوێت خۆی و ئەوانەشی وەکو خۆی وان، دڵنیا بکاتەوە کە مرۆڤێکی ئاسایی و سروشتین و عەیبیان نییە. ئەمەش ئەو شتەیە کە تەواوی هۆمۆسێکسوالەکان حەز دەکەن بۆ خۆیانی بسەلمێنن کە ئەوان دڕندە نین، بەڵکو خەڵکانێکی ئاسایین و جیاوازییان لەگەڵ هیچ کەسێکی تردا نییە.

پێدەچێت ئەندرێ ژید نەیتوانیبێت بەتەواوەتی خۆی لەو پەروەردە ئایینییە پاکژویستییە کۆنکرێتییە قوتار بکات، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، سەرباری ئەوەی کەسێکی نێرباز بووە، بەڵام لەو بڕوایەدا بووە کە بێگەردی سێکسی زۆر لەسەروو نێربازیی و پەیوەندی نێوان ژن و پیاوەوەیە. بە بەڵگەی ئەوەی بەردەوام حەز و ئارەزووە نێربازییەکانی خۆی لە ئیتاڵیا و تونس و جەزائیر تێر کردووە، واتە لە دەرەوەی سنووری فەڕەنسادا ئەو کارەی کردووە. لە پەیوەندی نێربازیدا زۆر چێژی لەوە بینیوە، ئامبازی مێردمنداڵانی عەرەب ببێت.

شایەنی باسە پۆل کلۆدێلی هاوڕێی هەوڵی لەگەڵ داوە بۆئەوەی قەناعەتی پێ بێنێت و بچێتە سەر ئاینزای کاتۆلیکی، بەڵام رازی نابێت و لە شوباتی ١٩١٢

دەنووسێت: (کاتۆلیکییەت ئاینزایەکە قابیلی قبوڵ نییە و پرۆتستانتییەتیش ئاینزایەکی تاقەت پڕوکێنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناخەوە هەست دەکەم کە مەسیحیم). ئەمەش بۆخۆی قسەیەکی زۆر سەیر و سەمەرەیە. کڵێسای کاتۆلیکی لە بەرامبەر تانە و توانجەکانی لە ئاینی مەسیحی، بێدەنگ نابێت و ماوەیەکی کەم دوای لە دنیادەرچوونی (کۆڕی موقەدەس) لە ڤاتیکان لە بەرواری ٢٤/ ئایاری/١٩٥٢ کۆدەبنەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا، بەیاننامەیەک بڵاودەکەنەوە و بڕیاری سەرکۆنەکردنی تەواوی بەرهەم و نووسینەکانی دەدەن و خوێندنەوە و دەستاودەست پێکردنیشیان، لەلایەن کاتۆلیک مەزهەبەکانەوە قەدەغە دەکەن.

دەرهەق بەو بڕیارە رۆژنامەی (ئۆبزێر ڤتواری) رۆمانی هێرشێکی توند دەکاتە سەر ئەندرێ ژید و بە نەیارێکی سەرسەختی مەسیحییەتی لەقەڵەم دەدات و پێیوایە، تا ئەوکاتەشی لەگیانەڵڵادابووە هەر سوکایەتی بە مەسیحییەت کردووە و هەرگیز ئامادە نەبووە، گوێ بۆ هاوسەرە کاتۆلیکی و هاوڕێ کاتۆلیک مەزهەبەکانی وەک (جام و کلۆدێل و جیۆن و دی بۆ و مۆریاک) بگرێت.

رۆژنامەکە باس لەوەش دەکات کە ژید نموونەیەکی بەدی بێباوەڕیی و نێربازیی پێشکەشی نەوەیەک کرد لە فەڕەنسا و دەرەوەی فەڕەنسادا و بە ستایلی نووسینەکانی، گاڵتەجاڕییەکی زۆری بە مەسیحییەت و سیمبولەکانی ئاینی مەسیحی کرد. بۆیە نەدەکرا کڵێسا لەو هەموو ناهەقییانەی بێدەنگ بێت، هەرچەندە کڵێسای کاتۆلیکی بەداخە بۆ ئەوەی نووسەر و شاعیرێکی بلیمەتی لەدەستچووە و کەس نکوڵی لە بەهرە و بلیمەتیی ئەو ناکات.

**سەرچاوە:**


د. رمیسس عوض: الشذوذ والابداع.



# وتووێژ لەگەڵ دوریس لیسینگ

و. لە فارسییەوە: مستەفا زاهیدی

١ – ٢

تێبینی:

ئەوەی لەبەردەستاندایە وتووێژێکە لەگەڵ دوریس لیسینگ رۆماننووسی بەریتانیایی و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات لە ساڵی ٢٠٠٧. لیسینگ ٢٢ ئۆکتۆبەری ١٩١٩ لە کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبوو و چەند رۆژ لەوە پێش رۆژی ١٧ی نۆڤامبەری ٢٠١٣ لە تەمەنی ٩٤ ماڵئاوایی لە ژیان کرد. بڵاوبوونەوەی ئەم وتووێژە لەگۆڤاری هەنار هاوکاتە لەگەڵ مەرگی ئەم نووسەرە ناودارە بەریتانیاییە.

دوریس لیسینگ، چالاکی سیاسی- کۆمەڵایەتی و چیرۆکنووس و رۆماننووس و شانۆنامەنووس، نووسەری وتار، ئۆتۆبایۆگرافی، دەقی ئۆپرا، ئەدەبی ناگێڕانەوەییە، کە هەموو ئەمانە ستایل و فۆڕمێکی تایبەت ناگرنەوە. ئەو ناوی دۆریس-می تایلەرە و ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩ لە کرماشان لە ئێران لەدایک بووە.

باوکی سەربازێکی کەمئەندامی جەنگی یەکەمی جیهانە، کارمەندی ئێمپریاڵ بانک یان (بانکی شاهەنشاهی) و دایکی پێشتر پەرەستار بوو. بنەماڵەکەی ساڵی ١٩٢٥ بۆ گەیشتن بە سەرمایە لە رێگای کشتوکاڵی گەنمەشامییەوە، روویان کردبووە رۆدزیای باشوور (زیمبابۆی ئێستا)، بەڵام لە هەزاران دۆنم زەوی بەیاردا نەیانتوانی بەو سەرمایە خوازراوە بگەن. دایکی هەوڵی دەدا شارستانییەت و یاسا و رێسای وشک و تەندروستی سەردەمی ئێدوارد لەو سەرزەمینە دوور لە شارستانییەتە جێبخات.

لە منداڵیدا بەدەر لە ئەو حیکایەتانەی دایکی بەر لە خەو بۆ ئەو و براکەی هێری دەیگێڕایەوە، بیرەوەریی تاڵی باوکی لە جەنگی یەکەمی جیهانی- بەوتەی خۆی وەک ژەهر-وەردەگرت: "ئێمە هەمووومان بەرهەمی جەنگ و دروستکراوی دەستی جەنگین، ئێمە بە جەنگەوە مەلۆتکە کراوین، بە مەرگەوە پێچاومانیانەتەوە، بەڵام وەک ئەوە وایە فەرامۆشمان کردبێت. "لە حەوت ساڵیدا ناردیانینە خوێندنگەی شەوانەڕۆژی راهیبەکان، بەڵام دواتر چووە خوێندنگەیەکی کچانە لە سالیزبۆری لە باشووری بەریتانیا. لە سێزدە ساڵیدا قوتابخانەی بەجێهێشت و وەک دوو ژنە نووسەری ئەفریقایی، ئۆلیڤە شراینەر[1]و نادین گۆردیمێر، خوێندنی تەواو نەکرد. سەردەمی منداڵی تێکەڵ بوو لەگەڵ کەمێک خۆشی و ئازاری زۆر. ئەو دەڵێت لایوایە سەردەمی تاڵی منداڵی مرۆڤ دەکات بە چیرۆکنووس: "بەڵێ، هەرچەند ئەو کات نەمدەزانی و بیرم لەوە نەدەکردەوە ببم بە نووسەر، دڵنیام وایە. هەموو سەردەمی منداڵی بیرم لە هەڵاتن دەکردەوە". لسینگ بە خوێندنەوەی دیکێنز، سکات ستیۆنسن، کیپلینگ و دواتر بە دۆزینەوەی دی.ئێچ. لارێنس، ستانداڵ و تۆلستۆی و دیستۆیۆفسکی، بێ ئەوەی خوێندنی قوتابخانەی تەواو کردبێت خۆی بوو بە مامۆستای خۆی.

دوای وازهێنان لە خوێندن و بەجێهێشتنی قوتابخانە، چوو بەلای ئەم ئیشانەوە: ئیشکردن وەک پەرەستار لە ماڵی پەککەوتووان، سکرتێرە، هەواڵنێری و... لەم ماوەیەدا چەند کورتەچیرۆکێکی بۆ گۆڤارەکانی ئەفریقای باشور نارد و لەوێ بڵاوبوونەوە.

ساڵی ١٩٣٩ لەگەڵ فرانک چارلز ویزدام ژیانی هاوسەری پێکهێنا و بوون بە خاوەنی دوو منداڵ. جان و جین، بەڵام چوار ساڵی دواتر ساڵی ١٩٤٣ لە یەکتر جیابوونەوە.

لیسنیگ زۆر زوو تێکەڵی گرووپە هاوبۆچوونەکانی خۆی بوو لە یانە

چەپییەکان، گرووپێکی کۆمۆنیستی کە گاتفرید لیسنیگ ڕێبەری دەکرد. ئەم دوو کەسە دوای ماوەیەکی کورت پێکەوە چوونە ژیانی هاوسەرییەوە و ساڵی ١٩٤٩ لە یەکتر جیابوونەوە و دوریس و کوڕەکەی چوونە لەندەن.

ئەو گرووپە مارکسیستییە دەپەرژایە سەر پرسە ڕەگەزییەکان و لەم ناوەدا دوریس لیسنیگ لەگەڵ حیزبی کرێکاری رودزیای باشوور (زیمبابۆی) پەیوەندی نزیکی هەبوو. دواتر بوو بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا و دژ بە چەکی کیمیایی خەباتی کرد. ساڵی ١٩٥٤ وازی لە سەرجەم چالاکییە کۆمۆنیستی و حیزبییەکانی هێنا، بەڵام هەر بە بۆنەی ئەم چالاکییانەوە، لە ساڵی ١٩٥٦ەوە تا ساڵی ١٩٩٥، ڕێگەی پێ نەدەدرا سەردانی ئەفریقای باشوور و ڕۆدزیای باشوور (زیمبابۆی) بکات.

لیسنیگ هەر ئەو ساڵە لەگەڵ کوڕەکەی چووە لەندەن، یەکەم ڕۆمانی خۆی بە ناوی "چیمەن گۆرانی دەڵێت"ی چاپکرد و وەک نووسەرێکی پرۆفێشناڵ دەستیکرد بە نووسین. لەم کتێبەدا لیسنیگ باس لە خۆبەزل زانین و هەژاری کۆمەڵگای سپی پێستی کۆلۆنیالەکانی باشووری ئەفریقا دەکات.

لە ساڵی ١٩٥١ەوە تا ساڵی ١٩٥٩ لیسنیگ ژمارەیەک ڕۆمانی بە ناوی "مندالانی توندوتیژی" بە ستایلی ڕۆمانە کۆنە فێرکارییەکان چاپکرد. لەم کتێبانەدا پاڵەوانی چیرۆکەکە، مارتا کۆئست، تا دێت هۆشیارییەکەی دەچێتە سەرەوە. ناوەرۆکی ئەم ڕۆمانانە باس لە رزگاری ڕەها دەکات، بەڵام بە ڕوانگەیەکی جەبرییەوە. پاڵەوانی چیرۆکەکە، دوای مردنی، لەو سەرەوە، بە بێ هیواییەوە، خودی گەنجی خۆی دەبینێت و ناتوانێت ڕەوتی ژیانی خۆی بگۆڕێت. باشترین بەرهەمی ئەم ژمارە کتێبە، دوایین بەرگی ئەم کتێبانەیە بە ناوی "شاری چوار دەروازە" کە نووسەر دەربارەی کلتوورەکان قسە دەکات و لە کلتوورەکان دەکۆڵێتەوە.

سەرکەوتنی ڕاستەقینەی دوریس لیسنیگ دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی "دەفتەر یادداشتی زێڕین"(١٩٦٢) بوو. چیرۆکێکی بوێرانە کە لەو چیرۆکەدا "ئانا واڵف" پاڵەوانی چیرۆکەکە، زۆر تینووی ڕاستگۆییە و دەیەوێت خۆی لە پەیوەندی ماندووکەری سۆزداری، پشێویی و ئاژاوە و درۆ و دەلەسەی جیل و بەرەی خۆی دوور بگرێت. ئانا واڵف، ئەو نووسەرەی کەوتۆتە قەیرانی کەسایەتی و هونەرییەوە. ژیانی لەنێوان ڕۆڵە جیاوازەکانی ژنێکدا بە دابەشکراوی دەبینێت، عاشق، نووسەر، چالاکی سیاسی. ئەو یادداشتی ڕۆژانەی لە دەفتەرە بچووکەکان بە ڕەنگی جیاواز دەنووسێت، هەر ڕەنگە و تایبەت بە بەشێک لە بوونی ئەوە.

ئانا تووشی قەیرانی قووڵی ڕۆحی دەبێت و سەرەنجام لەناو ئەم قەیرانەوەیە کە "گشتییەتییەک"ی نوێ دەدۆزێتەوە و دوایین دەفتەری یادداشتی تەرخان دەکات بۆ ئەم شتە.

لە دەیەی ١٩٧٠، لیسینگ ڕوانگەی پڕ لە ڕاز و نهێنی ئانا واڵف کە وا دەردەکەوێت لە کۆتاییەکانی "دەفتەر یادداشتی زێڕێن" پێی گەیشتووە، لەگەڵ چیرۆکێک لە کەشوهەوای مینۆکی (مەعنەوی) بە بەستێنێکی فەنتازیایی-کەیهانی لە ڕۆمانی "فەرمان بۆ دابەزین بۆ جەهەننەم"(١٩٧١) و خەونی هەڵهاتن و لایەنەکانی تری ڕۆمانی "دەفتەر یادداشتی زێڕین"ی لە ڕۆمانی "بیرەوەرییەکانی ڕزگاربوویەک"(١٩٧٤)دا هێنایەوە و درێژەی پێدایەوە. لیسینگ لە دەیەی ١٩٦٠دا هۆگری ئامۆژەکانی "ئیدریس شاه"[٢] بوو. نووسراوەکانی ئیدریس شاه دەربارەی وەسفی سۆفییەکان، جەخت دەکاتە سەر گۆڕانی وشیاری و باوەڕی کەسەکان بە شێوەیەک کە ڕزگاری کەسەکان کاتێک مومکینە کە هەمووان بەوە بگەن کە لە ناوخۆی چارەنووسی کۆمەڵگادا پەیوەندی دروست بکەن. ساڵی ٢٠٠٤ لیسینگ لە کتێبی "زەمانە گازمان لێدەگرێت"، جارێکی تر دەچێتەوە سەر بابەتی سۆفیگەری. دوو بەرگی ئۆتۆبایۆگرافی لیسنیگ "ژێر پێستی من"(١٩٩٤) و پیاسەکردن لە سێبەر (١٩٩٧)، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە نووسینەکانی و خەڵاتی جەیمز تیت بلیکی لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ باشترین ئۆتۆبایۆگرافی پێ بەخشرا.

لیسینگ لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠ و سەرەتای ١٩٨٠ کاتی خۆی بۆ نووسینی چیرۆکی فەنتازیایی و زانستی- خەیاڵی تەرخان کرد. فیلیپ گلاس ئۆپراییەکی لەسەر ڕۆمانی "خولقانی نوێنەر بۆ ئەستێرەی ژمارە هەشت" دروستکرد و خودی نووسەر دەقەکەی (لیبرتۆ)ی ئۆپێراکەی نووسی و گلاس و لیسینگ جارێکی تر لە ساڵی ١٩٩٧ پێکەوە هاوکارییان کرد و لیسینگ لیبرتۆیەکی لەسەر ڕۆمانی ژیانی هاوسەرێتی نێوان ناوچەی سێ و چوار و پێنج نووسی و گلاس مۆسیقای ئۆپێراکەی دروستکرد. لیسینگ هەروەها بەهاوکاری چارلی ئەدلەر ڕۆمانێکی تایبەت و گرافیکی بە ناوی "یاری بکەین" بڵاوکردەوە.

لەو خەڵاتانەی کە وەریگرتووە دەکرێت ئاماژە بدەین بە خەڵاتی پرێنس ئاستۆریاس بۆ بەرهەمە درەوشاوەکانی و بەرگریکردنی لە ئازادیی ڕادەربڕین و هێنانە بەرباسی پرسی جیهانی سێیەم. هەروەها خەڵاتی ئەدەبی دەیڤید کۆهنی بەریتانیای بردەوە و هەروەها ساڵی ٢٠٠٥ خەڵاتی بۆکێری پێبەخشرا.

دووریس لیسینگ ساڵی ٢٠٠٧ بوو بە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی.

ئەم وتووێژەی لێرە بڵاو دەبێتە ساڵی ١٩٩٨ لە لایەن تامس فریکەوە ئەنجام دراوە و لە پاریس ریۆیۆ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

دووریس لیسنیگم لە ماڵی رابێرت گاتلیب لە شەقامی چلی مەنهاتن بینی و لەوێ وتووێژم لەگەڵ کرد. گاتلیب کە ساڵانێکی زۆر هەڵەچنی بەرهەمەکانی لیسینگ بوو لە کناپۆف، ئەوکات سەرنووسەری نیویۆرکێر بوو. خاتوو لیسینگ بۆ ماوەیەکی کورت هاتبووە نیویۆرک بۆ ئەوەی لە دانیشتنەکانی پرۆڤەی ئۆپێرای فیلیپ گاس کە بە پێی رۆمانی "خولقانی نوێنەر بۆ ئەستێرەی ژمارە هەشت" ئامادەکراوە و دەقەکەی خاتوو لیسینگ نووسیویەتی، بەشداری بکات. پلاندانان بۆ بەشداری لە پرۆڤەی ئۆپێرا، بەردەوام دەگۆڕدرا و دوای نامە و نامەنووسینێکی زۆر توانیم ببینم. (خاتوو لیسینگ نامەکانی لە پشت کارت پۆستاڵی و بە زۆری کارت پۆستاڵێک لە مۆزەخانەی بەریتانیا دەنووسی).

کە تەسجیل (زەبت)ەکەم هەڵکرد، خاتو لیسینگ وتی: "دەنگە دەنگێکی زۆری هەیە، ئێرە وەک ئەوەی لە باخێک لە پشت ریزێک خانووەوە دانیشتبێتی". بە ئاماژەی دەست خانووەکانی شار، شوێنی ژیانی کاترین هیپۆرنی پێ نیشاندام و ماوەیەک دەربارەی شارەکان پێکەوە قسەمان کرد. ئەو ماوەیە نزیکەی چل ساڵ لە لەندەن ژیابوو، کەچی هێشتا لای وابوو "هەموو شتەکانی شارێک نائاساییە!" لە شوێنێکی تر بۆچوونێکی سەرنجڕاکێشتری دەربڕیوە: "ئەگەر کەسێک بڵێت ئەندازەی بیناکان، زیاتر لەوەی بیری لێدەکەینەوە کاریگەرییان لەسەرمان هەیە، پێم سەیر نابێت". خاتوو لیسینگ وتی تا ئەو کاتەی بە تەمەنی ٦ ساڵی گەیشتووە تەنها شەش مانگ لە بەریتانیا بووە: "پێموایە منداڵەکان دەبێت سەفەر بکەن. کارێکی زۆر باشە منداڵەکان لەگەڵ خۆمان بەملاو ئەولادا ببەین، بۆ منداڵەکان زۆر باشە و بۆ دایک و باوکیشیان هەروەها".

لە سووچێکدا دانیشتبووین کە گیا دەوربەرمانی گرتبوو. قژە رەشەکانی دەبریسکانەوە و لە ناوەڕاستەوە قژی لەت کردبوو، پشت سەری تەماتەی لێبوو. ئەو شێوەی جلپۆشینەی کە ئێستا پۆشیبووی بە تەنوورەی زۆر کورت و بلووزەوە زۆر لەو رەسمانە دەچێت کە لە پشت کتێبەکانییەوەیە. تۆزێک ماندوو دیاربوو کە بەم هەموو سەفەرەی ئەم دواییانەوە سەیر نییە ماندوو بێت. دەنگێکی بەهێزی هەیە کە وات لێدەکات سەرنجڕاکێش بێت.

تامس فریک- پاریس ریۆیۆ-١٩٨٨

**تۆ لە ئێران، پێرشیای ئەو کات لەدایکبوویت، چۆن بوو باوک و دایکت چوونە ئەوێ؟**

باوکم لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەشداری کردبوو، دوای ئەوە نەیدەتوانی لە بەریتانیا بمێنێتەوە، بەریتانیا بەلایەوە شوێنێک بوو کە بچووک بوو بۆی. ئەو سەربازانەی لە سەنگەرە بەربلاوەکاندا ئامادە بوون ناتوانن لە ولاتدا بمێننەوە. هەر بۆیە داوای لە بانکەکەی کرد بینێرێت بۆ شوێنێک. ئەوانیش ناردیان بۆ (پێرشیا). لەوێ ماڵێکی زۆر گەورەیان پێدابووین، ژووری گەورە و حەسارێکی گەورە، ئەسپی هەبوو کە بەردەوام سواری دەبووین. ژیانکردن لە شوێنێکی کراوە و زۆرخۆش. بەمزوانە پێیان وتووم ئەو شارە وێران بووە. ئەمەش نیشانەی تێپەڕبوونی کاتە، شارێکی کۆنی جوان، کەس لێی تێ ناگات، زۆر شت وێران دەبێت، ناتوانین کەمتەرخەم بین. دواتر باوکمیان نارده تاران کە شارێکی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام دایکم خۆشحاڵ بوو، لەبەر ئەوەی لە وەفدی دیپلۆماتیکدا بوو. دایکم ژیانی لە تاران پێ خۆش بوو، ئەو ژیانەی دەپەرست. باوکم لەم شتانە بێزاربوو. جارێکی تر بۆ رێکەوتنامە گەڕایەوە. دواتر ساڵی ١٩٢٤ گەڕاینەوە بۆ بەریتانیا. شتێک دامەزرابوو کە پێی دەوترا "پێشانگای ئیمپراتۆری" ئەم شتە لە ئەدەبدا رەنگدانەوەی دەبێت، دەبێت کاریگەری زۆری بووبێت. ژووری رۆدزیای باشوور (زیمبابۆی)، گەنمەشامی گەورەی هەبوو، ئەم دروشمەی لەسەر بوو: "لە ماوەی پێنج ساڵدا دەوڵەمەند بن". شتی بێماناتری لەمجۆرە. کەوایە باوکم وەک کەسێکی رۆمانتیک چاوەڕوان دەکرا، خۆی کۆکردەوە، لەبەر ئەوەی لە جەنگدا پێی بریندار ببوو پێنج هەزار پاوەند غەرامەی وەرگرت، ئەو پێنج هەزار پاوەندەی هەڵگرت و بەرەو ولاتێکی نەناسراو کەوتە رێ بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەن مەزرا. سەردەمی منداڵی لە دەوروبەری "کالچستەر" ژیابوو، کە ئەو کات شارێکی بچووک بوو، واتە منداڵی خاوەن مەزرایەک بوو، سەردەمی منداڵی لەگوند ژیابوو. هەربۆیە روویکردە سەوزاییەکانی رۆدزیای باشوور (زیمبابۆی). بەسەرهاتی باوکم بۆ ئەو سەردەمە نائاسایی نییە، بۆماوەیەکی زۆر فیکر و زەین منی داگرتبوو. ئەوکاتەی "شیکاستا"م نووسی، زۆر بیرم لەوە دەکردەوە کە چەند سەربازی پێشتر کە بریندابوون لەوێ دەژیان، جا سەربازی ئەڵمانی یان بەریتانیایی، هەموویان بریندار، هەموویان بەخت یاوەریان بوو کە وەک هاوڕێکانیان نەمردبوون.

**رەنگە بەسەرهاتی جەنگ، چیرۆکی کۆنی سەربازەکانی جەنگی ڤێتنامی ئێمە بێت، کە دەگەڕێنەوە و ناتوانن لەگەڵ کۆمەڵگا خۆیان بگونجێنن.**

من نازانم کەسەکان چۆن دەتوانن ئەم شتانە قبووڵ بکەن و زۆر زوو خۆیان بگونجێنن. پرسیاری زۆر لە زەین و مێشکمدایە.

**بەمدواییانە بیرەوەرییەکت لە گۆڤاری "گرانتا" چاپکردووە، کە بە پێی ناوەکەی بێت دەربارەی دایکتە، بەڵام لە راستییدا بەشێوەیەک، دەربارەی باوکت نووسیوتە.**

مرۆڤ چۆن دەتوانێت بەجیا دەربارەیان بنووسێت؟ هەردووکیان دەیانگوت ژیانی دایکم بووە بە قوربانی ژیانی باوکم.

**کە پێشبینییەکانی باوکت دەربارەی زێڕ، گیا گەورەکان و بەسەرهاتەکانی دەخوێنینەوە، سەرمان سووڕ دەمێنێت..**

باوکم کەسێکی زۆر جیاواز و سەیر بوو. پیاوێکی زۆر دەست و پێ بەستراو بوو، کە بەشێکی زۆری بەهۆی جەنگ و ئەم شتانەوە بوو. ڕووداوەکان ئەویان بەشوێن خۆیاندا دەکێشا، نەیدەتوانی خۆی بگونجێنێت. دایکم ژیانی ئێمەی بەڕێوە دەبرد و بەشێوەیەک ئەو بەڕێوەبەر بوو، هەموو شتێکی ڕێکدەخست.

**لام وایە پێشبینییەکانی باوکت بۆ دۆزینەوەی زێڕ ئاوانگارد و زانستیانە بوو.**

ئەو لای وابوو هەموو کەس دەتوانێت دەربارەی زێڕ و کانزا گرانبەهاکان پێشبینی بکات بەو مەرجەی پێشبینیکردن بزانێت- رەنگە قسەکانی بە دوور لە راستی نەبن. هەربۆیە بەردەوام لە تاقیکردنەوەدا بوو. من لە چیرۆکێکدا بە ناوی "ئەلدورادۆ" بە شێوەی وتوویژ باسی باوکمم کردووە. من لە وڵاتی زێڕدا دەژیام، چواردەورمان پڕبوو لە کانە زێڕ.

**کە وایە زۆر بێمانا نەبوو قسەکانی باوکت؟**

نا، وەرزێڕەکان هەموو کات تەشوێ یان تاوەیەکیان پێبوو لەناو ئۆتۆمبێلەکەیان بۆ کاتی مەبادا و هەموو کات بە تۆزقاڵێک زێڕەوە کە لە بەردەکانیان کەندبۆوە دەگەڕانەوە بۆماڵەوە.

**که منداڵبوویت چواردەورت پڕبوو لە حیکایەتبێژ؟**

نا، ئەفریقاییەکان حیکایەتیان دەگێڕایەوە و ئێمە بۆمان نەبوو تێکەڵیان بین. ناخۆشترین و خراپترین شتی سەردەمی منداڵیم ئەمە بوو. ئەگەر وا نەبوایە رەنگە سەردەمی منداڵیم سەردەمێکی دەوڵەمەند و زۆر باش بوایە، بەڵام منداڵێکی سپیپێست بۆی نەبوو لە ئەفریقییەکان نزیک بێتەوە. ئێستا لە بەریتانیا پەیوەندیم هەیە لەگەڵ "کۆلێجی حیکایەتبێژەکان". نزیک بە سێ ساڵ لەوەوپێش گرووپێک لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە بۆ ئەوەی حیکایەتبێژی وەک هونەرێک پەرەپێبدەن. ئێستا کارەکان زۆر بە باشی دەڕواتە پێش. من تەنها ئەوەیە پشتیوانیان لێدەکەم و لە هەندێک لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری دەکەم. لە سەرەتادا کێشەمان ئەوە بوو خەڵک لایان وابوو حیکایەتبێژی جۆک گوتنە. ئەمە رەنگە ئێمەی دڵساردکردبایەتەوە! دواتر بینیمان ژمارەیەک وەک دەرمانی بەکۆمەڵ چاو لە حیکایەتبێژی دەکەن. هەموو کات کەسێک هەیە باس لە ئەزموونە تاکەکەسییەکانی خۆی بکات و ئەزموونە تاکەکەسییەکانی بگێڕێتەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر حیکایەتبێژی راستەقینەش پەیوەست بوون پێمانەوە. ژمارەیەک لە ئەفریقاوە- لە هەموو شوێنێکی ئەفریقاوە- ئەوانەی کە هێشتا حیکایەتبێژی وەک نەریتێکی باو و باپیران پارێزراوە لە لایان، یان ئەوانەی کە هەوڵیاندەدا نەریتی حیکایەتبێژی زیندوو بکەنەوە و پەرەی پێبدەن. بەکورتی "کۆلێجی حیکایەتبێژەکان" کارەکانی بە باشی دەباتە پێشەوە، زۆر باش دەچێتە پێشەوە. کە دانیشتنی حیکایەتبێژی لە لەندەن و شوێنەکانی تر بەڕێوە دەچێت، زۆر کەس بەشداری تێدا دەکەن. مرۆڤ کە دەبینێت بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوانە دەیانتوانی کاری تر بکەن، وەک دانیشتن لەماڵەوە و تەماشای حەڵقەی تەلەفزیۆنی کردن، سەری سووڕ دەمێنێت.

**کە گەڕایتەوە بەریتانیا چ هەستێکت هەبوو، لەبیرمە (جەی.جەی. بالارد) کە لە شانگهایەوە گەڕابۆوە بۆ بەریتانیا، هەستی دەکرد ئەوێ جێگای ئەو نییە. هەستی دەکرد هەموو شت بچووک و دواکەوتووانەیە؟**

بەڕاستی وایە. من زۆر هەستم بە بێزاریی، نامۆیی و رەنگ زەردی و شێ دەکرد. هەموو شت لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بوو و زۆر لەناوەوە بوو. ئێستاش هەر ئەو هەستەم هەیە. لام وایە جوانە، بەڵام زۆر رێکوپێکە. لام وا نییە یەک سەنتی مەتر لە خاکی بەریتانیا هەبێت کە بە شێوەیەک دەستکارییان نەکردبێت. لام وا نییە هیچ کوێ گیای کێویی تێدا بێت.

**هەست دەکەیت پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ سەرزەمینێک لە چەشنی سەرزەمینی ئەفریقا، کە پڕە لە راز و رەمز، ئێرەیی بەو ساتانەوە دەخوازیت؟**

چۆن پێت بڵێم، من لەو ژینگەیەدا نەدەژیام. دەژیام؟ ژیانی من بەو شێوەیە نەبوو. سێ ساڵ لەوەوپێش کە جارێکی تر گەڕامەوە بۆ زیمبابۆی، دوو ساڵ دوای سەربەخۆییان، جوان دیاربوو کە کەسێکم سەر بە رابردوو. هەڵسوکەوتی من وەک کەسێک کە ئێستا هەم، بەدڵنیاییەوە ئێستا سیمبۆلێکە! لەبەر ئەوەی من "کچێک بووم لە گەڕەکێک کە ئێستا بووم بە کەسێکی باش". لەژێر دەسەڵاتداری رژێمی سپیپێستدا، من زۆربەی کات کەسە خراپەکە بووم. کەس بە باشی لەگەڵم قسەی نەدەکرد، بڕیاربوو تەنانەت کەسێکی نەفس نزمیش بم، بەڵام ئێستا بووم بە "کەسێکی باش".

**لەبەر جۆری روانینت بۆ رەشپێستەکان، کەسە خراپەکە بوویت؟**

من دژ بە رژێمی سپیپێست بووم. لەو کاتدا لەوێ "لەمپەرەکانی رەنگین پێستی" بە تەواوەتی دەپارێزرا. ئەم دەستەواژەی "لەمپەرەکانی رەنگین پێستی" ئێستا بە تەواوی نەماوە. تەنها پەیوەندییەک کە هەمبوو لەگەڵ رەشپێستەکان، پەیوەندیم بوو لەگەڵ خزمەتکارەکان. پەیوەندی دروستکردنی عاقڵانە لەگەڵ ئەو رەشپێستانەی کە بەهۆی حکومەتی سەربازییەوە دەبوایە کاتژمێر ٩ لە ماڵ بن، زۆر دژوار بوو، ئەوان لە گەڕەکی هەژارنشین دەژیان کە ئێمە نەدەژیایین.

**لە بیرەوەرییەکدا کە لە گرانتا چاپ بووە، وێنایەک لە منداڵی تۆ هەیە، ژماردنی چەک و چۆڵەکانی دەوروبەرت، تەقەکردن..**

ئەوکات کۆمەڵێک یارییمان دەکرد. ئێستا ئەو یارییانە زۆر کەمبۆتەوە و وەک پێشتر نەماوە، سپی پێستەکان هەموو ئەو یارییانەیان لەناو بردووە.

**ئەو کات حەزت دەکرد ببیت بە نووسەر؟ ئاماژەت بەوە داوە دایکت زۆر گرینگی دەدا بە نووسینەکانت، بەڵام تۆ هەرچیت دەنووسی لێت دەشاردەوە.**

دایکم ژنێک بوو کە زۆر کەم بە ئاواتەکان و مەبەستەکانی گەیشتبوو. توانای زۆری هەبوو و هەموو تواناکانی خۆی بۆ من و خۆشکەکەم تەرخان دەکرد. ماوەیەکی زۆر ئاواتی ئەوە بوو ببم بە مۆسیقار، لەبەر ئەوەی خۆی مۆسیقارێکی

تا رادەیەک لێهاتوو بوو. من زۆر حەزم لە مۆسیقا نەبوو و توانایەکی وەهام نەبوو، بەڵام ئەوکات هەموو دەبوایە مۆسیقایان بخوێندایە. دایکم هەمووکات پاڵی پێوە دەنام. هەڵبەت لە رووبەکەوە زۆرباش بوو، پێویستە منداڵان ناچار بکەیت کارێک بکەن، بەڵام ئەو شتەی لەو رێگاوە بەدەستمان دەهێنا دەبوو بە هی دایکم. کە وایە ئێمە دەبوایە بەرگریمان لە مافی خۆمان کردبا. لام وایە هەر منداڵێک رێگایەک دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەنی بەرهەمەکانی خۆی.

**بەلامەوە سەیر و سەرنجراکێشە کە بزانم لە منداڵیدا دەتویست ببیت بە نووسەر.**

هەندێ شتی تریش. بەدڵنیاییەوە دەمتوانی ببم بە دکتۆر. کاری کشتوکاڵم پێخۆشە و دەمتوانی سەرکەوتووبم و کاری لەمجۆرە. نەگەیشتن بەو شتانە منی کرد بە نووسەر. لام وایە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران هەر بەم شێوەن.

**لەو رووەوە تۆ بە ستایلی جیاواز رۆمانت نووسیوە خەڵک هەست بە بێوەفایی ناکەن کە بەم گرووپ یان ئەو گرووپەوە نەچەسپاویت؟ بیرم لە لایەنگرانی چیرۆکە زانستی- فەنتازیاییەکان دەکردەوە کە بەرامبەر بە نووسەرانی زانستی- فەنتازیایی دەمارگرژن و ئەگەر دایم و دەرهەم سەر بە یانە بچووکەکەی ئەوان نەبیت دەرەنجێن.**

بەڵێ، دەمارگرژن و بیرکورتن. لە راستییدا ئەو کەسانەی کە بە خۆیان دەڵێن نوێنەری ئەو کەسانە، وا دەردەکەوێت دەیانەوێت نووسەران پۆلێنبەندی و تاقمبەندی بکەن. من وەک میوانێکی فەخری بانگکرابووم بۆ کۆنڤانسیۆنی جیهانی چیرۆکە زانستی- خەیاڵییەکان لە برایتۆن. دوو نووسەری زانستی- خەیاڵی رووس بانگهێشت کرابوون. پێشتر کێشە هەبوو، ئێستا هیوادارن گلاسنۆست ئیزن بدات نووسەرەکانیان ئامادەبن و بەشداری بکەن. لە راستییدا هیچکات بیرم لەوە نەکردبۆوە دوایین کتێبم زانستی- خەیاڵی یان شتێکی لەوجۆرە بێت! ئەوکات کە تەنها لەبەر زانستی-خەیاڵی نووسین رەخنەیان لێگرتم، زانیم پێم ناوەتە سەرزەمینی پیرۆزەوە. ئەوەی راستی بێت من بەڕاستی زانستی-خەیاڵی نانووسم. تەنها کتێبێکم لە "سۆلاریس"(Solaris) خوێندۆتەوە. زانستی- خەیاڵی کلاسیکە... پڕە لە بیرۆکەی زانستی کە نیوەی بە کەڵکی من نایەت، لەبەر ئەوەی لێی تێ ناگەم و تێی نەگەیشتم، بەڵام ئەو بەشەی لێی تێگەیشتم سەرنجراکێش

بوو بەلامەوە. من کەسانی گەنج زۆر دەبینم- هەرچەند هەندێکیشیان بە مانای گەنجبوون گەنج نین- کە دەڵێن: "داوای لێبووردن کاتمان بۆ ریالیزم نییە". و پێیان دەڵێم" خوا هاوار! بەڵام ئێوە سەرنج بدەن چی لەدەست دەدەن! چەند دەمارگرژن!" دەی بە دەستی خۆیانە و حەزناکەن لەو شتانە بخوێننەوە. دواتر کەسانێکی تەمەن مامناوەند دەبینم دەڵێن: "داوای لێبوردن، بەڵام ناتوانین چیرۆکە ناڕیالیستییەکانی تۆ بخوێنینەوە". لام وایە جێگای داخە. لەبەر ئەوەی زۆرم پێخۆش بوو میوانی فەخری ئەم کۆنڤانسیۆنە بووم.

**من لەو رووەوە "شیکاستا"م پێخۆشە کە سەرجەم ناوەرۆکە رۆحییەکانی کە لە چیرۆکە زانستی- فەنتازیاییەکاندا نوقم بووە، یان سەرکەوتوو رەمزاوی بووە، کردووە بە باکگراوند.**

کە ئەو کتێبەم دەنووسی بە هیچ شێوەیەک بیرم لە زانستی- فەنتازیایی نەدەکردەوە، بەڕاستمە. بە دڵنیاییەوە کتێبێک نییە چۆن بڵێم بەم رستەیە دەست پێ بکات: "کاتژمێر سێی فلانە دوا نیوەڕی ساڵی ۱۸۸۳ لە تامسک..."، کە دژ بە روانگەی کەیهانییە و رەنگە ئەمجۆرە دەستپێکردنە لە پلەی دووەمدا بێت بۆم.

**تۆ پێشەکیت بۆ چەند کۆمەڵەچیرۆکی دەقە سۆفیگەرییەکان نووسیوە، چۆن بوو هۆگری سۆفیگەری بوویت؟**

دەزانیت حەز ناکەم لەم بارەیەوە قسە بکەم و زۆرم پێ ناخۆشە لەم بارەیەوە قسە بکەم. لەبەر ئەوەی ئەوشتەی تۆ باسی دەکەیت زۆر لە مەبەستی منەوە دوورە و وا دەکات باسەکە بەلاڕێدا ببات. من لەو نووسینانەدا بە شوێن نەزم و پرەنسیپدا دەگەڕام. هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی مرۆڤ پێویستی بە مامۆستایەکە. من بە شوێن مامۆستایەکەوە بووم، بەڵام هیچکامیانم بە دڵ نەبوو، لەبەر ئەوەی هەمووان بە جۆرێک "مورشد"[۳] بوون. تا ئەوەی کە هەندێ شتم دەربارەی ئەو پیاوە"شاە"[٤] بیست. بیستم کە سۆفییە. بەڕاستی خستمییە ژێر کاریگەری خۆیەوە. هەربۆیە لە سەرەتای دەیەی ۱۹٦۰ەوە هۆگری سۆفیگەری بووم. زۆر دژوارە هەموو شت بەکورتی لێرەدا باس بکەم، لەبەر ئەوەی قسەکردنە دەربارەی ئەزموونەکانی مرۆڤ. حەزناکەم بۆچوونی خۆم لەو بارەیەوە دەرببڕم لەبەر ئەوەی هەمووان قاو دەدەن کە من سۆفیم. لەبەر ئەوەی کتێبێکیان خوێندۆتەوە و بەلایانەوە سەرنجڕاکێش بووە، ئەم قسانە

به تەواوەتی دژ یان پێچەوانەی وتە و هەڵسوکەوتی سۆفییە. ژمارەیەک لە گەورەترین سۆفییەکان وتوویانە: "هیچکات بە خۆیان ناڵێن سۆفی- زۆر قورسە بەخۆیان بڵێن سۆفی" خەڵکانێک نامەم بۆ دەنووسن، بەم شێوەیە دەنووسن: "سڵاو دۆریس، بیستوومانە تۆش سۆفیت!" دەی من چی بڵێم، پێمخۆشە وەڵامیان نەدەمەوە.

**بیرلەوە بکەوە خەڵک حەز دەکەن بە شێوەیەک تۆ بکەن بە مورشد و رێنوێنی خۆیان، جا یان لە رووی سیاسییەوە یان مێتافیزیکییەوە؟**

لامولیە خەڵک هەموو کات بەشوێن مورشد و رێنوێندا دەگەڕێن. ئاسانترین کار لە دونیا بە مورشدبوونە. زۆر ترسێنەرە. جارێک لێرە، لە نیویۆرک، شتێکی سەرنجڕاکێشم بینی. وا بزانم سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ بوو، سەردەمی مورشدی. پیاوێک دەچووە سەنتراڵ پارک و بە پاڵتۆیەکی زێڕینی پڕ زریق و بریقەوە دادەنیشت. تەنانەت بۆ جارێکیش متەقی لێوە نەدەهات، تەنها ئەوە بوو دادەنیشت. نزیک نانی نیوەڕۆ دەردەکەوت. خەڵک لە هەموو شوێنێکەوە دەهاتن لەبەر ئەوەی پیاوێکی پیرۆز دیار بوو. ئەم کارە چەند مانگی خایاند. هەمووان بێدەنگ و بەڕێزە بە دەوریدا دادەنیشتن. سەرەنجام ئەو پیاوە لەم خەڵکە بێزاربوو و رۆیشت و نەگەڕایەوە. هەر ئەمە، بەم ئاسانییە.

**با پرسیارێکی ترت لەم بارەیەوە لێ بپرسم. تۆ باوەڕت بە دۆنادۆن هەیە؟**

لامولیە شتێکی سەرنجڕاکێشە. خۆم باوەڕم پێی نییە. من وا بیردەکەمەوە ئێمە لەم سەفەرە دووردرێژەی خۆماندا چاوێک لەم هەرێمە بکەین و بەم دونیادا گوزەرێک بکەین.

**ئەم ئەستێرە (زەوی)یە، تەنها وەستانێکی کورتە؟**

ئێمە- واتە ئەو کەسانەی خۆمان بە شاگردی "شا" دەزانین- هان نادەن کە زۆر بیر لەم شتە بکەینەوە. لەبەر ئەوەی کاری گرنگتر هەیە بۆ ئەنجامدان، بەڵام دەربارەی دۆنادۆن، بیرکردنەوە لێی سەرنجڕاکێشە، تەنانەت کتێب نووسین لەوبارەیەشەوە هەر سەرنجڕاکێشە! بەڵام تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە منەوە هەیە، لە شیکاستا، دۆنادۆن تەنها خوازەیەکی سەرنجڕاکێشە یان روانگەیەکی ئەدەبی، هەرچەند دەزانم کەسانێک وەک کتێبی وانە وەرگرتن سەیری شیکاستا

دەکەن و دەیخوێننەوە.

**رەنگە بەرپرسایەتی و ئەرک؟**

شێوەیەکی حیکایەتبێژی- باوەڕی ئایینە گەورەکانمان تێکەڵی بووە. من لە پێشەکی شیکاستادا نووسیوومە ئەگەر "پەیمانی کۆن" و "پەیمانی نوێ" و بەشەکانی کتێبی پیرۆز و قورعان بخوێنێتەوە، چیرۆکێکی درێژکراوە دەبینێت. ئەم ئایینانە کۆمەڵێک ئایدیای تایبەت و هاوبەشیان هەیە و یەکێک لەو ئایدیایانە دەربارەی جەنگی کۆتایی یان دۆزینەوەیە (مکاشفە). کە وایە من هەوڵم داوە ئەم ئایدیایانە پەروەردە بکەم. ناوم ناوە حیکایەتی ئاسمانی، لەبەر ئەوەی نەدەکرا ناوێکی تری لێ بنێم.

**پەراوێزەکانی بەشی یەکەم**

١-**ئۆلیڤە** شراینەر (Olive schreiner) (١٨٥٥-١٩٢٠)

٢-ئیدریس شاە ساڵی ١٣٠٣ لە باکووری هیندستان لەدایک بوو. یەکەم کتێبی خۆی ساڵی ١٩٥٦ بە ناوی «سیحری رۆژئاوا» چاپکرد و ساڵی ١٩٥٧ کتێبی «کەعبەی ئامانج»ی نووسی، کە لە راستییدا سەفەرنامەی ئەوە بۆ مەککە و عەرەبستانی سعودی. وەک نووسەرێکی عارف ناسراوە و ١١ کتێبیشی بۆ منداڵان نووسیوە. (و- کوردی)

٣-مورشد: چەمکێکی سۆفیگەرییانەیە و بەو کەسە دەڵێن ئیرشاد دەکات.

٤-shah

**سەرچاوە:**

کتێبـی: «گفتگو با یازده زن نویسنده»

مترجم: مهرشید متولی

# زەبەلاح

**ئیف تریۆلت- کەنەدا**

**و. لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵڵا**

(دورمایۆن لۆ گران) پیاوێکی زۆر قووچ بوو، درێژیی لە دوو مەتر و نیو زیاتر بوو، بە ناچاریی دەبوو ئەو دۆڵە جێبهێڵێت کە هاوشێوەکانی تێیدا نیشتەجێبوون و روو بکاتە گوندە شاخاوییەکانمان، کە شوێنی باڵاکورتەکان بوو، تا خۆی لە بەردەم ئەو راستییەدا ببینێتەوە کە ئەو زەبەلاحە.

بێگومان گەیشتنی بەو راستییە تەنگەتاو و بێزاری کرد، چونکە زێدی خۆی بەجێهێشتبوو، نەشیدەتوانی بگەڕێتەوە تا تووڕییەکان دادەمرکانەوە.

بەڵام تۆ بڕوانە پیاوەکانمان! بڕوانە ژنەکانمان؟

دورمایۆن بە بێ ژن ناتوانێت بە ئاسانی و ئاسوودەیی بژی، چونکە لە تەمەنی ژنهێناندا بوو، هەروەها چەند خوویەکی دیاریکراویشی لا دروست ببوو...

بەڵام ئێمە تەنیا ئەو ژنانەمان هەیە کە لەگەڵ قەبارەی خۆماندا گونجاون، چەند بەخشندە و خێرانداریش بین نابێت باشییەکانمان بگاتە رادەی گەمژەیی...

فەرموون لەگەڵ ئەوەی (فرنال) گوتی:

من وەک خۆم، زۆر بەتوندی هاوسۆزم لەگەڵ دورمایۆن، بەڵام هیچمان نییە تا لە پێناویدا بیکەین.

بێگومان مەبەست لە (هیچ) کار نەبوو. ئەوە نیعمەتی خوایە کە پاڵەوانێکت دەستبکەوێت دوو باڵی درێژ و بەهێزتری دوو بەرامبەر لە باڵی ئێمەی هەبێت. راستییەکەی ئێمە کرێکاری هەوڵدەرین، بەڵام کورتیی باڵمان نایەڵێت بە باشی و لە کاتی خۆیدا بە کارەکانمان هەستین، بە سستی هەنگاو دەنێین و بەزۆر دەگەینە مەبەستمان، بڕی کەم کەم لە دانەوێڵە دادەچێنین، دەبێت تواناکانی دووانمان یەکبخەین بۆ بڕینەوەی خورییەک، ئەگەریش خوری بەران بێت ئەوا دەبێت بە سیان خەریکی بین.

فەرموون لەگەڵ ئەم رووداوە:

بارنۆ مێوی کێویی هەیە، کە زۆر پڕ بەرهەمە، بەڵام نەخۆشی بارنۆی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاردا خست، ئێمە سەرقاڵی لابردنی رەنوە بەفرە زەبەلاحەکان بووین کە بەهۆی دوو هەرەسی گەورە و باران و زریانی سەختەوە کە قووڕی زۆری لە سەر رێگاکانمان کەڵەکە کردبوو و نیوەی بەرهەمی دانەوێڵەکەمانی لەناوبردبوو، هەموو ئەمانە بۆ ئەوەی بڵێم کە مێوەکەی بارنۆ بەرەو بەرزی هەڵزنابوو، گابەردەکەی تێپەڕاندبوو و لەوێ لەنێوانی زەوی و ئاسماندا جێگیر ببوو.

کەواتە دورمایۆن هەر لە یەکەم رۆژی گەیشتنییەوە چی کرد؟

چوو بۆ سەر بەرزاییەکە و پەیژەیەکی لەگەڵ خۆی برد و باڵە درێژەکانی درێژکرد، قەڵەمی کرد، کورتی کردەوە، مێوەکەی کۆکردەوە، بەجۆرێک وا دەردەکەوت لەوپەڕی رازاندنەوە و جوانکارییدا بێت.

- پێویستە ژنێکی بە قەد باڵای خۆی بۆ پەیدا بکەین، (ئێوارەیەکیان بریتۆن مۆرگان وتی)، ئێمە هەزار ئەوەندە قەرزاری ئەوین، ئایا دان بەوەدا نانێن کە ئێستا مەزراکانمان بەخشندەترن و کارەکانمان لە کاتێکی خێراتردا بە ئاستێکی باشتر ئەنجامدەدرێن؟ لە کاتێکدا کە دورمایۆن هەموو کارەکان لە سەرەوە ئەنجام دەدات، ئێمە کاتمان زۆر بووە بۆ ئەوەی کارەکانمان بە باشی لەژێرەوە ئەنجام بدەین...

ئەم وتەیە لە دووتوێیدا حیکمەتێکی قووڵی هەڵگرتووە.

ئەو ئێوارەیە و لەو شوێنەدا و دوای مشتومڕێکی زۆر لە دەوری مێزێکی گەورە، هەروەک هەموو ئێوارەیەک بۆتە خوو لەوەتەی دورمایۆن هاتۆتە نێوانمانەوە، وەک پێم راگەیاندن ئەم ئێوارەیە مۆرگان رایسپاردین کە سبەینێی رۆژی داهاتوو دەچێت بۆ دۆڵەکە تا بەشوێن ژنێکدا بگەڕێت کە گونجاو بێت لەگەڵ درێژیی دورمایۆندا، هەروەک مارەیی داواکراویش دەدات، ئەگەر

پێویستیش بکات مارەیی زۆر دەدات تا بتوانێت کچێک بدۆزێتەوە و لای خۆمان نیشتەجێ ببێت.

- رازین.. مۆرگان وتی... پریاسکەیەکی پڕلە زێڕ دەهێنم نەوەک پێویست بکات، ئیتر زەبەلاحەکەمان بەتەنیا شەوانی بەسەر نابات، وەک پێشتر لە ماڵێکی شێواودا بە بێ ژن دۆشدادەما.

بۆ رۆژی دوایی هەواڵەکە لەنێو هەموو ماڵەکاندا بڵاوبووەوە... مۆرگان بەدوای مێینەیەکدا دەگەڕێت کە لاقەکانی لەگەڵ لاقەکانی دورمایۆندا بگونجێت...

ئەی باشە هۆکاری ئەم هەموو زەردەخەنە نامۆیانە چییە؟!

(ئادیل)، (ئادیل)ی چاکەکار، کە لەکاتی پێویست و بەبێ داواکاری قاچەکانی هەڵدەبڕێت، قاقایەکی بەرزی لێدا...


ئێوە گەمژەن... نەفامن... زێڕەکەتان بەفیڕۆ دەچێت. کاتێک ئێوە هەموو ئێوارانێک خەریکی مشتومڕ بوون، میوانەکەتان (دورمایۆن) هەرگیز نەنوستبوو، سەردانی خێزانەکانتانی دەکرد و دەیسەلماند کە سەرباری زەبەلاحییەکەشی، جووتبوونی دروست بە رووتی و بە بێ ئەرک ئەنجام دەدرێت.

بەڵگەش بۆ قسەکانم ئەوەیە، کە ئێستا لە گوندەکەماندا و دوای ئەوەی دورمایۆن هاتۆتە نێوانمانەوە، واتە دوای ساڵێک زیاتر، چوار جووت جمکی بەهێز و لانیکەم شەش منداڵی قاچ درێژ و دوو دەرزەن زیاتر ژنانمان هەیە کە ئێستا لە زەبەلاح و بگرە لە دێویش ناترسن.

**سەرچاوە:**

نادی القصه بالمغرب

# دواساتەکانی ئەندریە جید



ئەندریە جید

ن: سەعدی یوسف

و. هەنار ئەلسەراج

لەوانەیە خوێنەر باسەکانی ئەندریە جید و ئەندریە جید خۆی، بە شێتی گەڕانەوە بۆ رابردوویەکی نیمچە بیرچوو دابنێن، بەڵام ئەندریە جید لە بواری رۆشنبیری میللەتەکەیدا ئامادەگی هەیە و لە هەڵسوکەوتی هاوڵاتییانی ئەو ئۆقیانووسەدا دیارە، هێشتا هەموو خوێندنەوەکان سەبارەت بە جید باس لەوە دەکەن کە جید کەسێکی داهێنەرە، یەکێکیش لەو خوێندنەوانەی تا ئێستا بایەخێکی باشی پێدەدرێت، ئەم خۆێندنەوەیەیە کە پێشکەشتانی دەکەم (Andre Gide – A Life in the Present – By Alan Sheridan– Penguin Books ١٩٩٨)، کە لە ٧٠٠ لاپەڕەدا نووسراوەتەوە، منیش پێم باش بوو کوورتەیەکتان بۆ بگێڕمەوە سەبارەت بە دواساتەکانی جید...

ژیانی جید ژیانێکی تا ئەوپەڕی دەوڵەمەندیی و پڕ لە جەدەل بوو و گۆڕانکاری بە واتا ماددی و مەعنەوییەکەی پێوە دیاربوو، هەر لێرەشەوە ئەستەمی کاری (ئاڵن شریدان) دەستی پێکرد (شریدان)، رۆژ لەدوای رۆژ بە شوێن ئەو ژیانە پڕ لە سامان و وردکارییە مانادارانەوە بوو، عەوداڵیی و ماندووبوونی شریدان جێگەی پێزانین و بەرزڕاگرتنە...

١٦ی شووباتی ١٩٥١ دکتۆر دۆلای گەیشتە ماڵی جید، دۆلای دیقەتی نیو قاپ شامپانیای داخراوی کرد، کە لەسەر تەپڵەکێکی بچووک لە تەنیشت سیسەمەکەی جیدەوە دانرابوو، کتێبێکی فرجیل، پاکەتێک جگەرەی نیمچە تەواوبوو.

جید که به ئەستەم هەناسەی دەدا وتی: (دەترسم رستەکانم لە رووی رەوانبێژییەوە تەواو نەبن)، هاوڕێیەکی جید دەڵێت: ئەمە ئەو ترسەی دوو ساڵ پێش ئێستایە کە پەیوەستی کردم بە جیدەوە، ترسی لەدەستدانی زاڵبوون بەسەر زمانەوانیدا لە رووی رێزمان و رەوانبێژییەوە، کە ئەمەش ترسێکی رەوایە لەلایەن ئەدیبێک و ئەدەبدۆستێکی هەمیشە سەوزەوە، کە هەست بکات ئەو کەرەستەیەی بە سەبرێکی لە رادەبەدەر درووستی کرد و هەموو هێز و توانای خۆی پێبەخشی، ئێستا خەریکە جێی دێڵێت.

جید وەک لە سەرەتای خەودا بێت وابوو، چاوی کردەوە و وتی: (ئەمە هەمیشە شەڕە لەنێوان ماقووڵ و ناماقووڵدا).

دۆلای بە پرسیارەوە بە خانمە بچووکەکەی وت: ئایا هەست دەکەیت کە ئەمە کۆتاییەکە بێت؟ پێم باشە هەوڵبدەیت پێی رابگەیەنیت کە ٣٠ ساڵە ژیاننامەی ئەو دەنووسیتەوە، چی دەڵێت و چی دەکات، دڵی زۆر پێ خۆش دەبێت.

دەوروبەری کاتژمێر ٥ی ئێوارە جان شلومبرجر لە رۆماوە گەیشتە لای جید، چونکە لەوە دەترسا کە ئەمە دواساتەکانی جید بێت، دۆلای، پەنسلین و دوو دەرزی سباسماگلینی لە جید دا، بۆ ئەوەی بە بەخەبەری بمێنێتەوە، بەڵام دۆلای دڵی تەنگ بوو لە نەمانی جید تا سبەی.

کاتژمێر ١٠ی شەو مارتان دۆگارد گەیشتە لای جید، کە پێشتر تەنها لە رێی تەلەفۆنەوە زانیارییەکانی دەست دەکەوت، لەسەر قەنەفەکە شەوی بەسەر برد، لە رۆژی دواییدا دۆگارد نامەیەکی بۆ جانی بوسی رەوانە کرد، تیایدا وتبووی: چاوەکانی داخراون، چەند کاتژمێرێکی دووروودرێژ دەخەوێت، پاشان زۆر بە ئەسپایی چاو دەکاتەوە، سەیری دەوروبەری خۆی دەکات، دەیانناسێتەوە، دەستیان بۆ درێژ دەکات و بە زەردەخەنەیەکەوە سوپاسیان دەکات و دەخەوێتەوە.

کاتێک دکتۆرەکە لە جیدی پرسی: هەست بە هیچ ئازار و ناڕەحەتییەک دەکەیت؟ جید زۆر بە روونی وەڵامی دایەوە: نە ترس و نە دوودڵی، هیچ ئاسەوارێکی خەم یان پەشیمانبوونەوەم نییە، هەست بە متمانەیەکی تەواو دەکەم، ئەمەش جورێکە لە جۆرەکانی قۆڵ بە قۆڵی یاساکانی سروشتدا بکەم، هیچ مرۆڤێک ناتوانێت مردنێکی لەوە سازگارتر و لەوە بێ سۆزتر بمرێت، خانمە بچووکەکە هەموو ئەم وشانەی نووسییەوە، ئەمشەویش کەس خەوی لێ نەکەوت، خۆشبەختانە تەنها جید خەوی لێکەوت.

جید هەر کە چاوی هەڵهێنا، وتی: هەموو شتێک باشە قاوەیەکم بۆ بێنن، کەس

بەتەما نەبوو جارێکی تر گوێی لە دەنگی بێت هەموو سەرسام بوون، پاشان بە بیسی کچی وت: کۆچکردن زۆر قوورسە.

لەم ساتانەدا کۆبوونەوەیەکی خێزانی سازدرا باس لەوە کرا کە ئەگەر حکومەت بڕیاری دا ڕێوڕەسمێکی ڕێزلێنانی حکومیی بۆ بکات! هەموو ئەندامانی خێزانەکە ئەوە ڕەت بکەنەوە، چونکە جید هەمیشە هەموو ڕێزلێنانەکانی دەوڵەتی ڕەتکردۆتەوە، ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانی حکومی لە هەموو ئەو شتانە کەم دەکاتەوە کە جید چەند ساڵێک لەمەوبەر شۆڕشی بۆ بەرپا کردوون.

خانمە بچووکەکە هاتە ژوورەکەوە و جیدی ئاگادارکردەوە لە نووسینەکانی کە ٣٠ ساڵە ژیاننامەی بۆ دەنووسێتەوە، جید لەژێر لێوەوە وتی: خوات لەگەڵ، خانمەکە زۆر دڵتەنگ بوو، لەوانەیە جید لە قسەکانی نەگەیشتبێت، پاش کەمێک بییر هاتە دەرێ، وتی: جید پێی وتم باش تێگەیشتم خانمە بچووکەکە چی وت، زۆر باشە، زۆر باشە.


ڕۆژی یەکشەممە تێپەڕی و هیچ رووی نەدا، جید وەک خۆیەتی، بەر لەبەیان کچەکانی جید کاترین و بیس باوکیان شووشت و جلوبەرگیان بۆ گۆڕی و دکتۆرە گەنجەکە هاتەوە و دەرمانەکانی پێدا و میوانەکانیش دەستیان کرد بە سەردان و زەنگی تەلەفۆن بێدەنگ نەدەبوو، پاش کاتژمێر ١٠ی شەو هەناسەکانی جید زۆر پچڕپچڕ بوون و جید ڕاکشابوو دەمی دەکردەوە هەوڵی هەناسەدانی دەدا، بیس دەستی باوکی گرت، ئێستا ١٢ کەس لە ژوورەکەدایە، بۆ چەند ساتێک لەو ژوورەدا لەوە دەچوو زەمەن وەستابێت، دکتۆرەکە فەحسی دڵی کرد و هەموو شتێک کۆتایی پێهات، نە خەو ما و نە جووڵە ما، لەو ساتەدا بێدەنگییەکی لەڕادەبەدەر بوو، پێدەچوو کە ئەو بێدەنگییە هەر بەردەوام دەبێت، لەپڕێکدا ئەلیزابێس بێدەنگییەکەی شکاند، دەستی جیدی ماچ کرد و هەڵات.

مارتان دۆگارد خوێندنەوەکەی بەوە کۆتایی پێدێنێت:

چەند تێبینییەک سەبارەت بە ئەندریە جید: کاژمێر ١٠ و بیست دەقە، بوو لە دوێنێوە پێڵووەکانی هەڵنەداوەتەوە، خەم مەخۆ، خەمێکی هێواشە، بێدەنگی ئەم کۆتاییە زۆر بەسوود بوو، ئەو دەسبەرداربوونە، ئەو ژێردەستەبوونە بۆ یاساکانی سروشت، پێمان دەگەن، دەبێت بە ملکەچی بۆیان بمێنینەوە، چونکە فێریان کردین چۆن بە باشی بمرین!

**سەرچاوە:**

http://www.ahewar.org



# کەس نییە نامە بۆ کۆڵۆنێل بنێرێت

**رۆمانی: گابرێل گارسیا مارکیز**
**ئامادەکردنی بۆ شانۆ: هادی مەهدی**
**وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل**

**پێشنیازێک بۆ پانتایی نمایشەکە:**

(ماڵی کۆڵۆنێل، ژوورێکی گەورە چارپایەک لە ناوەڕاستیدایە، زۆرجار ژنەی لەسەرپاڵ کەوتووە، ئەویش نوقوم بووە لە وڕێنە و دوورینی کفنەکەی، لای راستەوە لۆکەرێکی کۆنی ئاسن، لە راستەوە بۆ چەپ تەنافێک هەڵواسراوە، کۆمەڵێک جلی کۆنی بەسەرەوەن، کۆنە کاتژمێرێک بەلاری هەڵواسراوە، چوارچێوەی وێنەی کوڕە کوژراوەکە، لە پێشەوە بەلای چەپدا کورسییەکی لەرزۆک نوقوم بووە لە رۆژنامە، شوێنی کۆڵۆنێلیشە، ئاسقیی جل لە پشت کورسییەکەوەیە.. لە بەری لای راستدا کەڵەبابێکی "مۆمیاکراو" قوت بۆتەوە...).

### جووڵەی یەکەم

**(ژنە بەتەنیشت چارپایەکەوە نوێژ دەکات)**

**ژنە**: دروود بۆ دڵسافان، چونکە دنیا هەر بۆ ئەوانە... گشت شەموونێک سەر لە گۆڕی کوڕەکەم دەدەم. هەزار جار پێمگوت، واز لە شەڕە کەڵەباب بێنە کوڕم، چونکە بەدیۆمی بەدواوەیە، کەچی گوێی لێ نەگرتم... هەموو ڕۆژێک بە بەرچاوی خەڵکەوە کەڵەبابەکەی بە باوەشەوە بوو... کوڕە کوڕم ئیرەیت پێ دەبەن... پیلانت دژ دەگێڕن... ئاخیرەکەی... ئاخ... لە مەیدانی شەڕە کەڵەبابدا کوڕەکەمیان گوللەباران کرد... ئەو پیاوخراپانە کوشتیان... ئای خودایە چۆن هێشتت بیکوژن... چۆن لێگەڕای بمرێت... ڕۆژانە نوێژی بۆ دەکەم، بەلاّم تا ئێستاش درک بەوە ناکەم چۆن پەروەردگار ڕێ بەمنداڵان دەدات بمرن؟ بکوژرێن، بەم شێوەیە جەرگی دایکانیان هەڵقرچێت... درووود بۆ دڵسافان، چونکە دنیا هەر بۆ ئەوانە...

(کۆلۆنێل دێتە ژوورەوە، هەڵیدەگرێت، دەیخاتە سەر جێیەکە، قوتووی قاوەکە دەکاتەوە، دەبینێت بەتاڵە، فڕێی دەدات...).

**کۆلۆنێل**: هیچ... هیچ... زستانە... وا هەست دەکەم ئێسقانەکانم تەڕن... لەو دەمەوەی باران دەبارێت من لەم تەڕاییەدا دەمرم...

**ژنە**: هەزار جارم پێ گوتی هەینێ دەنویت گۆرەوییەکانت لە پێ بێت...

**کۆلۆنێل**: حەفتەیەکە من وا بەگۆرەوییەوە دەنووم...

**ژنە**: ئەی ئەم کەڵەبابە لێرە چی دەکات؟ قێزم لێی دێتەوە... بۆ هێناتە ژوورەوە؟ بەئەنقەست دەتەوێت سەرودڵم بگریت؟ نامەوێت، خێرا تووڕی هەڵدە دەرەوە... ئێمە وا لەناو جێگەین و ئەویش چاوی تێ بڕیوین...

**کۆلۆنێل**: کچێ ژنەکە ناتوانم لە دەرێ جێیهێڵم، منداڵەکان بەدرێژایی کات چاویان تێ بڕیوە، کەڵەبابەکەش بەو چاوتێبڕینانە کەم دەکات...

**ژنە**: با کەم بکات... بابمرێت... بەشی دۆزەخ بێت، ئەوەندەی بەس نییە، کە لە سۆنگەی ئەوەوە کوڕەکەم کوژرا... بیکە دەرەوە...

**کۆلۆنێل**: یەکێک لە دێیەکە مردووە (ماوەیەک بێ دەنگی).

**ژنە**: مردوو؟ مر...دوو؟! هەر بەڕاستی مرد؟!

**کۆلۆنێل**: بەڵێ... ئاە... ئای زستان... بێگومان لەگۆڕنانی مەردوم بەم سەرمایە شتێکی سامناکە... هەر لە تەمەنی کوڕەکەمانە... ئاخ مرد... هەڵبەت ئێستا بەکوڕەکەمان گەیشتووە... دەبێت ئێستا باسی ئەو دۆخەی، کە پێی گەیشتووین،

بۆ کردبێت، دوای زانینی... ها؟...چۆن؟

**ژنه:** چۆن، گوێت له قسەکانیانە؟

**کۆلۆنێل:** بەڵێ.

**ژنه:** چی دەڵێن؟

**کۆلۆنێل:** گفتوگۆ لەسەر کەڵەبابەکە دەکەن...

**ژنه:** ئای لەو قسە قۆڕە... وای لە مردووی لەدین دەرچوو... ئەی رامان نەسپاردبوو سەبارەت بەحاڵمان پێی رابگەیەنێت.

**کۆلۆنێل:** گاڵتەم لەگەڵدا کردیت... ئێستا بڕوات پێکردم هەی خواپەرست؟! هێی تەماشای چەترەکەمان بکە چی بەسەرهات.. دەڵێی چەتری لێبووکی سێرکەکانە... تەنیا بۆ ژماردنی ئەستێرەکان بەکاردێت... هەموو شتەکان وان... ئێمە لە ژیاندا بۆگەن دەکەین!!

**ژنه:** ئەوە چی دەڵێی... بۆگەن... نان... کوا نان، تاکو کەڕوو لێی بدات و تێک بچێت...کوا؟

**کۆلۆنێل:** نا... هیچ نییە... ئەمڕۆ جوانترین جلی خۆم لەبەر کرد... پانتۆڵی شەوی زەماوەندمان... وەک ئەوەی بۆ ئاهەنگێکی گەورە بچم! بەڵێ، بەدرێژایی چەندین ساڵ ئەمە یەکەمین مردووە، بەمردنێکی سروشتی بمرێت... دوور لە شێرپەنجە و جەڵتە... بەم ئاوایە مرد! وادیارە من لە تووتی دەچم؟

**ژنه:** ئەرێ پزیشکەکەت بینی؟

**کۆلۆنێل:** بینیم...

**ژنه:** ئەی پێت نەگوت بۆ دیار نییە... چییە دەڵێی لەم ماڵەدا ئاوی گەرمت بەسەردا کردووە؟

**کۆلۆنێل:** ئەمەم پێگوت.

**ژنه:** ئەی چی وڵام دایتەوە؟

**کۆلۆنێل:** گوتی دێم... گوند بەڕەشایی و گوڵ رازانرابووەوە... ئافرەتەکانیش بەڕەشپۆشی لە بەردەم ماڵەکانیاندا دانیشتبوون... لای گۆڕەپانەکە باران بە نەرمی دەباری... خاوەن بلیاردەکە بانگی کردم (لاسایی دەنگی دەکاتەوە) کۆلۆنێل... کۆلۆنێل... چاوەڕێ بکە من چەترەکەی خۆمت دەدەمێ (بێ دەنگی) سوپاس، ئێستا ئاوا چاکە... من لەم ماوەیەی زستاندا حەز بەباران دەکەم... چوومە ماڵی مردووەکە، تاکو سەرەخۆشی لە دایکی بکەم... بۆنی هەمەڕەنگی گوڵ دەهات... هەستم بەگەرما کرد... بەنێو ئاپۆرای ناو ژووری نووستنەکەدا تێپەڕیم... بێ ئەوەی بەخۆم بزانم گەیشتمە بەر لووتی مردووەکە... لەوێ دایکە مێشی سەر

تابووتەکەی پاس دەکرد... پێمگوت... خوا لە گوناهی خۆش بێت... لەپڕ دەمی بەش کردەوە و بەدەنگی بەرز حەپاندی... تۆقیم... بەپەلە دەرچووم، تا هەوایەک هەڵمژم... ئاخیری تابووتەکەیان دەرکرد... ئای کە بەستەزمانە... موزیکی مردوو بەڕێکردن لێی دا... ئای کە بەستەزمانە... لەم کاتەدا گوێم لە قیژەیەک بوو... ئەم مردووە بۆ کوێ دەبەن؟ هەمووان بێ دەنگ بوون، کەچی من کەوتمە پرسین... تەنیا پرسیار... ئەوە چییە؟... پۆلیسەکە هاواری کرد... قەدەغەیە... نابێت تەرم بەپێش پۆلیسخانەدا تێپەڕێت... منیش پرسیم، بۆچی قەدەغەیە، تەرم بە بەردەمی پۆلیسخانەدا ڕەت بێت؟ کابرای پۆلیس بەسەریدا قیژاندم... بیرت چوو؟... ئێمە لە دۆخی ئامادەباشیداین... خەمم بۆ خوارد... من هەمیشە شت لە بیردەکەم... دۆخی ئامادەباشیت بیستووە؟... لە سۆنگەی ئەوەوە ڕێ لە تێپەڕینی تەرم بە بەردەمی پۆلیسخانەدا دەگیرێت (بەشێوەیەکی نائاسایی خۆی و ژنە پێدەکەنن، هەناسەی تەنگ دەبێت)، بەڵام خۆ ئەمە یاخیبوون نییە، بەڵکو تەرمی بەستەزمانێکە...

**ژنە**: دۆخی ئامادەباشی... ئەمە مانای چییە... ئامادەباشی؟! (دەخەنێتەوە، ئەویش بێ دەنگە) ئەوە چیتە؟ کۆڵۆنێل؟ مردیت؟

**کۆڵۆنێل**: نا... هیچ...

**ژنە**: چیت بەسەردا هاتووە؟

**کۆڵۆنێل**: زستانە گوڵەکەم.

**ژنە**: دەبێت خۆت نیشانی پزیشک بدەیت.

**کۆڵۆنێل**: ناساغ نیم... ناساغ نیم... تەنیا ئەوەندەیە هەست دەکەم کۆمەڵە ئاژەڵێک سەریان ژەنیوەتە ناو سکم...

(موزیک)

### جووڵەی دووەم

### (کۆڵۆنێل گەنمەشامی دەداتە کەڵەبابەکە و بەدەم گۆرانییەوە هۆنراوە بەناوبانگەکەی لۆرکا دەڵێتەوە)

**کۆڵۆنێل**: کەڵەبابەکە... بەدەنووکی تاریکی هەڵدەکۆڵێت، تاکو بەیان بدۆزێتەوە... ئای هاوڕێ گیان، هەمووان پارە پاشاکەوت دەکەن، تاکو گرەوت لەسەر بکەن... دەبێت ئامادەبیت، پاڵەوان... هەمووان پشت بەتۆ دەبەستن.

**ژنە**: نازانم چییان لەم کەڵەبابە بەدفەساڵەدا بینیوەتەوە، دەڵێی ئاژەڵێکی ئەفسانەییە... سەری بچووک و لەشی گەورە.

**کۆڵۆنێل**: باشترین کەڵەبابی دەڤەرەکەیە... نزیکەی پەنجا هەزار دەکات...

**ژنە:** پەنجا هەزار؟!... ئەی بۆ نایفرۆشیت؟ بیفرۆشە... پەنجا هەزار رزگارمان دەکات... گوێت لێمە؟ بیفرۆشە... ئێمە وا لەبرساندا بۆگەن دەکەین و ناتوانین دانی بدەینێ... هەینێ گەنمەشامیش تەواو دەبێت، دەبێ لە جگەری خۆمانی بدەینێ.

**کۆلۆنێل:** نا... تەنیا چەند مانگێکە... ئەم پاڵەوانە وای لێ هاتووە ناوبانگی دەرکردووە... شەڕەکەڵەشێرەکەش لە رێبەنداندا بەڕێوە دەچێت، دوای ئەوە دەتوانین بەنرخێکی چاکی بفرۆشین...

**ژنە:** رێبەندان؟ باشە تاکو ئەم رێبەندانە دێت چی بکەین؟ پێت دەڵێم بیفرۆشە... ئەم ئاژەڵە نەفرەت لێکراوە بوو بووە ئەگەری مردنی کوڕەکەمان...

**کۆلۆنێل:** باشە، دەرەچم... وێڕای سەرماکەش هەر دەرەچم.

**ژنە:** بۆ کوێ؟

**کۆلۆنێل:** بۆ پۆستە.

**ژنە:** (دوای بێ دەنگی و نائومێدی) ئەمرۆ هەینییە.

**کۆلۆنێل:** ئۆی لەبیرم چوو.

**ژنە:** (بەبێ ئومێدییەوە لە قاقای پێکەنین دەدات) تۆ هەمیشە لەبیری دەکەیت.

**کۆلۆنێل:** (بەتووڕەیییەوە) ئەم پێڵاوە بۆ فڕێدانە... تا کەی لەپێی بکەم؟... دەڵێی پێڵاوی هەتیوانە... چەندێک لەپێی دەکەم وا هەستدەکەم لە هەتیوخانە هەڵاتووم... بە راستی ئێمە هەتیوین... ئێمە هەتیوی کێین؟... ئێمە هەتیوی کوڕەکەمانین (موزیک)، دوێنێ لە بەندەر وەستام چاوەڕوانی کەشتیی پۆستەم دەکرد... بایەکەی سارد بوو... وەڕس بووم لە چاوەڕوانی و نیگەرانی... لە ئەنجامدا بینیم لەنگەر دەگرێت... بینیم چۆن پۆستەکان بەبۆڕییە هەڵمەکانەوە هەڵواسراون... پازدە ساڵە وا من لە چاوەڕوانیدام، وام لێ هاتووە کەشتیی پۆستەکە دەناسمەوە... هەروەها توورەکەی پۆستەکەش... کارمەندی پۆستەکە سەرکەوتە سەر کەشتییەکە... کیسەکەی داگرت و دایە شانیا... لە ونستانەکەوە، کە لە بەندەرەکەوە تاکو نووسینگەی پۆستەکەوە درێژ دەبێتەوە، چاوم بەدوایەوە بوو... لە نووسینگە پزیشکەکەم بینی، چاوەڕێ بوو، تاکو رۆژنامەکانی وەربگرێت... لێم پرسی... پێمگوت ژنەکەم چاوەڕێی سەردانیتە... ئەو پێویستی پێتە... وتی دێم... کەچی من هەر چاوم لەسەر کارمەندەکە بوو، کە نامەکانی جیا دەکردنەوە... پزیشکەکە نامە تایبەتییەکانی لەگەڵ پێچراوێکدا وەرگرتن... پێچراوێک لە رۆژنامە... دوای ئەوە کارمەندەکە نامەکانی بەسەر ئەو خاوەن نامانەی لەوێ بوون دابەش کردن... من هەروا مامەوە... دەست بەتاڵ... دەنگم بەسەر کارمەندەکەدا بەرز کردەوە، ئەی من؟... بەشێوازە تژی لە گلەییەکەیەوە وەڵامی داوە... هیچ بۆ کۆلۆنێل نەهاتووە...

**ژنە:** هیچ بۆ کۆلۆنێل نەهاتووە... بەڵێ هیچ...

**کۆلۆنێل:** چاوەڕێی هیچ شتێک نەبووم... بەپزیشکم گوت بابڕۆین من چاوەڕوانی هیچ نیم... کەسم نییە بۆم بنێرێت... لەگەڵ دکتۆردا لە بەندەر گەڕامەوە، سەرم دانەواندبوو، وەک کەسێک بەدوای پارەی ونبوودا بگەڕێت... دکتۆر خەریکی رۆژنامەکانی بوو... لێم پرسی داخۆ دەکرێت هەندێک رۆژنامەی لێ بخوازم؟... (لەسەر زەوییەکە رادەکشێ و دەخوێنێتەوە) گوتی بیانبە... ئەمشەو بیانخوێنەوە و سبەینێ بۆمیان بگەڕێنەوە...

**ژنە:** چی لە رۆژنامەکاندا هەن؟

**کۆلۆنێل:** هەواڵەکان.

**ژنە:** کەواتە دوا هەواڵ چییە؟...

**کۆلۆنێل:** نازانم... زەحمەتە نێوان ئەو دێڕانە بخوێنرێنەوە، کە سانسۆر رێ بەبڵاوکردنەوەیان دەدات... (هەندێک لە مانشێتە گەورەکان دەخوێنێتەوە).

**ژنە:** ئەی هەڵبژاردنەکان؟؟؟ هەڵبژاردن دەکرێت.

**کۆلۆنێل:** ئومێدی ئەنجامدانی هەڵبژاردن نییە... هێند خۆت سادە و ساکار مەکە... گەورەبووین لەوەی چاوەڕوانی رزگارکەرێک بکەین... شەرمە، بڕوا بەم فرتوفێڵە دەکەیت، کە ناویان ناوە هەڵبژاردن؟...

**ژنە:** شتێک لە رۆژنامەکاندا لەبارەی جەنگاوەرە دێرینەکانەوە نییە؟

**کۆلۆنێل:** هیچ... پێشان بەلای کەمەوە لیستی ناوی خانەنشینکراوەکانیان بڵاودەکردەوە... بەڵام ئەوە نزیکەی بۆ پێنج ساڵان دەچێت باسی ناکەن... (جلەکانی دادەکەنێت و بەهەڵواسەکەیانەوە دەکات)، لەگەڕانەوەدا بە بەردەم سینەمایەکدا رەتبووم... تەنیا فیلمی رووت نمایش دەکەن... ساڵانێکە ئەم فیلمە خراپانە بۆ گشت تەمەنێک نمایش دەکەن...دنیا تێکچووە...

**ژنە:** بەڵێ، دنیا تێکچووە... تێکچووە... (بە رووتی دەیبینێت، دەخەنێتەوە، پیجامەکەی لەپێ دەکات) ئەمە چییە؟... بارانە... باران لە میچەکەوە دێتە خوارێ... سەربانەکەمان دڵۆپە دەکات...

**کۆلۆنێل:** نا... (دەفرێک بەدەستەوە دەگرێت، رادەکات تا بیداتە بەر دڵۆپەکان) تۆ تات لێیە و وڕێنە دەکەیت... باران، کوا باران؟

**ژنە:** باران... بارانە... سەربانەکە بەسەرماندا دەڕووخێت...

**کۆلۆنێل:** نا... هیچ دیار نییە... تۆ بە خدێی خۆت خەون بەجاڵجاڵۆکەوە دەبینیت... گۆرانی بڵێ... ئەگەر حەزت بەگۆرانییە، گۆرانی بچڕە... سوودی بۆ لووە زەردە هەیە...

**ژنە:** گۆرانی بڵێم؟... پێت دەڵێم بارانە.

**کۆڵۆنێل:** ئەگەر ساڵێک بەسەر مردنی کوڕەکەماندا تێپەڕیبایا، من خۆم گۆرانیم دەچڕی... گۆرانی بڵێ... گۆرانی بڵێ... (دەوەستێت، موزیک)

## جووڵەی سێیەم

**(ژنە وەک مردوو دەکەوێتە سەر جێیەکە، ئەویش بەپەتوویەکی بان دەدات و لێوەی دەپێچێت، ئینجا گۆرانی دەچڕێت)**

**کۆڵۆنێل:** نەخۆشەکان مردن... بەم زووانەش... کاتێک دەمرین... لەگەڵ خۆمدا بۆ دۆزەخت هەڵدەگرم گوڵێ... (دوای قەیرێک لە بێدەنگی) چی بکەم؟... چی بکەم؟ چەندێک قەرزاری دکتۆرین... ئەوا پێویستمان بەماستە... هەروەها پەنیر بۆ بەیانیان و پاسارییەکی زێڕینیش لای دەرگە هەڵواسین!! کەڵەبابەکەش پێویستی بەگەنمەشامییە... هەر دەبێ کیلۆیەک گەنمەشامی بەدەست بهێنین... (بێدەنگی) نەخێر...

**ژنە:** نەخێر... کەڵەبابیش ئاژەڵە، لەسەریەتی بێ خواردن چاوەڕێ بکات.

**کۆڵۆنێل:** ژنەکە خۆ من کەڵەبابەکەم بۆ خۆم نییە... ئەگەر شتەکە پێوەندیی بەمنەوە هەبووایا، ئەوا ئەمشەو دەمکردە ژەمێک... یاخود بەپەنجا هەزارم دەفرۆشت... لێ ئەوی هەراسانی کردووم ئەم لاوە بەستەزمانانەن، پارە کۆ دەکەنەوە، تاکو گرەوی لەسەر بکەن... تەنیا خودا بەخۆی دەزانێت چۆن مشووری خۆمان دەخۆین... (لەسەر چارپایەکە دەچێتە تەنیشتییەوە) چی بکەم؟... گشت ڕۆژێک دەچمە نووسینگەی پۆستە و بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێمەوە... هیچ بۆ کۆڵۆنێل نەهاتووە... هیچ... لەبەرم کردووە... بەڵام دەبێ چاوەڕێی ڕۆڵی خۆمان بکەین...

**ژنە:** تا بڵێی چاوەڕێمان کرد... دەبێت پیاو وەک تۆ سەبر و حەوسەڵەی گامێشی هەبێت، تاکو بەدرێژایی پازدە ساڵ چاوەڕێی نامە بکات...

**کۆڵۆنێل:** گوڵەکەم دەبێت چاوەڕێ بکەین، دەبێت چاوەڕێی ڕۆڵی خۆمان بکەین... ژمارەکەمان هەزار و هەشت سەد و بیست و سێیە...

**ژنە:** لەو دەمەوەی چاوەڕێین، ئەم ژمارەیە دوو جار لە یانسیب بردوویەتییەوە...

**کۆڵۆنێل:** تا ئێستا ئەو کوتە کاغەزەت پاراستووە؟... کاغەزی ژمارەکەمان لە جەنگاوەرانی دێرین و بەڵگەنامەکانیش...

**ژنە:** بەڵێ... دەبێت لەگەڵ کاغەزەکانی دیدا پارێزرابێت.

**کۆلۆنێل:** بیدۆزەرەوە... ئیشە خراپەکە لەوەدایە پارێزەرەکە بەیەکێکی دی بگۆڕدرێت... چونکە پارەی زیاتری دەوێت.

**ژنە:** بەپارێزەرەکە بڵێ ئەو دەمی مووچەی خانەنشینییەکە وەردەگرین، با ئەرکی ماندووبوونەکەی لێ ببڕێت... ئەمە تاقە ڕێگەیە وایان لێ بکات گرینگی بەکێشەکە بدەن.

**کۆلۆنێل:** لەو پارچە کاغەزە نەفرەت لێ کراوە بگەڕێ... ئەو دەمی چووم بۆ لای دوا پارێزەر و کێشەکەی خۆمم پێ سپارد... بینیم مێشی لە خۆی پاس دەکرد... پێی گوتم... کۆلۆنێل پێشتر ئاگادارم کردیتەوە کێشەکە بەیەک دوو ڕۆژ تەواو نابێت... زۆر جار بریکارەکانم بۆم دەنووسن، کە دەبێ کۆڵ نەدەین... بەڵام ئەوە بۆ پازدە ساڵ دەچێت هەر گوێم لەم قسانە دەبێت... ئەم قسانە وایان لێ هاتووە وەکو حەکایەتی... بەر لە پازدە ساڵ کارەکە گەلێک ئاسانتر بوو... ئەو کات ئەندامانی جەنگاوەرە دێرینەکانی کۆمەڵەی شارەوانی لە هەردوو حزبەکە پێک هاتبوون... یەکگرتنیش هێز دروست دەکات... هێز لە یەکێتیدایە... ە... بەڵام هیچی بۆ کێشەکەمان نەکرد... گشت هاوڕێکانم لە چاوەڕوانیی نامەدا سەریان نایەوە... یاساکە زۆر درەنگ دەرچوو... کەس وەک تۆ بەختی یار نەبوو. تۆ لە بیست ساڵیدا کۆلۆنێل بوویت... دوای ئەوە بڕگەیەکی تایبەت خرایە یاساکەوە، لەبەر ئەمە دەبوو حکوومەت بودجەکە پینە بکات...

**ژنە:** هەمیشە هەمان چیرۆک و هەمان قسە.

**کۆلۆنێل:** دەی لەو پارچە کاغەزە بگەڕێ... من بەپارێزەرەکەم گوت... ئەوی داوای دەکەم خێر و سەدەقە نییە... بۆ ڕزگارکردنی وڵات پێستمان هەڵزڕا... وڵامی داوە... بەڵێ وایە کۆلۆنێل... بەڵام بێباوەڕیی مرۆڤ سنووری نییە و هەمووانیش ئەمە دەزانن... دەترسم وەک ئەو کوڕە تازەهەڵچووانەم لێ بێت، کە لە قوتابخانە هەڵدێن تا پێوەندی بەشۆڕشەوە بکەن... کە بەڵێنی بەدەل سەفەر و قەرەبووی هەموو تەمەنیان پێ داون... لەوێ بۆ ماوەی سێ ساڵان لە دارستانەکان ژیان، پاشان لە گیرفانی خۆیان گەڕانەوە ماڵێ... تا مردن چاوەنواڕی قەرەبووکردنەوە بوون... کاکی پارێزەر بڕیارێکی یەکجاریم داوە... بەئارەزووی خۆت کۆلۆنێل... من ناتوانم بەپەرجوو هەستم... بەڵێ، من دڵنیام ئەگەر بمتوانییایا پەرجوو بکەم، ئەوا لەم کولانەیە دانانیشتم... گوێ بگرە، کوڕەکەم بەدرێژایی تەمەنی کاری کرد... ماڵەکەشم ڕەهن کراوە، یاسای خانەنشین کردن بەدرێژایی ژیان بووەتە سەرچاوەی خانەنشینکردنی پارێزەران... کوا بریکارییەکە؟ بەدەموچاومدای تووڕهەڵدان و گوتی بەخۆت بیاندرێنە... نا، ئەوانە بیست ساڵ لە یادگارین چۆنیان

بدڕێنم؟ من پێویستم بەبەڵگەنامەیش هەیە... بەڵگەنامەی چی؟ سەلماندن... مێژوویی... بەڵگەنامەیێلێکی تا بڵێی بەنرخن... وەڵامی دایەوە... دەزانم... بەڵام ئەم بەڵگەنامانە بەهەزاران جار ئەمدەست و ئەودەستیان کردوون... هەروەها تاکو گەیشتوون بەهەزاران هەزار نووسینگەدا تێپەڕیون، کێ دەزانێ بۆ چ فەرمانگەیەکی وەزارەتی بەرگری؟... بەڵام بەڵگەنامەی لەم بابەتە ناکرێت بەسەر هیچ فەرمانبەرێکدا تێپەڕێ بێ ئەوەی بایەخی پێ نەدات... بەڵێ... بەڵام لە ماوەی ئەم پازدە ساڵەی دواییدا چەند جارێک فەرمانبەرەکان گۆڕاون... بیرت نەچێت شەش سەرۆک دەسەڵاتیان گۆڕیوە و هەر سەرۆکێکیش ئەندامانی حکوومەتەکەی بەلای کەمەوە دە جاران گۆڕیوە، هەر وەزیرێکیش بەلایەنی کەمەوە سەد جار فەرمانبەرەکانی گۆڕیون... کەچی هیچ کامیان ناتوانێت ئەو بەڵگەنامانە بباتەوە ماڵی خۆی... چونکە تەنیا گەڕانەوەی پێویست بەسەدەیەک دەکات... گرینگ نییە، ئەوی چاوەڕێی زۆر بکات چاوەڕێی کەمیش دەکات...

**ژنە:** ئەوە بەڵگەنامە نەفرەتییەکانە.

**کۆلۆنێل:** سەرەنجام گەڕاندمنەوە...

(موزیک)

## جووڵەی چوارەم

**(ژنە بەئاقاری کورسییەکە هەڵدەستێ و شەڕی پێ دەفرۆشێت)**

**کۆلۆنێل:** دەی گوڵە کێوییەکە... ئەگەر لە دۆخێکی باشدا بیت، ئەوا دەتوانیت مردو لە گۆڕ هەڵسێنیتەوە... نیگەران مەبە، سبەینێ پۆستە دەگات... هاوسەرەکەم، فرۆکە شتێکی مەزنە... ڕێگە لە ئەورووپاوە بۆ ئێرە بەشەوێک دەبڕێت... کەچی وێڕای ئەوە فرۆکەش مەترسیی خۆی هەن... مرۆڤایەتی لەخۆڕا پێش ناکەوێت... گوڵەکەم فرۆکە شتێکی گەورەیە و لە مافوور ناچێت... نەفرەت لە ڕۆژنامەکان... لەو دەمی سانسۆریان سەپاندووە، ڕۆژنامەکانی ئێرە تەنیا باسی ئەورووپا دەکەن... وا چاکترە ئەورووپییەکان بێنە ئێرە و ئێمەش بچینە ئەورووپا، ئیدی بەو شێوەیە هەر یەکێک لە ئێمە دەزانێت لە وڵاتەکەیدا چی ڕوودەدات... قسە بکە...

**ژنە:** داخۆ شتێک ماوە بیفرۆشین؟

**کۆلۆنێل:** ئۆی... ئابڕووت بردین ئافرەت... دواجار تابلۆکە بوو بردت... بەسەر گشت بازرگانانی لەنگەدا سووڕایتەوە و کەس لێی نەکڕیت... دەتەوێت چیمان پێ بڵێن؟ کۆلۆنێل لە برساندا دەمرێت.

**ژنە:** بەڵێ، لەبرساندا دەمرین...

**کۆلۆنێل:** باشە... ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟

**ژنە:** ڕۆژی... بەڕاست ئەمڕۆ چییە؟

**کۆلۆنێل:** گرینگ نییە لە چ ڕۆژێکداین... (لەسەر جێیەکە ڕادەکشێت، تاکو بنووسێت) گوێ بگرە، بانگەوازێک دەنووسم... بانگەوازێک لە کۆلۆنێلەوە... گشت مافەکان پارێزراون... منم کۆلۆنێل... ناوم بخەنە لیستی جەنگاوەرە دێرینەکانەوە، ساڵی... لە چ ساڵێکدا؟

**ژنە:** گرینگ نییە... بۆیان بنووسە، ئێمە وا لە ناو ژیاندا بۆگەن دەکەین و کەسیش ئاوڕمان لێ ناداتەوە.

**کۆلۆنێل:** دەنووسم... چاکە.

**ژنە:** ئەوەشیان بۆ بنووسە... گوێ بگرە، دەتوانیت بەیەکێکیان بڵێیت بەئامێری چاپ بۆت تایپ بکات.

**کۆلۆنێل:** نەخێر... بێزاربووم، هێند داوا لە خەڵک بکەم... بۆیان نانووسم... بۆ کەس نانووسم... سواڵیان لێ بکەم؟

**ژنە:** ئەوە شێت بوویت؟... دەبێت بۆیان بنووسیت... پێیان بڵێ ژنەکەم لە سەرەمەرگدایە و کوڕەکەشمان لە شەڕەکەڵەشێردا کوژرا... پێیان بڵێ تەنانەت پارەی قاوەشمان نییە بیدەین.

**کۆلۆنێل:** هێند سواڵم لەم و لەو کردووە ڕووم نەماوە... گشت جارێک، کە داوای پارە، یاخۆ یارمەتییان لێ دەکەم، ددانم جیڕ دەکەمەوە... تا هەفتەی دادێ... تاکو سەری مانگ... ڕۆژی هەینی هەندێک پارەم پێ دەگات... نەخێر... داوای یارمەتی لە کەس ناکەم... بۆ کەسیش نانووسم... گوێڕادێرە، بارانە (بێدەنگی) دەبوو لەزووەوە ئەم سەربانەمان چاک بکردایەتەوە...

**ژنە:** وا باشترە لە کاتی خۆیدا لە شتەکان بگەیت.

**کۆلۆنێل:** گرینگ نییە... دەکرێت گشت شتەکان چاکبکرێنەوە... کاتێکیش ڕەهنی خانووەکە تەواو دەبێت...

**ژنە:** ماڵەکەشت کردە ڕەهنەوە؟!... ماڵەکەش لەدەست چوو؟... چۆن ڕەهنەکە پڕ بکەینەوە؟...

**کۆلۆنێل:** مووچەی خانەنشینییەکەم دێت... کەڵەبابەکەش دەیباتەوە...

**ژنە:** ماڵەکە دەخەیتە ڕەهنەوە و کەڵەبابەکە نافرۆشیت، هەی پیری بێ مێشک؟

**کۆلۆنێل:** گوێبگرە، دوای بردنەوەی کەڵەبابەکە، ساڵێک بەسەر مەرگی کوڕەکەماندا تێدەپەڕێت... ئەو کات دەتوانین بۆ سینەما بچین... دواجار کەی بوو چووین بۆ سینەما؟

**ژنە:** گشت ئەمانە بەر لە چەندساڵێک بوو.

**کۆڵۆنێل:** فیلمێکی شۆڕشگێڕی بوو... دەربارەی جەنگ بوو... بیرتە (گسکەکە هەڵدەگرێت و دەیکات بەتفەنگ) جەنگاوەری سەرسەخت بوون... شەڕی دەستەویەخەیان دەکرد... دوای شەڕەکەش لە دەوری فەرماندەکەیان کۆبوونەوە... ئەو کات بەفەرماندەم گوت، گەورەم... خۆت مەدە دەستەوە... خۆت رادەستیان مەکە... ئەوان لەم دانوستانەدا فریومان دەدەن... ئەم دانوستانە دەبێتە ئەگەری لەدەستدانی هەمووان... خۆت رادەستیان مەکە... دواڕۆژمان مەدە دەستیانەوە... (هەناسەی تەنگ دەبێت و دەکەوێت، ژنە بەبێدەنگی خەریکی چنینە).

**ژنە:** (دوای قەیرێک) کۆڵۆنێل... چیت لێ قەوماوە؟

**کۆڵۆنێل:** (خۆی بەرەو جێیەکە بڵند دەکاتەوە) هیچ... زستانە... هەینێ ئەم زستانە تێدەپەڕێت، هەموو شتێک تەواو دەبێت بوومەتە ئێسقانێکی رەقوتەق... من بایەخ بەخۆم دەدەم، تاکو بۆ فرۆشتن دەست بدەم... خۆم بەکارگەی زوڕنا فرۆشت... (پێدەکەنن، بەرەو لای کەڵەبابەکە دەڕوات) ئای هاوڕێ... ژیان قورسە... ئەم پارچە نانە وەرگرە... بەڵێ رەقە... گوێ بگرە، لە کاتی برسێتیدا شتێک نییە ناوی نانی خراپ بێت...

**ژنە:** ئەم کەڵەبابە لێرە دەرکە.

**کۆڵۆنێل:** چی؟... گوێی پێ مەدە، ژنێکی بێ مێشکە... کارەکە لەوەندە زیاتری هەڵنەدەگرت... لە ماوەی سێ مانگدا یاریی شەڕەکەڵەباب دەکرێت، ئەو کات دەیباتەوە... (ئاوڕێکی لێ دەداتەوە) ئەو دەم بەگرانترین نرخی دەفرۆشین...

**ژنە:** کێشە کێشەی پارە نییە... بیدە دەست هاوەڵانی کوڕەکەمانەوە و چی لێ دەکەن با بیکەن.

**کۆڵۆنێل:** من لەبەر کوڕەکەمان لای خۆمم پاراستووە... رووخساری بێنە بەرچاوی خۆت، هەینێ رۆژێک دێت، تا بردنەوەیمان پێ رابگەیەنێت...

**ژنە:** ئەو کەڵەبابە نەفرەتییە سەری بەفەتارەت دا... ئەگەر ئەو رۆژە لە ماڵ بمایەتەوە، تووشی ئەو ماڵوێرانییە نەدەبوو... ئەو کاتی کەڵەبابەکەی نایە ژێر هەنگڵیەوە و لە ماڵ دەرچوو، وەک پێم بڵێن، دەمزانی چی روودەدات، ئاگادارم کردەوە نەچێت و لە مەیدانی شەڕەکەڵەبابدا بەدوای مردنیدا نەگەڕێت، کەچی خەنییەوە و گوتی، دایە... ئەم ئێوارەیە لە پارەزۆریدا بۆگەن دەکەین... ئەم کەڵەبابە نەفرەتییە لە ماڵەکەم دەرکە دەی... ئەو بووە ئەگەری ئەم دۆخەی پێی گەیشتین... کفرە نان لە دەم خۆمان بگرینەوە و بیدەینە ئەمە...

**کۆلۆنێل:** کچێ ژنەکە... کەس بەسێ مانگ نامرێت.

**ژنە:** ئەی لەو ماوەیەدا چی بخۆین؟

**کۆلۆنێل:** نازانم... خۆ ئەگەر لەبرساندا بمرین، ئەوا لەمێژە مردبووین... ژیان وایە برادەر... بەڵێ (پێدەکەنێت) بیرتە ئەو گەنمەشامییەی، هاوەڵانی خوالێخۆشبووی کوڕمان بۆیان هێنایت؟... لە خواردنیدا بەشدارمان کردیت... بەڵێ... چی بکەین؟

**ژنە:** ئەوە لەگەڵ کێدا قسە دەکەیت؟

**کۆلۆنێل:** وسس... وەرە (ژنە نزیک دەبێتەوە) ئەم کەڵەبابە قسان دەکات.

**ژنە:** چی؟

**کۆلۆنێل:** گوێ رادێرە (لاسایی قووقەی کەڵەشێر دەکاتەوە)

**ژنە:** خۆت و کەڵەبابەکەت بۆ دۆزەخ... چییە گاڵتەم پێ دەکەیت؟

**کۆلۆنێل:** چی بکەم گوڵەکەم... دەمەوێت کڵپە بگریت...

**ژنە:** گوێ بگرە، ئەگەر دەتەوێت ئیشێکی باشم لەگەڵدا بکەیت، کاتژمێرەکە بفرۆشە.

**کۆلۆنێل:** بەڵێ... بەچاوان، بەڵام سبەینێ.

**ژنە:** نا... هەر ئێستا بڕۆ بۆ لای دکتۆر و پێی بڵێ ئەم کاتژمێرەم بۆ هێناویت، تاکو لێمی بکڕیت.

**کۆلۆنێل:** هەڵگرتنی وەک ئەوەیە گۆڕێکت بەسەر شانەوە بێت... ئەی ئەگەر خەڵکی منیان بەسەر جادەوە بینی کاتژمێرێکم بەباوشەوەیە... گۆرانیم بەسەردا دەڵێن... کۆلۆنێل کاتژمێرەکەی دەفرۆشێت... کۆلۆنێل لەبرساندا دەمرێت... جاری پێشووت لەبیرە؟... تکایە بیری خۆتی بێنەوە... کاتژمێرەکەم هەڵگرتبوو، بەکاغەزی رۆژنامە پێچرابووەوە... لەپڕ سەرتاشەکە بە روومدا تەقییەوە و گوتی... کۆلۆنێل ئەوە چیت پێیە؟... لاپرەسەنە... هیچ نییە، کاتژمێرەکەی ماڵەوەیە، دەمەوێت بیبەم چاکی بکەمەوە... خۆت کەر مەکە کۆلۆنێل... چاوەڕێ بکە بەخۆم بۆت تەماشای دەکەم... زۆرم بەرگری کرد، بەڵام بێ سوود بوو... لە دەستی سەندم... کردییەوە و گوتی... بۆ خاتری خوا ئەمە ئیش دەکات... دەتەوێت لەگەڵتدا بێم و لە شوێنەکەی خۆی بۆتی هەڵواسم؟... ئەی خودایە، ئەو شەوە بێ شێو سەرمان نایەوە...

**ژنە:** (بەرەو جێگەکەی دەڕوات)، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو شەرمە بێ مانایەتەوە...

**کۆلۆنێل:** ئەو کات لەسەر کورسیی سەرتاشین دانیشتبووم... سەرتاشەکە

بەزمێکی دی بۆ نامەوە...

**ژنە:** چۆن؟

**کۆلۆنێل:** گوتی... گوو کۆلۆنێل... مەبەستت چییە... ئەو پێڵاوەی لە پێت کردووە بەسامە... تکایە بەدەر لە قسەی توێکڵدار... تەمەنی ئەم پێڵاوە بەسامە چل ساڵە... ئەوەتا بۆ یەکەمین جار گوێ لە قسەی توانجدار دەبێت... تکایە رازی نیم خراپی لە بەرابەر پێڵاوەکەمدا بکەیت... تەمەنێکە بۆ خۆی... هەینێ گەڕامەوە... برادەرانی کوڕەکەم گرتن و پێم گوتن کەڵەبابەکە ببەن... من چوومەتە ساڵەوە و ئیتر ناتوانم بەخێوی بکەم... لێم بگەن... گەورەم ئێمە بەبەخێوکردنی هەڵدەستین...

(موزیک)

## جووڵەی پێنجەم

**ژنە:** بیر لە چی دەکەیتەوە؟

**کۆلۆنێل:** خەون دەبینم.

**ژنە:** خەون ناخورێت...

**کۆلۆنێل:** دوێنێ دەرچوویت وەنییە؟

**ژنە:** بەڵێ.

**کۆلۆنێل:** بۆ کوێ چوویت؟

**ژنە:** بارانەکەی جوان و دڵڕفێن بوو.

**کۆلۆنێل:** وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە.

**ژنە:** کام پرسیار؟

**کۆلۆنێل:** لە کوێ بوویت؟

**ژنە:** سەردانی هەندێک دۆست و برادەری خۆم کرد.

**کۆلۆنێل:** تێدەگەم، خراپترین لێقەومان ئەوەیە، تووشی درۆمان بکات...

**ژنە:** چوومە لای باوە ئەنجل... تاکو لەبری ئەڵقەی مارەبڕین داوای قەرزی لێ بکەم.

**کۆلۆنێل:** ئەی چی پێگوتی؟

**ژنە:** گوتی بازرگانی کردن بەشتە پیرۆزەکانەوە... گوناهە...

**کۆلۆنێل:** ئیدی بەمە دنیا دەزانێت ئێمە لە برساندا دەمرین...

**ژنە:** من بڕستم لێبڕا و ئێوەی پیاوانیش گوێ بەگرفت نادەن، چەندینجار بەردم خستۆتە قازانەوە و خستوومەتە سەر ئاگر، تا دراوسێکان وا تێنەگەن مەنجەڵمان لەسەر ئاگر نییە... من ئامادەم ئەم ماڵە بەخۆ دەرخستن و درۆ بەڕێوە ببەم... من ئیدی بەرگەی ئارامی و شکۆیی ناگرم... بیست ساڵە چاوەڕێی چۆلەکە

ڕەنگاڵەییەکانم، کە بەڵێنیان پێ دابووین... دوای هەر هەڵبژاردنێک... چیمان لەم چاوەڕوانییە دەسکەوت؟... کوڕێکی مردو... هیچ تەنیا کوڕێکی مردو...

**کۆڵۆنێل:** ئێمە بەئەرکی خۆمان هەستاوین.

**ژنە:** ئەی سەرچاو ئەرک... ئەوانیش بەدرێژایی بیست ساڵ بەهەزارانیان لە ئەنجوومەنی نوێنەران چنگ کەوت... ئەم برادەرەت وەکو دەرمانفرۆش بۆ گوند هات، کەچی ئێستا لە کۆشکێکی دوو قاتیدا دەژێت و کۆشکەکەی جێگەی پارەو پووڵەکەیی تێدا نابێتەوە.

**کۆڵۆنێل:** بەڵام بەنەخۆشیی شەکرە دەمرێت.

**ژنە:** ئێمەش لە برساندا دەمرین... ئەمەت بۆیە پێ دەڵێم، تا دڵنیا بیت شکۆیی ناخوات... ناخوات... (دەکۆکێت، هەناسەی توند دەبێت)

**کۆڵۆنێل:** بۆیە وات لێ دێت، چونکە زمانت ناگریت... هەزار جارم پێ گوتیت ناویان بەخراپە مەهێنە، تەنانەت خودا بەخۆی ئەندامی حزبەکەیانە...

**ژنە:** دە توخوا با خوا بمکوژێت، تا لەم ئێش و ئازارە رزگارم بێت.

**کۆڵۆنێل:** گوێ بگرە، شتەکەم یەکلا کردووەتەوە.

**ژنە:** چۆن؟

**کۆڵۆنێل:** بڕیارم دا.

**ژنە:** چۆن؟

**کۆڵۆنێل:** سبەینێ کەڵەبابەکە دەفرۆشم.

**ژنە:** بەڕاست؟

(موزیک)

## جووڵەی شەشەم

**ژنە:** خەریکە خۆر گزنگ دەدات.

**کۆڵۆنێل: مەبەستت چییە؟**

**ژنە:** سەبارەت بەفرۆشتنی کەڵەبابەکە.

**کۆڵۆنێل:** بەڵام...

**ژنە:** بەڵام چی؟... شتەکە تەنیا ئەوەندەیە، کە تۆ کەسایەتییەکی بەهێزت نییە... تۆ کاتێک دەڕۆیت دەڵێی داوای خێر دەکەیت... دەبێت بەسەری بڵندەوە بچیتە ژوورەوە و بانگی هاوەڵەکەت بکەیت و پێی بڵێیت... هێی برادەر... بڕیارم دا کەڵەبابەکەمت پێ بفرۆشم...

**کۆڵۆنێل:** ئیتر ژیان وایە... بەخشینە...

**ژنە:** هیچ هەستێکی بازرگانیت نییە... ئەوەی بڕوات شتێک بفرۆشێت، دەبێت

هەمان سیمای ئەو کەسەی هەبێت، کە دەچێت شت بکڕێت... برادەرەکەت ببە لاوە و قسەی لەگەڵدا بکە.

**کۆلۆنێل:** وادەزانن خۆمان بۆ کوودەتا ئامادە دەکەین.

**ژنە:** قسەی قۆڕ... بیرت نەچێت تۆ خاوەن کەڵەبابەکەیت.

**کۆلۆنێل:** ئەی ئەگەر نەیویست؟

**ژنە:** ئەی خودایە کەنگێ دەرگای خێرمان لێ دەکرێتەوە و ئەم بەدیۆمییە لە ماڵەکەم دەردەچێت.

**کۆلۆنێل:** چەند مانگێکی کەمی ماوە بۆ پێشبڕکێکە... حەتمەن دەیبەینەوە... سەر لە پەنجەرەکەوە دەربێنە و لەبیری خۆتی دەرکە... کەڵەبابەکە نافرۆشم...

**ژنە:** ئەی قەرزەکان و رەهنی خانووەکە؟

**کۆلۆنێل:** مووچەی خانەنشینییەکەم دەگات.

**ژنە:** ئەی ئەگەر نەگەیشت؟

**کۆلۆنێل:** دەگات.

**ژنە:** بەڵام ئەگەر نەگەیشت؟

**کۆلۆنێل:** قەرزەکان نادەمەوە... کەسیش ناتوانێت لە ماڵەکەی خۆمم وەدەرنێت...

**ژنە:** کۆلۆنێل هەوڵبدە عاقڵانە بیر بکەیتەوە.

**کۆلۆنێل:** سێ مانگم لە بەردەمدایە بۆ بیرکردنەوە... مووچەکەم دەگات... نابێت لەمە زیاتر دوابکەوێت.

**ژنە:** ئەوا ئێستا کاتی نانی شێوانە، فەرموو چی بخۆین؟... تۆ ویژدانت نییە... تۆ خۆ بەگەورەزان و کەللەڕەقی... دەبێت بزانیت من دەمرم... ئەوەی تووشی بووم نەخۆشی نییە، بەڵکو گیاندانە.

**کۆلۆنێل:** دەزانم... بەڵام ناتوانم بێ سەربەرزی بژیم... تێدەگەیت؟... ناتوانم لە تاریکیدا بژیم و ئەوانیش لە تێریدا ئینتەلا بکەن...

**کلێسا دەڵێت:** برسی دەبین تاکو ئەوانی دی تێربن... تڕحێو... ئەوەتانێ ئەوان دەژێن و ئێمەش بۆگەن دەکەین... ئێمە بەئەرکی خۆمان هەستاین... ئەی ئەم بەیانییە چی بخۆین... ئەدی نیوەڕۆ چی بخۆین... شێوان... سبەی... چی بخۆین؟ نامەوێت لە تاریکیدا بمرم... ئەوانی گرەو لەسەر کەڵەبابەکە دەکەن دەیبەنەوە، کەچی خۆمان هیچ... خاوەنی کەڵەباب بۆی هەیە تەنیا لە سەدا بیستی بەر بکەوێت... ئەو دەمی وام لێ دەکردن ساڵ لە دوای ساڵ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، مافی ئەوەم هەبوو پۆستێکی شیاوم بەر بکەوێت...


من پاڵەوانی شەڕی ناوخۆم، من نەبوومایا وڵات لەدەست دەچوو... کەچی ئەوەتا هەمووان ژیانێکی ئارام دەژین، کەچی ئێمەش تاق و تەنیا... وا لەبرساندا دەمرین... دادەڕزێین... گشت رۆژێک دەچمە نووسینگەی پۆستە، لەوێ بەبێ سوود چاوەڕێ دەکەم و ئامادە دەبم... هیچ بۆ کۆلۆنێل نەهاتووە... کەس نییە نامە بۆ کۆلۆنێل بنێرێت... بەڵام من هەر چاوەڕێ دەکەم، چارەیەکی دیکەم نییە... هەموو شەمووان و یەکشەمووانێک لەبەر دەرکی نووسینگەی پۆستە چاوەڕێ دەکەم و ئامادە دەبم... گشت شەممەیەکی دادێ و هەموو یەکشەمووان و دووشەمووان و سێشەمووانێک بەردەوام چاوەڕێ دەکەم و ئامادە دەبم... دوای سێ مانگی دی کەڵەبابەکە دەیباتەوە... ئەو کات هەموو شتێک دوایی دێت... بەڵام تا ئەودەمە چی بخۆین؟... بوەستە... بوەستە... ئەی ئەگەر کەڵەبابەکە دۆڕاندی؟ ئای لەو بێ مێشکییە خۆ بیرم لەمە نەکردبۆوە... حیسابم بۆ ئەمە نەکردبوو... چی دەبێت ئەگەر کەڵەبابەکە نەیبردەوە؟ ئەوە کەڵەبابێکە هەرگیز نادۆڕێت... بەڵام با وای دابنێین دۆڕاندی... هێشتا چل و پێنج رۆژ لە بەردەممدایە تا بیر لەم شتانە بکەمەوە...

**ژنە:** ئەی تا ئەو کاتە چی بخۆین... پێم ناڵێی چی بخۆین؟؟

**کۆلۆنێل:** گوو... گوو...

**کۆتایی**

* مارکیز رۆمانەکەی لە ساڵی ١٩٥٧دا نووسیوە، هادی مەهدیش لە ساڵی ١٩٩٢دا بۆ شانۆی ئامادە کردووە.



# ئێزرا پاوەند
## بلیمەتێک لێوانلێو لە داهێنان و تازەگەریی

سۆران محەمەد

**ئێزرا پاوەند کێیە؟**

ناوی تەواوی ئێزرا ویستۆن لومیس پاوەندە، ١٨٨٥/١٠/٣٠ لەدایک بووە، شاعیر و رەخنەگری ئەمریکی، سەرەتای بزووتنەوەی مۆدێرنیسم بوو، پەخشانو سروودیشی نووسیوە وەک نووسەر بۆ زۆر گۆڤاری ئەدەبیی ئەمریکی، لە سەرەتای سەدەی بیست لە لەندەن و پاریس کاری کردووە، کاری لەسەر ئاشناکردنی داهێنانەکانی تی، ئێس، ئیلیۆت و جەیمس جۆیس و رۆبەرت فرۆست کردبوو، رەخنەی توندی لە جەنگی یەکەمی جیهانی هەبوو و لە ساڵی ١٩٢٤ چوو بۆ ئیتاڵیا و لەوێ ژیا، بەهۆی هەڵوێستەکانی لە جەنگی دووەمی جیهانی، لە ساڵی ١٩٤٥ دەسگیرکرا و لە ١٩٥٨ لە نەخۆشخانەی دەروونیی سەینت ئیلیزابیس لە واشنتن ئازاد کرا، پاشان گەڕایەوە ئیتاڵیا و تا لە ١٩٧٢/١١/١ کۆچی دوایی کرد.

**چەند نموونەیەک لە هۆنراوەکانی**

## نیسان

سێ گیان هاتن بۆم
و منیان لەت کرد
تا جێی لقەکانی دار زەیتوون
لەتلەتکراو راکێشراو لەسەر زەوی
کوشتاری رەنگپەڕیو لەبن تەمی رۆشن

## APRIL

Three spirits came to me
And drew me apart
To where the olive boughs
Lay stripped upon the ground:
Pale carnage beneath bright mist.

## شتێک

ئەو شتەی کۆدی هەیە نەک ناوک
کۆمەڵێ ناساندنی هەیە کە رەنگە خۆشەویستی بێ
و هیچ شتێک ئێستا
تێڕامانەکانی ناشێوێنێت

## An Object

This thing, that hath a code and not a core,
Hath set acquaintance where might be affections,
And nothing now

Disturbed his reflections.

### لە وێزگەی میترۆکە

دەرکەوتنی ئەم ڕووانە لە قەرەباڵغی
پەڕەی گوڵانی سەر چڵێکی ڕەشی تەڕ

## In a Station of the Metro

The apparition of these faces in the crowd;
petals on a wet, black bough.

### دەمامکەکان

ئەم بەسەرهاتانە لە خۆگۆڕینە پیرەکانەوە، ئەوانە
ئەفسانەی نامۆی گیانەکان نین، کە خۆیان بینییەوە لەنێو
هۆزە نەویستراوەکان کە دەدوان بە زمانی نەیار،
هەندێ گیان لەناو هەمووان لەیاد نەکراون
هێکتاری ئەندازەی- ئەستێرەی پێشینان زۆرە
کە ناوەندی هەورە بێسنوورەکان بوو پێشچوونی کە جۆلانێکردن بوو
یان بەرجەستە بوون لەگەڵ گۆرانیوتنی برا گەورەکانی
گۆرانی دروستکەرانی پێشین زمانخواری کامیلۆت؟*

گۆرانیبێژە پیرەکان نیوە یاد چووی ئاوازەکانیان،
تابلۆکێشە پیرەکانی ڕەنگ کوێرەکان گەڕانەوە جارێکی دی،
شاعیرە پیرە کەم لێهاتووییەکان لە دڵی ڕەشەبا شیعرە تەواوبووەکان
جادووبازەکان نیانە لە فێربوونە سەرسامەکان

هەموو ئەمانە بە خەمبارییەکی نامۆوە لە چاوانیان
ڕاماون لە بێدەنگیدا بەسەر گێڕانەوە کوژاوەکانی زەوی
...

* لە ئەفسانەی ئارسهردا شوێنی دادگای پاشا ئارسەر بوو، دەشگوترێت شوێن و کاتی

جوانی نموونەییە، ئارامی و ڕۆشنگەرایی.

## Masks

These tales of old disguisings, are they not
Strange myths of souls that found themselves among
Unwonted folk that spake an hostile tongue,
Some soul from all the rest who'd not forgot
The star-span acres of a former lot
Where boundless mid the clouds his course he swung,
Or carnate with his elder brothers sung
Ere ballad-makers lisped of Camelot?

Old singers half-forgetful of their tunes,
Old painters color-blind come back once more,
Old poets skill-less in the wind-heart runes,
Old wizards lacking in their wonder-lore:

All they that with strange sadness in their eyes
Ponder in silence o'er earth's queyntdevyse?

## هێلکەکانی شیعریی

من مریشکی شیعریی گۆڕستانم
کە هێلکەی شیعریی دەکات
و بۆ باشکردنی میزاجم
کەمێک بێدەنگی خوازیارم
ئێمە فەلسەفەی سپێنە ئەکەین
جوانی راستی زولاڵە
بۆ دەرکردنی دەنگی وتار مرۆڤ.

## Poetic Eggs

I am a grave poetic hen
That lays poetic eggs
And to enhance my temperament
A little quiet begs.

We make the yolk philosophy,
True beauty the albumen.
And then gum on a shell of form
To make the screed sound human

## وێنەکە

چاوەکانی ئەو ژنە مردووە قسەم لەگەڵ دەکات
بۆ ئێرە خۆشەویستی بوو، نەدەبوو بزر بکرێ
ئالێرەدا حەزە، نابێت لەیاد بکرێ*
چاوەکانی ئەو ژنە مردووە قسەم لەگەڵ دەکات

...

* نابێت لەیاد بکرێت (دوور ماچکردن: ئیدیۆمە، مانای لەبیرکردن).
not to be Kissed away

## The Picture

The eyes of this dead lady speak to me,
For here was love, was not to be drowned out.
And here desire, not to be kissed away.
The eyes of this dead lady speak to me

## کچێک

درەختەکە هاتە نێو دەستمەوە
ئاوی ژیان بەرزبووەوە بۆ ناو بازووەکانم
درەختەکە لە سنگما رووا بۆ خوارەوە،
لقەکان لێم چرۆ دەکەن، وەک چەک

درەختی تۆ،
قەوزەیت تۆ،
تۆ بنەوشەیت کە با بەسەریانەوە بێت
منداڵەکە- زۆر بڵند- تۆیت،
ئەمەش هەمووی گەوجێتییە بۆ جیهان

## A Girl

The tree has entered my hands,
The sap has ascended my arms,
The tree has grown in my breast-
Downward,
The branches grow out of me, like arms.

Tree you are,
Moss you are,
You are violets with wind above them.
A child – so high – you are,
And all this is folly to the world

**چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێزرا پاوەند**

**لە لایەن دۆناڵد هاڵ لە ساڵی ١٩٦٢ چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازکراوە، ئەمە بەشێکییەتی:-**

**چۆن دەستت کرد بە شیعرنووسین؟**

لە لایەک باپیرم کاتێک نامەی بۆ بەڕێوەبەری بانکی ناوخۆیی دەنووسی بە پەخشان، لەلایەکی تریش نەنکم کە نامەی بۆ براکانی دەنووسی بە پەخشان، بە دڵنیاییەوە هەموو کەسێک نەیدەتوانی ئاوها بیاننووسێت.

**کاتێک لاو بوویت جەختت لەسەر فۆرم دەکردەوە، پرۆفیشناڵی و هونەرکارییەکانت نموونەی پێ دەهێنرایەوە، لە سی ساڵی رابردووەوە بایەخت لە شێوەوە گواستەوە بۆ ناوەڕۆک، ئایا گۆڕانکارییەکە لە پرەنسیپدا بوو؟**

وا تێدەگەم من ئەوەم کردبێت، تەکنیک ئەزموونی راستی و دڵسۆزییە، گەر شتەکان هێندە نەهێنن تا تەکنیک لەخۆبگرن و بگوترێت، ئەوا بەهایەکی نزمی دەبێت، هەموو ئەوانە دەبێت وەک راهێنان تێی بنواڕدرێت. رێختەر لە باسەکەی دەربارەی هارمۆنی وتوویەتی "ئەمانە بنەمای هارمۆنییەت و پێکەوەگونجانن، ئەمانە هیچ ناکەن لەگەڵ پێکهاتەدا، کە بە تەواوی چالاکییەکی جودایە".

**ئایا وا تێدەگەیت شیعری ئازاد لە ئەمریکاوە هاتووە، وا دەزانم ولیەم کارۆلس ولیەمس بەکاریهێنابێت؟**

من ئەم رستەیەی ئیلیۆتم بەدڵە کە دەڵێت "هۆنراوە بۆ شاعیر ئازاد نییە گەر بییەوێت کارێکی چاک بنووسێت"، من وا تێدەگەم باشترین هۆنراوەی ئازاد لەو هەوڵەوە هاتووە کە بگەڕێتەوە سەر کێشی مەتر.

**وا تێدەگەیت جیهانی مۆدێرن رێگاکانی نووسینی هۆنراوەی گۆڕیوە؟**

زۆر کێبڕکێ هەیە کە پێشتر نەبوون، بۆ نموونە لایەنی جدی دیزنی بگرە، لایەنی کۆنفۆشیۆسی. ئەوەیە کە نیشانە و خوی کاری هونەری گرتووە، وەک لە پێری دا کردی، ئەو فلیمی سمۆرەیە، لەکاتێکدا لای تۆ بەهای ئازایەتی و ناسکێتی بەرجەستە دەبێت بە رێگەیەک هەمووان تێی بگەن، لێهاتووییەکی دروست دەبینینەوە لەوێ، پەیوەندییەکی گەورەی لەگەڵ سروشتدا دەبینییەوە

لەو کاتەوەی ئەلیکساندەری مەزن فرمانی بە ماسیگرەکان کرد کە هەرشتێکیان دەربارەی ماسییە بایەخدارەکان بینییەوە دەبێت بە ئەرستۆ بڵێن، جا لەگەڵ ئەم پەیوەندییەدا زانستی ماسی گەیشتە ئەو خاڵە زانستییەی کە بەدرێژایی دوو هەزار ساڵ مایەوە. ئێستاش کامێرە لە دەستدایە و پەیوەندییەکی بەراوردکاری مەزن دروست بووە لەگەڵ بەشە گچکەکان. توانای پەیوەندی سازاندن بەرەنگاربوونەوەیەکی گەورەیە بۆ وێژە. ئەم پرسیارە مەوداکانی دیاری دەکات کە چی پێویستە بکرێت و چی پێویست نییە.

**تۆ ئامۆژگاریت پێشکەش نووسەرانی لاو کردووە لە هەموو ژیانتدا، ئایا هیچ شتێکی تایبەتت هەیە پێیان بڵێیت ئێستا؟**

بۆ پەرەدان بە فزوڵییان، نەک ساختە، بەڵام ئەمەندە بەس نییە. بە تەنیا تۆمارکردنی سکئێشە و بە تەنیا هەڵڕشتنی زبڵدان بەس نییە، قوتابییانی زانکۆی پەنسلڤینیا دروشمێکیان هەبوو دەیوت "هەر شێتێکی لەعنەتبووی شێت دەکرێت هەر لەخۆوە بێت".

**سەرچاوەکان:**

The Paris interviews
Famous poems and poets
English Wikipedia Ezra Pound

# چرا





**عبدالعظيم فنجان**

**و. له عەرەبییەوە: تەیب جەبار**

**غەمگینم،**
**وەک چرایەک نەوتی تیا نەمابێ،**
**شانی داوەتە بەر...**
**قورسایی تاریکییەک،**
**خەتای خۆی تیا نییە.**

***

عبدالعظیم فنجان: ساڵی ١٩٥٥ لە پاریزگای (زیقار) لەدایک بووە، دەرچووی کۆلێژی پزیشکی ڤێتەرنەرییە، ئێستا دانیشتووی شاری کەرکوکە. یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی عەرەب لە بواری (قەسیدەی پەخشان)دا. تا ئیستا سێ کۆمەڵەشیعری چاپ کردووە.

**سەرچاوە:**

رۆژنامەی (الصباح)، ژمارە (٢٩٣٣)، لە (٢٠١٣/١٠/١).

# هونەر

- موزیکی ڕۆمانی
- فێستیڤاڵی فیلمی ڕۆما
- نووسراوەیەک لەمەڕ "ئاوێنە"ی ئاندرێ تارکۆفسکی

فەرمان عەلی نوری

و. ئازاد بەهین

و. مەهتاب مەعروفی



# مۆزیکی رۆمانی

فەرمان عەلی نوری

(فرجیل) توانی لە کۆپلەکانی (ئەلیادە)دا سیمای رۆما دیاری بکات، کە دەڵێت:

واز لە خەڵکانی دی بهێنن با برۆنز بتوێننەوە شێوەی سەرنجڕاکێشی لێ دروست بکەن، یان وێنەی ئەستێرەکانی ئاسمانی پێ بکێشن، یان کەسانێک کە گۆچانی خواریان بەدەستەوەیە، یان کەسانێک هەلهەلە بۆ هەڵهاتنی ئەستێرەکان لێدەدەن، ئەو ساتەی کە لەئاسۆ دەردەکەون، بەڵام ئێوە ئەی رۆمانییەکان بەو هەموو شکۆ و سەربەرزیی و شانازییەوە کە هەتانە، پێویستە خۆتان بەوەوە سەرقاڵ بکەن و فێربن کە چۆن فەرمانڕەوایەتی گەلانی جیهان بکەن.

لەڕاستیدا سەردەمی رۆمانی تەنیا هەوڵدانێکی هەڵمەتدار بوو بۆ گەلێکی جوتیار و خاوەن زەوی و زار و شاڵاوبردن بۆ ئەوروپا و داگیرکردنی، رۆمانەکان ساڵی ١٤٠٠ پ.ز لە وڵاتە بچووکەکەیان کە کەوتۆتە سەر دەریای (تبیر) چوونە دەرەوە و هێرشیان کردە سەر ناوچە نزیکەکانی دەوروبەریان‌و گەلی (ئەتروسک)یان ملکەچ کرد کە گەیشتە ناوەندی ئیتاڵیا، لە رۆژهەڵات و

باکوورەوە دواجار ملکەچکردنی گەلی یۆنان و گەلانی دیجلە و فورات و قرتاجینەکان و گال، بەم شێوەیە ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەیان دروستکرد کە لە باکووری بەریتانیاوە تا باشووری میسر، لە رۆژهەڵاتی وڵاتی رافدەینەوە تا رۆژئاوای ئیسپانیا ئەم داگیرکارییانە پێویستی بە لێشاوی سەربازی هەبووە، خانەوادە زادەکان و خاوەن زەوی و زارە گەورەکان دەسەڵاتێکی فراوان و مەبەستێکی سیاسییان پێدرا کە جیاواز بوو لە چینی نێوەند و عەوامی گەل، کاریگەرییان هەبوو لەهەمان کاتیشدا ژیانێکی خۆشیان دەبردە سەر، سەرەڕای ئەوە، باری رۆشنبیری پێشکەوتنی بەخۆوە دەبینی، عەقڵییەتی رۆمانی وەک هەمان عەقڵییەتی کشتوکاڵی کە هەیانبوو، مایەوە، تەنیا گرنگی بە رێکخستنی کارکردن دەدرا، لەنێو رۆمادا هیچ هونەرمەندێک و ئەدیبێک و زانایەک سەری هەڵنەدا وەک چۆن لەنێوانیاندا ئەندازیاری بینا گەورەکان سەریان هەڵدا، لەنێو ئیمپراتۆرییەتدا سکماکی هەڵوەشایەوە و فێڵ و تەڵەکەی سیاسیش بڵاوبووەوە، هەڵپەی بازرگانی وایکرد کە حیکمەت لە بەڕێوەبردنی مەسەلەی دارایی ئەو ئیمراتۆرە گەورەیەدا نەمێنێت، ئەستێرەی ئیمپراتۆرەکە بەرەو کزیی دەچوو، سەرەڕای ئەوە، داڕشتنی یاساکان پێشکەوتنی بەخۆوە دەبینی و هەندێ کڵێشەی بیناسازیی یۆنانی دێرین دەرکەوتن، بەڵام خەسڵەتێکی تایبەتی لەخۆگرت، لەبەرئەوەی ئەو کڵێشانەیان هەڵبژاردبوو کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی پووکانەوەی شارستانییەتی هیلینی، چونکە رۆمانییەکان لایەنگری و مەیلیان دەچووە سەر بیناسازیی گەورە و زەبەلاح و زەوقی هونەرییان وەلانابوو، دواجار دەستیان کرد بە بیناکردنی بینای گشتی گەورە، وەک هۆڵی کۆبوونەوەو دادگاییکردنەکان (بازیلیکا)و گەرماو و شانۆ و شوێنی سێرک و نمایش و یاریگای پێشبڕکێی وەرزش و پردی گەورە و کەوانەی سەرکەوتنە زەبەلاحەکان و پردەجوانەکان بۆ گواستنەوەی ئاو، رۆمانەکان تەنیا پەیکەرتاشییان کردە پیشەو سیمای کەسایەتییەکانیان، وەک خۆی لە نیوە پەیکەرێکی گەورە بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پیران (سناتو)و سەرکردە سەربازیی و بازرگانە گەورەکان دروست دەکرد، هەروەها داهێنەربوون لە بوار و داهێنانی رازاندنەوەی بیناسازیی لەگەڵ کزبوونی گەشانەوە لە کاری پەیکەرتاشی و بیناسازیی رۆمانیدا، سەرەڕای ئەوە کاریگەری گەورەی لە هونەری ئەورووپی کرد لە سەدەی نۆزدەیەمدا، رۆمانەکان لە تابلۆکانیاندا وێنەی سروشتییان دەکرد لەگەڵ هەوڵدان بۆ دەرپۆقینی ناواخنی تابلۆکان، ئەمەش بەهۆی فێڵێکەوە کە لەسەر بنەمای پێشکەوتوو دادەڕێژرا، بەمەش توانییان کاری جوان ئەنجام بدەن، رۆمانییەکان هەوڵیان نەدا لاسایی

درامای یۆنانی بکەنەوە، بەڵکو داهێنانێکی تریان لەبری ئەو دانا، ئەویش نواندنی ئاماژەیی هەزەلی و بێدەنگ و یاریی سێرک و پێشبڕکێی وەرزشی گەورە، کە پیاوانی سیاسەت بۆ ورووژاندنی جەماوەر بەکاریان دەهێنا، ئەمەش بایەخێکی گەورەی تری خستە سەر ژیانی ڕۆمانییەکان، هەروەها موزیکیش لەسەر دەستی ڕۆمانییەکان پێشکەوتنی بەخۆوە نەبینی، سەرەڕای ئەوەی کە بیرۆکە و ئامانجەکانیان لە یۆنانییەکانەوە وەرگرتبوو، بەڵام هۆنراوەیان لەگەڵ موزیکدا نەدەخوێندەوە، بەپێچەوانەوە گریکییەکان هۆنراوەیان لەگەڵ موزیکدا دەخوێندەوە، هەروەها ئۆرکێسترا و کۆرس لە دەرهێنانی شانۆکاندا بەشدارییان نەدەکرد، بەڵام هەندێ گۆرانی شانۆیی تاکەکەسی گۆرانیبێژیان پێشکەش دەکرد، کە گۆرانیبێژەکە بەهۆی ئامێری (ئۆلوس)ی یۆنانی دێرینەوە دەیوتەوە، کە هەمان ئاوازی گۆرانیبێژەکە لێدەدات، لەکاتی جەنگەکاندا (بوق)و (توبا)یان بەکارهێناوە، هەروەها ئامێری یۆنانیشیان بەکارهێناوە لەو جەنگانەدا وەک شمشاڵی شوان و (لید)و چەقچەقەی گەورەیان بەکارهێناوە، هەروەها پاوانەش بەهەماهەنگی سەمای ئاماژەیی، ئەو سەمایەی کە بووە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی تراژیدیای دێرین، بەمەش لایەنگرانی پەیداکرد و لەگەڵ ئەوەشدا بووە هۆی بڵاوبووەنەوەی داوێنپیسی و بەدڕەوشتی، هەروەها ئامێری چڕی دەنگ تیژیان لە (زوڕنا)و (توابا)و (ئورگن)ی ئەسکنەدەریەیان بەکاردەهێنا، کە ساڵی ١٠٠ پ.ز دەرهێنراوە، ئەمانەشیان لەنێو سێرک و یاریگا پێشبڕکێ وەرزشییەکان و هەموو نمایشکردنەکانی ئیمپراتۆرییەت بەکاردەهێنا، کە هەموو شتێکی دڕندانەی لەخۆ دەگرت، ئەمەش بۆ ئەوەی سۆزی جەماوەر بەلای خۆیدا ڕاکێشێت و دەستی بەسەردا بگرێت، وەک پێشبڕکێی چوار پێچکە و جەنگاوەرە زۆرنبازەکان، هەروەها شەڕکردن لەنێوان ئەو بەلەمانەی کە کۆیلەکان لەنێو حەوزی فراواندا دەیانکرد، هەروەها فووپیاکردنی بقی بە کۆمەڵ.

هەروەها بەرەڵاکردنی شێری ئەفریقی بۆ بریندارکردنیان لەلایەن ڕم هاوێژە پسپۆڕەکانەوە، هەروەها سەیرکردنی فڕێدانی ئەو کۆیلانە کە سزای مردنیان بەسەردا دراوە بۆ بەردەمی دڕندەکان، ئەمەش لەبەردەمی جەماوەری هەڵچووی تامەزرۆدا ئەنجامدەدرا، بەداخەوە موزیک بەشداری ئەو ڕۆڵە ناشیرینەی دەبینی بە هەماهەنگی ئەو یارییە قێزەونانە، بەڵام هەر لە سەردەمی (ئوگستس)ەوە گەلی ڕۆمانی بە ئەشراف و چینی ناوەندەوە (بورژوا)شەوە هەوڵیان دا بۆ پەرەپێدانی هونەر، زانست بایەخی بەموزیک دا و بە یەکێک لە بەهاکانی پێشکەوتن سەیریان دەکرد، نزیکی سەدەی یەکەمی زاینی باوەڕبوونی بەربڵاو لای کۆمەڵگە

بەرەو نزمبوونەوەی ئاستی پلەوپایەی هونەرمەندە بەناوبانگەکان سەریهەڵدا، ئەباتیرەکان خۆیان پیشەی موزیکیان گرتە دەست و بەرەو پێشیان برد، کە پێش ئەوەی کارێک بوو کۆیلەی خێزانەکان دەیانبرد بەڕێوە، تا وایلێهات لەسەر دەستی ئەوان ئاستی هونەر دابەزی و دوای ئەوەش ئەو کۆیلانە بوونە چینێکی دنیا، بەڵکو نیرۆن خۆی سەپاند بەسەر جەماوەردا بەو پێیەی کە (گۆرانیبێژ) دەتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر بێ نان و ئاو بمێنێتەوە و تەنیا بەری هەرمێ نەبێت، نەیخوات، بۆئەوەی دەنگی زیاتر خۆشتربێت، (کیرشتاین) لە کتێبەکەیدا بەناوی ((سەما)یە دەڵێت:

"نیرۆن لای خۆیەوە بۆ ئەوەی پێشوازی لە گوێگران بکات، هەندێ لە گەنجانی سوارچاکی هەڵبژارد و پێنج هەزار لاوی گەنجیشی لە عەوامی خەڵک مەشق پێکرد و فێری هەموو شێوازەکانی هاندانی کردن، وەک چەپڵەلێدان، کە پێی دەوترا بومی و ئیمپریسیس و تستای، بەشێوەی دەنگی باران چەپڵە یان لێدەدا، دەنگی چەپڵەکەیان لە وشکایی دەستیاندا وەک دەنگی گمەی هەنگ لێ دەکرد، هەروەها هەڵدەستا بەڕێکخستن و لاساییان بکەنەوە، سەرەنجی خەڵکیان بەشێوەیەکی سەیر رادەکێشا و هەستیان دەبزواندن سەرەڕای ئەو جلوبەرگە جوانانەی کە لەبەریان دەکرد، هەروەها خۆ جوانکردن بەو ئەنگوستیلە جوانانەی دەیانکردە پەنجەی دەستی چەپیان، نیرۆن ئەو کەسانەی بەرەو دیارخستنی رووکەشانەی قەڵب دەبرد، وەک گۆرانیبێژێکی دەبەنگ کە پلەوپایەیەکی گەورەی پێ درابێت، هەموو ئەو دیاردە رووکەشانەی و بایەخدانانەی بە موزیکو گۆرانی هیچ بەرهەمێکی نەبوو لەو سەردەمەدا، هونەر بەجارێک شکستی هێنا و تێکشکا تەنانەت هەروەک کیرشتاین لە کتێبەکەیدا (سەما) دەڵێت:

جەماوەری ئەکتەری بەرەو هونەری چەپڵەلێدان ئاراستە کرد، بێئەوەی جەماوەر لەخۆوە چەپڵەلێبدەن، ببوونە ئەکتەری چەپڵەلێدان، لەو سەیروسەمەرانەی کە لەو بارەیەوە ئەفسانەئاسا باسی لێوەدەکەن دەربارەی ئاگرتێبەردانی رۆمایە لەلایەن (نیرۆن)ەوە، بۆئەوەی چێژوخۆشی لە جوانی ئاگرەکەی وەرگرێ و لەگەڵ ئەوەشدا هارپی دەژەنی، ئەمە ئەو ئەفسانەیەیە هیچ پاڵپشتێکی مێژوویی نەبوو، بەڵام رەنگدانەوەی وێنەی ئەو خولیایە بوو کە موزیک و گۆرانی بۆی گەڕانەوە، نیرۆن پێشبڕکێی موزیکی (دوری) کە گریکەکان دایانمەزراند، دووبارە گەڕاندییەوە بۆ سەر شانۆی ژیان و لە ساڵی ٦٠ زایینیدا لە ئاهەنگە پیرۆزەکاندا دەستی پێکردەوە کە موزیک پلەوپایەیەکی گرنگی پێدرا، هەروەک چۆن هەرچوار ساڵ جارێک ئاهەنگی (پێشبڕکەی کاپیتولینوس)یان

لە هۆڵی (ئۆدیون) دەگێرا، کە دومیتانوس (٨١-٩٦ زاین)ی قەیسەر دایمەزراند، واتە لە کۆتایی سەدەی یەکەمی زاینیدا شاعیر و موزیکژەن و گۆرانیبێژەکان لەنێوانیشیاندا هونەرمەندانی ئاسیا و ئەفریقا تاجەگوڵینە لەلایەن ئیمپراتۆر دەچووە ئەو پێشبرکێیانەوە، گۆرانیبێژانی خاوەن پێشەبەرز هۆنراوەکانیان وەک (تیجلیلیوس)ی گۆرانیبێژ دەهۆنییەوە، کە خزمەتی (ئوگستس)ی ئیمپراتۆری دەکرد، هەروەها (مینکیراتس و مینر و میدیس)، کە لەنێو کۆشکی (نیرۆن و هادریانوس)دا ژیانیان بردەسەر لە یەکێک لە سرووودەکانی (یزومیدس) سەرەتا گوێمان لە بنەمای دەنگەکە دەبێت، لە پاشاندا گۆرانییەکە بۆ گۆرانی بەرزدەبێتەوە، نەخێر ئەوە بنەمای دەنگەکەیە لە پەیژەی (لیدی)دا، دواجار گوێمان لە گۆرانی لیدی تر دەبێت لە کەسێتی دەنگەکەیدا، سەرەڕای ئەوەی کە کۆی وێنە جوانەکانی دەگرێتە خۆ لەشێوەی پەیژەی دێرین، پەیژەی لیدی یەکەم پەیژەی نووسراوی موزیکییە لەو سەردەمەدا و لەنێو پەیژەی دێرینە کارکراوەکاندا لە بڕگەی ٣ی تۆماری موزیکدا گوێ لەو جۆرە پەیژە بەرزە دەگرین، هەروەها گوێ لەو دابەشکردنە کە خەسڵەتەکەی ڕووندەکاتەوە، موزیکژەنە لێهاتووەکان وانەیان بە مامۆستا گۆرانیبێژە بەناوبانگەکان دەوتەوە و ئەوانەشی کە ناویان لەسەر شوێنەوارەکان هەڵکۆڵدرابوو، لە سەرێکی ترەوە گۆرانیبێژانی ڕۆمانی وەک هاوڕێیانی ئەو سەردەمە مەشقیان لەسەر (سۆڵفێج )دەکرد، هەروەها مەشقی دەنگیی زۆربەی موزیکی پەیژەکان لە هەمانکاتدا ژیانێکی تەندروستیان دەسەپاند بەسەر خۆیاندا، بۆئەوەی گەشە بەدەنگیان بدەن و لە هەمانکاتدا بیپارێزن، (کوینتیلیانوس)ی مێژوونوس ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە چۆن قوڕگی خۆیان دەپاراست، ئەمەش بەهۆی دانانی دەستەسڕێک نزیک لە دەمیانەوە لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ خەڵکاندا بۆئەوەی خۆیان لە تەموخۆڕوبا بپارێزن، هەروەها (مارسیالوس)ی مێژوونووس ئەوە باس دەکات کە هەندێ گۆرانیبێژ خۆیان لەڕادەبەدەر ماندوو دەکرد تا کار دەگەیشتە ئەوەی دەماری خوێنبەریان بکەوێتە مەترسییەوە، بەهۆی دەنگ هەڵبڕینیان لەکاتی گۆرانیوتندا لەسەر شانۆ گەورە و فراوانەکان و هۆڵە گەورەکاندا، پڕوپاگەندەی گۆرانیبێژان هەڵدەستان بە سەفەری ڕێکخستن لەو بۆنانەدا و ئاهەنگی گۆرانییان بۆ دروست دەکردن بۆ نەمریی سەرکەوتنی ئەو هونەرەی کە پێشکەشیان دەکرد لە ئاهەنگەکاندا، یان ڕەگەزی شەرەفیان پێدەدان بۆ ڕێزلێنانیان، ئەو هونەرمەندانە بەهۆی گۆرانیوتنەوە پارە و سامانێکی زۆریان کۆکردەوە، تەنانەت (ڤاسپازیان)ی ئیمپراتۆر سەدان هەزار جونەیهی دا بە هونەرمەندان، ئەوانەی کە بەشدارییان دەکرد لە ئاهەنگی

کردنەوەی یاریگای (مارسیلووس)دا، ئەمەش دوای ئەوەی کە ئەو یاریگایە نۆژەنکرایەوە، هەروەها وانەوتنەوەی تایبەت بە موزیک/ کە یەکێک بوو لە کارە بەسوود و قازانجەکان، ئەمەش ئیرەیی پەیدا کرد لای زانا و ئەدیبەکان بەرامبەر بە موزیکژەنەکان، گەر جیاکاریمان لەنێوان پاڵەوانانی ئۆپێرای گۆرانبێژانی سەدەی نۆزدەیەم و بلیمەتە ناودارەکانی پیانۆژەنەکان، هەروەها رابەری ئۆرکێسترای سەدەی بیستەم و نێوان گەورە هونەرمەندانی یۆناندا کرد، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمانەی دوایی، یان پلەوپایەی گەورەیان هەبوو لەنێو کۆمەڵگاکانیاندا، ژنە دەوڵەمەندەکان و نوبەلاکان پلەوپایەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەکردە قوربانی لەپێناو پەیوەندییەکی دڵداری لەگەڵ ژەنیارێکی بەناوبانگی ئامێری (ئۆلوس)، یان ئامێری (هارپ)دا، وەک ژنەکەی (پیرتیناکس)ی ئیمپراتۆر کە نەیتوانی دڵدارییەکەی بۆ یەکێک لە خۆشەویستەکانی (هارپ)ژەن بشارێتەوە، (جوچینال) ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەو موزیکژەنانە پارە و پولێکی زۆریان لەو ژنانە بەدەستکەوت، ئەمەش لە زۆرحاڵەتدا ئەنجامێکی خراپی هەبوو بۆ سەر ئایندەی هونەری ئەو موزیکژەنە بەهرەدارانە، هۆراس نموونەیەک دەهێنێتەوە بۆ رێنوێنی هونەرمەند وەک (تریجلبوس) هونەرمەندی بەناوبانگ، کە بە تکای (ئوگستس)ی ئیمقراتۆر قایل بوو بۆ گۆرانی بۆ بڵێت، ئیمپراتۆر نەیتوانی ناچاری بکات کەوا گۆرانی بڵێت، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم گۆرانیبێژە نازدارە بەدرێژایی خوانی ئێوارانی لە گۆرانیوتن نەدەکەوت، کاتێک گۆرانی دەوت، بێئەوەی کەس بتوانێت بێدەنگی بکات، گەندەڵی گەیشتە ئەو ئاستەی کە هونەرمەندان، واتە ئەوانەی کە بەهۆی توانای خۆیانەوە پلەی سەرکەوتن بەدەست نەهێنن، ئەوا بەرتیلیان دەدا بە فەرمانڕەواکان، بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە پێشبڕکێکاندا، (ئۆڤید) بچووکترین شاعیرانی سەردەمی (ئۆگستی) بلیمەت، یەکەم بەرهەمی هۆنراوەکانی لە تەمەنی بیستساڵیدا بڵاوکردەوە، بۆجاری دووەم هۆنراوەکانی کۆکردەوە و لە سێ بەشدا بڵاوکردەوە، (ئوڤید) لەو سێ بەشەدا باس لە ئەزموونی خۆشەویستی خۆی دەکات، کە ئەزموونێکی فرەلایەنەیە، تیایدا وێنەیەکی نموونەیی بۆ وێنەی ژیانی رۆژانەی روتەنی پڕ لە سۆزداری دەکێشێت، لە گەورەترین هۆنراوەکانی (ئۆڤید) هۆنراوەیەکە بە ناوی (سپێدەی بەیانی)، کە کاریگەری زۆری هەبووە بۆ سەرهەڵدانی، بەتایبەتی لە سروودەکانی گۆرانییەکانی (سپێدەی بەیانی) لە بروڤاسن و گۆرانی (ئەلبا) لە فەڕەنسادا و گۆرانی (بەیانی) لە ئەڵمانیادا.

رۆمانییەکان لێکۆڵینەوەی زانست و تیۆری موزیکیان نەخوێندووە تا

سەردەمی مارکوس تیرنیتیوس (١٦ پ.ز – ٢٧ پ.ز) لە سەردەمی ئەودا کتێبێکی گەلێک زۆر بڵاوبوونەوە بەبایەخترین کتێب کتێبی قارو بووە بە ناوی (دەربارەی موزیک)ەوە دەریکرد، کە حەوتەم بەرگ بوو لە کتێبە نۆ بەرگەکە، هەریەک لە سینسورینوس و مارتیانوس کابیلاو بویپیوس و کاسیودوروس و ئیزودوری ئەشبیلی بە گوێزانەوەی ئەم کتێبە کە چەند سەدەیەک بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زانایانی موزیک، لە سەردەمی ئەباتیرەکاندا لێکۆڵینەوەی تیۆری موزیک بووەتە هۆگرەکان هەریەک لە سویتونیوس و سینیکا هەمیشە باسیان لە مەشقی موزیکی چاک دەکرد، کە نیرون و بریتانیکوس پێشوازییان لێکرد، مێژوونوسی بلیمەت (تاسیتوس) جەخت لە هۆکارەکانی بەپەلەکردنی نیرون لە کوشتنی براکەیدا دەکاتەوە، کە ناوی بریتانیکوس بوو، لەبەرئەوەی بەهرەمەندێکی بلیمەت بوو لە ژەنینی موزیکدا کە(نیرون)ی شپرزە کردبوو، ئەمەش هۆکارێکی گەورە بوو بۆ کوشتنی براکەی.

مارکوس ئوریلیوس ئیمپراتۆر مامۆستاکانی زۆر لێهاتوو بوون لە زانستی ئەندازیاری و موزیکدا، ئەو شتەی کە سەرنجی رادەکێشێت بۆ پەیوەستکردنی هەردوو مادەکە بەیەکەوە، ئەو پەیوەندییەیە کە وەک خۆی مایەوە لە سەرئاستی سیستمێکی زانستی لە ماوەی سەدەکانی ناوەند و سەدەی رێنیسانسی ئەوروپی، کارکردن لە موزیکدا هەر پیاوان نەبوون، بەڵکو ژنانیش بەشدارییان کرد لەو بوارەدا، ئەمەش لە نووسینەکانی (لوقییانوس)دا بەدی دەکەین، بەهۆی ئەوەی کە ژنانی دیوەخان و ژنانی خانەوادە ئەرستۆکراتییەکانی پەراوێزخران لە گۆرانیوتن و ژەنینی (هارپ)دا، هەروەها موزیک لە سەردەمی ئیمپۆرتۆرییەتدا گەشەی کرد، دوای ئەوەی کە ناڕەزایی موزیک لە فەرمانڕەوایی رۆمادا هەبوو، ئەمەش وایکرد کە موزیک چالاکییەکانی هۆگری لەنێو کۆمەڵگە و توێژەکانی کۆمەڵگە هەبێت و تەنانەت ئەباتیرەکانیش، گەر رۆمانییەکان وا تێگەیشتبێتن تەنیا تێڕامانی هزری تیا بەدی نەدەکرا، تەنانەت شکستیان هێنا لە هەوڵدانیان بۆ زیندووکردنەوەی موزیکی گریکی ئەو قوتابخانەیەی کە پەیوەندی نێوان دەنگ و پەیوەندییە وەرزشییەکان پێکەوە گرێدەدات و سڵەمینەوە لە ونبوون لەنێو سۆفینیزم و غەیبیات و مانا لێڵەکان بۆ ژمارە و پێوانەکان، تا گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی سیحری دێرین لەگەڵ ئەوەشدا لەم ماوەیەدا هەندێک لە فەیلەسوفانی هونەری موزیک لەنێو قوتابییەکانی قوتابخانەی ئەفلاتونی نوێ لە ئەسکەندەرییە سەریان هەڵدا، بەتایبەتی ئەفلاتونییە، دوای فەیلەسوفی دێریین، کە رێبازەکەی لەسەر ئێستاتیکا و لەسەر بنەمای توخمەکانی رێبازی ئەفلاتون و ئەرستۆ دامەزراند،

سەرەڕای ئەوەی کە ڕێبازەکەی لە توخمەکانی گونجاو و میتافیزیکیو باوەڕی دینی دامەزرابوو، بەڵام بێئەوەی کە لە بەرهەمە هونەرییەکاندا پێشی بخات، ئەفێ تۆنییە نوێکان بەو ڕێبازە فەلسەفییەدا گوزەریان کردبوو کە ڕێگەی بۆ فەلسەفەی ئێستاتیکای سەدەکانی ناوەڕاست کردەوە، داهێنانی موزیک کەوتە کزی و لەگەڵیشیدا دانراو و داهێنانەکانی موزیکیش لەگەڵ فەلسەفەی هونەری ئێستاتیکاش راوەستاو نەما، بیرۆکەی دێریین کە لەسەر بنەمای موزیکی نوشتەو جادووی سیحری بوو، جارێکی تر سەریهەڵدایەوە، سەرەڕای ئەوەش تیۆری گرنگی لە سایکۆلۆژی پەیژەی موزیکی لەگەڵ ئاوێتە کرابوو، ئاست نزم نەبوو، بەڵکو دوای ئەو گۆڕانانەی کە بەسەری هات لە سەردەمی مەسیحییەتدا، وەک خۆی مایەوە.



**سەرچاوە:**

دعوه الی الموسیقی، یوسف السیسی.

# فێستیڤاڵی فیلمی رۆما

## هەموو رێگاکان دەچنەوە سەر رۆما

CINEMA

FESTIVAL
INTERNAZIONALE
DEL FILM DI ROMA
8|17 NOVEMBRE 2013

**و. لە فارسییەوە: ئازاد بەهین**

رۆما شاری سینەمایە، شاری فلینی و ئانتۆنیۆنی و رۆسلینی و زۆرێک لە فیلمە ناودار و پڕ بیرەوەرییەکانە. لە رۆمای شاری بێ بەرگریی تا فیلمی رۆمای فلینی، کە ستایشێکە لەو شارە و هەڵبەت ئەکتەرە ناودارەکەی، واتە ئانا مانیانی.

ئێستا هەشت ساڵە کە ئەو شارە سەرسوڕهێنەر و جوانە بووەتە خاوەن فێستیڤاڵێکی سینەمایی و دەیەوێت لە رێگەی بەڕێوەبەرە بەئەزموونەکەی، واتە مارکۆ مولێر- کە پێشتر بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی ڤێنیزیش بوو- بەرە بەرە ببێتە رکابەرێک بۆ کۆنترین فێستیڤاڵی سینەمایی جیهان، واتە ڤێنیز، کە هەڵبەت ئەمەش کارێکی دژوارە.

**خەڵاتەکانی فێستیڤاڵ**

فێستیڤاڵی رۆم بە بەخشینی خەڵاتی سەرەکی خۆی بە فیلمی "تیر" بەرهەمی ئیتاڵیا کۆتایی بە چالاکییەکانی خۆی هێنا.

ئالبێرتۆ فاسوبو کە پێش ئەمە فیلمێکی دیکۆمێنتاریی سینەمایی بەرهەم هێنابوو، لە فیلمە نوێیەکەی خۆیدا باس لە ژیانی شۆفێرێکی لۆری دەکات، کە پێشتر مامۆستای قوتابخانەیەک بووە.

فاسوبو دەڵێت: فیلمەکەی پێش ئەوەی کە سەبارەت بە شۆفێرێکی لۆری بێت، سەبارەت بە پارادۆکساڵێکە، پارادۆکساڵێک کە پیشەیەک لە کەسایەتییەکدا دەتوانێت دروستی بکات: حەزم دەکرد بچمە ناو کەسایەتییەکەمەوە، لە پێگەی قەیرانێکی شەخسیدا کە ناچاری دەکات بڕیار بدات... بە واتایەک، فیلمەکەی من ئیستعارەیەکە سەبارەت بە ژیانی هاوچەرخ.

سینەمای ئێرانیش بێبەری نەبوو لە خەڵاتەکانی فێستیڤاڵی رۆما. هەموو ئەکتەرەکانی فیلمی "گەس" بەرهەمی کیارش ئەسەدی زادە- تەنیا فیلمی ئێرانیی فێستیڤاڵی رۆما- خەڵاتی تایبەتی ئەکتەرییان پێ بەخشرا.

کیوشی کورۆساڤا خەڵاتی باشترین دەرهێنەری بەدەستهێنا بۆ فیلمی "رەمزی حەوتەم" و مەتیڤ مەک کۆناگی و ئێسکارلێت جۆهانسۆن بە ریز بۆ فیلمەکانی "کلوپی دالا بایەرز" و "ئەو" خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو و ژنیان بەدەستهێنا.

خەڵاتی فیلمی هەڵبژێردراوی بینەرانیش کە لە لایەن بانکی بی ئێن ئێل دەبەخشرێت، بەخشرایە فیلمی "کلووپی دالاس بایەرز" بەرهەمی ژان مارک والە.

سەرۆکی لیژنەی داوەرانی فێستیڤاڵی ئەمساڵ جەیمز گێری، فیلمسازی ئەمریکایی بوو کە لەگەڵ شەش کەسی دیکە، لەوانە ئەمیر نادری، فیلمسازی ئێرانی نیشتەجێی ئەمریکا، هەژدە فیلمی بەشی کێبڕکێیان داوەری کرد.



دیمەنێک لە فیلمی (گەس)

**گەس و سینەمای ئێران**

فێستیڤاڵی رۆما ئەمساڵ پێی باش بوو، کە فیلمی یەکەمی سینەماکارێکی گەنجی ئێرانی بۆ بەشی کێبڕکێی خۆی هەڵبژێرێت.

کیارش ئەسەدی زادە، کە پێشتر چەند کورتە فیلم و دۆکیۆمێنتی درووستکردبوو، لەگەڵ ژمارەیەک هاوکارانی بەرهەمهێنانی فیلم بەشداری کرد لە فێستیڤاڵی رۆما و لەسەر فەرشە سوورەکان دەرکەوت.

گەس، چیرۆکی شارێک دەگێڕێتەوە کە تیایدا کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی فیلمەکە تووشی رووداوێکی تاڵ و ناخۆش هاتوون. ئەو فیلمە باس لەو ژن و مێردانە دەکات کە هەر کامەیان بە جۆرێک سەرقاڵی پەیوەندی لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزانن و هەر ئەمەش گرفتەکانی ژیانیان زیاتر دەکات.

گەس، کە لە پێکهاتە و ناوەرۆکدا فیلمەکانی ئەسغەر فەرهادی و بە تایبەت چوارشەممە سووری دێنێتەوە بیر، دیەوێت کێشەکانی ژیانی مرۆڤەکان لە چوارچێوەیەکدا نیشان بدات، کە لە کردارەکانیان سەرچاوە دەگرێت و لەم رێگەیەدا لە گێڕانەوەیەکی ئێپیزۆدیک، کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان، کە هەرکامەیان بە جۆرێک پەیوەندییان بە کەسایەتی پێشووەوە هەیە (لە کۆتاییشدا کەسایەتی کۆتایی دەگەڕێتەوە سەر کەسایەتییە سەرەتاییەکانی فیلمەکە)، چوارچێوەی داخراو و تاڵی ژیان بخاتەڕوو، بێ ئەوەی کە بتوانێت لە پێکهاتەدا بگاتە ئاست و توانای فیلمەکانی ئەسغەر فەرهادی و توانای خولقاندنی ئەو کەسایەتییانەی هەبێت کە دەمێننەوە.

**بەشی کێبڕکێ**

هەژدە فیلمی بەشی کێبڕکێی ئەمساڵ پێکهاتەیەکی نامۆیان لە فیلمە سەرنجڕاکێشەکان و فیلمە لاوازەکان لە پاڵ یەکدا نمایش کردووە. لە فیلمێکی سەرنجڕاکێش لە سینەمای بەرازیل لەژێر ناوی "جلی مەڕ" بەرهەمی پائۆلۆو پێدرۆ مورلی تا فیلمی لاواز و سەرنج رانەکێشی وەک "ژیانی نەبینراو" بەرهەمی ڤیکتۆر گونکالوس لە پورتوغال، کە هەموو جۆرە بینەرێکی بە زەوقی جۆراوجۆرەوە بە تەواوی بێ هیوا کرد.

فێستیڤاڵی رۆما کە لە رووی کاتەوە لە دوای فێستیڤاڵی ڤێنیز بەڕێوە دەچێتو نوێتریشە، بە دڵنیاییەوە لە راکێشانی فیلمسازانی بە ئەزموون و بە پێشینە لاوازاترە لە فێستیڤاڵی ڤێنیز. لە ئەنجامدا ئەو فێستیڤاڵە بووەتە شوێنێک

بۆ دۆزینەوەی بەهرە و توانا نوێیەکان و لەم رووەوە بۆ زۆرێک لە فیلمسازانی گەنج (بە تایبەت ئیتاڵیایی)، هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەر ڕۆما.

لەنێوان هەژدە فیلمی بەشی کێبڕکێ، کەمتر ناوی ناسراو و ناودار دەبینرا، تا ئەو جێیەی کە ناسراوترین فیلمسازی ئەو بەشە، ئێسپایک جونز بوو کە بە فیلمە نوێیەکەی، واتە "ئەو" لە فێستیڤاڵی ڕۆما جێگە و پێگەیەکی بۆ خۆی دیاری کرد.

فیلمی "ئەو"، عەشقی غەریبی پیاوێک بە کۆمپیوتەرەکەی دەگێڕێتەوە کە لە کۆتاییدا ترسناک، بەڵام زۆر ڕاستەقینە دێتە بەرچاو. ئەو فیلمە شتێک نییە جیا لە دیالۆگەکانی پیاوێک لەگەڵ کۆمپیوتەرە پێشکەوتووەکەی خۆی، کە پەیوەندییەکی ناخۆشی بەدواوە دەبێت و لە واتای ئیستەعاریدا ژیانی ماشێنیی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیار.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەو فیلمە هەم لەلایەن بینەرانەوە پێشوازی لێکرا و هەم رەخنەگرانیشی هەبوو و ئێسپایک جونزیش لەو دەگمەن فیلمسازانە بوو کە کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ پرسیار و وەڵام لەگەڵ بینەران هەبوو، سەرەڕای ئەوە ئەو فیلمە لە لایەن داوەرانی فێستیڤاڵەوە چاوپۆشی لێکرا و تەنیا خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن بەخشرایە ئێسکارلێت جۆهانسۆن، کە ئەویش بۆ ڕۆڵێکی زۆر کورت و کەمبایەخ، لە کاتێکدا کە خواکین فینیکس لە ڕۆڵی ئەو پیاوەدا، ڕۆڵی باشتر و سەرنجڕاکێشتری هەبوو.





**سەرچاوە:**

**بی بی سی**

http://www.bbc.co.uk/persian/arts/2013131117/11/_l51_rome_film_festival.shtml

# نووسراوەیەک لەمەڕ "ئاوێنە"ی ئاندرێ تارکۆفسکی

# چیرۆکی خانوویەکی کەونارا




**ن: محمد ڕەزا ئازادی**

**و. لە فارسییەوە: مەهتاب مەعروفی**

کامێرا هێور هێور دەچێە نێو کۆڵیتەکە، هەر بەو شێوەیەی کە تیشکی خۆر چووبووە ژوورەوە، هەر بەو شێوەیەی کە توتکە سەگێک چووبووە ژوورەوەو بە هەمان شێوەی کە دەنگی زوڵاڵی مەلان خۆیان بەنێو ژوورەکەدا کردبوو. بە هێوری دەگەینە پاڵ دەلاقە و لە تەنیشت پەنجەرەوە دەتوانی دەرەوە ببینی. دایک کەمێک لەولاتر دانیشتبوو. تەنیایە. "ئالوشا" بۆ لای دەچێ. دوای کەمێکی دیکە، ئەو دیمەنە کۆتایی پێ دێت، لەوپەڕی ساکارییدا، لەوپەڕی جوانییەوە: فیلمی ئاوێنەی ئاندرێ تارکۆفسکی هەوڵێکە بۆ ئەزموونکردنی وێنە و دیمەنێکی لەم چەشنە. دیمەنگەلێکی لە ماڵ و دایک و باوکێکی کە بوونیان نییە و باس لە منداڵی و شەڕ دەکەن، چونکە هەڵقوڵاوی بیرەوەرییەکانن. بیرەوەرییەکانی

هونەرمەندێکی رووسی کە بەرلەوەی فیلمەکەی درووست بکرێت، تێیدا ژیاوە. فیلمی "ئاوێنە" لەگەڵ یۆری، ئەو کوڕە مێرمنداڵەی کە بە سەختی قسە دەکات و بەردەوام هەوڵی ئەوەیە قسە بکات. ئەو بە هاوکاریی راهێنەرەکەی بە بێ هیچ کێشەیەک قسە دەکات و دەڵێت: "من دەتوانم قسە بکەم". بێ پشوودان دوای ئەوەی ئەو دێتە قسە، تایتڵ و هەروەها مۆسیقای باخ، بە یەکەوە دەست پێدەکات. ئێستا هەموو شتێک بۆ تارکۆفسکی ئامادەیە. ئەو دەتوانێ لە بیرەوەرییەکانی، منداڵی و مەینەتییەکانی بدوێ.

بابەک ئەحمەدی لە دەربڕینێکی جواندا، دەنگی یۆری کاتێک دەڵێت "من دەتوانم قسە بکەم"، وەک ئەوەی کەسێکی نابینا کوتوپڕ چاوی دەکرێتەوە و دەتوانێت دونیا ببینێت.

فیلمی ئاوێنە بە دەنگهەڵبڕینێکی پڕ لە خۆشیی کوڕێکی دیکە (ئەمجارە کوڕێکی منداڵتر) کۆتایی پێ دێت. دەڵێی ئێستاکە هونەرمەند توانیویەتی خۆی لە دەست رابردوو رزگار بکات، روو لە داهاتوو دەکات و هاوار دەکات: "بیرەوەرییەکانی منداڵیم کە ساڵانێک بوو منیان ئازار دەدا، لەناکاو بزر بوون. هەروەها مۆتەکەی ئەو خانووەی تێیدا ژیانم بەسەر دەبرد، لەنێو چوو. ساڵانێک لەوەوپێش دەمویست پێنووس لە پێدەشتی لاپەڕەکاندا بجووڵێنم و بیرەوەرییەکان بنووسمەوە. لەو رۆژانەدا هیچکات بیرم لەوە نەدەکردەوە فیلمێک دروست بکەم. زۆرتر بیرم لە نووسینی چیرۆکێک لەسەر ساڵەکانی شەڕ دەکردەوە". لەم قسانەدا تارکۆفسکی باس لەو بیرەوەرییانەی دەکات کە ئەویان ئازارداوە. لەو مۆتەکانەی کە نەمابوون. فیلمی ئاوێنە دەرخەری ئەم دێوەزمە و ئازارانەیە.

لە شوێنێکدا کە "با" بێبەزەییانە هەڵ دەکات، دارەکان بەملاولادا دەشەکێنێتەوە، پەلەوەرێک لە شیشەی شکاوی دەلاقەیەکەوە دێتە دەرێ و بەکورتی ترس و دڵەڕاوکێ هەموو شوێنێکی داگیر کردووە (لەو ترسانەی کە نازانین لە کوێوە سەرچاوە دەگرن)، لە دیمەنێکی دوورەوە، منداڵێکی کەم تەمەن دەبینین کە بەرەوماڵەکە دەڕوات. لە دیمەنی دواتردا منداڵەکە گەیشتووەتە بەر دەرگاو هەوڵ دەدات دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام هەوڵەکەی بێ ئاکام دەمێنێتەوە. ساتێک دواتر منداڵەکە لە چوارچێوەکەدا نامێنێت. لەناکاو دەرگاکە بە جێڕەی لەولاوەکەی (ئەنجامەی دەرگاکە) کە هەرگیز چەور نەکراوە، بە هێوری و لەسەرخۆ دەکرێتەوە. لەودیو و لە تەنیشت دەرگاکەوە دایکێک دانیشتووە. لە تەنیشتییەوە سەگێک راوەستاوە. بە وەبیرهێنانەوەی کەسایەتییەکانی دیکەی سینەمای تارکۆفسکی، بوونی ئەم سەگە لەم دیمەنەدا بە نیشانەی تەنیایی و ئازاری دایک

دێتە ئەژمار و روانین و رووخساری دایک لەم دیمەنەدا بەڵگەیەکە بۆ وتەکانی من. وەک بڵێی روانینی ئەو دایکە بە جۆرێک ئازارەکانی دەردەبڕێت. ئازارگەلێک کە لە سەرەتای فیلمەکەوە بە شێوەیەک هەست پێدەکرێت.

لە کاتێکدا باران دەبارێت، دایک لەبەر دەلاقەدا دانیشتووە و دەگری. لەناکاودا هەواڵێک دێت: عەمبارەکە ئاگری گرتووە. دوای کەمێکی دیکە ئەو دەبینین کە بە هێوری (لە کاتێکدا کە دەستەوئەژنۆ لەسەر لێواری بیرەکە دانیشتووە)، چاو لە دیمەنی ئاگرکەوتنەوەی عەمبارەکە دەکات. رەنگە تووشی سەرسوڕمان بین لەوەی کە ئەو دایکە لە بەرانبەر ئاگرکەوتنەوەی عەمبارەکەدا بێ هەڵوێست دەبێت. چەند خولەکێک دواتر کاتێک لەگەڵ ئەو (دایک) دەڕۆینە چاپخانە (شوێنی کارەکەی) و کاتێک لەگەڵ ئەو هاوڕێ دەبین کە ونبوونی شتێک تووشی سەرلێشێواویی کردووە و لە راستیدا ئازارەکانی دەبینین، ئەوکات رەنگە دیسان دیتنەوەی ئاگر تێبەربوونی سەرەتای فیلم، بەرپەرچدانەوەی دایک زۆر بە نائاسایی نەزانین. لەنێو ئەم هەموو ئازارانەدا، شپرزە نەبوون بە یەکێک لە نەهامەتییەکانی زۆریش ئاساییە.

لە فیلمی ئاوێنەدا "با"کان هەڵدەکەن و سەرسوڕهێنەرانە هەڵدەکەن! جگە لەمانەش بای رەمزاویی سەرەتای فیلمەکە لە مۆتەکەکانیشدا، بوونی بایەکی توند شتێکی حاشاهەڵنەگرە. هەر وەک ئەو مۆتەکەیەی کە لەوێدا کامێرا وەدووی (ئالووشا) کەوتووە، وێدەچێ لە شتێک ترسابێت، دەچێتە نێو کۆڵێتەکە. با پەردە سپییەکان لادەدات. وەک ئەوەی ئێرە ناوەندی نائەمنییەکان بێت و نێو کۆڵێتەکە وەک دەرەوە ترسێنەرە. لەم کەشە ترسناکەدا، لەناکاو ئاوێنەیەک دەردەکەوێت. لە ناوەڕاستی کۆڵێتەکە و لەنێو چوارچێوەی ئەم ئاوێنەیەدا، رووخساری (ئالـوشـا) ی پێنج شەش ساڵەی رووسی دەبینین. وەک بڵێی هونەرمەند لە بینەرەکەی داواکاریی هەبێت. وەک ئەوەی کە داوا لە بینەر بکات چاو لە ئاوێنەی هزری ئەو بکەن. بەڵێ، ئاوێنەی ئاندرێ تارکۆفسکی. وێنەی (ئالوشا) لە چوارچێوەی ئەم ئاوێنەیەدا لە لایەکەوە و وێنەی منداڵی تارکوفسکییە لە لایەکی دیکەوە، هەروەک وێنەیەکی ترسناک لە نەتەوەیەکی ئازارچێشتوو دێتە بەرچاو. بەڵێ، ترس و دڵەڕاوکێی ئالوشای منداڵ، ترس و دڵەڕاوکێی نەتەوەی رووس لە سەردەمی شەڕدا وەبیر دێنێتەوە.

با بچینە لای چوارچێوەیەکی هاوشێوە:


لە سەرەتای فیلمی ئاوێنەدا کاتێک هەواڵ دەگات کە عەمبارەکە گڕی گرتووە،

منداڵەکە دەبینین کە چەندە بە زەوقەوە چاو لە ئاگرەکە دەکات. بە خێرایی لە تەنیشت کورسییەکەوە هەڵدەستێ و بەرەو دەرگاکە دەڕوات، بەڵام کامێرای تارکۆفسکی وێنەی لێ هەڵناگرێت. بە جێگای ئەو بە ئارامی روو لە ئاوێنەکە دەکات. لەنێو ئاوێنەکەدا دەبینرێت، کە ئەو کوڕە لە تەنیشت کوڕێکی دیکەدایە کە لەنێو دەرگاکەدا راوەستاوە و چاو لە دیمەنی ئاگرەکە دەکات. بەم شێوەیە، ئازار و مەینەتییەکانی منداڵیی تارکۆفسکی پیشان دەدرێت. بە بڕوای من ترس و مەینەتییەکان لە فیلمی ئاوێنەی تارکوفسکیدا بە جوانترین شێوە بیچمیان گرتووە. بەڵێ، مەینەتیی جوان، ترسی جوان و سینەمای جوان.

وتەی کۆتایی

نازانم فیلمی ئاوێنەتان بینیوە، یان نا. لەوانە دیتبێتان و دیسان بتانەوێت بیبیننەوە. لەوانەیە پێتان وابێت لەگەڵ فیلمێک بەرەوڕوون کە پێوەندیگرتن لەگەڵی ئەستەم بێت. فیلمێک کە چیرۆکێکی ناڕوونی هەیە، بەڵام بە ئێوە دەڵێم کە فیلمی ئاوێنە ساکارترین چیرۆکی مێژووی سینەمای هەیە. هەر وەک تارکۆفسکی خۆی وتوویەتی: "چیرۆکی خانوویەکی کەونارایی".







**سەرچاوە:**

وبلاگ دلنمک

## چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٣ی
## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
## کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون




**گروپی هونەرمەندانی کۆمەڵی هەشت**

ڕێبەر قەفتان

هونەری

---




**ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی راگەیاندن**

کارزان محەمەد

ڕۆژنامەگەری





**بزوتنەوەی کچانی کورد لەسلێمانی**

زەکیە ڕەشید محەمەد
لێکۆڵینەوە





**کەوتن**

و. توانا ئەمین
ڕۆمان




**مەسخ**

و.مەنیژە میرموکری
نۆڤلێت




## ڕێزگرتن لەزمانی کوردیدا

ئارام عەبدولواحید
زمانەوانی





## من ترس ڕۆحی سمیوم

و. شوان ئەحمەد
دیدار




## هەورامی زمانی ئاییینی یارسان


نامیق هەورامی
ئەدەبیات




**هونەری پۆتریێت لەوێنەکێشاندا**

ستار قادر

هونەری




**دیوانی ئاوارە**

عەبدولڕەحمان قادر عەلی

شیعر




**باڵۆنێک لەئاسمانی سوردا**

ڕێبین عومەر خدر

ڕۆمان




**جەدەلیەتی ناسنامەکان**

وەهبی ڕەسوڵ
شێوەکاری




**بنەماکانی دروستیی دەروونی**

نازەنین عوسمان
دەروونناسی




**مافی ژیانی تایبەت لەیاساو ئیتیکی ڕۆژنامەگەریدا**


شوان ئادەم ئەیڤەس
ڕۆژنامەگەری




**فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو**

کەریم قادرپور


ڕۆمان




**ئەتڵەسی کەرکوک**

سوهەیل خورشید

ئەتڵەس




**خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی کۆچبەرانی**
**کورد لە وڵاتانی ئەوروپا**

کوردستان عومەر محەمەد

لێکۆڵینەوە




**بنەماکانی پۆلیمەرزانی و کارپێکردنەکانی**

ئەسعەد قەرەداغی

زانستی




**بیبلۆگرافیای کتێبەکانی ئەنفال**

ئاکۆ محەمەد شوانی

بیبلۆگرافیا




**کورد لە ١١٢ ساڵدا**

ئەحمەد مەحمود عەلی

مێژوویی

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە